

ژووی
وردو کوردستان

شوکرولای بابان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (٢٧٦)



مێژووی
کوردو کوردستان

لەنووسینی/ شکراللە بابان

١٣٦١ - ١٣٦٢

١٩٨٢ - ١٩٨٣ زایینی

مێژووی کوردو کوردستان

نووسەر: شوکرولڵای بابان

بابەت: مێژوویی

تایپ: خەندە

نەخشەسازی: مەهدی ئەحمەد

سەرپەرشتیاری چاپ: سەلام فاتح

بەرگ: دیاری جەمال

چاپ: چاپخانەی شڤان

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (٦٤٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

www.roshnbiri . org

ئەگەر قەدرت نەزانێ ئاسمان، لێ مەگرە ئەی "بابان"
لەلای گەوج و نەفامەو گەوهەری کەم ڕێنە هەرزانە

بە ناوی یەزدان

چۆنیەتی خۆم .. ئەمن شوکرولای بابان کوری حاجی داود خانی بابان لە سالی ١٣٠٢ ی کۆچی هەتاوی بەرامبەر ١٩٢٣ی زایینی لەشاری سنە لە ئێران هاتوومەتە دنیاوە لە پێنج سالەییا لە مەکتەبخانەی مەلا حوسینی الاسەدی بۆ خوێندنی قورئانو شانی تر خستویانەتە بەر خوێندنەوە لەوێ تا نون المعلم بەچەشنی حونجی خوێندومە ئەنجا دەورەی قورئانم تا دوایی تەواوکردووە، سالی ١٣٠٩ ی کۆچی هەتاوی دا لەسەردەمتی چوار کلاسەی موتازیەدا ناویانم نووسیوە ورۆیشتومەتە سەرپۆلی یەکەم، سەرەکی مەدرەسە کە، زانایانی بە ناوبانگی کورد خوالێخۆشبوو عبدالحمیدی بدیع الزمان بوکە هەرلەمنالیەوە ناوی بدیع الزمان لەلایەن مامۆستایانی پایەبەرزی ئەوشارەوە پێ دابوو ئەو کەسە یەکەم شانازی من بوو بۆئەوەی وەها مرۆڤێکی پایە بەرزو زانایەکی بەناوبانگ بەڕێوەبەری مەدرەسەکە بوو، خوێندنی بەرایم لەسالی ١٣١٥ی هەتاوی دوایی پێ هێناو هەرلەو سالەدا، لەمەدرەسەی ناوەندی شاپوردا لەپۆلی یەکەمی ناوەندی ناونووسم کرد، کەلەم مەدرەسەشدا یەکەم جار لەگەڵ خوالێ خۆشبوو زانایەکی بەرزو بەرێزا بەناوی سەید موحەمەد باقری حیرەت سجادی مولەقەب بە روکن الاسلام کەسی فەزلم کرد، بەشوێن ئەوا لە خزمەت زانایێکی پایەبەرزی ترا بەناوی شێخ بورهان الاسلام حەلاوی بودەرسی عەرەبیو فارسیم خوێندووە، ئەوە پێویستە بیلێم بەرلەوەی برۆمە مەدرەسەی ناوەندی لەگەڵ خوالێ خۆشبوو ناوداری کورد ئاغە بابە شێخ بابان مەردوخی پێکەوە لە خزمەت خوا لێ خۆشبوو حاجی مەلا بەهادینی شادومان کەلەو کات غمیانیان پێ دەووت یەکێك لە زانایانی پایەبەرزی شاری سنە بوو دەرسی عەرەبیمان دەخوێند (   ) دەسی پێکرد ، ئاغە بابەشێخی بابان مەردوخی رۆحانی کوری زانای ناودار و بەناوبانگ خوا لێ خۆشبوو حاجی شێخ جبراللەی

کاشتری بوو که سەرەتا لای باوکی بەرێزیەوە بریّ دەرسی عەرەبی خوێندبوو وە ئەو بووبەمایە بۆی، بەڵام چونکە حاج مەلا بەها کەپورزای من بوو ولەپێشان ئەو لەخزمەتی باوکی بەرێزی ئاغە بابەشێخ دا خوێندبووی خۆی بەقەرزاری ئەزانی ئەیویست قەرزەکەی بداتەوە دەرسی بەمنەو نەوت، منیش چەنکە تەنیا ئەولادی بابم ودایکم بووم، بەمنیش دەرسی ئەدا کەمن پێم ئەوت کاکە بەها، زۆر خوشمی ئەویست، لەساڵی ١٣٢٠ بەرامبەر ١٩٤٣ی زاینی ناوەندیشم تەواوکرد، پاش بەینێك رۆیشتمە تاران و لەتاقیکردنەوەی زانستگەی تاران زانکۆی مەعقول و مەنقول دا قوبولّ بووم، لەوێش شانازیەکی تر بووبەشم کە یەکیّ لە مامۆستاکانم پایە بەرز (حاج شێخ الاسلام)ی سنە کەمامی خانم بوو دەرسی فیقهی شافعیمان ئەخوێند ئەویش یەکیّ لەزانایانی بەناوبانگی کوردستان بوو لەویّ دا دووبارە ئەدەبیاتی عەرەبیمان زانای مەزن بدیع الزمان بوو بە ئوستادمان و لە خزمەتی دا بووین ..جگە لەمەش لە رۆژنامەی کوردستانا کەسەرۆکایەتی ئوستاد بدیع الزمان بوو ئەندامی دەستەی نووسەران بووم، لێرەدا پێویستە بڵێم کەسەرەك بەرێوەبەر ئوستاد بدیع الزمان بوو، دەستەی نووسەران دوکتور صدیقی موفتی زادە – دوکتور عبدالرحمن موفتی زادە، پایە بەرز دوکتور موکری _ نوسەری (پەیوەندی کوردو نەتەوایەتی ئێرانی) ئەنووسی کە پاش ماوەیە دەستی لە نوسین هەڵگرت. ئەرکی ئەویش کەوتە مل من لەساڵی ١٣٣٧ی کۆچی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٦٠ دا تێزی زانکۆم کەلەبارەی سەلاحەدین ئەیوبی یە وەبوو نووسیبووم، بە رێنەوونی حاج شێخ الاسلام مامۆستای مومتازی زانستگەو بەبەشداری خوا لیّ خۆشبوو دوکتور عبدالحسین زەریف کوب و چەن ئوستادیکی تر لەپلەی عالیا واتە زۆرباش بواردم . ئەوکات لەگەڵ ئەمەشدا لە دولقی تری زانکۆ – یانی لقی حقوق و لقی زوبانی فارسی دا دەرچووم .وە ئێستا مەدرەکی هەرسیّ یانەکەم هەیە.

هەرلە منداڵیەوە لەگەڵ شیعرو هونەردا سەروکارم بووە ، بەتایبەت هۆنراوەی کوردی سۆرانی .تاگەیشتومەتە ئەم رادەیە.

بەناوى يەزدان

سەلام لەسەر خاكى پاكى كوردستان لانكى پاڵەوانەكان ئەو عەرزە جوانە كەكێوى بەرزو دەشتى بەربلاَورو مێرگەلاَنى سەوزو جوانى هەيە.

ئەو عەرزە كەخودا هەموو بارەكانى خۆى پێداوەو لەهەموو جۆرە ئاوو هەواو كانو كانياوێ خەلاَتى كردووە.

ئەو مەڵبەندە كەهەر لەمێژزگارى زۆر كۆنەوە لەلايەن هەموو رەگەزە ئێرانيەكانەوە پاكو خاوێنەو بەشێ لەوە باغستانە ئەو خاكە خاوێنە كەرەگەزى ئاريايى كوردى لەكۆش و داوێنى خۆيا پەروەردە كردووە، وەبەمجۆرە خێزانى گەورەى رەگەزە ئاريايەكانى بەهێزتر كرد" ئەو رەگەزە واياساى ژيانى پاڵەوانيو ئازادەيى‌و راستيە، وە لەسێ هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە هەموو رەگەزەكانى بۆ يەكيەتى‌و هاودەنگى بانگ كردووە.

ئەو رەگەزە كەيەكەمين دەزگاى دەوڵەتى ئاريايى لەدونيادا بەناوى ماد بناغە دارژاند. وەياساى وەلاَت بەرێوەبردنى بەهەموو گەلەكان پيشاندا، وەبۆ پێكهێنانى زانستى رووناكى مرۆڤايەتى خەباتيان كرد، وە بەبريقەى شيرى خۆيان بەسەر تاريكى مێژوودا رووناكيان بلاَوكردەوە، وەلەهەموو رۆژگارەكانا بەدەنگى نەبەزراوى‌و پاڵەوانى لەرزيان بەدوژمنەكانى خۆيان كردووە، وەها گەلێ كەخشتى بناغەى گەورەيى كوردستانى كۆنيان بەناوى ئاريانا "ئێران" بەخوێنى خاوێنى رۆڵە شەركەرو تێكۆشەرەكانى خۆيان پێكەوە لكاندووە، وەلەنێوى رۆڵە خۆشەويستەكانى خۆيانا

پێغەمبەری گەورەو رەگەزە پادشاکان، سەردارە گەورەکان، زانا بەناوبانگەکانو مرۆڤە پایەبەرزەکانیان بارهێناوە.

زۆر جێگەی داخە کەنەتەوەی کورد لەشانازییەکانو چۆنییەتو رابردووی باووباپیرەکانی بێبەشو هەواڵنەزان بێ، باوەکو تائێستا برکەبرکە لەبارەی گەلێ بنەماڵەو هۆزو رەگەزەوە، یان جارجار سەبارەت بەفەرمانڕەواییەکان باس کراوە، یان چەن کەس لەمێژوونووسەکان بەتێکڕا کتێبو مێژوویان نووسیوە، بەڵام بەو جۆرە واشێ سەبارەت بەم رەگەزە مێژوویێ کەڕووناکیدەری تاریکیەکانی بەسەرهاتی دوورو درێژی کوردبێ لەدەستا نیە.

پاش نوسینی فەرهەنگی بابان گەلێ کەس لەمنیان داواکرد کەمێژووی تێکڕایی کوردو کوردستان بنوسم، هەروەهاش لەسەر خۆمم بەسپاردەزانی کەلەم رێگەیەدا بۆ خزمەت بەگەلو نەتەوەکەم هەنگاو هەڵگرمو پەردەی رەشو تاریکی لەڕوەمەتی راستەقینەی بەسەرهاتی رەگەزو نەتەوەکەمان لابدەم، وەگەلەکەمان لەوە تێبگەیێنو بەخۆ بنازین کە لە گەلە کەمەکانی جیهانین کەتوانیومانە لەدرێژایی چەن هەزار ساڵدا لەگەڵ ئەو هەموو بەڵاو سەختڵەتو کۆسپو گیروگرفتانە کەهاتوونەتە رێمان نەتەوایەتی خۆمانو زانستو یاسای کۆنو گرنگو زمانی خۆمان بپارێزین ئەو هەموو مەترسیو گیروگرفتانە کەهاتووەتە رێ ئێمە هەرکام بەتەنیایی بۆ لەناوبردنی گەلەکانی تری دونیا بەس بون، بەڵام لەتەواو تاقیکردنەوەکانی مێژوودا سەربەرزو پیرۆز بوین. لەجیهاندا ئەو گەلانە کەلەم بارەوە لەگەڵ ئێمەدا هاوماڵی بکەن زۆر کەمن" لەدەوڵەتەکانی کەلدەو ئاشوررو رۆمو یۆنانی کۆن کەهەرکام بۆ خۆیان زانستیو زمانو یاسای کۆمەڵایەتیو رامیاری (سیاسی)و نەتەوایەتی تایبەتی بەخۆیان بوە ئەمڕۆ شوێنی نەماوەتەوە.

گەلی ئاسیای بچووك کەلەڕابردوودا چەند شارستانییەتێکی بناغەدارو رووناکیان بوە بەهۆی دەسەلاتی سەلجووقییەکان و عوسمانییەکانەوە لەزمان و یاسای نەتەوایەتی خۆیان دەستیان هەلگرتووە. تەنانەت ناتوانین گەلەکانی ئەورووپاو ئەمریکاش لەگەڵ خۆمان بەرامبەر بکەین، چونکو ئەم گەلانە لەدەورەکانی تازەدا پەیدابون و دیارنییە لەدرێژایی سەدەکانی داهاتوودا مانەوەو نەتەوایەلی خۆیان چۆن پارێزن" تەنیا هۆزی گەورەو رەگەزی بناغەداری ئێمەیە کە لەسەرەتای پەیدابونی خۆیەوە سەرەڕای تەواو ئەو هەموو کۆسپ و گیروگرفتانە ئارادەی بەش بەش بونەوە لەنێوانی چەن وەلات، هەتاکو ئێستا لەرێی پاراستنی ژیان و زانستی و خوە تایەتییەکانی نەتەوایەلی خۆی کامەران و راوەستاو بوە، تەنانەت ئەوانەش واناوبەرە کەوتوون وەلەوەلاتانی دوورەدەست نیشتەجێ بون هەروەها خاوێن و بێخەوش لەسەر رەوشت و خۆوخدەو یاسای باووباپیرانمان ماونەتەوە.

ئەوانە وا لەمنیان ویست مێژووی کورد بنوسم داخوازییان وابو کەزۆر بەربلاوو پەرەداربێ تائەو جێگایەی هەموو کاروبارو چۆنیەلی پادشاکان و فەرمانڕەواکانی تێدابێ، جگەلەوەش بیروڕای خۆم لەبارەی هەموو مەبەستەکان دەربڕم" باوەکو لەچەند بەرگی ئەستورا دوایی نەیێ، بەلام من بۆ خۆم وام بەباشزانی کەئەو هەموو بەرەو ژوورە نەدەمە بەر خوێنەرو ئەو کەسانە وائیانەوێ لەم کتێبە کەلك وەرگرن، جگە لەوەش جۆرێ بێ کەشیاوی دەرسدان و خوێندنی خوێندکار لەزانستگەو خوێندکارخانەدا بێ، هەر بەم بیروڕا کە لەداهاتووا وەهیوادارم داهاتوویێکی زۆر نێزیك بێ دەرس دان و خوێندنی کوردی لەقوتابخانەکان و خوێندکارخانەو زانستگەی کوردستان دەس پێبکرێ وەئەم کتێبە لەرەدەی خۆیا کەلکی لێ وەربگیرێ لەبەرئەمە تائەو جێگە وابتوانم لەگەڵ ئەوەشدا کەهەموو لایەنی بێ کورت و بێ

حاشـیەو پـەراوێز دایـنم" هـەروەهاش ئەمـەویٚ لـەچـوار بەشـایێ کەهـەر بەشـێکی لەساڵێکی خوێندەواریا بخوێنرێتەوە.

هیـوادارم بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەم خزمەتـە سـەرکەوەو رەزامەنـدی هـەموران بەدەسبێنم.

شکراللە بابان

ڕەگەزی ئێمە لەسەرەتای پەیدابونی مرۆڤەوە بەناوی ڕەگەزی هەڵکەوتوو ناسراوە" وەئەم مەزنایەتییە لەهەموو کات و خولو دەورەدا. چی خولی بەر لەشوێنەوار چی خولی سەرۆکایەتی دایك، یان خولی سەرۆکایەتی باوك وەیا خولی کوێخا گەورەیی، چی دەورەی بەر لەمێژوو، یان دەورانی مێژووی دامەزراو، بەشوێنیا بەدیهاتی ئیسلام هەتا ئەم خولە کەبەرەی ئێستاکە لەکاتی سەکەوتنی مرۆڤدا ئەژین هەمور دەمێ سەرۆکایەتی مرۆڤایەتی خۆی پاراستووە" باوەکو هەڵخوێندن بەرەگەزو نەتەوایەتیا لەباری خۆو خدەوە پەوانەی رەوشتە باشەکانەو نەکێشێتەلای خۆ هەڵکێشانەوە، بەڵام ڕاگەیاندن و پیشاندانی دیاردەو خوە چاکەکانی ڕەگەزی ئاریایی کە لەتەواوی خولو دەورەکانی ژیانی دووردوردێژو پڕ لەشانازی خۆی لەگەڵ هەمور بەرزو نزمییەکانی مێژوودا وەکو کێوی سەربەرز بۆ پاراستنی پلەو پایەو خۆو خدەو چۆنیەتە خاوێنەکانی ڕەگەزیی تێکۆشاوەو تەواو فەرتەنەکانی پێش هاتەکان و تەنگوچەڵەمەکان نەیتوانیوە میراتە بایەدارەکانی باووباپیران و خوێنی پاکی ئەوان لەناو بباو تێکەڵاوی بکا، ڕووناکەو بۆ وتن ئەشێ شوێنەوارە کۆنەکان و بەڵگەکانی دۆزراوەی تازە هەمور شایەتن لەسەر گەورەیی، لێهاتوویی، ڕاوەستاویی، ژیری و تێگەیشتوویی و خۆوخدە باشەکانی ئەم ڕەگەزە هەروەها کەزەردەشت پێغەمبەر سێ هەزار ساڵ بەر لەپەیدابونی مەسیح ئەم ڕەگەزەی بەناوی مرۆڤی هەڵکەوتوو، فارایی و مسکویە بەناوی مرۆڤی سەرلر یانێ فریشتە وە نیچە ئەڵمانی بەناوی پایەبەرزو زانایانی ئینگلیسی بەپیاوی بەهێز ناویان بردون.

وشەی ئاریا لەخولەکانی ڕابردوودا بەهۆزێ ئەوترا کەلەچەن هەزارساڵ پێشەوە نیشانەدەری شارستانییەتی درەوشەداری مرۆڤ بوەو بناغەی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی دارژاندووە، وەبەهۆی بلیمەتی و لێهاتوویی خۆیەوە لەوەی بەدواپلەی سەرکەوتن

گەیاندووە" تائەو جێگە ئێستا شوێنەواری هونەری حەوت هەزار ساڵەی ئەم هۆزە کەتەپۆڵکەکانی تەختی سولەیمان، حەسەنلۆ لەباشووری رۆژئاوایی زریێ ورمێ، یاشارەکانی ژێر خاك چووی دەی کوردلەر- گویێ تەپەو دیسان تەختی سولەیمان دۆزراوەتەوە سەرچاوەی لەبلیمەتی‌و بیرورا بەرزەکان‌و لێهاتوویی‌و شارستانییەتی ئاریایەوە گرتووە، یان شوێنەواری نوسین‌و ئەلف‌و بێ‌و کتێب‌و نووسراوەکانی ئەوان کە لە ۳۸۰۰سال بەر لەدونیا هاتنی عیسا مەسیح ڕێکوپێك بوە، دیاردەکانی ترن لەشارستانیەتی رووناکی ئەم هۆزە.

بەربلاوی زمان‌و زۆریی وشە لەزمانا بۆ ناونانی شتومەك‌و پێداویستییەکانی زمان، هۆنراوەکانی ئاینی گەورەترین‌و بانترین بەلگەی شارستانیەت‌و زانیاری ئەم رەگەزە پیشان دەدا. لقێ لەم زمانە سانسکریتیە کە لەبەربلاوترین‌و تەواوترین زمانەکانی جیهان بوەو چەند کەس لەرۆژهەلاتناسەکان ئەڵێن زمانی سانسکریت لەیۆنانی‌و زمانەکانی تر بەربلاوترو لەوشەدا دەوڵەمەندترو تەنانەت لەلاتین پترلەر وردی‌و بەربلاوی لەهەموو زمانەکان زۆرترە، ئەم زمانە سەرلقی بناغەی ئاریایە.

رەگەزی ئاریا یەکەمین هۆزێ بوە کەبیرورای ئاینی بوە یانی پاش دەورەکانی تۆتیمیسم، میترائیسم (هەتاو پەرەستی) خودایان پەرستین، دوو خودایی بوەتە یەك خودایی، وەیەکەمین رەگەزبوە کەسێ هەزار سال پێش لەدایکبونی عیسا مەسیح پێغەمبەری بوەو زەردەشت پێغەمبەری ئەم رەگەزە بوە.*

شکی تێدانییە یەکەمین هۆزێ کەیەك خودایی بوەو یەکتاپەرست بوە رەگەزی ئاریایە، بەدیهاتنی بۆداو زەردەشت لەبەشی رۆژهەلاتی‌و ئەم ناوچەیەدا وەبناغە

* لەبارەی جێگەی لەدایکبونی زەردەشت پێغەمبەرە مێژوونووسەکان وەکو زۆر مەبەستی تری مێژوویی یەدوایان یەك ناگرێ بریێ لەڵێن لەنزیکی شاری ئێستاکەی ورمێدا بوە، برێکی تر ئەڵێن لەسەردەشتی ئێستادا لەدایکبوە. ئەم شارە لەپێشا هەرناوی زەردەشت بوە کەلەسەردوا بوەتە "سەردەشت".

دانانی ئاین، نووسین‌و زانیاری کەلەکاتی زەردەشت بەدیهات گەورەیی شارستانیەتی ئاریایەو بەتایبەت بەشی رۆژهەلاتی رووناکتر دەرنەکەویَ" سێر ویلیام جونز لەسەرەتای سەدەی ۱۹ی زاینیا ئەم مەبەستەی راگەیاندووەو بڕەوی ئایینی بودای تادەسەدە بەر لەدایکبونی عیسا مەسیح رووناك کردۆتەوە، نووسراوە بەردینەکانی تر، هەروەها لەم باسەی بەرووناکی پیشانداوە، بەلام دوکتۆر فۆزی جولەکە سپاردەی سڕینی ئەوانەی پێسپێردراوە کەئەویش ویستی ئاغاکانی بەجێهیناوە. بەپێی مێژووەکانی ئێران‌و لێکۆڵینەوەی رۆژگارناسەکان بەدیهاتنی بودا شەش هەزار تاپێنج هەزار سال بەر لەدایکبونی عیسا مەسیح بوەو ناوەندیشی شاری "بەلخ" بوەو لەوێوە بەرەو رۆژهەلات‌و رۆژئاوای مەلبەندی ئاریا بلاوەی کردووە.

هەروەها بەشوێن ئەوا ئایینی زەردەشت هاتووەو گەلی ئاریا لەئایینی هەتاو پەرەستیەوە بونەتە خودا پەرەست وەئاینی زەردەشت پەرەی سەندو هەموو لایەنی بۆ تادوایی بوە ئاینی رەسمی رەگەزی ئاریا لەبنەمالەی ساسانیەکان.

بەداخەوە بیروراکان ئەوەندە جۆر بەجۆرن‌و لێکۆلینەوەکانی مێژوونووسەکان ئەوەندە جیاوازی‌و تەوفیری هەیە چی سەبارەت بەرەگەزو هۆزو تیرەکان وەچی لەبارەی ئاینەکانەوە مرۆڤ لێی تێکەچی‌و ئەگەر مێژوونووسی بیەوێ مێژوویکی رێکوپێك بنوسیَ ناتوانیَ بەجوانی ویستی خۆی جێبەجێبکا، بەتایبەت بۆ سەرەتای مێژوو دامەزراندنی رەگەزە جۆربەجۆرەکان لەمەلبەندو ناوچەکانا" بەجۆریَ کەهێشتا چۆنیەتی دانیشتوانی ناوچەی ئاریانشین لەدەورەی شوێنی خولی بەردا بەجوانی دیارنییەو دەرناکەویَ، هەرئەوەندە دەزانین کە لەدەورەی بەردا خەلکی لەم ناوچەدا ژیاون ئێستا بەبۆنەی هەلکۆلینەوەکانی شوێنەوارە کۆنەکان دیاردەی دەورەی "ئاش" و "موستیە" و "اورینیاك" دۆزراوەتەوە کەلەوانەش بۆ مێژوونووس ئەوەندە بەلگە بەدەستەوە نادا بۆ خولی بەردوس نەکریَ بەهۆی کۆلینەوەی

دۆزراوەکانی تەپوڵکەی "گوێ تەپەی" نیزیك ورمێ لەقەراخی رۆژئاوایی زریادا برێ بیروڕای جێگەی بڕوا بەدەسبێنین" هەموو دۆزراوە ژێر خاکییەکانو کەلەپووری کەلاوەکان لەتەپوڵکەی گیان، تەپوڵکەی حەسار، یا هی ئاشوور لەسوریە یا ئەوانەی وا لەعیلامو شوشدا بەدەس هاتوون، لەگەڵ ئەوانەی وا لەدەورووبەری ورمێو سەردەشتو تەخت سولەیمان هەموو دیاردەی چوار هەزار ساڵ بەر لەبەدونیا هاتنی عیسا مەسیح پیشان دەدەن.

زۆرتری لێکۆڵینەوەکانی زانایانو مێژوونووسان سەبارەت بەکۆچی دەستەی یەکەمی ئاریاکان بەرەو ئەو ناوچەیەو داگیرکردنی زاگرۆس دەکێشێتە لای ۳۵۰۰ساڵ بەر لەبەدونیا هاتنی مەسیحەوە، بەشوێن ئەوەدا کەئەم تاقمە هاتوونو لەم مەڵبەندە بەربڵاوا هەر لەئاراراتەوە تاکلکەی خوزستان بەهەموو کەژو کێوو دەشتو ناوچەیە لەدەورووبەری زەریای وان تادەشتی گەرمێنی ئێران نیشتەجێ بون" ۵۰۰ساڵ درێژەی کێشاوە تاگرۆی دووەم کۆچیان کردووەو رەگەزی ئاریایی هیندۆ ئەورووپییان دروست کردووە لەکاتێکدا مێژوو پیشان دەدا بەر لەمانە هەر لەرەگەزی ئاریا بەناوی زۆرو تیرەکانی جۆربەجۆرەوە کەهەمووی کوردە یان کوردییە لەگروپەکەی ئەم ناوچەیەدا بون وەگەلێ جار سەربەخۆییان بوەو یاساو رەوشتیان بەچەشنی وەڵاتداری دامەزراندووە: وەکو "کاردو، کارداکا، کاردوك، گوتی، لولویی". برێ لەمێژوونووسەکان دەڵێن ناوی کێوی جودی کەئەڵێن گەمی نۆح پێغەمبەر پاش فەرتەنە لەسەریەوە راوەستا لەناوی گوتیەوە گیراوە" هەروەهاش گوتییەکان لەو ناوچانەدا ۳۱۰۰ساڵ بەر لەبەدونیاهاتنی عیسا مەسیح پادشایان بوەو ناوی "لەناتوم" بوە کەلەگەڵ عیلامییەکاندا شەڕی کردووە"

یان "وادن" مامۆستای زانستگەی لەندەن کتێبێکی بەناوی "سومرو ئاریان" نووسیوە دەری خستووە کەسومەرییەکانیش ئاریایی بون. کەوابو ئاریاییەکان پێش

لەو رۆژگارەوە کەتائێستا دەرکەوتووە لەنێوانی دوو چۆمی زابی گەورەو بچوکا بون.

جاسەرنجدانێکی بچووك ئەتوانێ دیمەنێکی گەورە لەشلەژاوی مێژوو وە توشیو سەخڵەتی کاری مێژوونووس پیشان بداو بۆ خوێنەران دەرکەوێ ئەگەر کەموکورتیو کەچو کۆرپی لەنووسراوەدا هەیە هۆی چییەو ئەبێ چاوپۆشی بکا.

سەرەرای ئەمانە هەموو، ئەمەوێ بەهۆی تەواو بیروراکانی زانایانو لێکۆڵەران مێژوویەکی جێگای بروا بەگەلەکەمان پێشکەش کەمو تکام وایە قبوڵی کەن.

شکراللە بابان

شارستانییەت لەدەشتی ئێرانا
بەر لەمێژوو تاخولی مێژوو

تەنیا رێگە بۆ تێگەیشتن لەچۆنیەتی کاروباری ئینسان لەخولەکانی بەر لەمێژوو شتومەکی دروستکراوی مرۆڤە کە بەشوێنیا جێماوە، ئەکرێ بەهۆی وردبونەوەو تێبینیەوە مەبەستەکانی تاریکی باپیرانی سەرەتای ژیان رۆشنەوە بێ.

کۆنترین شوێنەوارێ کە لەدەشتی بەرزی ئێرانا بەدەستهاتووە لێکۆڵینەوەی "گیرشمن" زانای کۆنەناسە کە لەتەپۆڵکەی "سیلەك"دا دەریخستووەو هی ٥٠٠٠ساڵ بەر لە زاینییە لەو خولەدا کەم کەم خانووبەرەی قوڕین دروست کراوە کەبەشوێنیا لەشوش و جێگاکانی تری مەڵبەندی ئاریادا دروستکراوە" خشتی سور (ئاجۆر) لەخولەکانی دوایا بوەو دروستکردنی گران دەرهاتووە کەبۆ هەموو کەس بەدی نەهاتووە.

لەخولەکانی سەرەتایا ئەرکی ژن قورس بوە، چونکە هەم توانیویانە چەن مێرد بۆ خۆیان راگرن و هەم سەرۆکایەتییان بەئەستۆ بوەو رۆشن رادێرانی ئاگرو دروستکردنی کەلوپەلو دەفر بەکۆڵ ئەوانەوە بوە کەیەکەمین چەکێ کەمرۆڤ دروستی کرد تەوری بەردین بو پاشان کوتەك و بەشوێنیا گورزی لەبەرد دروستکراو سێ هەزار ساڵ بەر لەزایینی خەڵکی ئاریان مسیان دەست کەوت و پاشان لەتێکەڵکردنی مس و قەلایی مەفرەق دروست بو ئەنجا توانیان خەنجەر دروست بکەن یەکەمین جار نزیکەی ساڵی ٢٧٢٥ بەر لەزایینی رێگاوبان دروس بو لەلایەن

پادشـاياني ئەكـەدەوەو ئارياكـانيش بەشـوێنيا رێگـەيان كێشـا لـەنێواني ديـەكان شوێنەواري (ئەراوە) گاري لەسـەر بەردەوە كێشراوە هي ١٥٠٠ سال بەر لەزاينيە.

كۆنترين پەيكەري مرۆڤ كەبەدەس هاتووە هي ٣٤٠٠ سال بەر لەزاينيە.

مردويان بەرەو رۆژهەلات و بەرەو هەتاو ناوەتە قەبر لـە٣٦٠٠ تـا ٣٠٠٠ سـال بەر لەزايني، چونكو تائەو كاتە هەتاو گەورەترين خوداي خولي چـەن خـودايي بـوە شوێنەواري دواي ئەم خولـە هەتاوە بەچەشـني سـەليبي شـكاو لەسـەر كەلوپەلـەوە نەخشكراوە.

شوێنەوارەكاني دۆزراوە لەتەپۆلكەي سيلەكي كاشـان لەلايـەن گيرشمنـەوە هـي ٥٠٠٠ تا ٤٠٠٠ سال بەر لەزاييني بوە شوێنەواري تەپۆلكەي جەمشيدي لەهەرسين و ئەلەشترا لەلايەن كونتنو گيرشمن هاوخولي تەپۆلكەي گيانە لەنيهاوەندا.

شوێنەواري تەپۆلكەي حەسەنلو لەكوردستاني ئازەربايجانا ئەگەرێتەوە لاي خـولي كاسيەكان و گووتيەكان و ئارياكاني بەر لەبەديهاتي پادشايي ماد.

دانيشتواني ناوچەي لورستان وان لە رزي يەكەم سەنعاتكارەكاني چەكي برنجەو مەفرەت.

لەناوچەي لورستانا شارستانيـەتي هۆزي كاسـيت بەدەسـهاتووە كەشارسـتانيەتي هاوردوەتە پلەيەكي تر كەبەهۆي بيروراي زانايان و لێكۆلەران كۆسپي نێواني خـولي بەر لەمێژوو خولي بەديهاتني مێژووە.

كاسيەكان يەكەم هـۆزێكن كـەراگرتني ئەسـپ و كـەلك لێـوەرگرتني مرۆڤيـان لەئەسپ بەدي هێناو ئەنجا خەلكي ناوچەي نێواني دوو چـۆمي فـورات و دەجلـەيان فێركرد بەپێي وتەي ئێسترابون كاسيەكان لەناوچەي مادو قـەراخي زرێ خـەزەرەوە هاتوونەتە لورستان و ئەوانيش لەرەگەزي ئاريايين لەهەزارەي چوارەمي بـەر لـەزاينيا

برێ شوێنەوار بەجێماوە کەخودای دایکەو پەیکەرەکان پیشان دەدەن کەخودای بارەو بەرەکەت بوە وە لەو خولەدا دەورەی سەرۆکایەتی دایك بوە.

بەپێی بیروڕای نووسەرێکی بابڵی دونیای خاوەن شارستانییەت لەکۆتایی کەژەکانی زاگرۆسا دوایی دێ.

بەرگی یەکەم

هاتن و دامەزراندنی کوردە ئارياييەكان

لەناوچە کوردنشینەکاندا

بۆمان دەرکەوت وەهەروەها بەڵگەکانو دیاردەکـان جگـە لـەوە لێکۆڵینـەوەی زانایانو مێژوونووسەکان رووناکی کردوەتەوە کەگەلی کوردی ئاریایی لەنێوەڕاستی هەزارەی چوارەمی بەر لەدونیا هاتنی عیسا مەسیح لەباشووری رۆژهەلاتی سیبەریاوە کۆچیان کردووەو هاتوون لەناوچەی زاگرۆسا نیشتەجێ بون کەهەر تاقمو گروپێک مەڵبەنـدێکیان داگیر کـردووەو بـەهۆی زۆربونیانـەوە سەرانسـەری ناوچـەکانیان بەدەشتو دەرو کـەژوکێو چـۆمو رووبـارەوە گرتـووەو لەگـەڵ دانیشـتوانی زێـی مەڵبەندا تێکەڵاو بون" بەڵام بەهۆی زۆری و دەسەڵاتداری و زاڵبونـەوە پـاش سـاڵانی زۆر ئەوانیان بەتەواوی لەناو خۆیانا تاوادوەتەوەو یەکدەس بونەتەوە.

قسـەی تێدانییە تەوژمو هرووژمی ئەم لێشاوە شەڕوکێشە تکاولاڵـە، شـوێنەواری و مامەڵـە، خوێـەلابرینو چەشـنەکانی تـری دامەزرانـدنی لەگـەڵا بـوە، جگەلـەوەش دەوروبەر هۆزو تیرەکانی تێدابوەو لەگەڵ ئەم داگیرکەرانەدا شەڕوکێشەیان کردووە" وەکو بەپێی بەڵگە مێژوویەکان زۆرتری زانایـانو لێکۆڵـەرەوەکان. ئـەوانیش هـەر بەکورد دائەنێو پیشـان ئـەدەن وەکـو "لولوەکـان"، "گوتیـەکان"و ئـەو هۆزەکـان کەیەکەیەکە باسیان ئەکەین.

بەشێ لـەم خاکـە لـەنیوەی دوایـی هـەزارەی سـێیەمی پـێش زاینیـدا لـەدەسـتی هوریانییەکانو لولوەکانو گوتیەکان بوە، نووسراوەی بەخـەتی ئەکـەدیو بـەزمانی هوریانی بانی ئورارتویی هەیە کەناوی پادشای ئورکیشو ناوار ئەبا بەناوی "تیشـاری" لەنێوەڕاستی هەزارەی سێیەمی بەر لەپەیدابونی مەسیح.

لولو - لولوبییەکان:

هۆزی لولو لەدەروبەری سولەیمانیو باشووری ئەوێدا بون کە بەپێی نوسراوەیێکی بەردین کە لەزەهاودا دۆزراوەتەوە ئەنوسێ "ئەنو - بانینی" فەرمانڕەوای لولوە، لەسەدەی بیستو هەشتی بەر لەپەیدابونی مەسیحا نووسراوە.

یاوەکو لەخولی پادشایی "سارگون" سەرۆکی ئاکاد، پادشای لولو ناوی لاسیراب بوە.

"میجەر ئەدمونند" لەبارەی نووسراوەکەی خۆیا ئەنوسێ بەپێی نووسراوەکەی کەتیبەی دەربەندی قەرەداغ "نارام سین" پادشای ئەکەد لەشکری کێشاوەتە سەر وڵاتی لولو وەئەوی داگیرکردووە، بەڵام پاش بەینێ هۆزی گوتی هێرشیان بردوەتە سەر ئاکادو حکومەتی ئاکاد لەناوچووە کە هەر ئەمە بوەتە هۆی رزگاری لولوەکان، بەشوێن ئەم خولەدا ئیتر ناوی لەلولوییەکانەوە بەجیاوازی نیە جارجار تێکەڵاو لەگەڵ گوتیو کاسیو سوباروودا باسیان کراوە"

نووسراوەی بەردین "نارام سین" پادشای ئەکەد کەبەرەی سارگون بوە، وەبەڵەوحەی پیرۆزیو سەرکەوت ناودەبرێ باسی لەشکرکێشی بۆ سەر لولوییەکان ئەکا کەتێشکاون.

نووسراوەیەکی تر هی "ئانو بانی نی" پادشای لولوییە کە لەسەر شاخو بەردەکانی باتاقی ئێستاکەوەیە باسی دەسەڵاتی لولوییەکان ئەکا لەنیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش لە بەدونیا هاتنی مەسیح.

لەم دوو کەتیبەی بەردینا بیچمو چۆنیەتی جلو بەرگی لولوەکان پیشان ئەدا" بەبێ هەڵسەنگاندن لەگەڵ دیاردەکانی دوایا یانی جلوبەرگی رەگەزی کوردی ئاریا لەهەزارەی یەکەمی پێش زاینیا تەوفیرێکی زۆر نابینرێ.

لولوەکان شارستانیەتو سنعاتیان بوەو لەمەڵبەندی خۆیان گەلێ شاریان دروست کردووە، شاری ناوەندی هۆزی لولو "زەمری"و شارە گەورەکانیان "بابیت" "دغارا" "بارا"و "کاکری"بوە.

شێوە خەتی نووسینی هۆزی لولو وەکو خەتی ئەکەد بوە، بەلآم شێوەی زمانو قسەکردنیان بەڕووناکی دەرنەکەوتوە" وەکو شوێنەوارەکان وایشان دەدەن بەچەشنی زمانی هوریانی بوبێ.

گۆتی: هۆزی گۆتی یەکێ تر لەتیرەکانی ئاریایی دانیشتوانی مەڵبەندی کوردستان بون. وەبەپێی بیرورای زانایانو رۆژهەلآتناسەکان یەکێ لەتیرەکانی بناغەیی ناوچەی زاگرۆسە کە لەبەشی رۆژهەلآتی ناوچەی دانیشتوی لولوەکان نیشتەجێ بون.

وشەی گوتی بەپێی بەڵگەکان هەر لەنیوەڕاستی هەزارەی چوارەمی بەر لەزاینیا ناسراوە، وەبەپێی دیاردەکان لەناوچەی کوردستانی ئێستاکەی ئازەربایجانی رۆژئاواییو ئەم دەوروبەرا ژیاون.

ئەڵبەت لەدوایی هەزارەی دووەمو سەرەتای هەزارەی یەکەمی بەر لەزاینیا بەهۆزەکانی "ئورارتو" ماناو مادیان وتوە گوتی، تەنیا بەپێ نوسراوەکەی سارگۆنی دووەم مادەکانی ئێرانی زوان لەگوتیەکان جیاواز زانراون بەو جۆرە وامێژووی کۆنی رۆژهەلآتی نیزیك باس ئەکا یەکەم سەرەکی ئەم هۆزە "ئانناتوم" بوە کەلەگەڵ عیلامیەکان شەڕی کردووە.

درێژایی دەسەڵاتی ئەم هۆزە نزیکەی یەك سەدە بوە برێ لەمێژوونووسانو لێکۆڵەران بیروڕایان وایە کەسەرۆکانی هۆزی گوتی لەلایەن خەڵکییەوە هەڵبژێرراون، لای کەم بۆ ماوەی سێ ساڵو لای زۆر ماوەی حەوت ساڵ بوە*.

دکتۆر سپایزر لەنووسراوەکەی خۆیا ئەڵێ زمانی هۆزی گوتی وێنەی زمانی هوریانی* بوە کەئەم هۆزەش یەکێکی تر لەتیرە بناغەییەکانی ئاریاییە کەلەناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆسدا ئەژیان وەشێوە زمانیان "هوریانی" یا "ئورارتویی"بوە.

یەکێکی تر لەسەرۆکانی هۆزی گوتی "لوگال زاکیس"ە کە لەدوایی هەزارەی سێەمی پێش زاینیا سەرۆکایەتی بوە یەکێ لەپادشایانی دەسەڵاتداری ئەم هۆزە کەبەسەر ئەریخو سومەریشدا حوکمی کردووە.

لەزۆر جێگەدا مێژوونووسان وشەی گوتی یان گودی نووسیوە زانای بەناوبانگ "سرەك" لەئەنسکلوپیدی ئیسلامیا ئەڵێ: گەلی رۆژئاوا بەکەژی جودی* کەگەمی نوح لەسەریەوە نیشتەوە شاخی "کوردوئەن" ئەڵێن ئەم کەژە، هەروەها "نیسیر"یشی ناوبوە کەلەوەڵاتی کوردو ئەندایە کە لەخولی ئاسوریا وەڵاتانی بوتانو ئاسوری بە"گوتیوم" یانێ وەڵاتی هۆزی گوتی- کوتی ناسراوە.

بەپێ نووسراوەکەی "هول" رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ سارگون پادشای ئەکەد لەگەڵ "شارلاك" پادشای گوتیدا شەڕی کردووەو بەسەریا زاڵ بوە لەدوایی هەزارەی سێەمی پێش زاینیا.

---

* وەکو هەڵبژاردنی سەرکۆمار لەوڵاتانی کۆماری ئێستادا.

* هوریان -یا ئورارتو بناغەی هەورامان و هەورامیە بەپەی بەڵگەو نووسراوە بەردینەکان.

* وشەی جودی هەر گودی یان گوتییە کە لەزمانی ئاروپا کراوە بەجودی (استوت علی الجودی) لەقورئانا وتراوە- بەم کەژە کێوی رزگاریش ئەڵێن، چونکو گەمی نوح لەوێ نیشتوەتەو رزگار بوە.

بەشوێن ئەم شەڕەدا لەکاتی حکومەتی "نوتوهیگال" پادشای "نور یا نوروك"دا هۆزی گوتی بەتەواوی تێشکانو دامرکیان وەئیز هۆی نارەحەتی بۆ ئەو وەلاتانە بون.

هوریانی: بەشێکی تر لەخاکی ئاریا کە لەدوایدا بوبە خاکی ماد جێ هۆزی موریانی بوە کەبەپێی نوسراوو شوێنەوارە بەجێماوەکان یەکێ لەکۆنترین تیرەکانی ئاریا لەم ناوچەیەدا بوە، تەنانەت برێ لەرۆژهەڵاتناسەکان لایان وایە کەئەم تیرە بەر لەلولوبیو گوتی دەسەڵاتیان بوە، وە تا هەزارەی دووەمی پێش لەزاینی لەئەرمەنستانو ناوچەی باشووری کوردستانی ئێستا تاسنوری سوریا بەدەستیانەوە بوەو هەموو دەمێ لەگەڵ عێلامییەکاندا شەڕو کێشەیان کردووە.

نووسراوەیێ بەخەتی ئەکەدیو بەزمانی هوریانی یان ئورارتویی بەناوی (ئیشاری) پادشای (ئۆرکیش)و (ناوار) بەدەست هاتووە کەهی نێوەڕاستی هەزارەی سێیەمی بەر لەبەدونیا هاتنی عیسا مەسیحە کەبەشێ لەوڵاتی ئەم پادشا پێشان ئەدا بەناوی (ئەراپخای) کەئێستا (کەرکوکە).

زمانی هۆزی هوریانی کەئورارتویی پێ ئەڵێن بناغەی زمانی هەورامی ئێستایەو بەڵگەکانی بەدەس هاتوو نووسراوە بەردینەکانی دۆزراوە وایشان ئەدەن کەزمانی هەورامی ئێستا هەر ئەو زمانی هوریانەیە، بەڵام ئەگەر لەبرێ وشەدا تەوفیر ببێ تێپەڕینی پێنج هەزار ساڵ بوەتە هۆی ئەم ئاڵوگۆڕە.

* عێلام: لەباشووری مەڵبەندی ئاریا نشینان عیلامییەکان ئەژیان کەبەهۆی چۆنیەتی خاكو ئاووهەواو باترین شارستانیەتی کشتوکاڵی تێدا بەدیهاتووە.

ئەم تیرەیە لەکۆنترین هۆزەکانی دەسەڵاتداری رۆژگاری کۆن کەزۆرێ لەمێژووناسەکان لایان وایە لەلولوەکانو گوتیەکانیش کۆنترە وەلەگەڵ هۆزی

"دراویدی"دا پێکەوەبونو دەسەلاتێکی زۆریان بەدەس هێناوە، بەلام نەیانتوانیوە دەس بکێشنە سەر ناوچەکانی ئاریانشینان.

مەلبەندی هۆزی عیلامی ناو دۆلی کارونو کەرخەیە کەئێستا خوزستانەو عیلامی کۆنیشی پێ ئەوترێ لەو رۆژگارا عیلامییەکان بەشی زۆرتری بوشەهرو قەراخی نیم دورگەی ئەوێیان لەخەلیجی فارسا بەدەستەوە بوەو خەلکی ئەم ناوچەش هەر بەزمانی عیلامی قسەیان کردووە چەند نوسراوەی بەخەتی مێخی – هیرۆگلیف – بەچەشنی نەخشی هەلکەنراو بەجێ ماوەو شارستانیەتی ئەم هۆزە پیشان ئەدەن.

خەتی هیرۆگلیف یەکەم خەتی عیلامیەکان بوە بەشوێن ئەم خەتەدا شێوەی نووسینیان گۆڕاوەو کردویانەتە خەتی مێخی" حەوت بەلگە لەتەپۆلکەی "سیەلك"دا دۆزراوەتەوە کەچۆنیەتی ژیانی ئەم هۆزە لەو ناوچەدا پیشان ئەدا.

دەولەتە بچوکەکانی عیلام لەهەزارەی سێیەمی پێش بەدونیا هاتنی عیسا مەسیح بەدی هاتن، برێك لەواتە ناویان لەنوسراوەکان هەیە وەکو "ئاوان، ئادامشول، ئادامدون" کە بەزمانی عیلامی ئەبێتە "هالتامتی"، بەلام "شوشن" یانی شوش هەمرو دەمێ بەناوی ناوەندی عیلام ناوبراوە.

دەولەتی عیلام لەگەل ئاشوورا پەیوەندی بوە برێ جار دۆستایەتیان بوەو برێ جار دوژمنانەو لەشەڕو کێشەدا بوردوە. ئەلبەت جارجار عیلامیەکان لەگەل هۆزەکانی ژوروشدا شەڕیان کردووە، پێویستە بلێم کەعیلام لەزنجیرەی وەلاتانی کوردی ئاری نەبوە.

* کاسای: هۆزی کاسای یاکاسی کەئەکەدەکان پێیان وتوە "کاششو" یا بابلیەکان پیان وتون "کوش" یەکێکی تر لەهۆزەکانی زنجیرەی ئاریایی بەر لەدەولەتی مادە کە لەرۆژهەلاتی وەلاتی بابلدا حکومەتی خۆیان دامەزراندووە" ئەم

بەڵام پادشاکانی تری ئەم هۆزە لەنووسراوەیێکی بەردینا بەم چەشنەیە "ئاگوم"ی گەورە "کاش تی لیاش"، "نوشی"، "ئابی راتاش"وە دوایین یان "ئورشی گوروماش" کەدوایی سەدەی حەڤدەی بەر لەبەدونیا هاتنی عیسا مەسیح بوە.

کاسیەکان نازناوی (یانزی)یان زۆر بەکاربردووە بۆپادشاکانو مرۆڤە پایەبەرزەکان، لە وشەنامەیێکا کەبەدەس هاتووە ئەم وشە لەزۆر جێگەدا بەکاربراوە.

لەسەرانسەری خولی فەرمانڕەوای کاسیەکان شەڕکەرەکانی هۆز کەچینێ جیاواز بون لایەنگیرو پاڵپشتی حکومەتو راگری مانەوەی هۆزو وەڵاتیان پێوتراوە.

خولی کاسی دەورەی خودایان پەرەستی بوەو زۆر بەرێز بون تەنانەت پاش لەناوچوونی رەگەزی کاسی لە(١١٧١ پێش زایین)دا "شوکامون- شیمال- کاشو" سیێ خودای گەورە جێگەی بەرێزگیری بون.

گەلێ شوێنەواری بایی داری خولی فەرمانڕەوایانی کاسی لەناوچەی لورستانو هەرسینی کرماشانا دۆزرایەوە بەداخەوە لێکۆڵەرە رۆژئاواییەکانی ٥٠ساڵی پێش هەموویان بردە وەڵاتانی ئەوروپا بەجۆرێ کەهەموو قەبرەکانیان تاڵان کردووە، ئەم شوێنەوارانە کەزۆرتری مەفرقیە وەکو زینو بەرگی ئەسپ، لەغاو، چەکو شتومەکی شەڕ هەمووی هی هەزارەی دووەمی بەر لەزایینی بوە.

جوانترینی ئەم شتومەکە بیچمی مەڕومالاتو حەیوانەکانی ترە وەکو کەڵ- پڵنگ - شێر- گای نێرو ئەسپ کەهەموویان دیاردەی هونەری سنعاتکارەکانی کاسیە.

دیاردەی "سەلیی شکاو" کەلەم چەرخەدا ئەڵمان کردبویە دروشمی خولی هیتلر یەکێ لەشوێنەوارەکانی کاسیەکانە لەبارەی زمانی هۆزی کاسیەوە مێژوونووسەکانو لێکۆڵەران وتویانە کەئاری بوە، "هول" رۆژهەڵات ناسی ناودار

هۆزە پاش ئەوە دەسەڵاتیان پەیداکرد جارجار هێرشیان ئەکردە سەر بابل و سنورنشینەکانی ئەویان تالان ئەکرد.

رۆژگاری دەسەڵاتی ئەم هۆزە هەزارەی دووەمی بەر لەزایینیە، بەپێ نوسراوەی "مێژووی کۆن لەرۆژهەلاتی نیزیکا" پادشای بابل بەناوی (ئامی زادوغا) لەگەڵ عیلامیەکانا پەیمانێکی بەست لەساڵی ١٩٥٦ی پێش زاینیا بو بەرهەڵەست وەستان لەبەرانبەری هێرشی کاسیەکانەوە.

لەم بەروارەدا* کەسەرەتای هەزاری دووەمی پێش زاینیە گەلێ سەرکەوتنی گرنگ لەکاروباری کشتوکاڵ و بەدی هاتەکانی لەسەر زەوی ئاریادا پەیدابو کەهەر ئەمە بوە هۆی شارستانیەتی لەوەپاش بۆ ماددەکان.

کەلوپەلو دەفر گۆڕرا، خەڵکی دەسیان کردە دروستکردنی شتومەکی جوان بۆ ژیان، نەخش و نیگار پەرەی سەند.

بەهۆی بیروڕای چەند کەس لەمێژوونووس و رۆژهەلاتناسەکان، خولی سەرۆکایەتی دایك لەم بەروارەدا گۆڕاوە بەخولی سەرۆکایەتی باوك وەهەر لەم خولەدا یەکەمین دابەشکردنی گەورەی کۆمەلایەتی بەدی هات چینی شوان و گاوان و چینی فەلاح و وەرزێر، وەچینی سنعاتکاران دیاری کرا، هەروەها لەم خولەدا بو کەلەسپیان بۆ کێشانی گاری و عەراوە فێرکردو کەلکیان لێ وەرگرت، هەروەها لەماین بۆ کێلانی زەوی کەلکیان وەگرتووە یاقاتربان لەجووتکردنی کەرو ماین بەدیهێناوە.

باوەکو مێژوو دەلێ یەکەم پادشای هۆزی کاسی کەبنەرەت دانەری دەوڵەت بوە ناوی "گانداش"و هاوچەرخی "ساسوئیلونی" کوری حامورابی پادشای بابیل بوە،

* بەروار- تاریخ -سنە

"پینچر" یەکێکیتر وە "هوز نیغ" مێژوووناسەکان ددان بەوەدا ئەنێن کەزمانی هۆزی کاسی ئاری بوە، وەلەبڕێ وشەدا لەگەڵ زمانی هوریدا زۆر نیزیکە.

لەهەزارەی یەکەمی پێش لەزاینی کاری ئەم هۆزە براوەتەوە.

میتانی:

هۆزی میتانی یەکێکیتر لەهۆزەکانی ناوچەی ئاریایە سێرکینغ نوسەری مێژوی بابلستان ئەڵێ لقی کاسیەو ئارباییە، بەڵام بیروڕاێکی تر هەیە کەئەم هۆزە لەتیرە (سوبارو = سوبارتو)یە کەناوەندی فەرمانڕەوایی ئەم هۆزە شاری "واشوکانی" بوە.

لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەم هۆزە، سوریە، عامورەو بەشێ لەوەڵاتی ئاسوری بەدەستیانەوە بوە.

حکومەتی میتانی لەدەستی پادشایی "ئاشور نازرپال"ی سێیەمدا لەناوچوو ئەم زەنجیرە دوایی هات.

سوباریو نایری:

دوو هۆزی تر لەمێژووەکان ناوبراون بەناوی (سوباری) و (نایری) لەهۆزانی زەنجیرەی ئاریا لەمەڵبەندی مادنشینەکانا کەزۆرتر لەگەڵ هۆزەکانی تراو هاوپەیمانو تێکەڵ ژیاونو جارجار بۆ خۆیان بەجیاوازیش ناویان براوەو لەسەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش لەزاینیا بون زۆرتر ناوی ئەم دوو هۆزە لەنوروسراوەکانی ئاشوریدا دەرئەکەوێ، وەکو ئەوەی کە(تیکلات پلایزەری) یەکەم لەگەڵ چەند کەس لەسەرۆکانی نایریدا شەڕی کردووە.

یاوەکو (سناخریب) لەدەوری کێوی جودیا لەگەڵ نایرییەکان شەڕی کردووە" لەم نوسراوانە زیاتر شوێنەواری وەها سەبارەت بەم دوو هۆزە لەدەستانییە.

ئەڵبەت جگە لەمان، هۆزەکانی تری ئاریانشین زۆر بوە کەهەر کام بۆ خۆیان سەربەخۆێکی بچووکیان دروستکردووەو هەریەك یا دو دو سێ سێ هۆز پاڵیان

بەدەوڵەتێکی ترەوە داوە لـەلولوەکان یـان گوتیـەکانو کاسـیەکان، بـەڵام لـەوەها رادەیێکا نەبون کەئێستا ناویان لـەمێژوودا بمێنێتەوە.

دەسەڵاتی نووسراوەی لاپەڕەکانی پێشوو:
چۆنیەتی بەدیهاتی دەوڵەتی ماد:

بـاوەکو جیهـانی ئێمـە وەکـو مێشـکی پرتوکـاوی پـاوێکی پـیرە کەکوتـەکوت بیرورِاکانی دێتەوەبیر، بۆ ناسینی شتەکان یادووبارەکردنـەوەی زانسـتەکانی بیرەبـیرەو برکەبرِکە وشە وشە قسـە پێکەوە دەلکێنێ، ئێمەش ناچـارین بـۆ دووبارەکردنـەوە یـا دەرخسـتنی بـرِێ لەچۆنیەتەکانی رابـردووی دور ئـەبێ لەنووسـراوە بەردینـەکانو دۆزراوەکـانی ژێـر خـاکی کەهـەر کامـە کەوتونەتـە ئەنتیکەخانـەکانی بێگانـەوە، دروستکردنی بەسەرهاتی سەر راستی باپیرەکانمـان لەسـەر هـەر ئـەو شـوێنەوارانەوە بەدەست بێنین" ئەم کارەش تائەو جێگا کەپێویسـت بو بەجێ هاتو بەتێکرِا نوروسـینی ئەو چەند لاپەرِە ئەمەی دەرخستووە کەهۆکانی بەدی هاتی دەوڵەتی ماد بەم چەشـنە رێك کەوتووە، هەروەها کە وتمان پاش برِانەوەی دەوڵەتـەکان، یـەك لەشـوێن یـەك وردە وەڵاتان دروسبونو خولی سەرۆکایەتی باوك هاتەرِو، هەر ئەم ئاڵوگۆرِە بازارِی کوێخا سالاری دامەزراند، کەهـەر هـۆزو عەشـیرەتێ بـۆ کاروبـاری خۆیـان یـەکێ لەرِیش سپییەکانیان کردە کوێخاو داوریەکانی ئەویان قبوڵ ئەکرد.

لــەم خولــەدا کــەم کــەم دروســتکردنی دیــوارو شــەرِگە بــەدەور شـارەکان لەمەڵبەندەکان دەسپێکرا، چونکو خولی دەسـەڵاتی ئاشور دەستی پێکردبـو "تیکلات پیلسر"ی یەکەم بابێلی داگیرکردبو، ئەڵبەت لەشکرکێشان بۆ ناوچەی ئاریـا دوایـی هاتبو" ئەمـەش پێویسـتە بـوترێ کـە لـەم دەورەدا مـاوەی سـێ سـەد سـاڵ خـولی

راوەستاوی بوەو شوێنەواریٚ لەدەستانییە، لەگەڵ ئەمەشدا رەگەزو بناغەو هاتن‌و دامەزرانی مادەکان بۆ ئێمە روونا کە، وەکو ئەگونجیٚ بریٚ لەناوەکان یابیرورای لێکۆڵەران جۆربەجۆربیٚ، بەلاّم ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کەگۆزەڵ گوزو هاتوچۆی هۆزو رەگەزی شوێن دەرنەکەویٚ" بەم بۆنەوە ئەکریٚ بڵێین کەئەم هۆزە لەهەزارەی سێمەی بەر لەزایینییەوە تاسەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش بەدونیاهاتنی مەسیح نەگۆڕاوە خەڵکی سەرانسەری ئەم مەڵبەندە هەر لەناوچەی زەریای ورمێوە هەتا دەوروبەری زەریای وان لەتورکیای ئێستا لاژورروی دیالە یارۆژئاوایی تر تالاخوارو، یا تەواو ناوچەی زاگرۆس هەموو لەژێر دەسەلاّتی ئارییەکان بوە وەلەخولی بیٚ شوێنەواریا لەلایەن ئاشوریەکانەوە چەند مەبەستیٚ دەرکەوتووە، یەکیٚ ئەمە کەدەوڵەتەکانی بچوك لەژێر دەسەلاّتی کوێخاکان لەمەڵبەندی "زاموا" کەزۆرتر هی لولوبییەکان‌و کوتیەکان بوە، دەوڵەتی "ماننا" دروس بوە کەلەناوچەی باشووری زریٚ ورمیٚ دا، دانیشتون‌و چەندجار لەگەڵ ئاشوورو "تورارتو"دا شەڕیان کردوەو هیچکام لەو دەوڵەتانە چاریان نەکردووە، وەکو ئەم دەوڵەتە ناوێکی وەهای لەمێژوودا نییە، بەلاّم بەهۆی ساڵنامەکانی ئاشورەوە ئەکریٚ شوێنیان دەرکەویٚ" وەبۆنێمە روناکە، کەلەسەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینیا "ماننا" یەکیٚ لەبچوکترین دامودەزگاکانی دەوڵەتانی لولوبی‌و گوتی بوە، جویٚ لەیەکیەتی هۆزەکانی عەشیرەتی.

ئەم یەکیەتی عەشیرەتیە لەناوچەکانی باشووری‌و رۆژئاوایا بەدی هاتووە بەناوی عەشیرەتەکانی یەکگرتووی "ماد" کە لەشوێنەوارەکانا تەنیا بەناوی ماد ناوبراوە بەتێکڕا نیز هۆزە جۆربەجۆرەکانی ئەم یەکگرتووە دیاری نەکراوە، چۆنیەتی ناوبردنی "ماد" کەهەموو دەمیٚ بەناوی بەهێز ناوبراون پیشان ئەدا کەیەکیەتی هۆزەکانی ماد بەتێکڕا هۆی ئەوە بون کەئاشوور لێی بترسیٚ، بەپێی نووسراوە

بەردینەکانو شوێنەوارەکان یەکیەتی هۆزەکانی ماد هۆی بەتین بونەوەی ئەم دەوڵەتەبوە، وەکو تەواو هۆزەکانی ئاریایی لەم یەکیەتیەدا بەشداریان نەکردبو.

بۆ دیاریکردنی ناوی هۆزەکانی یەکیەتی، ماد ئەبێ لەنوسراوەکەی "هرودوت" کەڵك وەرگرین، کەوتویە هۆزەکانی یەکگرتووی ماد شەش تیرە بون (بوسیان – پارتاکنیان – ئێستروخاتیان – اریزانتیان – بودیان –مغ)ەکان، وەلەم شەش هۆزە پارتاکنیان لەدەوروبەری ئەسفەهانا ژیاون.

ئەمەش پێویستە بڵێین کەزانایانی رۆژئاوایی لەوشەی ئاریا برێ کەڵکی ناراستیان وەرگرتووە وایانداناوە کەزمانی سانسکریت دایکی هەمور شێوەکانی ئاریەوە لەهندوستانا بوەو بناغەی هەموو هیندو ئەوروپاییەکانە، لەکاتێکا دەرکەوتووە کەوشەی ئاریا بەسەر کوردەکان، ئێرانیەکانو هیندو ئێرانیەکانا دانراوەو بەس.

لەسەدەی حەوتی پێش زاینی بەدوا، تەواو ناوەکانی مادی بناغەی ئاریایی هەیەو پیشان ئەدا کەزمانی تێکڕایی هۆزەکانی یەکگرتووی ماد ئاریایی بوە، وشەی "ماد" کەبەزمانی ئاشووری (مادای– ئامادای– ماتای) وەبەزمانی عیلامی (ماتایە) وەبەزمانی عبری کۆن (مادای) وەبەزمانی فارسی (ماد) وەبەزمانی یۆنانی کۆن (مدی) وەبەزمانی ئەرمەنی (مار – ك = پارتی ماد) بوە دیاریەکی بونیەتی ئەم یەکی بونە یەکێ لەهۆزەکانی پێکهاتنی یەکیەتی مادە کەبەرەبەرە بناغەی بەدیهاتنی دەوڵەت دارڕاو بوە هۆی ئەوەی لەسەدەی نۆهەمەوە تاسەدەی حەوتەم بەر لەپەیدابونی مەسیح پلەکانی سەرکەوت دامەزرێ، یەکێکی تر لەهۆزەکانی پێکهاتنی دەوڵەتی ماد شەڕکەرەکانی نێوانی ئاشوریەکانو لولوییەکان، هەروەها عیلامیەکانو گوتیەکانە، چونکا ئەم دوو دەوڵەتە چەندجار هێرشیان هێنانەیە سەر ناوچەی ئاریانشینەکان، وەکو شوێنەواری کەم لەدەستیایە یانێ تەنیا ئەو نووسراوە بەردینانەیە کەپادشاکانی ئاشووریو عیلامی بەهۆی سەرکەوتی خۆیانەوە بەجێیان هێشتووە، هەر ئەم

لەشکرکێشی و هێرشانە بوە هۆی بەش بەش بونەوەی لولوەکانو گوتیەکان، کە لەدواییا هەر بەشێ کوێخایەکی هەبو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هۆزەکە.

جگەلەمەش دەوڵەتی عیلام کە لەباری کشتوکاڵو ئاویاری و وەڵاتدارییەوە دەسەڵاتی پەیداکردبو، دەراوسێیکی مەترسی داربو چی بۆ ئەمان وەچی بو سومێرو ئەکەد، ئەوەبو کەدەوڵەتی ریچکەڵەی سێیەمی "ئور"ی لەناوبردو ناوچەی "لارسا"ی گرتە ژێر دەستی خۆی یاوەکو "شوترورك - ناخونتە" پادشای عیلام بابلی لەدەس کاسیەکان دەرهێنا (١١٧٥- بەر لەزایین) بەشوێن ئەوا کوڕی دووەمی "شینحاك - ئینشوشیناك" لەشکری بۆ زاگرۆس کێشا تاوەکو ناوچەی ئاریا داگیربکا، بەڵام نەیتوانی و تێشکا، هاوکات لەگەڵ ئەمەدا تیکلات پیلسری یەکەم بابیلی داگیرکردو ئەو ناوچەیە لەژێر چنگوڵی عیلام دەرهێنا، لەمانە بوە هۆی کزو لاوازبونی عیلامو رزگاری ناوچەی ئاریانشینەکان.

چۆنیەتی پێکهاتنی ماد لەسەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاینیدا

چۆنیەتی رەگەزی و هۆزی ماد بەتایبەت بەشی رۆژئاوایی روونا کرە، وەکو ئەگونجێ برێ لەوشەکانو ناوەکان گۆڕرابێ یاوەکو ئاڵوگۆڕەکانو گوێزرانەوەکان لەنێوانی هۆزەکانو تیرە نێزیکەکان لەجێگاییکەوە بۆ جێگاییکی تر جیاوازی بەدی هێنابێ، ئەڵبەت ئەمە رۆشنە کە لەماوەی دوو هەزار ساڵ گۆڕانێکی ئەوتۆ بەدی نەهاتبو، گەلی سەرانسەری ناوچەو مەڵبەندەکانی ئاریانشین یاوەکو بەش بەش بوبون لەباری خۆو خدەو رەوشتو ئاینەوە وەکو خۆیان مابونەوە تەنانەت هۆزی "هوریانی" کەلەشاخو داخەکانی رۆژئاوادا ئەژیان.

لەسەرەتای هەزارەی یەکەما لەرۆژهەلاتی ناوچەی مادا هۆزێکی‌تر کە لەباری زمانەوە تۆزێ لەورفیری بو وەبناغەی ئەم هۆزە لەئاسیای ناوەندیا ئەژیان پالیان دایە مادەوە ئەلبەت ئەم هۆزەش لەباری بەخێوکردنی مەڕومالات‌و بارهێنانی ئەسپەوە وەکو مادەکان‌و هۆزەکانی تری ئاریایی شارەزابون، وە لەکشتوکالیش ئاگادار. وەلەبەکاربردنی مەفرەق دەسەلاتیان بو، ئەم هۆزە تیرە پارسەکانە کەلقی لەئاریایە.

هێرۆدۆت مێژوونوسی یۆنانی لەباسی هۆزەکانی پارسیدا بۆ یەکەمجار ناوی پاسار گادیانی بردوە کەزنجیرەی شاکانی هەخامەنشی لەوانەوە بەدی هاتوون.

ئەمانەو یەکگرتنی هەموو تیرەکان‌و هۆزەکانی تری ئاریا بونە هۆی بەدیهاتنی دەولەتی ماد" وەلەوەش بەم چەشنەیە کەکوێخاکان واکاروباری هۆزەکانیان بەڕێوەدەبرد کەم کەم روویان کردە کوێخای ماد وەئەویان بەناو باش کوێخا ناوبرد، وەئەم باش کوێخا "دیوکیان" بو کە بە"دیائوکو" "دیوکس" وە "دیوك" ناوبانگی داخستووە.

ئەمەش ئەبێ بزانین کە مەلبەندی ماد وردە ولاتانێ بون کەهەر کامە خۆیان بەڕێوە ئەبرد، وەهەر کامە کوێخاێکی بو ئەم کوێخایانە لەبرێ جێگەدا بۆ خۆیان ناوی پاشایان دائەنا، بەلام دیاردەکانی ئاشوور ئەوانی بەناوی پادشا ناو نەبردووە، لەبرێ جێگە "بل ئالی" کە لەوشەدا هاوپەرای "ویس پتی" دانراوە، ئەو ناوبردنە لەئەوێستادا "دەیوما وە (دنگهوپتی)"، بەلام بۆ پاشا (ساسترە) بەکاربراوە.

ئەم کوێخا یان پاشایانە لەسەرەتای ماددەکاندا وەکو پادشاێك کەتەواو کاروبار بەدەستیانەوە بێ نەبوە، چونکە هێشتا چۆنیەتی دەسەلاتی دەسدارەکان بەو رادە نەگەیشتبو.

هیرۆدۆت ئەلێ مادەکان کۆمای بەڕێوەبەریان بوەو راوێژی پیران کاروباری هەلسوڕاندووە.

بەتێکڕا بەدیهاتی سەر زەویی یەکیەتی ماد لەسەدەی هەشتی بەر لەزایینیدا گۆڕانی پلەی سەرەتایی بەخوڵی بەردەگیری دابەشکردنی کۆما بەڕادەی سەرۆکان سوارەکان، فەلاکان، هێزو سوپا لەهەموو چینەکان، بەڵام فەرماندەران کوێخاکانو سەرۆکانی عەشیرەتەکان وشەی "بلو" لەئاشوریا وە "پتی" لەئاریادا بەمانای خاوەن، گەورە وە سەرۆك بوە.

هەمووی ئەم هۆوانە بونەتە بایی ئەوە کەمادەکانی ئەندامی یەکیەتی لەسەدەکانی هەشتو حەوتی بەر لەزایینیدا رێککەوتیان پیێ وردە وردە چینی بەرێوەبەر بتوانن لەباری رامیاریو سوپاییەوە بەهێزتر بنو ناوکەی پادشایی ماد بەدی بیێ.

سەرەڕای ئەمانە چەن هۆیێکی تر لەبەدیهاتنی دەوڵەتی مادا شوێنی کردوە" یەکێ کیمریەکان بون کەلەسەدەی هەشتی پێش زاینی لەوپەڕی رزەکێوەکانی قەوقازەوە هاتن وەکو سەرەتا لەگەڵ ئورارتودا شەڕیان کرد، بەڵام لەدوایا رێککەوتیان بو وەیەکیەتیان بەدی هێنا.

یەکێکی تر ئێسکیتەکان بو کەیەکێ لەهۆزو تیرەکانی گەورەی ئاریاییو هاوڕەگەز بو کەتا لاخواروی زەریای ورمێ بەدەسیانەوە بو وەلەگەڵ "مانا"کان هاوپەیمان بون، پادشای مانا (بل خابو) مرۆڤێکی زیرو لێهاتوو وەدەسەڵاتدار بو، ناوچەکانی (زاموا- پارسوا- ئارپخا- خارخار) هەمووی بەدەس یەکیەتی مادەوە بو.

پێکهاتنی ئەم رێك کەوە هەڕەشەیەکی گەورەی دژی ئاشورر بو، پەیوەندی نێوان مادی ناوەندیو ئورارتو دواییو باشترین هەلو دەرفەت بۆ پێکهاتنی دەوڵەتی ماد دانراوە لەساڵی ٧٦٤ی پێش زاینی ئاوری شۆڕش دژی ئاشورر لەم ناوچەدا هەڵگیرسا وە لەشەڕێکا کە لەنێوانا قەوما ئاشوورریەکان تێشکان، بەڵام ئەم شەڕوکێشە ماوەی چەن ساڵ درێژەی کێشا لەهاوینی ساڵی ٦٧٤دا جارێکی تر ئاشوورریەکان هێرشیان کردە سەر مادی ناوەندی کەدیسان ئاشوورریەکان تێشکان.

لەساڵی ٦٧٣ی پێش زاینی لەدەورووبەر نەورۆز مانگا (مارس – نیسان) خشتریتی خاوەن دێ گەورە هەستایەوەو راپەڕی، ئەم راپەڕینە لەمێژوودا بەناوی راپەڕینی "خشتریتە" بەناوبانگە.

ئاسار هادون شەرێکی لەگەڵ خشتریتی کردووە کە لەنووسراوەیەکی ئاشوریا چونیەتی ئەم شەڕە نووسراوە کە لەناوچەی هەمەدانی ئێستادا قەوماوە، کەئەم شەڕەش بەتێشکانی ئاشوورییەکان دوایی هاتووە کەبڕێ ناوچەی خاکی ئاشوور ئەکەوێتە دەس یەکیەتی "ماد"وە ئاسار هادون لەم شەڕا ئەکوژرێ.

راپەڕین لەناوچەکانی "بیت کاری- مادای- ساپاردا" بەتەواوی سەرکەوت کە لەتەواو مێژووەکانا بەجێگای ئەم سێ ناوچە پادشایی سەربەستی ماد ئەوتری" بەپێی نووسراوەی بەجێماوی پادشایی ئاشوور بەرواری ئەم سەربەخۆییە ٦٧٣و ٦٦٩ دانراوە.

پراسك مێژوونووس لای وایە (مامی تیارشو) رێبەری راپەڕینە، بەلاَم هیرۆدۆت بەناوی (دیوك) ناوی بردووە" لەلایەکی ترەوە لەتەواو نووسراوەکانی ئاشوریا باس لەخشتریتی بوە کە لەئەم خەشریتیە "هوخشترە"ی یەکەمە کەدیودور لەکتێبی خۆیا بەجێگەی دیوك ناوی بردووە" لەبڕێ مێژوودا ناوی (کیاکسار) هاتووە نووسراوەی بەردینی داریوشی یەکەم لەبێستونا ئەڵێ مرۆڤێ بەناوی فرورتیش =(فرائورت) هۆزەکانی مادی رێکخست و راپەری ئەو وەها ئەڵێ (من کەناوم خشتریتە لەبنەماڵەی کیاکسار – هوخشترە)م.

زۆرتر دوو ناو دانان کە لەکوردەواریا باوبوەو ئێستاش لەکوردستانا هەر وەهایە بوەتە هۆی سەر لێشێواوی گەلێ لەمێژوونووسەکان.

بیورین: بەتێکڕا ئەمە کە لەکۆتایی سەددەی هەشتی پێش زاینیا دەوڵەتی ماد بەدی هات.

ئەم پێشهاتنەو سەرکەوتە بوە هۆی ئەوە کەخشتریتە توانی گرنگترین ناوچەکانی ماد لەژێر دەسەلاتی ئاشورا رزگار بکاو دەولەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنێ، یانێ ئاواتی سەدسالەی مادەکان بەدی بێنێ" هەر لەبەرئەمە ماد کەلەسەدەی هەشتەما بریتی بو لەگەلێ هۆزی جوێ یەکیان گرت سەرەرای هەموو گیروگرفتو تەنگو چەلەمەکان کەبۆ دەولەتی تازە پای ماد بەدی هاتبو، وەلامێکی دەسەلاتدار ئەبینین کە لەمەیدانی بەربەرەکانێ دونیای ئەو کاتەدا هاتەرو، بەجۆرێ کە لەسالی ٦٧٣ بەر لەبەدونیا هاتنی عیسا مەسیح تا٦٢٥ و ٦١٥ پێش زاینیو سەرەتای شەری ئاشورو ماد نەك تەنیا دەولەتی ماد بناغەی دانراو دامەزرا، بەلکو تەواو وردە وەلاتانی دەوروبەری ماد هەمووی بوە یەکێ، بەلکو لەتەواو هۆزە عەشیرەکانو گەلی ئازادی ماد کەلك وەرگیرا تەنیا می تیارشو وە دۆستانی لەم یەکیەتیا تێکەلێ نەبون وەتۆزێ دورتر ئیسکیتەکان هەروەها بەلایەنگیری ئاشورور درێژەیان دا.

هیرۆدۆت ئەلێ (دیوك) هۆزەکانی مادی رێکخست وە بەسەر ئەوانا بوبە پادشا بەشوێن ئەمەدا ئەلێ دیائوکو یانی (خشتریتە) پاش ئەوە دەسەلاتی پەیداکرد، تەنیا بەپادشایی ماد دانەکاساو لەگەلێ پارسەکانا شەری کرد وەئەم دوو تیرەیە کە هەردوکیان بەهێزبون (ماد - پارس) هێنایە ژێردەس خۆی ئەنجا هێرشی بردەسەر ئاشورور.

بەپێ وتەی هیرۆدۆت (دیائوکو)- خشتریتە ٥٣سالێ یانێ تا ٦٥٥ی بەر لەزاینی پادشایی کرد کەوابو سەرەتای پادشایی ئەو، یانێ دەولەتی ماد لە(٧٠٨ - ٦٥٥)پێش زاینیەوە بوە، ئەم یەکەم پادشای مادە لەشەری ئاشووریەکانا کوژرا.

بەلام لەبارەی ئەم شەرو کوژرانەوە هیچ چەشنە بەلگەیی لەلایەن ئاشورەوە بەجێ نەماوە لەکاتێکا پادشاکانی ئاشور بۆ هەر سەرکەوتێکی بچوك چەن لەوحەی نوسراوەیان دائەناو گەلێ شانازیان بۆ خۆیان تێدا ریز ئەکرد" تەنیا ئەکرێ بلێین

بەهۆی هاوپەیمانەکانی ئاشورەوە یانی ئێسکیتەکان ئەم قەوماوە پێش هاتێ، چونکا جارێکیتر لەکاتی پادشایی (کیاکسار – هوخشترە) کوڕی فرائورت لەگەڵ ئاشورا کەنەینەوا پایتەختی ئاشوری گەمارەدابو لەشکرێکی مەزن لەلایەن ئێسکیتەکان بەسەرۆکایەتی مادیا کوڕی پروتوتی یارمەتی ئاشور دراو گەمارە تێشکا.

قسەی تێدانییە کەکوژرانو لەناوچوونی سەردارێکی وەکو خشتریتە (دیائوکو) ئەبوا بۆ لەشکری ماد بیتە هۆی تێکچوونو تێداچوونو زاڵبونی ئێسکیتەکان بەسەر وەلاتی مادەکان، بەڵام ئامانجی ئیسکیتەکان ئەوەنەبو وە لەلایەکی ترەوە کوڕی ئەو بەناوی (فەرەوەرتیش) نیشتە جێگای باوکی.

ئەوەش پێویستە بوترێ تێشکانی لەشکری ماد لەم شەڕەداو دەسەلاتی ئێسکیتەکان بۆ ماد گرنگ بو لەلایەکەوە بۆ سواریو لنگدارانو تیرهاویشتن لەشەڕا، لەلایەکی ترەوە بەدەسهێنانی چەشنە چەکو شتومەکێ بۆ شەڕ وەکو "رم" یاسەرە رم، شتێکی تری زۆر گرنگ زمانی تێکڕایی بو کە لەدوایا بوبە زبانی رەسمی یەکیەتی ماد، پاش بەینێك لەلایەن پادشای مادەوە هەموو سەرکردەکانی ئیسکیت بانگ کران بۆ میوانی وەلەوێدا هەموویان دەردەس کرانو کوژران وەبەم چەشنە دەوڵەتی ماد لەدەس شەڕی ئەم دوژمنی دوو زمانەوە رزگاربو، ئەنجا پادشایی ماد گەورەییو مەزناهی خۆی بەدەس هێنا.

باوەکو بەپێ نوسراوەی کتێی "ئەرمیای نەبی" هێشتا تاساڵی ٦١٠ بەر لەزایێ پادشایی ئێسکیت لەئازەربایجانا مابووەوە.

پادشایی فەرەوەرتش

فەرائورت

بەشوێن مردنی دیائوکو (خشتریتە)ەدا کورەکەی فەرەوەرتیش بوبە پادشا (٦٥٥-٦٣٣) بەر لە بەدونیا هاتنی عیسی مەسیح هێرۆدۆت ناوی ئەم پادشا (فرائورتس) ئەنوسێ بەجۆرێ کەمێژوونوسەکان ئەڵێن نێوانی ئەم پادشاو دەوڵەتی ئاشور باش بو، شەرێك لەنێوانا نەقەوما وەئەم پادشا هەر ساڵە شتی بۆ ئاشوریانی پاڵ پادشای ئاشوور ئەنارد، بەلام هەروەها ناوچە وەلاتانی رۆژهەلاتی ئێران‌و ناوچەکانی پارس بەدەسیەوە بو، پاش بەینێك کەخۆی بەهێز ئەزانی وەبۆ ئەوە کەدەوڵەتی ماد بەتەواوی لەژێر دەسەلاتی ئاشور دەربێنێ لەشکری کێشایە سەر ئەو وەلاتە، بەلام بەهۆی راس‌و رێسی‌و دامەزراوی لەشکری ئاشوورەوە لەم شەڕا تێشکاو بۆ خۆیشی کوژرا، ساڵی ٦٣٣ بەر لەپەیدابونی عیسا مەسیح.

ماوەی پادشایی فەرەوەرتیش ٢٢ساڵ بو کەکوڕی ئەو (هوخشترە) نیشتە جێگەی‌و بوبە پادشای ماد.

پادشایی هوخشترە

لەساڵی ٦٣٣ی بەر لەزاینیا کیاکسار - هوخشترە نیشتە جێگەی باوکی وەبوبە پادشای ماد ئەم مرۆڤە زۆر لێهاتوو کارزان‌و کورئازا بو بەزووترین کات نیش‌وکارەکانی راس‌و رێس کردو بەر لەهەموو لەشکری تەیارو پەرچەکی رازاندەوە.

هیرۆدۆت ئەڵێ لەسەرەتای حکومەتی کیاکسار پادشای مادا گەلێ هۆزو تیرە کەیەکێ لەوانە پارسەکان بو لەژێر دەسەلاتی ئەوا بو، بەلام هەروەکو سەربەخۆبو، تەنیا هۆزی مانئا بو کە بۆ خۆ سەربەست بو ئەکرێ بلێین لەرێزی وەلاتی ئاشورا بو

ئەوەش ئاشوریکی کزو لاواز، بەلام لەبەرواری ٦١٦ی بەر لەزاینیا ئەم هۆزەش کەوتە ژێر دەسەلاتی هوخشترە.

هیرۆدۆت لەبارەی کیاکسار (هوخشترە)وە ئەلێ ئەو یەکەم کەسێ بو کەهۆزەکانی ئاسیایی بەبەشەکانی سوپایی دابەش کرد وەیاساکانی تایبەتی بۆ شەڕ دامەزراند" بەمجۆرە کە ڕم دارەکان، سوارەکان، تیرهاوێژەکان لەیەکتر جوێ بن، پیادەش جوێ، چونکو لەپێشا هەموور چینو تاقمەکان تێکەڵ بون، وەبەچەشنی هۆزیو تیرەیی شەڕیان ئەکرد، هوخشترە تەواو تیرهاوێژەکانی هۆزەکانی کردەیەکێ، سوارەکان یەکێ، ڕم وەشێنەکان یەکێ هوخشترە توانی لەسەرەتای پادشایی خۆیا یانی لە٦٢٥ تا ٦١٥ی بەر لەزاینی زۆرتری ناوچەکانی ئێرانی هێنا ژێردەسەلات وەبەمجۆرە سوپای خۆی لەتەواو هۆزەکان بەهێزکرد.

لەم چەند ساڵەدا ئاشوور بانی پاڵ پادشای ئاشوور توانی شۆڕشی شاماشوموکین لەبابیلا دامرکێنێ وەعیلامیش داگیربکا، بەلام هەر ئەمە بوە هۆی ئەوە کەخەلکی زۆر ئالۆزبنو لەدلەوە بەر هەلستی ئاشور بن، جگەلەوەش لەناوچەکانی تری ژێر دەسەلاتی ئاشورا زۆرتری خەلکی ئاواتەخوازی لەناوچوونی ئاشور بون، کەم کەم ناحەزی کەوتە نێوانی سەرۆکانو بەڕێوەبەرانی ئاشور، ئەمانە ئەبونە هۆی ئەوە دوژمنانی ئاشور تەما بکەنە سەری تالەدواییدا دەولەتی ماد توانی لەگەڵ وەلاتی بابێلا ڕێك کەوێ، چونکو لەپێشا ئاشوور بانی پاڵ پاش ئەوە شۆڕشی شاماشوموکینی دامرکاندو بابێلی گرت کابرایەکی "کاندالانو" ناو کەمرۆڤێکی ناسراوو ناودار ئەبو کردە سەرەکی وەلاتی بابێل وەئەمەش خەلکی بابیلی تورە کردبو.

لەساڵی ٦٣٣دا ئاشور بانی پال مردو کوڕەکەی بەناوی "ئاشور ئەتلی لانی" نیشتە جێگەی ئەویش تەنیا چوار ساڵ پادشایی کرد، کەبەدەس یەکێ لەسەردارانی خۆی بەناوی "سین شوم لی شێر" لەپادشایی خرا کە ئەم سەردارەش پاش بەینێك

بەدەس کوڕێکی تری ئاشور بانی پاڵ بەناوی "سین شاریش کون" کـەدوایین پادشـای ئاشورر نەبێ کوژراو ئەم کوڕە نیشتە سەرکەتی پادشایی ئاشـورەوە، (سـاراك) "سـین شاریش کون" توانی ماوەیی ئاشور بپارێزێ.

لەم ماوەدا کاندا لانو سەرەکی بابیـل مـردو پادشـایێکی تـازە لـەبابێلا دامـەزراو سەرەکی ئەوێ بەناوی "نیوپیلسر" بو کەبەرهەڵـسـق سـاراك پادشای ئاشور وەستا.

لەرابردوودا بابێل هەموو دەمێ هاوپەیمان عیلام بو، بەڵام لەم کاتا عیلامێ نـەمابو وە نیوپیلسر چاوی هیوای بەماد بـو شاماشـوموکینیش دەسـتی برایـەتیو هاوپـەیمانی بەرەو لای ماد داکێشابو.

نیوپیلسر پەیمانێکی لەگەڵ هوخشـوە پادشای مادا بەستو کچـی لـەوی بـەناوی "ئامی تیدا" خوازبێنی کرد بۆ کوڕی خۆی "نبوکد نصـەر" ئـەنجا نیوپیلســر دەسـتی کردە داگیرکردنی باقی وەڵاتی بابێل کە لـەژێر دەسـەڵاتی ئاشـورا بـو، وەتـا سـاڵی ٦١٦ ئەم کارەی تەواو کرد.

لەو کاتا کەسەرەتای ساڵەکانی دە تا حەڤدەی پادشایی نیوپیلسـر بـو کاروبـاری ئاشور زۆر شڵەژابو.

لەبـەهاری سـاڵی ٦١٦ی بـەر لەزاینیـدا نیوپیلســر لاژورری چـۆمی فـورات کەهۆزەکانی ئارامی تێدابو لەلایەن گـیری ئاشـور بـون داگیرکـرد، بـرێ لەشـکری ئاشورو ماننا هاوپەیمانی ئاشور لـەوێ کوژرانو دەردەس کران.

لەبەهاری سـاڵی ٦١٥دا دیسـان شـەڕێکی تـر لـەنێوانی نیوپیلسـرو ئاشـوردا لەنزیکی کەرکوکی ئێستا لەوپەڕی چۆمی دەجلە فەوما کەئەم شەڕەش بەسەرکەوتی نیوپیلسر دوایی هات لەم کاتا لەشکری هوخشـترە تەواو سەر زەوین وەڵاتی مانـنـای داگیرکردو خستیە سەر ئەمپراتوری ماد" وە بـەمجۆرە هوخشـترە بەلایـەنگیری بابێـل هاتە ناو شەڕەوەو ڕێبەریو سەرۆکایەتی گرتە دەس.

ئەمە بوە هۆی سووربونی نیوپیلسرو هەڵمەتی بردەسەر ئاشور، بەڵام سەرکەوتی نەبو گەڕایەوە بۆ قەلای تاکری تاین "تکریق" ئێستا" ئاشووریەکان ئەم قەڵایانە گەمارەدا، بەڵام نەیانتوانی کارێ بکەن.

بەشوێن ئەم پێشهاتا مادەکان لەکەژەکانی زاگروس بەربولەوەو هاتنە ناو دەشتەکانی رۆژئاوایی وەلەمانگی نوکتوبرا هاتنە وەلاتی ئاراپخا وەئەمە سەرەتای هێرشی ماد بو" کەم کەم هاتە پێشەوەو لەساڵی ٦١٤دا گەیشتنە لاژورری نەینەواو شاری "تەربیس" گەمارەدراو بەهۆی هێرشێکی توندەوە داگیرکرا.

ئەنجا لەشکری ماد لەچۆمی دەجلە تێپەڕین و لەقەراخی راستی چۆمەوە تائاشور چوونە پێشەوە، بەمجۆرە ئەرتەشی سین شاری کۆن و مەڵبەندی ناوەندی ئاشوریان دەورگرت بەجۆرێ کەیارمەتیان پێ نەگا.

لەساڵی ٤١٣دا جگە لەنەینەواو کلخو کەلەوپەڕی سنورەوە بو جێگەیەکی تر بۆ ئاشور نەمابووەوە، لەلایەکی تریشەوە بابێلیەکان لەهاتنە پێشەوە، تاکو لەشکری ماد لەسێ لاو لەشکری بابێل لەلایکەوە شاریان گەمارەدا ماوەیەکی درێژ شار لەگامارەدابون بەپێی نووسراوەکان بەجۆرێ کە لەمێژووی "گود"دا نوسراوە سێ شەڕی قورس لەپای دیواری شارا کرا، لەدواییا لەمانگی ئوتی ساڵی ٦١٢دا لەشکری ماد تەواو ئاوی دەجلەیان بەرەو شار هەڵنا وە ئاوی چۆم دیواری شاری روخاندو لەشکر رژایە ناو شارەوە شەڕ لەناو شارا دەس پێکرا، تەواو مێژوو نووسەکان ئەم مەبەستە ئەنوسن کەڕووخانی قەڵاو دیواری شار بەهۆی ئاوی چۆمەوە بوە شارو کۆشکی شایی ئاور درا "سین شاریشکون = ساراك" پادشای ئاشور خۆی خستە ناو ئاوری کوشکەوەو خۆی سوتاند، برێ لەمێژوونووسەکان ئەڵێن نەك تەنیا

خۆی، بەڵکو هەمو بنەماڵـەی خۆیانیـان سـوتاند کتێبی نـائوم (نـاحوم) دیـاردەیکی روناك لەشاری نینواو کارەساتی ئوتی ٦١٢ی* بەر لـەزایینی کێشاوە.

و. ای. ل- مێژوونووس ئەنوسێ لەدرێژایی مێژوودا سەدەها جار شـەڕ قـەوماوەو بێ روحمیو نالەباریو مەینەت بۆ تێشکاوان بەدیهاتووە، بەڵام لەبرێك شەڕا بیروڕای رۆشنو پیاوانە زۆرتر بۆ سەرکەوتی مرۆڤایەتی دەرکەوتووە، بێ شـك شـەڕی مـادو زاڵ بونیان بەسەر ئاشورا کەخراپترینو بێڕەحمترین دەوڵەتانی رۆژگـاری خۆیـان بـون زۆر پیاوانە بوە.

ب.ب پیوتروسـکی چـیرۆکێکی سـەیر دووبـارە لەکاتـەوە کەموسـی خـورنی لەمێژووەکەیا باسی کردووە کەواربات (ئاربات) کـەکتیاس مێژوونووسـیش نووسـیوە یەکێ لەسەرۆکانی ئەرمەنی بەناوی "پاروێر" کـوڕی سـکایوردی لەسـوتانی ئاشـورا دەستی بوە.

بەهەرحاڵ پـاش تـاڵانی خەزنـەکانو بەدەسـهێنانی دەسهاتێکی زۆر لەسـەرەتای سپتامبری سـاڵی ٦١٢دا کیاکسـار- هوخشترە گەڕایەوە بـۆ مـاد، بـەڵام نیوپیلسـرو لەشکرەکەی هەر لەنینوا مانەوەو خەریکی تاڵانی شارو دێیەکانی دەورروبەر بون.

بەشوێن رووخانی پادشایی ئاشورا لەدرێـژایی سـاڵەکانی ٦١٠تـا ٥٩٠ پادشـایی ماد نەك تەنیا پادشایی ئاشووری لەپا دەرهێنا، بەڵکو پادشـایی ئیسـکیتو ئورارتـوی داگیرکردو تەواو ماناى هێنایە ژێـر دەسـەڵاتو لەمانـەش هـەر ئەوەنـدەی زاڵبـون بەسەر ئاشورا گرنگ بو" بەڵام کتێبی رۆژهەڵاتی کۆن ئـەڵێ ئـەم وەڵاتـە سـەربەخۆ

* ئەم ساڵی ٦١٢ سەرەتای بەرواری کوردیەو ساڵژمێری کوردی ئەم بەروارەوە دانراوە بەبۆنەی سەرکەوت بەسەر ئاشورا ساڵی ٦١٢ بەرین تماسبت مبدا تاریخ کردی قرار گرفته

بوو، بەڵام لەژێر چاودێری مادا مانەوە تا لەساڵی ٥٩٣دا مانەوەی نیوە سەربەخۆیان دوایی هات.

لەدوایی سەدەی حەوت و سەرەتای سەدەی شەشی بەر لەزاینییدا لەناوچەكانی نێوانی دەریای رەش و خزردا گەلێ ئاڵوگۆڕی گرنگی سیاسی و تیرەیی و هۆزی و دەستەبەندی هێزەكانی بەدژو لایەنگیری ماد بەدی هات، وەكو هۆزەكانی مانائیان و ئیسكیتەكان، ئورارتو، ئەرمەنیەكان و پاشماوەكانی هوریانی و دانیشتوانی ئاسیای بچوك كەئاكامی ئەم گێرەوكێشە كێشایە لای شەڕی مادو لیدیەوە جگەلەوەش بەر لەم شەڕەو پاش دابەشكردنی میراتی ئاشور پەیوەندی نێوانی بابێل و ماد ماوەیێ شلەژاو بو بابێل هەموو دەمێ لەماد ئەترسا بەجۆرێ كەنبوكد نەسەری دووەم (بخت نەسەر) بەپەلە دیوارێكی قایمی كێشا دەور بابێلاو گەلێ قەڵاو بورجی دروس كرد ناویان نا دیواری مادی لەناو كەشدا هەردوو پادشایی گەورە پاش ئەوە خاكی ئاشوریان لەنێوانی خۆیان دابەش كرد پێكەوە هەڵتەقینیان، مەبەستی بەرچاو گیراو بو، بەڵام ماد زۆرتر خەریكی لاژورو ئاسیای بچوك بو.

لەوێدا گەورەترین وەڵات لیدی بو كەتا لاژووری چۆمی فورات بەدەسیەوە بو، لەوێدا شەڕێك لەنێوانی مادو لیدیا قەوما كەماد لەشكری ئالیاتیان بردە دواوە، بەڵام چونكو لە٢٨ی مانگی مەی ساڵی ٥٨٥ی بەر لەزاینیا هەتاو گیرا هەردوولا دەسیان لەشەڕ هەڵگرت و پەیمانی ئاشتیان بەست.

بەهۆی ئەم پەیمانەوە كەبابێل و كیلیكیە كەوتنە بەین سنوری نێوانی مادو ئالیات چومی هالیس (قزل ئیرماك) دانرا، هەروەها ئەم پەیمانە بەهۆی زەماوەنی ئاستیكو "ئیشتیگۆ" كوڕی كیاكسار لەگەڵ "ئاریانیا" كچی ئالیاتەوە قایمترو بەتینترەوە بو، وەبەرێوەبردنی یاسای برایەتی و تێكەڵاوی خوێن بەهێزبو.

کیاکسار "هوخشترە" ناوچەکانی پادشایی مادی بەدوا پلـە گەیانـد کەهیچـکاتێ لەوە زیاتر نەبو، وەهەر لەو ساڵا کۆچی دوایـی کـردو مـرد. (٥٨٤) بـەر لـەزایێ ماوەی پادشایی هوخشترە ٤٠ساڵ بو.

پادشایی ئاستیاگە

ئازیدهاک

بەشوێن کۆچی دوایی هوخشترەدا کوری ئەو بەناوی ئازدیهاك یا ئاستیاگ نیشـتە جێگای وەبوبە پادشای ماد بەجۆرێ کەمێژوونووسـەکان ئـەڵێن ئـەم پادشـا دەسـتی کردە بێ دادگەری‌و بێرەحمی سـەبارەت بەهـەمووان‌و لـەلایـەکی تـرەوە موغـەکانی دەسەڵات پێدا کەئەوان دەسـیان کێشـا نـاو کاروبـاری وەڵات کـەم کـەم خـەڵکی نارازی بون‌و چاوەنواری ئەوە کەیەکێ هەستێ‌و ئەوان بکەونە شـوێنی ئـەوەبو هـەر کـەکورش کچـەزای ئازیهـاگ کـە لـەبـەرەی گـەورەکانی پـارس راپـەری هـەموو سـەرۆکانی مـاد پاڵیـان پێـوەداو پادشـایی زەنجـیرەی مـاد دوایـی هـات وەپادشـایی گوێزرایەوە بۆ زنجیرەی "ئاخەمەن" یانێ هەخامەنشینەکان.

گەورەترین یارمەتیدەری کۆرش لـەم پێشهاتا یەکەم کچـەزابونی پادشـا، چـونکو دایکی ئەو مانـدانا کچـی ئاسـتیاگ پادشـای مـادو لـەنـەجیب زادەکـانی پـارس بـو کـەباوکی سـەرۆکایەتی پـارس بـو وەیـەکێکی‌تر پاڵدانـەوەی "هارپاگـە" سـەرداری ناوداری ماد بو ئەمانەو هۆوەکانی تر بوە بایس هەڵـپێچرانی پادشای مـاد لـەبـەرواری ٥٥٠ی بەر لەزاینیدا خولی پادشایی ئەم زەنجیرە دوایی هات.

ئەڵبەت مێژوونووسەکان لـەم بارەوە مەبەستی جۆربەجۆریان نووسیوەو هەرکامـە چیرۆکێکیان باس کردووە کەزۆرتریان قسەکانی دەماودەمی خـەڵکیان گێراوەتـەوە، برێ چیرۆکیان وتوە کە بۆ باس لەمێژوودا ناشێ.

بەڵام بەتێکڕا ئەتوانین بڕانەوەی ئەم کارە بەچوار بەش دابەش بکەین" یەکەم: بەدیهاتنی سەرەتای کارەسات پیلانگێرانی ناوخۆیی گەورەکانی ماد بەدەستی هارپاگەو لەلایەکیترەوە هەڵخزاندنی هۆزەکان بۆ شۆڕش.

دووەم: هاتنە مەیدانی کۆرشو لەشکری پارس، وەکو شەڕ چەن ساڵ درێژەی بو زۆرجار مادەکان سەر ئەکەوتن بەجۆرێ کەیەکجار تاپای دیواری پاسارگاد بەشوێن لەشکری تێشکاوی پارسا رۆیشتن.

سێیەم: درێژە پەیداکردنی شەڕ کەئاکامی لێبڕاوی نەبو.

چوارەم: خەیانەتو گزیکاری هارپاکەو هەرکانیانو پارتەکان کەپاڵیان دایە کورشەوە.

بەپێی نووسراوەکانو شوێنەوارە بەجێ ماوەکان راوەستاوی مادەکان درێژەی بو، ئەگەر گزیکاری سەرۆکان لەناوخۆدا نەبوایە ماد تێنەئەشکا.

هیرۆدۆت لەبارەی دوایین هەنگاوەکانی ئازیدی هاگەوە ئەڵێ ئاستیاك موغەکانی کوشت، وەکو لەوەوبەر نێوانیان خۆش بو، چونکو ئەوان لەگەڵ دابو دەزگای کۆرشو کەبوجیەدا پەیوەندیان پەیداکردبو سروشتی جینی ئایینو بڕوای ئەوان وەهابو کەئیزنیان نەئەدا کاروبار بەپێ قازانجی زۆرایەتی گەل بەڕێوەبڕوا، ئەمە یەکێ لەهۆکانی پیرۆزیو زاڵبونی کۆرش بو.

بەپێی نووسراوەی کتسیاك ئاستیاگ پاش تێشکان لە "هگمتانە" هەمەدانی ئێستا کەپایتەختی زەنجیرەی ماد بو خۆی شاردەوە کاتێ لەشکری زاڵبوی کورش رژایە ناوشار کۆرش هاتە کۆشکی باپیری پادشای مادو فەرمانی دا ئامی تیدا کچی ئازدیاكو مێردی ئەو سپیتامەو دوو کوڕیان "سپیتاك- ماهبرن" بگرنو جەزرەوەیان بدەن تا ئازدیاك خۆی بدا بەدەستەوە، هەر وەهاش بو ئاژدیاك خۆی بەدەستەوە دا تامنداڵەکان ئازاد بکەن کوڕ منداڵەکانو ئامی تێدا کچی پادشای ئازادکرد، بەڵام

مێردەکەی سپیتامەی کوشت، وەبەشوێنیا ئامی تیدای کردە ژن خۆی* ماوەی پادشایی زەنجیرەی ماد ١٥٠ساڵ بو.

چۆنیەتی زاڵبون و سەرکەوتنی کوڕش بەسەر مادا کەبەهۆی یارمەتی سەرۆکان و گەورەکانی مادەوە بو پێویستی ئەکرد کەکوڕش لەباری ساچیانەوە لەگەڵیان رەفتار بکا، وەکو شار تالآن کراو گەلێ کەس کوژراو باجیان نایە پای خەڵکی، بەڵام کوڕش پادشایی مادی بەتاڵ نەکردەوەو خۆی بەناو پادشای ماد ناوبرد وەناوی مادیشی دایە پاڵ پارس و گەورەکانی مادی لەپادشایی پارسا بەرێز گرت و کاری پێیان دا هەر لەرێزی سەرۆکانا بەجۆرێ کەهارپاگە یەکێ لەسەردارانی گەورەی مادو پارس وەسیەمین فەرمانڕەوای لیدی بو (پاش مردنی مازار)مادی، هەروەها کوڕەکانی ئامی تێدا لەمێردە بەرنگەکەی (سپیتاك و مهابرن) لەلایەن کوڕش زربابیانەوە بونە دوو ساتراپ یانی ئوستاندار، یاوەکو پارمیس برای ئامی تێدا کوری داکی لەمێردێکی‌تر یەکێ لەسەردارانی کوڕش بو.

لەنووسراوە بەردینەکەی داریوشی یەکەم لەبێستوندا ناوی گەلێ لەسەردارەکانی پارسی نووسراوە کەهەموویان مادی بون.

تەنانەت لەزەمانی پادشایی خەشایار شادا ناوی بڕێ لەگەورەکانی ئەو خولە ئەبینرێ کەمادی بون، وەکو لەکاتی پادشایی داریوشی یەکەما ئیتر یەکیەتی مادو پارس وەناوبردنی چاودێری ئەکرا.

---

* ئامی تیدا خوشکی دایکی کوڕش بو کەئێستا ئاکرێ کەس پوری خۆی (میمکی) بخوازێ، بەڵام لەو خولا ئەکرا تەنانەت ژن لەوەش نزیکتر ئەکرا مارە بکرێ تائەو جێگە خوشکی خۆیشیان ئەکردە ژنی خۆیان.

بیروڕاو بڕواو زانیاری ماد

هەروەها کەمێژووی دەوڵەتی ماد بەدوو خولی جۆربەجۆر دابەش ئەبێ: یەکێ خولی بەر لەدامەزرانی دەوڵەتی مادو ئەویتر پاش ئەوە مێژووی زانیاری مادیش ئەکرێ بەدوو خول دابەش بکرێ یەکێ هی دەورەی بەر لەمادو پەیوەندی دار بەپێشوو یانێ بەر لەدەسەلاتی موغەکان، وەخولی دووەمی هی دەسەلاتی موغەکان وەکو شوێنەواری زۆرو دیاری و رووناك لەدەستانییە.

ئەڵبەت ئەمە بزانین کەچۆنیەتی خانوبەرە لەدێەکان هەروەکو ئێستا یەك نوهۆمی بوەو لەبەر ژورێکا سەکولانێ دابین کراوە، تەنیا لەبڕێ جێگەدا کەپرو تەیمان بەسراوە. بەلام ژیانی خەڵکی وەلاتانی دورە دەس لەرۆژئاوای کەژەکانی زاگروسا چۆنیەتی ژیانی بابلیەکان شوێنی کردووە سەریان" جلوبەرگ لەزۆرتری ناوچەکانا وەکو یەك بوەو هەر ئەو چەشنە وا لەسێ هەزار ساڵی بەر زایینییەوە بوە بۆ خۆی ماوەتەوە کەلەسەر کراسەوە، کوڵەیێك کراوەتە بەرو پێستی حەیوانو مەڕیان چەپو راست خستوەتەسەر شانا، ئەڵبەت پاوە گەورەکانو سەردارەکان پێستی پڵنگو خەڵکی پێستی مەڕو لەناو قەدا شالیان بەسەر پێستەکەدا بەستووە، مووی سەریان درێژکردوەتەوەو لەبەر سەرەوە بەپارچەی قرمزی بەستویانە، بەلام ریشیان تاشیوە کەوشی پێیان لەچەرمی نەرمبوە.

لەباری ئاینەوە، ئاینی زەردەشتیان بوەو زەردەشت* پەیغەمبەرێ بوە کەلەناو خۆیانا هەستاوە، لایەنگیرانی هاوڕێو نێزیکی زەردەشت لەلایانەوە بەرێزبون.

وەکو ویشتاسب* فەرەشتوشترە* ئەسپەچنە* پرکسس پس*.

---

*زەردەشت - خاوەن وشتری زێڕین.

*ویشتاسب - خاوەن ئەسپانی شەڕکەر.

هەروەهاش کتێی دین کورد پاش ئەوێستا لەلایانەوە خاوەنو بەرێز بوە.

دەسەڵات پەیداکردنی موغەکان لەدەربارەی پادشاکانی مادا سەرەتای سەدەی شەشی بەر لەزاینی بوە، چونکو ئەم ئاینە پێویست بوە پادشایانی ماد لایەنگیرو پەرەدەری ئەم ئاینەبون. موغەکانو کاهێنەکان فێردانی گاتەکانیان هێنا ئەم دەربارە، وەپادشاکانی ماد ئەم ئاینەیان بەرەمی ناسی کەلەپوری زۆرو شەوێنەواری هونەری دەورەی ماد لەتەپۆڵکەگیان، لەتەپۆڵکەی سیەلك، وخەزنەی زیویە بەدەس هاتووە کەهەمووی ئەمانە هەروەها ئەو شوێنەوارانە وا لەناوایی کوردلەرو تەپۆڵکەی حەسەنلودا دەرکەوتووە دیاردەی پێشرەوتی رەگەزی ئاریاو پادشایان مادو کوردان بەر لەوانو لەخولی ئەوانایە لەبارەی هەگمەتانە (هەمەدان)ەوە یەکێ لەنوسەرەکانی سەدەی دوومی بەر لەزاینی بەناوی "پولی بی" ئەنوسێ کەلەگەڵ نووسراوەکەی هیرۆدۆت مێژوونوسی بەناوبانگدا یەکدەگرێتەوە بەتایبەت سەبارەت بەکۆشکی پادشای ماد کە لەباری رازاوەیی‌و جوانییەوە باس نەکراو بو" لەناوشارا کۆشکێ بوە کەگردو پەری زۆرتر لەیەك کیلۆمەتر وەتەواو بەشەکانی چینۆی کۆشك لەچێوی سێدرو سەوڵ وەتەواو دارەکانی بان ژوورەکانو سەر بەرانی دەرگاو دالانەکان بەتەلا پۆشراوە، تەواو خشتەکان زێرینو ناوکاری خشتەکان هەموو ئالتون بوە، ئەڵبەت نوێژگەی ئاناهیتاش هەر وەهابوە.

وەکو هەر ئەم هەڵە خەرجیانە یەکێ لەهۆکانی لەناوچوونی زنجیرەی ماد ئەبێ.

شوێنەوارەکان تری دەورەی پادشایی ماد بریتین لە:

١ -بیچمی شێر لەبەرد دروستکراوە لەنزیکی شاری هەمەدانا کەئەم پەیکەرە تاساڵی ٩٣٠ی زاینی لەسەرپێ راوەستابو، بەلام ئێستا کەوتووەو شکاوە.

---

*فەرەشنوشترە – خاوەن وشترانی چالاك.

*ئەسپەچنە – ئەسپ خۆشەویست.

*پرکسس پس – خاوەنی ئەسپانی جەوان.

٢-کەل داود نیزیکی سەرپێلی زەهاو تاقێکی تێدایە کە لەبەردی کەژەکە کنراوە (دوکانی داودی) پێ ئەڵێن پەیکەرەی پیاوێکی تێدایە جلوبەرگی مادی لەبەردایەو چەپکێ توڵی باریكو لقی خورمای بەدەستەوەیە راوەستاوە.

٣-تاقێك لەسەھەنەی نیزیك کرماشاندایە بێمی فروهەر دیاردەی زەردەشتیان تێدا هەڵکەندووە.

٤-لەملەی پاتاقا تاقی فەرهاد هەیە کەناتەواوەو لەم دوایبا ناونراوە تاقی فەرهاد ئەگینا بەرواری زۆر لەمێژە.

٥-لەناوایی دێ نو نیسحاقەوەندی نیزیکی کرماشانا لەتاقێکی چکوڵەدا پەیکەرەی پیاوێك هەڵکەنراوە کە بۆ رێزگیری خودای هەتاو راوەستاوە.

سەبارەت بەم شوێنەوارانە هەموو مێژوونووسەکانو شوێنەوارناسەکان بیروڕایان ئەوەیە کەهی دەورانی پادشایانی مادە" وەپادشایانی زەنجیرەی هەخامەنشی گەلێ شتیان لەباری رەوشتی وەلاتداریو جلوبەرگو رەوشتی بەدیهێنانی ئەرتەشو لەشکرو دابەشکردنی وەلاتو دانانی ساتراپەکانو دابەشکردنی لەشکر بەچینی، سوار - پیادە تیرهاوێژ، گەردونەی داسدارو شتانی تریان لەماددەکان وەرگرتووە.

ماد

دیالوکو (خشتریتە) ٧٠٨ - ٦٥٥ پێش زاینی ٥٣سالّ

فەرەوەرتیش (فرائورت) ٦٥٥ - ٦٣٣ پێش زاینی ٢٣سالّ

هوخشترە (کیاکسار) ٦٣٣ - ٥٨٤ پێش زاینی ٤٠سالّ

ئاستیاگ (ئاژدیهاك) ٥٨٤ - ٥٥٠ پێش زاینی ٣٥سالّ

---

١٥٠ سالّ

پارسەکان‌و برانەوەی مادو بەدیهاتنی هەخامەنشی

پارسەکان لقی دووەمی ئاریایەکانە کەهەر لەسەرەتای هاتنی کۆچەریەکانی رەگەزی ئاریەوە تەکیان داوەتە خوارەوەو لەناوچە ناوەندیەکانی ئێرانا هەتا باشوور نیشتەجێ بون لەکتێبەکان‌و نووسراوە بەردینەکانی ئاشورا لەسەدەی نۆهەمی پێش زاینیا ناویان براوە.

بەپێی بیروڕای لێکۆڵەران‌و زانایان وەکو "روالین سو، هومل براشك" گەلی پارسواش هەر ئەو پارسەن.

دیسان لەکتێبی ئاشورا هی ٦٩١ی بەر لەزاینی ناوی لەم رەگەزە هاتووە ئەنوسێ لەشەڕی (خلولە) خەڵکی پارسواش‌و ئەنزان‌و ئەل پی یارمەتیان بەعیلام کرد.

لێکۆڵەران بیروڕایان وایە کەئەمانەش هەر لەباکوورەوە رۆیشتونەتە باشوورو لەم ناوچە کە لەدواییا هەر بەم بونەوە ناونراوەتە پارس نیشتەجێ بون.

بەپێی نووسراوەکانی ئاشور لەکاتی پادشایی "شەلەنەسەر" (٧٣١- ٧١٣) بەر لەزاینی‌و لەکاتی پادشایی (ئاسار هادون)دا ٦٦٣ بەر لەزاینی پارس بەشێ لەئاشور بوە، بەڵام پاش ئەوە لەخولی پادشایی (فەرەوەرتیش) پادشای ماد (٦٥٥ - ٦٣٣) بەر لەزاینی بوەتە بەشێ لەوەڵاتی ماد هێرۆدۆت پارسەکان بەشەش هۆز شاری‌و دێنشین دابەش ئەکا.

١- پارسا گادیان

٢- مورفیان

٣- ماسپیان

٤- پانتالیان

٥- درومیان

٦- گرمانیان

وەچوار هۆز خێوەت نشینو کۆچەری:

(١) دایەکان

(٢) مەردەکان

(٣) درویکەکان

(٤) ساگارتیەکان

بەڵام ئەنوسێ لەمانە سێ هۆزی یەکەم سەرۆکایەتییان بوەو ئەوانیتر ژێر دەسەی ئەمانە بون.

گزنفون مێژوونوس ئەڵێ: خەڵکی پارس دوازدە هۆز بون، بەڵام ناویان نابا.

"چیش پیش" کوڕو جێنشینی هەخامەنش کەناوی پادشای ئانشانی بوە لە(٦٧٥ - ٧٤٠) بەر لەزاینی کەوتە ژێر فەرمانی فەرموەرتیش پادشای ماد، بەڵام پاش دەسەڵاتی سکاکان لەلاژوروەوە سەربەخۆ بو لەدوایان وەڵاتی لەنێوانی دوو کوڕیا دابەش کرد ئاریا رامنە (٦٤٠ - ٥٠٠) بەر لەزاینیو کۆرش (٦٤٠ - ٦٠٠) بەر لەزاینی.

لەئاریا رامنەوە نووسراوەیێ لەسەر لەوحێکی زێڕینەوە بەجێماوە کەنوسیویەتی سەر زەمینی پارس کەس خاوەنی ئەوەم خودا پێداوم ئەسپی چالاکو پیاوی چاکو باشی هەیە.

لەلایەن ئارشامە کوڕی ئارامنەوەش لەوحێکیتری زێڕین بەدێری میخی بەدەسهاتووە.

ئەم بنەماڵە بەپێی نووسراوەی هیرۆدۆت مێژوونوس لەهۆزی پارساگادیەو سەر لقی بنەماڵە هەخامەنشی ناو بوە.

وەبەپێی نووسراوەی (نولدکە) مێژوونووسێکی تر کوری ئەو (چیش پیش) لەدەورروبەری ٧٣٠ بەر لەزاین شایی کردووە پاش ئەو کەبوجیەی یەکەم پاشان کورشی یەکەم پاشان چیش پیشی دووەم بونەتە شا" پاش ئەم چیش پیشە زەنجیرەی هەخامەنشی بونەتە دوو لقەوە یەکێ لقی ئانزان وەئەویتر لقی پارس، بەلگەکانی بابیل ئەم مەبەستە دیاری دەکا.

داریوشی گەورە لەکەتیبەی بێستونا ئەلێ هەشت کەس بەر لەمن پادشا بون وەمن نوهەمین شا لەبنەماڵەی هەخامەنشیم لقی بناغەیی پاش چیش پیشی دووەم بریتین لەکورشی دووەم کەبوجیەی دووەمو کورشی سێیەم "کورشی گەورە"و کەبوجیەی سێیەم.

کورشی گەورە لەپارسی کۆنا "کورو"یان کورش لەعیلاما "کوارش"و لەبابیلیا "کورش" لەتەوراتا کورروش‌و لەیونانیا "کورس" وە بەزبانی رۆمی "سیروس" هاتووە" کەبناغەدانەری شاهەنشای ئێران بوە.

چیرۆکی منداڵی/ کورش: هیرۆدۆت ئەنوسێ ئاستیاگ (ئیختویگو) پادشای ماد شەوێ خەوی دی لەکچی ئەو ماندانا ئەوەندە ئاو هات تەواو هەگمەتان‌و ئاسیای داگیرکرد بەهۆی ئەم خەو دێتە پادشای ماد کچی خۆی نەدا بەگەورەکانی مادو بۆئەوەی خەوەکەی بەدی نەیێ کچەکەی دایە کەبوجیە یەکێ لەنەجیب زادەکانی پارس کە لەژێردەستەکانی خۆی بو، ئەو ئەم کچەی بردە وەلاتی خۆی. بەینێکی‌تر دووبارە پادشای ماد خەوی دی کەلەزگی کچەکەیەوە دار مێوێك سەوز بوە لەق‌و پۆی ئەو دارە تەواو ئاسیای داگرت، بەهۆی ئەم خەوە پادشای ماد بەپێی بیررای موغەکان کچەکەی بانگ کردەوە بۆ پایتەخت لێرەدا کاتێ ماندانا زاو کورێکی بو شای ماد فەرمانی دا بەهارپاکی وەزیری خۆی کەئەو کورە باو بیکوژێ هارپاك

کوڕی برد، بەڵام نەیکوشت و سپاردیە دەس شوانێك بەناوی میترادات (مهرداد) تا لە کەژێکا داینێ و لەناو بچێ، شوانەکە کوڕی بردەماڵەوە، چونکو ژنەکەی سپاکو چەن ڕۆژێ لەوەپێش منداڵێکی مردوی هێنابو لەمێردەکەی داوای کرد ئەو منداڵە نەکوژێ بێننە جێگەی منداڵە مردووەکەیان کابرای شوان ڕەزای داو منداڵەکەیان گەورەکرد. ئەنجا کوڕەکەیان ناونا کورووش* و لەم کەین و بەینەش هارپاگی وەزیر ئاگاداربو.

کورش کەم کەم گەورەبو، وەلەناو منداڵانا کایەو دیاری ئەکرد هەموو دەمێ ئەبوە سەرەك، ڕۆژێ لەکاتی کایەدا کورش دای لەکوڕی ئەجیب زادەیێك، کەزۆر بەپادشاوە نێزیك بو ئەم کوڕە سکاڵای کردو شکاتی خستە بەر پادشاوە" پادشای ماد کوڕە شوانی بانگ کرد تۆڵەی لێبکاتەوە، لەکاتی پیاگەیشتنا بۆی دەرکەوت کەئەم کوڕە کچەزاکەی خۆیە ئەنجا لێبوردو هێنایە کۆشکی شایی و بەم کارە ڕەزامەندی پیشاندا، بەڵام لەدڵەوە ڕقی هەستا بەتایبەت لەهارپاك وەزیری خۆی هەر بەم بۆنەوە لەنەهێنیدا فەرمانی دا کوڕی هارپاکیان کوشت و دەست و پێ کوڕەکەشی نارد بۆ هارپاك. دیارە کەئەم کارە تا چ رادەیێك ئەبێتە هۆی دڵتەزین و ئالۆزی هارپاك وە هەر ئەوە بناغەی تۆران و پشت هەڵکردنی هارپاکی لەشای ماد بەدیهێنا، بەجۆرێ کەپاش ئەوە کۆرش لەپارسا نیشتە جێگەی بابی کەبوجیەو بەرهەڵستی ماد وەستا، پادشای ماد لەشکرێکی بەسەرۆکایەتی هارپاك بۆ شەڕ لەگەڵ کوڕشا نارد هارپاك بەلەشکرەوە پاڵی دا بەکوڕشەوە، پادشای ماد ناچار بۆ خۆی لەگەڵ باقی سوپایا ڕۆیشت بۆ شەڕی کۆڕش.

* بەهۆی بڕێ بیروڕاوە نووسراوە شوانەکە ئەم کوڕەی ناونا (کوڕشوان) لەپاشان بوە کۆڕش وە لەناو منداڵانا کاتی گەورەبو هەر بانگیان لێ ئەکرد کورووش.

نبونید: ئەنوسێ ئەوکاتە واکورش بەرهەڵستی پادشای ماد وەستا بۆ خۆی شای ئانزان بو" وەبەپێ لەوحەی بابیلی شەڕی نێوان شای مادو کورش سێ ساڵ درێژەی بو وەهەمەدان لەساڵی ٥٥٠ی بەر لەمزاینیا کەوتە دەس کورش‌و زەنجیرەی ماد برایەوە.*

کوردو ڕووداوەکان تاخولی ساسانیەکان

پاش برانەوەی زەنجیرە پادشایانی مادو دامەزرانی شاهەنشایی ئێران لەزەنجیرەی هەخامەنشی بەسەرۆکایەتی کوڕش، سەرەتا گەورەو سەردارەکانی کوردی مادی لەدامو دەزگای پادشایی مادو پارسدا بەشداریان کردو هەموو دەمێ بەپادشاوە نێزیك بون‌و گەلێ کەسیان سەرۆکایەتی‌و ساترایی‌و تەنانەت فەرمانڕەوایان کردووە" وەلەزۆرتری لەشکرکێشییەکانا سەرۆکایەتیان بوە" بەلام جاروبار لەمەڵبەندە کوردنشین‌و مادیەکانا هەستانەوەو راپەرین‌و بەرهەڵست وەستانیان بوە کەبەکورتی ناویان ئەبەین.

یەکەمجار راپەرینی "گئوماتە"یە بەدژی کەبوجیە کوڕی کورش کەلەمادەکان بو وەلەساڵی ٥٢٣ی بەر لەمزاینیا کاتێ کەبوجیە رۆیشتبو بۆ میسر خۆی بەناوی بەردیا کوڕی کورش ناوبردو نیشتەسەر تەختی پادشایی کاتێ کەبوجیە گەڕایەوە لەشاما نیزیکی کەژی "کەرمل"* لەشاری ئەگبەتانە* خۆی کوشت.

---

* ئەم باسەم بۆ ئەوە نوسی کەپارس لقی لەئارياييەکانەو لەلايەکەوە کورش کچەزای شای ماد بوەو لەلايەکی ترەوە پەیوەندی زۆری بەمێژووی کوردەوە هەیە.

* کەرمل دێیەکە لەپاڵ کەژێکا والەخاکی سوریەی ئێستا ئەبری بەهائاللە گەورەی بەهاييەکان لەوێیە.

* ئەکبەتانە شارێ بوە لەنیزیکی ئەو کەژە هگمەتانە (هەمەدانی) ئێستا نییە.

ئەم گئوماتە کەبەناوی بەردیا نیشتەسەر تەختی پادشایی مادو پارسەوە بەدەستی داریوشی گەورە کوژراو شۆڕشەکە دوایی هات.

کتزیاس مێژوونووسی یونانی ناوی ئەم موغەی ئەسپەنتەداتە (ئەسفەندیار) نووسیوە.

هیرۆدۆت ئەڵێ رۆژی کوژرانی گئوماتە بوبە جێژن وەلەو رۆژەدا هەر موغێ کەوتە دەس کوژرا باش بو شەوهات ئەگینا پارسیەکان تەواو موغەکانیان ئەکوشت.

هیرۆدۆت ناوی ئەو رۆژەی (ماگوفونی) بردووە یانێ موغ کوژران" ئەڵێ لەو رۆژا موغەکان لەماڵێ دەرنەهاتن.

جارێکی تر لەکاتی پادشایی داریوشی مەزنا دیسان یەکێ لەگەورەکانی ماد بەناوی (فەرەوەرتیش) هەستایەوەو ناوی خۆی نا خەشتریت یانێ شاو ئەیوت کەمن لەبەرەی هوخشترەمو خۆی کردە پادشای ماد، داریوش لەشکرێکی بەسەرۆکایەتی (وی درنە)ی پارسی خستەرێ بۆ دامرکاندنی ئەم شۆڕشەو فەرمانی پێدا لەوێ بمێنێ تا بۆ خۆی دێ.

داریوش لەکەتیبەکەیا ئەڵێ من فەرەوەرتیشم گرت کاتێ لەهابێلەوە هاتمە ماد" من گوێو لووتو زبانی ئەوم بڕیو چاویم دەرهێناو لەشەکەیم لەهەمەدانا دایە دار.

هەروەها داریوش ئەڵێ "چیزە تخمە" ساگارتی کە بۆ خۆی لەبەرەی هوخشترە بو بەرهەڵستم وەستا ئەویان گرتو هێنایان بۆم ئەویش لەئەربلدا دایەدار.

راپەڕینی ساکاکان کەهۆزێکی ناری وەلەوەڕگەزێکی ماد بون یەکێکیتر لەهەستانەوەی کوردەکانە بەدژی داریوش ئەمانە کۆچەری بون، بەلاّم لەداستانەکانی ئەوێستادا ئەوان بەتورانی ناوئەباو بەناوی ئەفراسیاو و ئەرجاسبەوە باسیان ئەکا.

بەپێی نوسراوی گەزنەفۆن مێژوونووسی یۆنانی جارێکیتر لەساڵی ٤٠٩ی بەر لەزاینیا مادەکان بەرهەڵستی داریوشی دووەم راوەستان کەئەم شۆڕشە پاش شەڕێکی قورس دامرکا.

دیسان گەزنەفۆن لەکتێبی گەڕانەوەی دەهەزار کەسیا ئەنوسێ لەئاخروئۆخری پادشایی داریوشی دووەما لەساڵی ٤٠٤ی پێش زاینیا جاری دووەم کوردەکان شۆڕشێکیان کرد وە بەناوی شۆڕشی گردوخ ناوی ئەبا، ئەڵێ کەشای پارس بەسەدو بیست هەزار کەس لەشکرەوە روی کردە ماد بۆ دامرکاندنی شۆڕش، بەڵام بەهۆی کوێستانی بونی ناوچەوە هیچی پێنەکرا.

لەخولی پادشایی داریوشی سێیەم "دارا" ئەسکەندەری مەقدونی پادشای یونان کەهێرشی کردە سەر ئێرانو دوایی بەشاهەنشایی زەنجیرە پادشایانی رەگەزی هەخامەنش دا تەنیا شەڕێکی قورس کە لەبەرانبەری سوپای ئەسکەندەرەوە کرا شەڕی گوگامل بو کەسەرۆکانی لەشکر لەکوردەکان بو لەشکرەکەشیان هەمور کوردو تیرەکانی مادی بون کەلەوێ کوشتارێکی زۆر لەیۆنانییەکان کراو باروبنەی ئەسکەندەر کەوتە دەس سکاکانو مادەکان، بەجۆرێ کەئەسکەندەر ناچار گەڕایەوە بۆ بابێل وە لەلا خوارووەوە رۆیشت بۆ پایتەختی داریوشی سێیەم وەکاتێ داریوش تێشکا بەرەو ناوچەی ماد هەڵات کەکەوتە دەس دوو کەس لە لەساتراپەکانی خۆی بەناوی بسوسو برازاس کەئەوان داریوشیان گرتو بریندارایان کرد تا لەدوایا مرد.

(٣٣٠)ی پێش زاینی جارێکی تر لەخولی پادشایی ئەسکەندەرا ئەسپی تامن یەکێ لەناودرارانی ماد شۆڕشی کرد کەئەسکەندەر بەسەختلەت لوانی ئەم شۆڕشە دامرکێنێ.

بەشوێن ئەسکەندەرا شەڕوکێشەی زۆر لەنێوانی جێنشینەکانی ئەوا بەدی هاتو رەگەزی سلوکی کە لەئێرانا دامەزرا مادو پارس بووە چەن بەشەوەو هەر بەشی پادشایێکی بو.

لەناو ئەم بەش بەشەدا مادی بچوك کەبریق بو لەئازەربایجانی رۆژئاوایی ئێستاو بری لەخاکی ماد "خشتریی" پادشای مادی بچوك بو کە لەپێشا سەر بەهەخامەنشی بو، بەڵام پاش ئەسکەندەر سەربەخۆ بو.

خشتریی نازناوی ئاتروپات بو کە بەمانای "ئازەر بەد"ەو یەکێ لەسەردارەکانی داریوش بو لەشەڕی گوگاملدا ئەم ناوچەی مادی بچوکە لەپارسی کۆنا پێئەوترا "ئاتروپاتکان" کەپاشان لەعەرەبیا بوبە ئازەربایجان وەئێستاش هەر پێی ئەوترێ ئازەربایجان.

پاش ئاتروپات بنەماڵەی ئەو هەر لەوێ مانەوەو پادشاییان ئەکرد تالەدوایا کاتێ پارتیەکان بوە بەشی لەوەلاتی پارت. ناوچەی ئاتروپاتکان بریق بو لەئەرمەنستان (ئەران) کردوەن، ئادیابن ئائەگەیشتە مادی گەورە پایتەختی ئەم وەلاتە شاری (پرسیە) بو کەئێستا تەختی سولەیمانە لەلاخوارووی زەریای ورمێدا.

ناوی پادشاکانی ئازەربایجان بەمجۆرەیە:

ئاتروپات لەزەمانی ئەسکەندەرا ٣٢٨ی پێش زایی ئارتەبازان هاوچەرخی ئانتیوخوسی سێیەمی سلوکی مێهرداد ٦٧ی بەر لەزایی، داریوش ٦٥ی بەر لەزاین ئاری بەرزانی یەکەم ٣٠ی بەر لەزایی کەپادشای ئەرمەنستانە.

بەشوێن ئەم زەنجیرەیەدا بەینێك پارتەکان کەمۆزێکی خێوەت نشین بون سەرۆکایەتیو تەنانەت پادشاییان بەدەسهێناوە لەرۆژئاواشدا "دیودوتوس" ناوی دەولەتێکی بەدی هێنا، ئەم بەش بەش بونەوە بوە هۆی پەیدابونی بنەماڵەیێکی ترو

دروسبونی زەنجیرە پادشاینێکی تر بەناوی ئەشکانییەکان کەسەر لقی بنەماڵەی لەم زەنجیرە ئەرشك ناوبو، یەکەم پادشای ئەم زەنجیرە بەئەرەشکی یەکەم ناوبرا کەبەپێی نووسراوەی ئێسترابون لەهۆزی سەکایی و تیرەی پارتی بو ئەرەشك باپیرەی ئەم رەگەزە هەموو دەمێ جێگەی بەرێزگیری بو، کەم کەم وشەی ئەرەشك گۆڕراو کرایە "ئەشك"و زەنجیرەکەش بەناوی ئەشکانی ناوبانگی داخست.

ئەشکی یەکەم لەساڵی ٢٥٠ بەر لەمزاینی پادشایی ئەم زەنجیرەیە دامەزراندو بەتێکڕا سی و یەك کەس لەم بنەماڵە پادشاییان کردوە باوەکو هەموویان ناوی خۆیان بو، بەلاَم هەر لەناوی ئەشك کەڵکیان وەرنەگرت وە ٢٩ کەسیان ناوی ئەشکی بۆ خۆی داناوە، ماوەی پادشایی ئەم زەنجیرە ٤٧٠ساڵ درێژەی بو کەبەدەستی ئەردەشێری یەکەم کوڕی بابەك هەڵپێچرا.

ئەڵبەت لەماوەی ٤٧٠ساڵو لەدرێژایی ئەم هەموو ساڵەدا ناوچەکانی بەربلاَوی پادشایی بێدەنگ و بێ شەڕ نەبوەو بەینابەین هەر شەڕوکێشە لەگەڵ هۆزەکانی ناوخۆیی باوەلاَتانی دەوروبەرا قەوماوە کەیەکێ لەو ناوچەیانە ناوچەی کوردنشینە کەزۆرتر لەهەر مەڵبەندێکی‌تر مەیدانی شەڕو کێشە بوەو هەموو دەمێ کورد بۆ مافی لەدەس چووی تێکۆشاوە.

ئەرمەنستان

چونکو ئەرمەنییەکان ئارایین و لەڕەگەزی ئاریان جگەلەوەش هاوخاك و لەزۆر شتا لەگەڵ کوردەکانا هاودەنگ و هاوڕەنگن پێویستە لەبارەی ئەوانەوەش باسێ بکەین تاوەکو خوێندەوارانی ئەم کتێبە ئاگاییان لەم چۆنیەتە بێ لەپێشا ئەبێ ئەمە بزانین کەئەوانیش لەو دەستە ئارییە بون کەلەگەڵ دەستەی یەکەمی

کۆچەرییەکانیترا هاتنو لەگروپەکەی مەڵبەندی بەربلاوی کوردستانا نیشتەجێ بون برێ لەمێژوونووسەکان ئەڵێن ناوی ئەرمەنیان لە"ئەرمەنەك" کوڕی "هایکا"وە وەرگیراوە کەسەرۆکایەتی ئەوانی بوەو هاوپەیمانی "بوختە نەسەر" لەنیوەی سەدەی شەشی بەر لەزاینیابوە.

زۆرتری ئەم ئەرمەنیانە لەڕێگەی بوسفورەوە ڕۆیشتونەتە ئاسیای بچوك، بەبێ لەگەڵ هیتەکانا ژیاون تێکەلاوبون لەکاتی لەشکرکێشی هوخشترە پادشای ماد بۆ سەر لیدی ئەرمەنستان بەشێ لەوەلاتی ماد بوە، لەزەمانی کۆرشا کەوتنە ناو ولاتی هەخامەنشیەوە پاش ئەسکەندەر کەوتنە بەشی سلوکەس نیکاتور، بەلام لەکاتی تێشکانی ئانتیوخوسی سێیەم لەڕۆمییەکان بۆ خۆیان سەربەخۆ دوو کەس لەسەرۆکانی ئەرمەنی وەلاتی ئەرمەنستانیان لەنێوانی خۆیانا دابەش کرد بەناوی ئەرمەنستانی گەورەو ئەرمەنستانی بچوك.

ئەرمەنستانی گەورە بوە بەشی (ئارتاکسیاس - ئارتاسیس)و ئەرمەنستانی بچوك درایە "زاریا دریس" (۲۲۳ - ۱۹۰) بەر لەزاینی.

دوایین پادشای ئەرمەنستانی گەورە ئارتاسیسی چوارەم کوڕی ورشاپوەیە (٤۲۲ - ٦۲۹) زاینی کەبەشوین ئەوا ئەرمەنستان لەنێوانی ئێرانو بیزان دابەش کرا کرایە پێنج بەشەوە، چوار بەشی بۆ ئێرانو بەشێکی کەوت لەبیزانس ئەرمەنستانی بچوکیش هەموو دەمێ هی ئێران بو وە لەلایەن شاهەنشاهەکانی ئێرانەوە فەرمانڕەوای بۆ دیاری ئەکرا کەدوایین پادشای ئەم ئەرمەنستانە "ئارتاکس" کوڕی بارام شاه پوە بو کەبەفەرمانی یەزد گرد لەساڵی ٦۲۸ی زاینیدا لەکارخراو ئەرمەنستان بەتەواوی بوە بەشێ لەئێران.

بەرگی دووەم

ساسانییەکان

زەنجیرەی دووەمی پادشاياتی کورد

شۆرش‌و شڵەژاوێك کە لەسەرەتای سەدەی سێیەمی زاینییەوە لەوەلاتی پارسا بەدی هات لەناوچوونی ئەشکانییەکانی پیشان ئەدا" وەکو "وەلاشی" چوارەم ئارادەیێ شۆرشی فارسی دامرکاند، بەلام هەر ناوچەیێ بۆ خۆی سەربەخۆ بو وەپادشاییکی بو یەکێ لەمانە شاری (ئێستەخر)و دەورووبەری بو کەبەناوی پایتەختی کۆنی پارس ئەناسرا وەلەم کاتا کەوتە دەستی "گۆزەهر" یان گۆچێر کە لەکوردەکانی بازرەنگی بو بازەرنگییەکان هۆزی لەرەگەزی کوردی ئاریا بون ساسان بناغەدانەری زەنجیرەی پادشایی ساسانی یاوەکو پادشایانی ئەم زەنجیرە کەبنەماڵەی خۆیان بەناوی ئەوەوە ناونا یەکێ لەسەرۆکانو نەجیب زادەکانی ماد بۆ ژنێکی لەبنەماڵەی ئەم گوچیهری بازەرەنگیە خواستبو بەناوی "دینەك" کە لەنووسراوە ئیسلامییەکانا مەبهەشت نووسراوە لەئێستخرا بو، وەسەرەکی نوێژگەی ئاناهید (ئاناهیتا)ی ئیستەخر بور.

پاپەك (بابەك) کوری ئەم ساسانە لەشاری "خێر"دا حکومەتی ئەکرد پاش مردنی ساسان بابەك کوری هاتە جێگەی وەکچی پادشای ئەو وەلاتەی خواست پاش بەینێك حکومەتی لەدەس خەزوری ساندو خۆی نیشتە جێگەی وەلەئەردەوانی پێنجەم داوای پادشایی کرد بۆ کوری خۆی "شاپور" ئەردەوان قوبولی نەکرد، بەلام هەر ئەو حکومەتی ساسانە بنەرەتی پادشایی ساسانییە لەمێژوودا (٢٠٨)ی زاینی.

بەشوێن مردنی بابەکا شاپور نیشتە جێگەی خۆی کردە پادشا وە ئەردەشێر برای بچوکی کە لەپێشا لەلایەن ئەمیری بازەرنگیەوە "ئەرگ بێ" دارا بگەردی بو کردە جێگە داری خۆی، زۆری پێ نەچوو رۆژێ کۆشکی شاپور رووخا لەکاتێکدا ئەو لەژووری "هومای" ژنیا دانیشتبو بوە ژێرەوەو کۆچی دوایی کرد (٢١٢) زاینی.

پادشایی ئەرتەخشتر

ئەردەشێری یەکەم

ئەرتەخشتر یان ئەردەشێری یەکەم لەبەرواری ۲۱۲ی زایینی بـو بەپادشـاو نیشـتە جێگەی شاپور، وردە وردە دەسـی کردە رێك و پێکردنی سوپاو برێ کەس کەئەیزانی بەرهەڵسـتی ئەبن لەناوبرد، چونکو لەسـەریا بو پادشایێکی گەورە بەدی بێنێ لەسـاڵی ۲۲۳ زاینیا یەکەمجار هێرشی کردە سـەر کرمان و بەلاش "ولـەخش" پادشـای ئـەوێ کوشت و ئەو وەڵاتەی داگیرکرد، لـەوێ کـوڕی خـۆی بـەناوی "بەردشـێر" کـردە پادشـای ئەوێ.

بەشوێنیا گەڕایەوە ئەهوازو عەمانیشی گرت، کەم کەم ئەردەشێر بنەڕەتی پادشایی خۆی بەتین کرد میشان و ئەسفەهانیشی گرت.

ئەردەوان کـەزانی کـاری ئەردەشـێر گرنگـە بەلەشـکریەوە هـات بـۆ شـەر وە لەهرمزوگانا شەڕیان کرد کە لەوێدا ئەردەوان کوژرا (۲۲٤)زاینی.

پاش کوژرانی ئەردەوان ئەردەشێر هاتە تیسفون و وەڵاتی بابیلی داگیرکرد.

ئەڵبەت مێژوونووسەکان چەن چیرۆکیان بـۆ پەیـدابون و چـۆنیەتی گـەورەبونی ئەردەشێر نووسیوە.

کەئـەم چیرۆکانەش وەکـو داسـتانەکانیتر دروسـتکراوی خـەڵکی و بیـــراوی دەماودەم بوە، کە لەهەر خولێ دەوریەکا بۆ گەورەکان و سەرۆکان دروس ئەکرێ و ئەبێتە سەمەرو چیرۆك و بـەیت و بـاوو داسـتان "تەسـاتیر" پـاش دوو سـاڵ بـڕێ تـر لەناوچەکانی ئێران کەوتە دەس ئەردەشێر "ئەرتەخشتر".

ئەردەشێر پاش ئەمانە خوراسان، رۆژئاوا، خـوارەزم تـوران و موکرانیشـی گـرت ئەنجا رووی کردە وەڵاتی هێند وەچەن جێگەی ئەویشی داگیرکرد.

ئەردەشێر پاش کوژرانی ئەردەوان کچی ئەوی کردە ژنی خۆی لەم ژنە کورێکی بو ناوی نا (شاپور) بۆ ئەم کچەو ئەم کورەیش چیرۆکی تریان نووسیوە کەئەوەش دەماودەم بیسراوە.

پاش ئەوە کەئەردەشێر تەواو ئێرانو برێ تر لەناوچەکانی گرتو پادشایی خۆی بنچ بەسەکرد، کەوتە بیری شەڕ لەگەڵ رۆما.

ئەردەشێر لەساڵی ٢٢٨ی زاینیا لەچومی فورات تێپەڕیو نامەیەکی نارد بۆ ئەلێکساندەر پادشای رۆمو داوای لێکرد کەخاکی ئاسیا بداتەوەو، بۆ رۆم تەنیا ئەوروپا بەسە، ئەڵبەت قەیسەری رۆم قوبوڵی نەکرد شەڕ دەستی پێکرا، پادشای رۆم لەسێ قۆڵەوە لەشکری ناردە سەر ئەردەشێرو وەلاتی، قۆڵێ لەباشورەوە قۆڵێ لەئەرمەنستانەوەو قۆڵێ لەنێوڕاستەوە ئەردەشێر سەرەتا لەشکری لای باشوری تێشکاند ئەنجا رووی کردە ئەرمەنستان ئەمو لەشکرەشی شکاندو پادشای ئەوێ کوشت کەناوی (خەسرە) بو، ئەنجا رووی کردە لای لەشکری سێهەمەو ئەوان بێ شەڕ گەڕانەوە بۆ رۆمو ئەردەشێر ناوچەکانی ئاسیای خستە سەر ئێران ئەنجا ئەردەشێر فەرمانی دا "ئەویستا" کتێبی زەردەشت کۆبکرێتەوەو ئاینی زەردەشتی کردە ئاینی رەسمی وەلات ئەردەشێر برێ کاری تری کرد کەئەمانەیە:

١-بەدیهێنانی ناوەندێکی تەواو و تێکڕایی بۆ وەلات.

٢-کۆکردنەوەی ئەویستا کە لەکاتی پادشایی بەلاشی یەکەمەوە دەس پێکرابو*.

٣-رەسمیکردنی ئاینی زەردەشتو بەرێزگیری موغەکان.

٤-دابەشکردنی خەڵکی بەچینە جۆربەجۆرەکان.

٥-زیندووکردنەوەی سوپای پایەداری.

* تنسەر یەکێ لەموبەدەکان لەم کارەدا یارمەتی زۆری بەئەردەشێر کرد.

٦-کەمکردنەوەی سزاو لابردنی دەس برین.

بیرورای ئەردەشێر ئەوەبوە کەئەبیٚ یاسایەکی ڕێکوپێك لــەوەڵاتا بــیٚ، دەوڵــەتو دین پێکەوە بن.

هەروەها ئەردەشێر چەن شاری لەئێرانا دروس کرد یەکیٚ لەوانە شاری ســلوکیە بو کەناوی نــراوە "ئەردەشــێر"هــەروەها "ئەردەشــێرخوٚرە"و "ریــو ئەردەشــێر"و "رام ئەردەشێر" هەرسێکی لەفارسا.

جگە لەمانە شاری کوٚمێسن "کرخای میشان" کــەناونرا ئەســتڕئابادی ئەردەشــێر وەشاری وهێشت کە لەدوایا بوە بەسرە. ئەردەشێر پادشاێکی زاناو لێهاتوو و ئــازا بو لەم پادشا لەساڵی ٢٤١ی زاینیا کوٚچی دوایی کرد.

شاپوری یەکەم

شاد پوهر

پاش کوٚچی دوایی ئەردەشێر "شــاپور" کــوری لەبــەرواری ٢٤١ی زاینیــا نیشــتە سەر تەختەوە، لەسەرەتای پادشایی شاپورا ئەرمەنستانو حەڕان شوٚرشــێکیان کــرد" شاپور توانی بەزووترین کات شوٚرشی ئەرمەنستان دامرکێنیٚ، بەڵام بەدەس هێنانەوەی حەڕان سەخڵەت بو چونکا ئەویٚ قەڵای بەتین بو دەوری شار دیوارو بــورجی قــایم دەوری دابو" شاپور ئەوێ گەمارەدا، ماوەیێ هێچی پیٚ نەکرا تاوەکو کچــی پادشــای حەڕان پەیامی بوٚ نارد ئەگەر شاپور بیخوازیٚ شار بدالە دەســتەوە شــاپور بــەڵێنی دا، کچەکەش بەبابی خوٚی خەیانــەلی کــردو دەرکــی شــاری کــردەوە، شــاپور حــەڕانی گرت، بەڵام لەدوایا کچەشی کوشت، وتی توٚ بوٚ بابو کەسو کارت وەفات نــەبو بوٚ منت نابیٚ.

بەشوێن ئەم دوو شۆڕشەدا ئیتر لەناوخۆدا کارەساتێ نەقەوماو شاپور پایەی پادشایی قایم بو، کەوتە بیری شەڕ لەگەڵ رۆما، بەلەشکرو سوپایێکی زۆرەوە بەرەو رۆم کەوتە رێ، لەپێشا نەسیبینی گرت ئەنجا بەرەو زەریای رۆژئاوایی کەوتە رێو ئەنتاکیەشی گرت، "گوردین" ئەمپراتۆری رۆم لەشکرێکی تەیاری خستەرێو بەرەو سوریا هات شەڕێکی قورس دەستی پێکرد کەلەدوایدا لەشکری ئێران کێشایە دواوە بەجۆرێ کە لەشکری رۆم تیسەفونی گەمارەدا، لەم کاتەدا رۆمییەکان لەگوردین هەڵگەڕانەوە کوشتیانو کابرایکی عەرەب بەناوی فیلیپ بوبە قەڕاڵی رۆم، ئەم پادشا لەگەڵ شاپورا پەیمانی بەستو لەشکرەکەی گەڕاندەوە، بەپێی ئەم پەیمانە ئەرمەنستانو نێوانی دووچۆمی فوراتو دەجلە بوبە هی ئێران بەرواری ئەم شەڕە (٢٤١- ٢٤٤) زاینیە.

شەڕی دووەم نێوانی ئێرانو رۆم (٢٥٨- ٢٦٠)ی زاینی لەکاتی پادشایی "والرین"دا قەوما کەلەم شەڕەدا رۆم تێشکا والرین دەستگیرکرا، کەبرێ لەمێژونووسەکان ئەڵێن هەر کاتێ شاپور ئەیویست سواربێ پێی ئەنایە بان پشتیو سوار ئەبێ شاپور لەکاتی پادشایی خۆیا گەلێ ئاوەدانی کرد.

وەکو بەربەندی شادروان لەسەر چۆمی کارون لەشوشتەرا شاری شاپور لەنزیکی کازرونا، شاری نیوشاپور "نیشابور" لەخوراساناوە جوندی شاپور لەخوزستانا.

مێژوونووسەکان ئەڵێن شاپور مێهران کوڕی خۆی کردە پادشای گورجستان کەئەو لەوێ زەنجیرەی پادشاکانی (خەسرەوی) دامەزراند وەلەپاشان چووە سەر ئاینی عیسا مەسیح.

مانی پێغەمبەر لەکاتی پادشایی شاپورا ئاینی خۆی راگەیاند وەشاپور لەبەرواری ٢٤٢ی زاینیا کاتی تاج لەسەرنان ئەو ئاینەی بەڕەسمی ناسی.

لەساڵی ٢٧١ی زاینیا شاپوری یەکەم دووەم پادشای زەنجیرەی ساسانی کۆچی دوایی کرد.

هورمەزی یەکەم- ئەئوهر مەزد

هورموز کوری شاپور پاش مردنی بابی بوبە پادشاو نیشتە سەرکەتی شاهەنشایی ئێران، بەڵام تەنیا یەك ساڵ پادشایی کردو پاش یەك ساڵ لەبەرواری ٢٧٢ی زاینیا کۆچی دوای کرد نووسراوە هورمەز زۆر ئازاو شەڕکەر بو وەلەشەڕی رۆمیەکانا گەلیٚ پاڵەوانی پیشاندا.

بارامی یەکەم- وەرەران

بارام کوری شاپور بەشوێن هورمەزی برایا بوبە پادشا، لەکاتی پادشایی بارامدا "تورلین" پادشای رۆم لەشکری نارده سەر ئێرانو شەرێك لەنێوانا نەقەوما، چونکە تورلین لەبیزانتی کوژرا، شەر دوایی هات زۆری پێنەچوو بارامیش مرد.
بەپیٚ فەرمانی بارام مانی کوژرا نوسراوە پێستەکەیان کەندو لەجوندی شاپورا لەدار هەڵئاوسیا تاخەڵکی سەیری بکەن.

بارامی دووەم- وەرەران

بارامی دووەم پاش مردنی بابی بارام بوبە جێگەدارو پادشای ئێران، ئەم پادشا لەپێشان زۆر ستەمی نەکرد، بەڵام بەهۆی لۆمەی سەرۆکانی ئاینییەوە رەوشتی باش بو.

لەکاتی پادشایی ئەم بارامەدا پادشای رۆم بەناوی (کاروس) لەشکری کردە سەر ئێران بۆ جێگەی داگیرکرد تەنانەت دەوری تیسەفونیشی گەمارەدا، بەڵام لەم کاتا مردو سەرۆکانی لەشکرەکەی کێشایانەوە.

بارام لەساڵی ٢٨٢ی زاینیا کۆچی دوایی کرد.

بارامی سێیەم- وەرەران

بارامی سێیەم کوڕی هورمەز بو کەبەشوێن بارامی دووەما بوبە شا ئەم پادشا سکان شایان پێ ئەوت، چونکە لەکاتی پادشایی باوکیا حکومەتی سیستانی، بارام تەنیا چەن مانگ پادشایی کرد.

نرسی نیرسە

نیرسی پاش بارامی سێیەم لەساڵی ٢٨٢ی زاینیا بوبە پادشا، بۆ لەمێژوونووسەکان ئەڵێن کوڕی شاپور بوەو بڕێکی تر ئەو بەکوڕی بارامی سێیەم ئەزانن لەساڵی ٢٨٦ پادشای رۆم هێرشی کردە سەر ئێران، بەڵام لەشکرەکەی تێشکا.

گالریوس سەرەکی سوپاو تیرداد کەخۆی خستبوە پاڵی پادشای رۆمەوە خۆیانیان خستە چۆمی فورات و خنکان.

جارێکیتر لەساڵی ٢٩٧دا ئەمپراتۆری رۆم لەشکرێکی زۆری ناردە سەر ئێران و شەڕێکی قورس کرا کەلەم شەڕەدا نیرسی تێکشکاو پەیمانی لەنێوانا بەسرا کەزۆر بەقازانجی رۆم بو وەبوە هۆی خەفەت و پەژارەی نیرسی کەهەر ئەم پەژارەو نارەحەتیە بوبەهۆی دیق و مردنی نیرسی (٣٠١)ی زاینی.

هورمەزی دووەم- ئەئوهرمەزد

پاش مردنی نیرسی کوڕی ئەو هورمەز نیشتە جێگەیو بوبە پادشا، بەڵام ماوەی پادشایی کورت بو (۳۰۱-۳۱۰)ی زایی، چونکو ئەم پادشایە لەم بەروارەدا بەدەستی عەرەبەکان کوژرا.

ئازەرنێرسی- ئەزەرنێرسە

ئازەرنێرسی کوڕی هورمز بوبە پادشا، ئەم پادشا زۆر بێ روحم بو وەدەستی کردە کوشتنی خەڵکی پایەبەرزەکان بەرهەڵستی وەستانو کوشتیان تەنیا کوڕێکی بو ئەویشیان کوێر کرد (۳۱۰)زایی، پایەبەرزەکان ژنی هورمەزی دووەم کەزکی پڕبو وەموبد وتوبوی کوڕ ئەبێ هێنایانو ئەویان بەناو پادشا قبوڵ کردو تاجی شایان لەژوری نوستنی مەلەکەدا ئاوێزان کرد*.

شاپوری دووەم- شاه پۆهر- شاپوری مەزن

ماوەی پادشایی شاپور ۷۰ساڵو چەن مانگ بو، ئەم شاهەنشا کەکوڕی هورمەزی دووەم بو هەر لەزك دایکا بوبە پادشاو تاتەمەنی ۱۶ساڵەیی کاروباری وەڵات بەدەس نوێنەرانی شایی بو، پاش ئەوە کەبۆ خۆی کاروباری گرتە دەست بڕێ گەمی دروس کردو لەخلیجی فارسا دایمەزراند، چونکو عەرەبەکان لەوێوە هێرشیان ئەکردە سەر ئێران، بەحرەینی گرتەوەو هەر عەرەبێ دەستگیر ئەکرا شانیان کون ئەکردو تەنافیان تێئەکێشا، بەم بۆنەوە عەرەبەکان بەشاپوریان ئەوت "ذو الاکتاف"یانێ خاوەن دوشان دوژمنی گەورەی شاپور رۆم بو کەلەم کاتا بەبێ

* تەنیا ئەم کوڕە کەزیاتر لەتەمەنی خۆی پادشایی کردووە ۷۰ساڵو چەن مانگ پادشابو لەکاتێکا ۷۰ساڵ تەمەنی کرد.

فەرمانی ٣١٣ی میلانی ئاینی رەسمی ئەو وەلاتە مەسیحی بو قەراڵێکی کارلێهاتوو وەکو (قوستەنتین) فەرمانڕەوایی بو، بەڵام لەبەختی شاپور ئەم ئەمپراتۆرە لەبەرواری ٣٣٧ی زاینی مرد، لەلایەکی تریشەوە ئەرمەنستان کەپادشاکەی مەسیحی بو خەڵکی لێ ئاڵۆز بون.

پاش مردنی قوستەنتین شاپور لەشکری کردە سەر رۆم برێ لەخاکی ئەو وەلاتەی داگیرکردو شاری گەمارەدا ئەم شەڕە ماوەی ١٢ساڵ درێژەی کێشا (٣٣٨-٣٥٠)ی زاینی.

لەم کاتا لەرۆژهەڵاتا برێ شۆرش بەدی هات کەشاپور ناچار گەمارەی شکاندو روی کردە رۆژهەڵات بۆ شەڕ لەگەڵ "هونەکانا" ئەم شەڕە ماوەی حەوت ساڵی خایاند تا شاپور توانی هونەکان لەناوبباو ئەو ناوچە دامەزرێنێ.

لەلایەکی ترەوە ئەرمەنستان پاڵی دا بەرۆمەوەو لەئێران هەڵگەڕایەوە.

شەڕی دووەمی شاپور: لەبەرواری ٣٥٩ تا ٣٦٣ی زاینی دووەمین شەڕی شاپورو رۆم کرا، لەم شەڕەدا کەسەرەتا رۆمیەکان زاڵ بون لەدوایا بەهۆی کارزانی شاپورەوە بەقازانجی ئێران بو رۆمیەکان تێشکان، کاتێ کەشاپور ویستی ئاشتی بکرێ رۆمییەکان پێشوازییان کردو پەیمانێ لەنێوانا بەسرا بەم چەشنە:

١-پێنج وەڵاتێ کەلەکاتی پادشایی نەرسیا، رۆم بردویە بیداتەوە.

٢-نەسیبەین و سێنجار بدرێتەوە ئێران.

٣-بەشی رۆژهەڵاتی فورات هی ئێران بێ.

٤-ئەرمەنستان لەژێر دەسەڵاتی رۆما نەبێ (٣٦٣)ی زاینی.

لەبەرواری ٣٧٦ی زاینیا شەڕێکی تر لەنێوانی شاپورو رۆما قەوما کەپاشان پەیمانێ بەسرا کەهیچکام لەدوو وەڵاتی ئێرانو رۆم مافیان بەسەر ئەرمەنستانو

گورجستانا نەبێ. شاپور لەبەرواری ٣٧٩ی زاینیا لەتەمەنی ٧٠ساڵەیا کۆچی دوایی کرد.

ئەردەشێری دووەم- ئەرتەخشتر

ئەردەشێر برای شاپوری گەورە بوبە پادشا، بەڵام ماوەی پادشایی کورت بو (٣٧٩- ٣٨٢) زاینی لەکاتی پادشایی ئەما هێچ پێشهاتێ نەقەوما، ئەردەشێر تەواو ماڵیات و باجەکانی لابرد وەئەیویست دەسەڵاتی پایەبەرزەکان کەم کاتەوە، بەم بۆنەوە پایەبەرزەکان بەرهەڵستی وەستان ئەویان لەپادشایی لابردو شاپور کوڕی شاپوریان کردە پادشا. ٣٨٢ی زاینی ماوەی پادشای ئەردەشێری دووەم تەنیا چوار ساڵ ئەم پادشا بەناوی شاپوری خەیرخواز بەناوبانگە.

شاپوری سێیەم: پاش ئەردەشێر شاپوری سێیەم کوڕی شاپوری دووەم لەبەرواری ٣٨٢ی زاینیا بوبە شا ماوەی پادشایی شاپور حەوت ساڵ بو، تەنیا پێش هاتنی کاتی پادشایی ئەو دابەش بونی ئەرمەنستان لەنێوان ئێرانو رۆما بو، چونکو لەسەر ئەرمەنستان شەڕێ کرا، بەڵام لەلایەکەوە شاپور نەیدەویست شەڕ بکا، لەلایەکیترەوە رۆم توشیاری گوتەکان بوبو کەهێرشیان کردبوە سەر رۆم، پەیمانێ لەنێوانا بەسراو ئەرمەنستان بەش کرا، بەڵام بەشی گەورەی کەوت لەئێران.

وەبۆ هەردوولا لەشازادەکانی ئەشکانی فەرمانڕەوا دیاری کرا ٣٨٤ی زاینی.

بارامی چوارەم وەرەران

پاش شاپوری سێیەم بارام کەبرای ئەوبو نیشتەجێگەی (٣٨٨- ٣٩٩)ی زاینی ئەم پادشا، چونکا لەکاتی پادشایی باوکیا حکومەتی کرمانی بەدەستەوەبو بەناوی کرمانشاه بەناوبانگ بو، لەکاتی پادشایی باراما سەرۆکی ئەرمەنستانی ئێران

کەخەسرەوی ناوبو شۆڕشی کردو یاخی بو ئەوەش بەپشتیوانی "تئودوس" ئەمپراتوری ڕۆمەوە" بارام لەشکرێکی بۆ نارد شۆڕشەکەیان دامرکاندو خەسرەو دەسگیرکراو هێنایانە پایتەختو خرایە بەندیخانەی لەبیرچووەکانەوە لەلایەن بارامی چوارەمەوە برای ئەو بەناوی بارام شاپور کرایە شای ئەرمەنستان، برێ لەمێژوونووسەکان ئەڵێن دابەشکردنی ئەرمەنستان لەم کاتا بوە (٣٩٠)ی زاینی بەپێ فەرمانی تئودوس ئەمپراتوری ڕۆم ئەم وەڵاتە لەم خولا بەدوبەش دابەشکرا (٣٩٥)ی زاینی بەشێ بەناوی ڕۆمی ڕۆژهەلاتی یا"بیزانس"و بەشێکیتر بەناوی ڕۆمی ڕۆژئاوایی، پایتەختی بیزانس بوە "قوستەنتەنیە"و پایتەختی ئەولابوە ڕۆم لێرەو بەدوا دراوسێ ئێران ڕۆمی ڕۆژهەلاتیە.

یەزدگردی یەکەم- یەزدێ کەرت

یەزدگرد کوڕی شاپوری سێیەم لەبەرواری ٣٩٩ی زاینیدا بوبە پادشاو نیشتە سەر کەتی پادشاییەوە لەچیرۆکەکانی ئێرانیا بەناوی یەزدگیری تاوانبار (گونابار) ناوی ئەبەن، چونکو ئەیویست دەسەلاتی موغەکانو مەلاکانی ئاینی کەمبکاتەوە.
بەلام بەپێی بیروڕای مێژوونوسە ڕۆژئاوایەکان پادشایێکی لێبوردو زاناو چاك بوە.

لەکاتی پادشایی یەزگردا ئەمپراتوری ڕۆمی ڕۆژهەلاتی خۆی خستە پالی ئەم پادشا، ئەوەش بەم جۆرەبو کە"ئەرکادیوس" پادشای ڕۆم کوڕێکی بو چکۆلە کەبو جێگەداری خۆی دیاری کردبو، بەلام ئەمپراتور پیرو نیزیك مردنی بو، بۆلەوەی کەتئودوس کوڕی بێ بەرهەڵست بێ بەپادشا ناردیە لای یەزگردو داوای لێکرد سەرۆکایەتی کوڕەکەی بکا، یەزدگرد مرۆڤێکی زانا بەناوی "ئانتیوخوس" کەزۆر جێگەی بڕوابو ناردیە ئەوێ بۆ سەرپەرشتی کوڕەکە، ئەو کوڕە گەورەبو نیشتەسەر

تەختی پادشایی رۆم، مێژوونووسەکان وتویانە تایەزگرد زیندو بو هەمو دەمێ ئەمپراتۆری رۆمی رۆژهەلاتی لەپشتیوانی ئەو بەرخوردار بو.

یەزدگر لەبەروای ٤٢٠ی زاینیدا کۆچی دوایی کرد بەشوێن یەزدگردا کوڕی ئەو شاپور ئەیەویست بیێ بەپادشا، بەلام سەروکانو پایەبەرزەکان نایانەویست ئەویان لابردو یەکێ لەخزمەکانی یەزگردیان بەناوی خەسرەو کردە پادشا.

بارامی پێنجەم- بارامی گۆڕ

بارام کە لەکۆشکی خەوەرنەقا لەلای نوعمان کوڕی مونزەرەوە گەورە بوبو نیشتەسەر تەختی پادشایی ئێران، ئەم کەیەکێ لەداواکارانی پادشایی بو وەلەلایەکەوە پایەبەرزەکانی ئێران خەسرەویان دانابو بڕیار درا تاجی پادشایی لەنێوانی دوو شێرا دابنرێ هەرکام لەم دوو کەسە توانیان تاجەکە هەلبگرن (شا)یی بۆ ئەوبێ، لەم بڕیارەدا بارام سەرکەوت.

لەکاتی پادشایی باراما هۆزی هەیاتلە لای رۆژهەلاتی ئێرانیان داگیرکردبو وەئەم هۆزە تازە پەیدابوە مەترسییکی قورس بۆ ئێرانو هێند بو.

بارام بەلەشکرێکی زۆرەوە بێدەنگ هێرشی کردە سەر ئەم هۆزەو ئەوانی بەخرایی تێشکاند (٤٢٥)ی زاینی خاقانی هۆز کوژراو تالانێکی زۆر کەوتە دەس لەشکری بارام کەیەکێ لەو شتانە تانجی جواهێر نیشانی خاقان بو.

بارام ئەم تانجەی پێشکەش بەئاتەشکەدەی بەناوبانگی ئازەرگەشتاسب کرد کەلەتەختی سولەیمان بو.

لەکاتی پادشایی بارامی گۆڕا شەڕێك لەنێوانی ئێرانو رۆمی رۆژهەلاتیا قەوما (٤٢٢)ی زاینی کەلەشکری ئێران لەمزە رۆمی داگیرکرد، لەدوایا پەیمانێك لەنێوانی دوو وەلاتا بەسرا بۆ ماوەی سەد سالێ

یەکێ لەبڕیارەکانی ئەم پەیمانناممە ئازادی ئاین بو بۆ مەسیحییەکان لەئێرانو زەردەشتیەکان لەرۆما کەئەم بڕیارە لەلایەن مەلاکانی ئاینی زەردەشت لەئێرانا بەڕێوەنەچوو.

بارام لەبەرواری ٤٣٨ی زاینی لەکاتی راوی گۆرا کەوتە ناو لەرزوکو بەزەویا داچوو مرد.

یەزدگردی دووەم- یەزدیا کەرت

پاش بارامی گۆڕ یەزگرد برای ئەو نیشتە جێگەی وەبوبە پادشا" لەم کاتا جارێکیتر هیاتلە هێرشیان کردە سەر رۆژهەلاتی ئێران.

ئەرمەنستان لەم خولا بەهۆی دانانی نوسینی شێوە خەتی "میسروپ"ەوە بناغەی نەتەوایەتی بەتین بوبو (٣٩٧)ی زاینیو ئاینی مەسیحی پەرەپێدەدا، مێهرنیرسی وەزیری یەزدگرد بەیانێکی راگەیاندو بەپێی ئەوە بناغەکانی ئاینی مەسیح بەتاڵ کرایەوە، مەلاکانی ئاینی مەسیح بەپێچەوانەی ئەم بەیاننامە راگەیاندنێکیان دەرکردو بەرهەڵست وەستان.

یەزدگرد پاش شەڕ لەگەڵ هەیاتلەو دامرکاندنی ئەوانا روی کردە ئەرمەنستانو لە"ئاوارائیر"دا شەڕێکی قورس لەنێوانی ئێرانو ئەرمەنستانا قەوما کەمەسیحییەکان تێشکانو سەرۆکی لەشکری ئەرمەن "واردان مامی کەنسی" کوژراو سەرەکی مەلاکانی ئەرمەنی لەگەڵ دەکەس لەقەشەکان گیرانو شۆڕشەکە کوژایەوە.

لەم کاتا دیسان پەیمانێ لەنێوانی ئێرانو رۆمی رۆژهەلاتیا بەسرا کەبەپێ ئەوە تیودوس بەڵێنی دا رۆمیەکان لەسنوری ئێرانا، قەلاو قایمکاری نەکەنو هەرساڵە باجێ بدەنە ئێران بۆ پارێزگاری دەربەندی قەوقاز، دووبارە شەڕی نێوانی ئێرانو هیاتلە دەستی پێکرد (٤٣٣- ٤٥١).

یەزگرد لەساڵی ٤٥٧ی زاینیدا کۆچی دوایی کرد.

هورمەزی سێیەم: پاش مردنی یەزدگردی دووەم کوڕی بچوکی بەناو هورمەز نیشتە جێگەی وە لەم هەلو دەرفەتە کەڵکی وەرگرت کەبرا گەورەکەی بەناوی فیرۆز لەسیستانا فەرمانڕەوابو وەدور لەپایتەخت بو (٤٥٧)ی زاینی، بەڵام فیرۆز برای بەپشتیوانی هیاتلە پادشایی لەهورمەز ساندو خۆی نیشتە سەر تەختەوە.

فیرۆزی یەکەم پیرۆز

پاش براکەی لەبەرواری ٤٥٩ی زاینیا نیشتە سەرکەتی پادشایی ئێران.

لەکاتی پادشای فیرۆزا قاتو قڕێکی زۆرو دوورو درێژ کەچەن ساڵی خایاند لەئێرانا بەدی هات" بەڵام فیرۆز بەجۆرێکی باش کاروباری بەڕێوەبرد، فەرمانی دا باجوماڵیاتیان کەمکردەوەو ئازۆخەی لەدەرەوە کڕیو هێنای، هەروەها دەسڕۆیشتووەکان یارمەتی نەدارو هەژارەکانیان کرد تابەشوێنیا باران باریو خەڵکی لەقاتو قڕ رزگاربون*.

لەم خولا لەنێوانی ئێرانو بیزانسا شەڕوکێشە بەدینەهات، چونکو هەردوو وەڵات توشیاری دوو شەڕیتر هاتبون ئێران گیرۆدەی هیاتلە بونو بیزانس توشی لەهۆزی "هون" هاتبو کە لەلاژوورەوە هێرشیان کردبوە سەر رۆم فیرۆز بەلەشکرێکەوە کەپێنجسەد زەنجیرە فیل لەبەریەوە بو رۆیشت بۆ شەڕی هیاتلە.

سەبارەت بەم شەڕەو پەیمانێ کەسەرەتا لەنێوانی فیروز پاشای ئێرانو "تاخ شنواز" یا (خوشنەواز) خاقانی هیاتلەدا بەسراو شەڕەکانی دوایی، مێژوونووسەکان چیرۆکیان نوسیوە کەزۆرتر جێگەی بڕوانیە هەر ئەبێ وابێ کە لەدوایین شەڕا لەشکری ئێران

* جیژنی ئاوپڕژانی ئێران لەکاتینی زەرەدشتا بەم بۆنەوە بو کەباران هاتو خەڵکی لەقڕ رزگاربون.

لەناو دۆڵێکی سەخت وتوشا کەوتنە گیرو لەوێ تێشکانو فیروز کوژراو (٤٨٣)زایینی.

فیروز دیوارێکی لەگورگانا کێشا کەوەکو بەربەندێ بەری هیاتلە بگرێ کە بەناوی سەدی ئەسکەندەر بەناوبانگە لەکاتی شەڕەکانی فیرۆزو هیاتلەدا دیسان ئەرمەنستان شێواو بەسەرزکایەتی ساهاك ناوێ شۆڕشیان کرد.

بەڵام سەردارێکی ئێرانی بەناوی (زەرمیهر) لەشکری کردە سەریان سەهاکی کوشتو باوەکو گورجیەکانیش پاڵیان دابوە ئەرمەنستانەوە زەرمیهر شۆڕشەکەی کوژاندەوە، لەناوکەدا ئەوەندە کاروبار باش نەبو.

بەلاش وەلگاش

بەلاش لەبەرواری ٤٨٣ی زایینی پاش فیروزی برای بو بەپادشاو نیشتە سەر تەخت بەر لەهەمەو کارێ ئەم پادشا لەسوخرا حاکمی سیستان داوای کرد بڕوا لەگەڵ خۆشنەوازخان خاقانی هیاتڵە وتوێژ بکا بۆ ئاشتی پاش وتوێژ خاقان رازی بو ئاشتی بکاو دەر دەسکراوەکان بداتەوە، بەڵام ئێران هەمەو ساڵێ خەراج بدا پەیمان لەبەرواری ٤٨٥ی زاینیا بەسرا، برێ لەمێژوونوسەکان ئەڵێن تەنیا دوو ساڵ ئەم پارە درا.

بەلاش پاش ئەم پەیمانە روی کردە ئەرمەنستان، واهان سەرداری ئەرمەنیەکان لەپادشای ویست کەئازادی ئایینی عیسا مەسیح راگەیەنێ، لەپێشا بەلاش ملی پیانەکرد، بەڵام چونکو لەناوخۆدا توشی شۆڕشی براکەی خۆیهات "زارن" داوای تەختی پادشایی ئەکرد رازی بو، فەرمانی ئازادی ئایینی لەگورجستانو ئەرمەنستان دەرکرد، پاش ئەوە ئەم دوو وەڵاتە بەدڵ هاوڕێی ئێران بون.

بەلاش لەبەرواری ٤٨٧ی زاینیا کۆچی دوای کرد.

قوبادی یەکەم- کۆوات

قوباد کوڕی فیروز یەکێکی تر لەوانە بو کەداوای تاج‌و تەختی ئێرانی ئەکرد، بەلاّم بۆی ڕێك نەئەکەوت، تالەئێران دەرچو خۆی خستە داوێنی خۆشنەواز پادشای هیاتلە، خاقان ئەوی بەدڵ وەرگرت وەپاش سێ ساڵ لەشکرو سوپای پێدا بۆ شەڕ لەگەڵ بەلاشا، بەلاّم لەم کاتا بەلاش مردو گەورەکان‌و نەجیبەکانی ئێران قوبادیان قبوڵ کردو بوبە شا قوباد دووجار بوبە پادشا (٤٨٧- ٥٣١)ی زاینی.

لەم خولا "مەزدەك" ئاینێکی هێنا کەبەپێی ئەوە ماڵو دارایی‌و ژن‌و تێکڕایی‌و هەموانی بێ، قوباد بۆ کەمکردنەوەی دەسەلاّتی موبدەکان‌و سەرکردەکانی ئێرانی ئاینی مەزدەکی قبوڵ کرد، بەلاّم نەجیبە زادەکان‌و گەورەکانی ئێران بەرهەڵستی وەستان ئەویان گرت‌و جاماسب برای ئەویان کردە شا، سەرکردەکان ئەیانەوێت بکوژرێ، بەلاّم برای ڕەزای نەداو خستیە بەندیخانەی لەبیرچوەکان. (٦٨٩)ی زاینی قوباد بەیارمەتی ژنەکەی لەبەندیخانە دەرچوو، دووبارە ڕۆیشتە لای پادشای هیاتلە ئەویش یارمەتی داو دووبارە لەبەرواری ٥٠١ی زاینیا نیشتەسەر تەختەوە قوباد لەبەرانبەری یارمەتی شای هیاتلەوە بەڵێنی دابو پارەیەکی زۆر بدا، بەلاّم خەزنە خاڵی بو، قوباد کەوتە بیری کەپادشای بیزانس بەپێ پەیمانێ کەلەنێوانی یەزدگیری دووەم‌و تودوس پادشای بیزانسا بەسراوە، ئەو دەوڵەتە ئەبێ هەموو ساڵێ مۆڵەتێ پارە بدا سەبارەت بەڕاگرتنی دەربەندی قەوقاز وەئەمە چەند ساڵە نەدراوە، قوباد ناردیە سەر ئاناستاش ئمپراتۆری بیزانس ئەویش بیانوی هێنایەوەو نەیدا لەسەر ئەمە شەڕ دەستی پێکرد، ڕۆمیەکان تێشکان‌و لەکاتێدا ئەیانویست ئاشتی بکەن‌و پەیمان بەسرێ هەواڵ گەیشت کەهیاتلە لەڕۆژئاوای ئێرانا هێرشیان کردوە، قوباد گەڕایەوە لەشکری ڕۆم هەر کەئەمەیان زانی نەسیبەینیان گەمارەدا لەدوایا قوباد باڵیۆزێکی نارده لای پادشای بیزانس‌و پەیمانێ بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەنێوانا بەسا،

رۆم پارەکە بداتە ئێران، بەڵام ئامێد بکەویتە سەرخاکی. (٥٠٦)ی زایینی قوباد کە لەپێشا گەڕابوەوە بۆ شەڕ لەگەڵ هیاتلە ماوەی ١٠ساڵ شەڕ درێژەی بو تاکو قوباد توانی بەتەواوی هیاتلە دامرکێنێ بەجۆرێ کەئیتر مەترسیان بۆ ئێران نەبێ (٥٠٣-٥١٣) زایینی.

جارێکیتر قوباد لەبەرئەوە گورجستان شۆڕشی کردبو ئەمپراتۆری بیزانس یارمەتی "گورگین" پادشای گورجستانی کردبو وەلەلایەکیترەوە برێ قەڵایان لەنێزیکی نەسیبەنیا دروست کردبو لەشکری کردە سەر رۆمو لەپێشا رۆیشتە گورجستانو لازیکا، وئەم دوو ناوچەیەی داگیرکردو، شەڕ کەوتە ناوچەکانی تر ٥٣١ی زایینی.

لەساڵەکانی دوایی پادشایی قوبادا مەزدەکیەکان تێکۆشان قوباد لەپادشایی لابەنو یەکێ لەکوڕەکانی بەناوی کیوەس بکەنە شا، چونکو قوباد بەڵێنی دابو ئاینی مەزدەك بەرەسمی بناسێ، قوباد لەپێشا ئەوانی خەڵەتاند، بەڵام لەدوایا بەیارمەتی خەسرەو کوڕ خۆی هەموویانی بانگ کردبو جێژنو لەوێ هەموویانی کوشت تەنیا مەزدەك هەڵاتو نەکوژرا (٥٢٩) زایینی، قوباد لەتەمەنی ٨٣ساڵی لەبەرواری (٥٣١)ی زایینیدا کۆچی دوایی کرد.

خەسرەو ئەنوشیرەوان- خوسراو ئەنوشەك رەبان

خەسرەو کەلەدوایا بەئەنوشیرەوان ناسراو بەناوی دادگەرەوە بەناوبانگ بو پاش قوباد بەیارمەتی مەبودی وەزیرەوە بوبە پادشا، لەم کاتا هەم کاروباری وەڵات لەناوخۆدا شڵەژاوبو، هەم لەدەوروبەرا، جگەلەوەش دوو برای خەسرەو کیوسو جام پادشایی بون.

ئەنوشیرەوان بەر لەهەموو کارێ کەسوکارەکانو براکانو داواکارانی پادشـایی لەناوبرد، ئەنجا پەیمانێکی لەگەڵ ئەمپراتۆری بیزانس بەست.

لەلایەکی تـرەوە بـەهۆی ئـایینی مەزدەکـەوە دوو هـۆیی کـەوتبوە نـاو ئەنانـەت لەئەرمەنستاندا.

ئەنوشیرەوان لەپێشا وەڵاتی بەچوار بەش دابەش کردو هەر بەشێ ناونرا پانگوس، وفەرمانڕەوای هەر بەشێ بەناوی پازگەس بان ناونرا، ماڵیاتو خەراج کەمکرایـەوە، مەزدەكو برێ تر لەلایەنگیرانی دەردەس کـرانو هـەموو کـوژران تەفەنگچـییەکانی ئەیرەتی بونە ئەرتەشی رێكوپێك.

بەفەلایانو ئەو کەسانە وا لەکاری کشـتوکاڵا تێئەکۆشـان یارمـەتی درا" کـاری وەڵات لەناوخۆدا رێکوپێك بـو خەسـرەو کەوتـە بـیر ئـەوە کەئـەمپراتۆری بیـزانس بەهۆی لێهاتوویی سەرداری خۆی بێ لێزارەوە گەلی وەڵاتی لاژورروی داگیرکردنـی قـەوی بـوەو مەترسـیە بـۆ ئێـران، شـوێن بیـانو ئەگـەڕا تـاوەکو لەپادشـای لـوخی کەئەمپراتۆری بیـزانس بـەهۆی لایـەنگیری لەپادشـای حـەیرەوە خـۆی گەیانـدبووە کاروباری دەستیشاندەری ئێران، خەسرەو لەشکری کردە سەر بیـزانس، لەدەجلـە تێپەڕیو لەفوراتیشدا بوردو ئەنتاکیەی داگیرکرد، ئـەم هەڵەمەتـە داگیرکردنـی ئـەم ناوچە بوە هۆی پەژارە بۆ ئەمپراتۆری بیزانس وەناچار بو پـەیمانێ ببەسـێو پارەیـەکی زۆر بدا بەئێران (٥٤٠)ی زایینی خەسرەو ئەنوشیرەوان کەئەنتاکیـەی چـاو پێکـەوتبو کەوتە سەر ئەوە شارێکی وەها لەنیزیکی تیسـەفون (مـەدانیا) دروس بکـاو دروسـی کردو ناوی نا (بەئەزاندیو خەسرەو).

ئەنەوشێرەوان چەن شەڕی تری کرد، لـەلازیکا- لەگـەڵ هیاتلـەو تورکـەکانو دامرکاندنی هەموو ناوچەکان.

لەخولی پادشایی ئەنوشیرەواندا (یەمەن) بوە دەستیشانکراوی ئێران لەسەر لایەنگیری رۆم لەتورکەکان جارێکیتر شەڕ لەنێوانا قەوما کەبەهۆی لێهاتوویی ئازەرمیهان سەرداری ئیرانیەوە بەقازانجی ئێران دوایی هات کەپەیمانێ بۆ ماوەی یەکساڵ لەنێوانا بەسرا (٥٧٣) زاینی.

پاش بەینێکیتر شەڕوکێشە دووبارە دەستی پێکردەوە، هەر درێژەی بو تاساڵی ٥٧٩ی زاینی کەخەسرەو ئەنوشیرەوان لەدونیا دەرچوو کۆچی دوایی کرد.

مێژوونوسە رۆژهەلاتیەکان ئەنوشیرەوانیان بەناو پادشاێکی دادگەر داناوە، بەلام پروکوپیوس بەپێچەوانەی ئەمە باسی ئەکا بلازری، هەورەها لەلێ خەسرەو فیلباز بو وەلەگەلێ خاقانی تورك "سینجیو"دا فێلی کردوە.

تەبەری ئەنوسێ خەسرەو کۆمارێکی بەناوی کوڕی راوێژ دیاری کردبو، بەلام هیچکاتێ بەپێ راوێژی ئەوان کارێکی جێەجێ نەئەکرد.

سەعالبی مێژوونووسیش لەبارەی ئەنەوشیرەوانەوە ئەلێ بێ روحمو قین ئاوی بو تەنانەت ئەنوشگزاد کوڕی خۆی کوشت.

لەکاتی پادشایی خەسرەو ئەنوشیروانا شەترەنج لەهێندەوە هاتە ئێران.

بەلام بەتێکرا ئەبێ بلێین کەئەنەوشیرەوان پادشایکی لێهاتوو زاناو دادگەر بوە، وە لەکاتی پادشای ئەوا وەلات بەدوابڵەی گەورەیی و بەربلاوی خۆی گەیشتوە.

زۆرتر سەرکەوتەکانی خولی پادشایی خەسرەو "ئەنەوشیرەوان" بەهۆی زانایی وەزیری ناوداری ئەو بوزرەگمێهرەوە بوە کەبرێ لەمێژوونووسەکان ئەلێن خەسرەو پەروێز ئەم وەزیرە زانایەی کوشت.

هورمەز- ئەهورمەزد

هورموز کوری خەسرەو ئەنوشیرەوان کە لەلایەن دایکەوە کچەزای خاقانی تورکەو بەم بۆنەوە تۆرکەزای پێ ئەڵێن پاش مردنی بابی نیشتەسەر تەختی پادشایی ئێرانەوە، ئەم پادشا کەلەژێر دەستی وەزیرێکی زاناو مامۆستایەکی لێهاتوو وەکو بوزرگمێهرا گەورە بوبو زۆر زاناو دادگەرو لێهاتوو بو(٥٧٩) زاینی.

شەرێ لەکاتی پادشایی خەسرەوا لەگەڵ رۆم دەس پێکرابو درێژەی بو، لەم لاشەوە پادشای تورك ئەیویست لەمەلو دەرفەت کەڵك وەرگرێو لەرۆژهەلاتا شەرێ هەڵگیرساند، بەلام بەهۆی لێهاتوویی بارامی چێوین سەرداری ناوداری ئێرانەوە شۆرشی تورکەکان دامرکاو خاقان لەم شەرا کوژراو کوری بەدیل گیراو هەموو شتومەکی تالانکرا نووسراوەکە تەنیا زێرو جەواهێری باری ٣٥٦ وشتربوە، وەبریاردرا تورکەکان هەموو ساڵێ باجێکی زۆر بەئێران بدەن (٥٨٨)ی زاینی.

لەشەرێکا لەنێوانی ئێرانو رۆما سەرداری ئێران تێشکا پادشا تەشیو خوری بۆ نارد کەئەم کارە بوە هۆی دڵ ئێشانی خەڵکیو سەبارەت بەشاه شۆرشیان کردو ئەویان گرت کوێریان کردو خستیانە بەندیخانە لەدوایان لەبەرواری ٥٩٠ی زاینیا کۆچی دوایی کردو مرد.

خەسرەوی دووەم- خەسرەو پەروێز

خەسرەو پەروێز کاتێ بارامی چیوینو خەڵکی بەرهەڵستی بابی وەستانو ئەویان لەپادشایی خست لەئازەربایجانا بو، بەپەلە خۆی گەیاندە تیسەفونو نیشتە سەر تەختەوە (٥٩٠)ی زاینی لەم کاتا بارامی چیوین شۆرشی کردو بەرەو تیسەفون بەلەشکرەکەیەوە هات، چونکو لەپایتەختا لەشکرێکی وانەبو خەسرەو لەپایتەخت

دەرچوو خۆی خستە لای پادشای رۆم، لەم لاوە بارام لەتیسفونا نیشتە سەر تەخت، وە لەمێژوودا بەناوی بارامی شەشەمەوە نوسراوە.

وەندەوی خالۆی خەسرەو کە لەبەندیخانەدا بو هەلآتو خۆی گەیاندە ئازەربایجانو لەشکرێکی نایە یەکەوە بەلایەنگیری خەسرەو، لەولاوە ئەمپراتۆری رۆم خەسرەوی بەکوڕی قوبولّ کردو لەشکرێکی پێدا تاکو بڕواتەوە پایتەختو وەلآت لەژێر چنگی بارام دەربێنێ بەو مەرجەی ئەرمەنستان سەر بەرۆم بێ، پادشای بیزانس "مریەم" کچی خۆی دا بەخەسرەو، بەلآم موبدەکان لەم کارەی خەسرەو نارەزاییان دەربڕیّ خەسرەو بەهۆی یارمەتی لەشکری رۆمەوە بارامی لەپایتەخت دەرپاڕاندو بۆ خۆی نیشتەسەر تەختەوە (٥٩١)ی زاینی تاکاتیّ کوموریکیوس (موریس) ئەمپراتۆری رۆم زیندوو بو نێوانی ئێرانو رۆم باش بو، بەلآم لەسالّی ٦٠٣دا موریس کوژراو کوڕەکەی بەخەسرەو پەنای هێنا، خەسرەو لەشکری خستەڕیّ بۆ داگیرکردنی شارەکانو وەلآتانی رۆم کەفوکاس داگیری کردبو، سەردارە ناودارەکانی ئێران وەکو شاربەرازو ئەوانی تر لەهەموو لایەکەوە سەرکەوتنیان بو لەماوەی سیّ مانگا شاری دارا گیرا (٦٠٥) ئەمجا دیار بەکرو ئێدێسو حەڕان، لەلایەکیترەوە کاپادوکیەو فریکییەو خەسرەو سەرکەوتەکان خۆی درێژە پێدا تاسالّی ٦١١ی زاینی بەجۆریّ کەبەیت المقەدەسی گرتو سەلیبی خاوێنی عیاشی هێنایە ئێران.

شار بەرازیش مێسرو ئەسکەندەریەی گرت، شاهین سەرداری ناوداری تری ئێرانی بریّ لەئاسیای بچوکی داگیرکرد.

بەلآم لەبەرواری ٦١٠ی زاینیا هێراکلیوس کەبەهێرقیل ناوبراوە رۆمی گرتو فوکاسی دەرپەڕاندو دەستی کردە لەشکرکێشی بەرەو ئێران.

لەم کاتەدا ئێران کالسدنی گرتبو سنوری ئێران گەیشتبوە خولی هەخامەنشینەکان، هێرقل بەلەشکریەوە هاتە ئەرمەنستان وەلەویّ لەشکری ئێرانی

تێشکاندو لەبەرواری ٦٢٣دا ئاتەشکەدەی ئازەرگشناسپی کاول کرد لەملاوە خەسرەو ئەیەویست قوستەنتەیە بگرێ لەشکرێکی بەفەرماندەیی شاهین نارد بۆئەوێ، بەلاّم شاهین تێشکا هەم شاهینو هەم شار بەراز لەلایەن خەسرەوە درانە بەر جنێوو خراپەو ئەوان تۆران، شاهین دیقی کردو مرد خەڵکیو سوپا لەم کاری خەسرەوە زۆر ئاڵۆز بون لەشەرێکا لەنێوانی خەسرەو هێرقیل دا خەسرەو تێشکا لەڵێن خەسرەو پاش ئەم شەڕە تەواو سەردارەکانی خۆی کەبەشداریان کردبو تێشکانو کوشتنی.

نەجیب زادەکانو گەورەکانی ئێران لەم کارەی خەسرەو شۆڕشیان کرد ئەویان گرتو خستیانە بەندیخانەو لەپادشایی لایان برد (٦٢٨) زاینی پاش بەینێك خەسرەو لەبەندیخانەدا کوژرا.

ئەڵێن شێرۆ کوڕی خۆی کەناوی قوباد بوە لەم کوشتنەدا دەستی بوە.

چیرۆکی شیرینو فەرهاد پەیوەندی بەم پادشاهەوەیە بەجۆرە کە لەچیرۆکەکەدا وتراوە شێرۆ بەپیلانی شیرین لەمرگی کوژرانی فەرهادا خەسرەوی کوشتوە.

مێژوو ئەڵێ خەسرەو مەردان شاکوڕی بچوکی خۆی کە لەشیرین بو دای نابو بەشوێنی خۆیا بێ بەپادشا.

خەسرەو پادشایێکی خۆ بەزلزان، مافنەناس، ستەمکارو ژن ویست بو تەواو خولی پادشایی لەشەڕابو.

قوبادی دووەم- شێرۆ (کووات)

پاش لابرانی خەسرەو پەرویز شێرۆ کوڕی ئەو بەناوی قوبادی دووەم بوبە پادشاو نیشتەسەر تەختەوە، یەکەم کارێ کەقوباد کردی ئاشتی لەگەڵ هێرقیل بو کەپەیمانی

لەنێوانیان بەسرا، بەپێ ئەم بڕیارنامە هەردوولا ئەوی واخاکی یەکتریان داگیرکردبو بدرێتەوە.

سەلیبی خاوێنی مەسیح کەنێران لە بەتیولموقەدەســەوە هێناویـە بلرێتـەوە (٦٢٩) زاینی.

ئەنجا قوباد تەواو ئەو کەسانەی وا لەبەندیخانەدا بون ئـازادکران مالیـاتو بـاجی زەمانی باوکی لابرد، وە لەگەڵ ئەو کەسانەدا واگیرۆدەی تـوڕەیی خەســرەو بوبـون میهرەبانی کرد، بـەلاّم لـەدوایدا تـەواو براکـانی خـۆی کوشت بـۆ خۆیشـی پـاش دووسالّو چەن مانگ پادشایی بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە مرد ٦٢٩ی زاینی.

ئەردەشێری سێیەم- ئەرتەخشتر

پاش قوباد کوڕی ئەو ئەردەشێر کەمندالّێکی حەوت سالّە بو کرایە پادشا، بـەلاّم شاربەراز سەرداری ئێرانی کەلەخەسرەو پەروێز تۆرابو وەملی بەقوباد نەدا، ئاسـیای بچوکی ســوریەشی بەڕۆمیەکان نەدابوەوە لەم کاتا بەرەو پایتەخت کەوتە ڕێو ئەوێ داگیرکرد، بەلاّم زۆرتر لەدوو مانگی نەخایاندو خەسرەو کوڕی قوبـاد لەخوراسـانا بەرهەڵستی وەستا، وەسەربازەکانی بارامیش شـۆڕیان کـردو شـاربەرازیان کوشت لەماوەی ئەم دوو مانگا دوو پێشهات قەوما یەکێ ئاسـیای بچـوکو میســرو ســوریە درایەوە بیزانس، وەیەکێکی تر خزرەکان ئەرمەنستانیان داگیرکرد (٦٢٩)ی زاینی.

خولی شلّەژاوی: پاش کوژرانی شاربەراز خەسرەوی سێهەم کوڕەزای هورمـەزی چوارەمو پاش ئەو جەوانشێر کوڕی خەسرەو پەروێز یەك لەشـوێن یـەك نیشتنەســەر تەخت (٦٢٩) زاینی.

پاش ئەمانە پوراندوخت کچـی خەســرەو پـەروێز کرایـە پادشـا، بـەلاّم بـەهۆی شلّەژاوییەوە پاش یەك سالّو پێنج مانگ کاری پادشایی دا دواوە.

پاش پوراندوخت گوشتاسب بردە برای خەسرەوی سێیەم بوبە شا.

پاش ئەو ئازەرمیدوخت کچێکی تری خەسرەو پەرویزو خوشکی پوراندوخت بوبە پادشا کەلەلایەن روسەمی فەروخ هورمەز والی خوراسانەوە لەپادشایی خرا بەتێکرا لەماوەی چوار ساڵ دوازدە کەس لەئێرانا بونە شا مێژوونووسەکانو لێکۆڵەران ناوی باقی تر لەپادشاکانیان بەم چەشنە نوسیوە.

پاش ئازەرمیدوخت هورمەزی پێنجەم ٦٣١ی زاینی خەسرەوی چوارەم ٦٣١- فیروزی دووەم ٦٣١ی زاینی خەسرەوی پێنجەم ٦٣١- یەزگوردی سێیەم ٦٣٢ی زاینی لەخولی شڵەژاویا تەنیا یەك پێشهات قەوما ئەوەش ئاشتی تەواوی نێوانی ئێرانو رۆم لەکاتی پادشایی پوراندوختا بو لەگەڵ هێرقیلا کەنەسیبەین بوو ئێران مایەوە.

یەزدگوردی سێیەم -- یەزدکەرت

لەبەرواری ٦٣٢ی زاینیدا یەزدگوردی سێیەم بوبە پادشای ئێران "تەبەری" ئەڵێ ئەم یەزدگوردە کوڕی شاریا وەکوڕەزای خەسرەو پەرویزە، دایکی ژنێکی رەش پێست بوە لەکاتی پادشای یەزگوردا بیچمو چۆنییەتی برانەوەی زەنجیرە پادشایی رەگەزی ساسانی کورد دیاری نەدا یەزدگورد لاوو نەکارابو، لەبنەماڵەی پادشایی بەبۆنەی کوشتاری قوبادەوە کەس نەمابو، سەردارە باشەکان لەناوچوبون یارمەتی دەرێ نەبو ئاینی ئیسلان لەنیم دوورگەی عەرەبسانا بەدی هاتبو.

خولی شڵەژاوی ئێرانی کزولاواز کردبو، تێکچوونی کاروباری رامیاری، دەسەڵاتی موبەدەکانو موغەکان، خۆ لەکار گەیاندنی زۆری نەجینەکان تاڵۆگۆڕی ١٢پادشا لەماوەی چوار ساڵ هەموو دەستی دابوە دەستی یەکەوە (٦٢٨- ٦٣٢)زاینی.

ئەمانەوەی سەردارەکان، لەکار کەوتنی سوپاو لەشکر" هەزارو بێدەس، کەوتنی خەڵك بەبۆنەی قورسی باری ماڵیاتو خەراجی گران، زۆری ستەمو زۆربێژی، لەناوچوونی کشتوکاڵو نەداری فەلایانو دێنشینەکان، لەکارکەوتنی کارگەکانی سنعاتی هەموو ئەمانە دەستی دابوە دەستی یەکەوە، لەم کاتەدا یەزدگورد پادشای ئێران کچی نوعمان پادشای حەیرەی کرد بیخوازێ، بەلام ئەو نەیدایێ خەسرەو ئالۆز بو لەشکری کردە سەر نوعمان، پادشای حەیرە هەلاتو خۆی خستە پالی هۆزی شەیبانی، تەواو دارایی خۆی سپاردە دەست سەرەکی ئەویو خۆی هاتە لای خەسرەو بۆ لێبوردن، بەلام یەزدگورد ئەوی کوشت، وەپەیغامی ناردە سەر سەرەکی هۆزی شەیبانی کەتەواو دارایی نوعمان ئەبێ بنێرێ، ئەو ملەپێچکی کرد، خەسرەو سوپای کردە سەری ئەم شەرە بەشەڕی (زوقار) بەناوبانگە کەچی هێزی ئێران تێشکا، ئەم شەرە وەکو بچوك بو، بەلام عەرەب تێگەیشت ئەتوانن سوپای رێکوپێکی ئێران لێ شکێنن.

"نولدکە" مێژونوس ئەڵێ ئەم شەرە لەنێوانی ٦٠٤ تا ٦١٠ی زاینیی قەوماوە، بەلام برێ تر لەمێژونووسەکان بەرواری ئەم شەرەیان بە٦١١ داناوە.

بەشوێن ئەم شەرەدا لەساڵی ١٢ی کۆچی ٦٣٣ی زاینیی شەری زەنجیر لەنێوانی عەرەبو ئێرانا قەوما کەسەرکردەی لەشکری عەرەب خالید کوری وەلید بو وەسەرکردەی قوشەنی ئێران هورمەز ناوێ بو کەبەدەستی خالید کوژراو سوپا تێشکاو عەرەب زاڵبو لەساڵی ١٣ی کۆچیا شەری پرد قەوما کە بەسەرکەوتنی لەشکری ئێران دوایی هات.

لەبەرواری ١٤ی کۆچیدا شەرێکیتر لەنێوانی هێزی ئیسلامو لەشکری ئێرانا قەوما لەقادسیەدا کەیەکێ لەشەرە گرنگو ناودارەکانی ئیسلامە، کەئەم شەرە بەقازانجی هێزی ئیسلام دوایی هات، روسەمی فەروخ هورمەز لەم شەرەدا کوژراو

لەشکری ئێران تێکچوو پاش ئەم شەڕە مەداین کەوتە دەس لەشکری ئیسلام‌و یەزدگورد هەڵات، پایتەختی ساسانی تالآن کراو بڕێ کچ‌و ژنانی یەزدگورد دەردەس کران. بەشوێن مەداینا شەڕی جەلەولا لەبەرواری ١٦ی کۆچی ٦٣٧ی زاینیی وەشەڕی نەهاوەند کەدوایین شەڕی ئێران‌و عەرەبە لەبەروورای ٢١ی کۆچی ٦٤٢ی زاینیا قەوما وەنیتر بو یەزدگورد هیوایێ نەماو دەرکەوت، هەروەها شار بەشارو ناوچە بەناوچە ئەڕژیشت تا لەوایا لەبەرواری ٣١ی کۆچی ٦٥٢ی زاینی یەزگورد کوژراو بنەماڵەی پادشایانی ساسانی دوایی هات‌و ئەم زەنجیرە بڕایەوە.

باوەکو بڕێ مێژوونوس وتویانە فیروز کوڕی یەزدگورد رۆیشتە لای فەغفوری چین‌و ئەویش یارمەتی پێکردو وەڵاتێکی دروس کرد بەناوی "تزی کیك"، بەڵام لەئێرانا دوایی هاتبو.

ساتراپەکان

ئەو ناوچەیانە کەلەخولی شاهەنشایی زەنجیرەی ساسانیەکان بوەو هەرکامە ساتراپێکی بوە یا بەناوی شاوە ناوبراون‌و بەڕێوە براون بەم جۆرەیە.

زابلشاه= فیروز- سەرەکی وەڵاتی زابلستان

سگانشاه= سگستان شاه- سەرەکی سیستان

ئەنجازشا- پادشای ئەبخازیان لەقەراخی دەریای رەشا

ئالآنشا- پادشای ئالآن- ئەران= لەقەراخی چۆمی ئەرەسا

تەبەرسەران شا- پادشای تەبەر سەران

لیرانشا- سەرەکی لیران ناوچەی باکوری چۆمی ئەرەس

پزشخوارشا- سەرەکی پزشخواری تەبەرسان (سوادکوە)

شارشا- سەرەکی ئەویەڕی چۆمی فورات (ما وراو النهر)

گێلانشا= سەرەکی ناوچەی گێلان

بوز ئەردەشیرشا- سەرەکی بوز ئەردەشیر (ناوچەی موسل)

میشان شا- سەرەکی دەشتی میشان

گەورە ئەرمەنیاشا= پادشای ئەرمەنستان

کرمانشا- سەرەکی کرمان

موکرانشا- سەرەکی موکران

تورانشا- سەرەکی توران (دەوری چۆمی سند)

لگزانشا- پادشای لزگی (کوێستانەکانی قەوقاز)

هندوان شا- سەرەکی ناوچەی باکوری سند لەهندوستانا

فێلانشا- سەرەکی ناوچەی فێلانی ئەراِن

گرشانشا- سەرەکی گرشان لەئەراِندا

شروانشا- سەرەکی شیروان لەئەراِندا

ئێرانشا -ئەبراز- سەرەکی ناوچەی نێسا لەمەروا

کازش شا- سەرەکی کازش لەرۆژئاوای ئێرانا

برگسان شا- سەرەکی ناوچەی بەرگسان لەرۆژئاوای ئێرانا

شای بانشا- سەرەکی ناوچەی شایبان لەرۆژئاوای ئێرانا

اموکانشا- سەرەکی ناوچەی ئەموکان (ئازەربایجان)

گیگانشا- سەرەکی گیگان ناوچەی سندو موکران

بلاشگانشا- سەرەکی بلاشگان لەرۆژهەڵاتی ئێرانا

نخشبانشا- سەرەکی ناوچەی نەخشەب لەئاسیای ناوەندیا

کشمیرانشا- سەرەکی کشمیر

گوچشا- سەرەکی هۆزەکانی گوچ لەباشوری رۆژهەڵاتی ئێرانا

چغان خداه- سەرەکی چەغانیان

سامان خداه- سەرەکی ناوچەی سەمەرقەند

شروین- سەرەکی تەخارستان

ریوشار- سەرەکی ریوشاران نەوپەڕی چۆمی فورات

بندون- سەرەکی وەلاتی کەش

یمانشا- سەرەکی یەمەن

نازیانشا- سەرەکی ناوچەی ئارەونشی

ترازخداه- سەرەکی ئەتراز لەتورکستانا

چول- سەرەکی ناوچەی گورگان

تدن= خزین- سەرەکی ناوچەی چاچ لەباکوری چۆمی جەیحونا

کورد لەسەرەتای ئیسلامەوە تاخولی ناوەندی پاش دوایی هاتنی زەنجیرە پادشایانی کوردی ساسانیو تێکچونی ئێرانو هێرشی عەرەبەکان کەشەڕو کێشە لەهەموو لایێك دەس پێکرابو وەموسوڵمانەکان بو پەتکردنی خەڵکیو هێنانیان بەئاینی خۆیان کوشتو قەزایان ئەکرد زۆرێ لەناوچەکانی کوردنشین لەم هەراو مەزاتە دووربون، ئەوەش زۆرتر بەهۆی سەختی ناوچەو کوێستانی بونو شاخەکانی ناوچەکانەوە، باوەکو زۆر جێگە کەوتەبەر پەلامار عەرەبەکانو گەلێ کەس کوژراو هەرکاتێ ئەیانویست بۆ هەر ناوچەیێ لەئێران (رۆژهەلات - باکور- بەشی ناوەندی) لەشکرکێشی بکەن کوردستان سەرە رێگە بو ژێر پێەکراو سورماتی لێ ئەسەنراو هەموو دەمێ زۆرتر لەو وەلاتە واشەڕی تێدا ئەقەوما زیانی لێ ئەکەوت.

بەلام هەر لەسەرەتای ئیسلامو خولی پادشایی خەسرەو پەرویزەوە برێ لەکوردەکان ئاینی ئیسلامیان وەرگرتبو کەبرێکیان لەزەمانی موحەمەد پێغەمبەری

ئیسلاما، موسولمان بوبون، وەکو "کابان" کوری یاوەکو "مەیمون" ئەبوبەسیر کەلەتەفسیری (روح المعانی)دا نوسراوە.

سەرەرای ئەمانە عەرەب بەوشێوەی پێیانەوە نەیان ئەتوانی بەکەژو کێوو شاخو داخەکانا برۆنو ئاینی خۆیان بەزۆر ببرنە ملیان، ناچار بەهۆی راگەیاندنو ناردنی ئەفرادی خۆیانەوە کەوتنە کایەوە لەگەلْ موبەدەکانو موغەکانەوە، چونکا بۆیان دەرکەوتبو کەئەم چینە لەمێژەوە بۆ خەلکی بەرێزن.

وەئەگەر ئەوان رەزا ببنو ئاینی ئەمان وەربگرن خەلکی ئەکەونە شوێنیان، لەلایەکی ترەوە چینی مەلا هەربەوەی کەمێان بوتری گەورەو لەژوور دانیشنو نانی بێ زەحمەتیان پێ بگا لەهەموو کەس زۆرتر خۆیان ئەدەنە دەستەوە.

عەرەبەکان لەم رێگەوە شوێنیان کردە سەر مەلاکانی زەردەشتیو بەئامانج گەیشتن ناوچە هەلەتو شاخاویەکانیش بەم چەشنە پەتی ئیسلام کەوتە ملیان.

تەنیا ئەرمەنیە نەستوریەکانو برێ تر لەبەشی رۆژهەلاتی باکوری ناوچە کوردنشینەکان لەسەر ئاینی عیسا مەسیح مانەوە بەشوێن ئەمەدا کاتێ یەزدگوردی سێیەم دوا پادشای زەنجیرەی ساسانی پاش دەرچون لەمەداین، خۆی لە(هەلوان) کەناوچەیێکی کوردنشین بو حەشاردابو، لەشکری عەرەبەکان بەسەرۆکایەتی "قەعقاع" هێرشیان کردە سەر هەلوانو یەزدگورد هەلات ئەویان داگیرکرد، ئەم ناوچەش ئیسلامی وەرگرت، بەلام هەورامانو ناوچە شاخاویەکانی تر کاتێ "پیر شالیار" موسولمان نەبو هەر لەسەر ئاینی زەردەشت بونو بیرو بروایان بەکتێی ماریفەتی ئەوبو، ئەم ناوچە پاش موسولمان بونی پیر شالیار چوونە سەر ئەو ئاینە.

لەسالی ١٨ی کۆچی بەپێ فەرمانی خەلیفەی دووەم لەشکری بەسەرۆکایەتی سەعدی وەقاس لەسێ قۆلەوە بەرێ کرا بۆ گرتنی جەزیرە، رقە، وەنەسیبەینو نورفە ئەم چەن جێگەو برێ جێگایانی تر وەکو ماردینو دیاربەکریش داگیرکرا بەپێ

نوسـراوەی ئەنسـیکلوپیدی ئیسـلام مەلاتیـە جـارێکی تـر لەئیسـلام هەڵگەڕایـەوە کەدیسـان لەساڵی ٣٦ی کۆچیـدا بـەپێ فـەرمانی موعاویـە کـوڕی سـوفیان داگـیر کرایەوە.

چـەن جـارتر کوردەکـان لەچـەن جێگـەدا شۆڕشـیان کـردو لـەژێر فـەرمانی سەرۆکانی عەرەب دەرچوون، وەکو کەرخا شارەزوور، بازابدا، دەورروبەری ئەهواز.

لـەخولی خەلافەتی (عەبدولمەلیکا) کوردەکان یارمـەتی کـوڕی ئەشعەسـیان کـرد بەپێچەوانەی ئەوە کەتووشی قاروقینی حەجاج کوڕی یوسـفی سـەقەفی بـون کەئـەو کـابرا کوشـتارێکی زۆری لێکـردن لەسـاڵی ١٠٨ی کۆچـی دیسـان کوردەکـانی دەروبەری ئازەربایجان و لە١١٢دا جارێکی‌تر توشی هێرشی تورکەکان بـون لەسـاڵی ١٢٩ی کۆچی دیسـان کوردەکان بەرهەڵـسـتی سولەیمانی خارجی وەستان و شۆڕشیان کرد بەیارمەتی مەروانی دووەم کەدایکی کورد بو وەبۆخۆیشی لەکوردستان" هـاتبوە دونیاو گەورەبوبو کەبونە هۆی سەرکەوتی مەروان لەبەرانبەری خەلیفە ئیبراهیمـەوە لەنێوانی بەعلەبەك و شـاما سـوپای خەلیفـەیان تێشـکاندو چـونە دیمەشـق وەلـەوێ مـەروان خەلافـەتی خـۆی راگەیانـد ١٣٢ی کۆچـی دیسـان لـەکاتی شۆڕشـی ئەبوموسلمی خوراسـانیا کوردەکـان یارمـەتی ئـەویان داو بونـە هـۆی سـەرکەوتنی بەجۆرێ کەقوحتەبە (قحطبـة) شـارەزووری داگیرکـردو عوسمـانی کـوڕی سـوفیانی لەوێ دەرکردو ساڵی دوایی حەلوانیشی داگیرکرد.

لەکاتی خەلافەتی (عەبدوڵلا- ئەبوئەلعـەباس)ی سـەفاحدا لەشـکری رۆم هاتـە سەر کوردستان و ئازەربایجان کەگەلێ خەڵکی کوژران و وەڵات تاڵان کرا.

ئەبو موسلم بەیارمەتی کوردەکان لەساڵی ١٣٧ی کۆچیا نەسیبەینی داگیرکرد.

لـەخولی خەلافـەتی ئـەبوجافری مەنسـورا جـارێکی‌تر کوردەکـانی هەمـەدان و کوردستان شۆڕشیان کرد. لەساڵی ١٤٧ی کۆچیا لەشـکری تـورك هێرشـی کـردە

سەر ئەرمەنستان‌و کوردستان‌و شەڕو کوشتارێکی زۆر کراو شاری تەفلیس تالآن کراو ئەویێ‌و سیێ ناوچە داگیرکرا سەرەکی هۆزی رواندی لەم شەڕەدا کوژرا.

لەسالّی ١٦٣ی کۆچیا لەلایەن مەهدی خەلیفەی عەباسییەوە هارون کوڕی کرایە والی کوردستان‌و ناوچەکانی رۆژئاوایی هۆزی خزر لەم کاتا هێرشیان کردە سەر وەلآتی کوردستان کەپاش شەڕێکی قورس لەسالّی ١٨٣ی کۆچیا دەرکران لەسالّی ٢٢٥ی کۆچی‌و لەکاتی خەلافەتی موعتەسەمدا کوردەکان لەدەورروبەری موسلآ راپەڕین بەسەرۆکایەتی جافری فەهرجەس‌و شەڕێکی قورس کرا کە لەکەژوو شاخەکانی داسیندا هێزی خەلیفەیان تێشکاند.

جارێکی‌تر لەسالّی ٢٢٦ی کۆچیا خەلیفە لەشکرێکی گەورەی ناردە سەریان‌و شەڕێکی گرنگ رویدا کەجافر کوژراو خەلّکی کەوتنەبەر ئالّوزی‌و قارقینی لەشکری خەلیفە، بەجۆرێ کەهۆی سەرشۆڕی مرۆڤ‌و مرۆڤایەتی‌و مێژووە لەم خولەدا چەن هەستانەوەو شۆڕش یەك لەشوێن یەك قەوماوە کەلەهەمو شۆڕشەکانا کورد بۆ سەربەخۆیی‌و رزگاربون لەژێر دەستی بێگانەو عەرەبە خوێن مژەکان راپەڕیون‌و لەهەرکامەدا گەلێ لەکوڕە ئازاکان لەناو چوون" وەکو شۆڕشی سالّی ٢٣١ی کۆچی راپەڕین لەدەورروبەری ئەسفەهان‌و فارس‌و کەژەکان کە بەهۆی واسفەوە دامرکا.

لەسالّی ٢٥٢دا راپەڕینی مەنسور موسا وێر لەسالّی ٢٦٢ راپەڕینی دیلی رەش‌و یاقوی سەفار بەسەرۆکایەتی موحەمەد کوڕی عەبدولّلای هەزار مێرد.

سالّی ٣٨١ی کۆچی‌و دامەزراندنی حکومەتی هەمەدانییە سالّی ٢٩٣ کۆچی راپەڕینی هۆزی "هازبنی" بەسەرۆکایەتی موحەمەد کوڕی هێلال" بەپێ نوسراوەی ئەلکامل ماوەی دوو سالّ ئەم شەڕو کێشە درێژەی بو کەچەن جار لەلایەن خەلیفەوە یارمەتی بۆ ئەبولهەیجا هات ناتوانی شۆڕشەکە دامرکێنێ.

لەکاتی خەلافەتی ئەلموقتیدر دا چەن شۆڕشی تر بەدیهات وەکو ڕاپەڕینی عەبدوڵڵای کوڕی ئیبرایمو دەهەزار کورد کەپاش ئەو دەیسم کوڕی ئەو، شۆڕشەکەی بەڕێوەبرد لەکاتێکا دەیسم لەئازەربایجان دا سەرۆکایەتی بۆ "لەشکری کوڕی مەردی" کەوالی جێبال بو لەشکری کردە سەری لەم شەڕەدا دەیسم شکاو خۆی خستە ئەردەوێلێ لەشکری پەیغامی ناردە سەر خەڵکی ئەردەوێلێ بەڵام ئەوان گوێیان نەخواردو بەشەڕهاتن کەلەشکری تێشکاو خۆی گەیاندە "موقان" یانێ موکریان وەلەوێ بو تا یارمەتی پێگەیشتو گەڕایەوە سەر دەیسم، لەم کاتا دەیسم شەڕی بۆ نەکراو لەچۆمی ئاراز پەڕیەوە لەدوایدا دەیسم خۆی خستە لای وەشم گیر حاکمی ڕەی ئەویش یارمەتی دا کەشەڕێکی تر بەجۆرە لەنێوانی لەشکریو دەیسمدا قەوما کەلەشکری تێشکا لەم کاتا مەرزبانو وەهسودان برای بەسەر بەشێ لەناوچەکانا زاڵبوبون، وەهسودان لەشکری کردە سەر دەیسم زۆرتری وەڵاتی ئازەربایجانی داگیرکرد بەجۆرێ کەبۆ دەیسم تەنیا تەورێز مایەوە.

مەرزەبان هێرشی کردە سەر تەورێز، دەیسم لەوێش دەرپەڕیو ڕۆیشتە ئەردەوێلێ مەرزەبان برێ لەشکری خۆی لەتەورێز داناو خۆی کەوتە شوێن دەیسمو ناردەوێلی گەمارەدا، بەڵام ئاشتی لەنێوانا کرا کەچی لەدوایا مەرزەبان دەیسمی گرت.

ئەردەوێلیش کەوتە دەس مەرزەبان، بەڵام دەیسم ڕزگاربو لەبەند هەڵات، ماوەیێ بەشوێنیا توانی لەهۆزەکانی کوردو دەیلەم لەشکرێ پێك بێنێ وەداوای یارمەتی لەموعیز الدەولە بوەیهی، کرد، ئەو یارمەتی نەدا، لەم بەینا خاچێك لەلایەن مەرزەبانەوە دەیسمی گرتو دایە دەستی مەرزەبانەوە دەیسم لەبەندیخانەی مەرزەبانا مایەوە تالەساڵی ٣٤٥ی کۆچیا کوژرا.

حکومەتی ڕوادی:

لەدەورووبەری ساڵی ۲۳۲ تا ۳۱۷ی کۆچی شاری تەبریز لەژێر دەسەڵاتی نەتەوەی ساجد موحەممەد ڕوادیابوە، کەم کەم ئەم بنەماڵە بەوەڵاتی ژێر دەستی خۆیان پەرەیان داوەو مەراغەشیان داگیرکردووە.

لەپێشا کاتێ باسی دەیسم کرا ناوی مەرزەبان هەبو کەجاروبار پێکەوە شەڕیان ئەکردو وتمان کەدەیسم خرایە بەندیخانەو کوژرا.

مەرزەبان کە لەشەڕی دەیسم ڕزگاربو، تەواو ئازەربایجانی داگیرکرد، بەڵام لەساڵی ۳۳۲ی کۆچیا توشی هێرشی ڕوس بو کەزەریای لەخزرەوە بەگەمی هاتبونە ئەو ناوچەو کوشتارو تاڵانیان کرد.

مەرزەبان لەشکرێکی ۳۰هەزار کەسی کردە سەریان‌و ڕوسەکانی تێشکاندو کەوتە شوێنیان تاقەڵای شارستان، لەم کاتەدا هەواڵی هێرشی ئەبو عەبدوڵڵای پێگەیشت ناچار گەڕایەوە بۆ ئەم شەڕە، لەو لایشەوە ڕوسەکان لەگەمارە ڕزگاربون‌و هەڵاتن.

بەشوێن ئەمەدا مەرزەبان ڕووی کردە وەڵاتی ڕەی، بەڵام لێرەدا، چونکو لەشکر زۆر بو، هەموو برایانی دەیلەمی دەسیان کردبوە یەکا مەرزەبان تێشکاو بەدیل گیراو لەقەڵای سەمیرم بەندکرا، بەڵام لەبەرواری ۳٤۲ی کۆچیا بەهۆی برێ فێڵ‌و فری دایک‌و لایەنگیرانی ڕزگاربو مەرزەبان پاش ڕزگار بون زۆر نەژیاو لەبەرواری ۳٤٥دا مرد پاش کۆچی دوایی مەرزەبان "وەهسودان" بوبە حوکمدار، بەڵام لەگەڵ میر ئیبراهیمی برازایا ناحەزی کەوتە نێوان لەلایەکی ترەوە لەگەڵ سمایلی ئامۆزایا شەڕوکێشەیان بو بەو جۆرە کە لە(الکامل)دا نوسراوە بەهۆی برێ پێش هاتەوە کەیەکێ مردنی سمایلی ئامۆزای بو، یەکێکی‌تر پاڵ دانەوەی جستانی شەرمەزن

کاروباری وەهسودان چاك بون، بەڵام چاری میر ئیبراهیمی نەکرد، بەجۆرێ کەمیر ئیبراهیم تەواو ئازەربایجانی داگیرکرد.

وەهسودان خۆی خستە پاڵ دەڵەکان ئەوان یارمەتییان دا پاش شەڕێکی قورس میر ئیبراهیم تێشکاو هەڵات بەشوێن میر ئیبراهیما باوەکو کوڕو بەرەی ئەو ماوەیی لەئازەربایجانا مانەوە ئیتر بەشوێن ساڵی ٣٨٠ی کۆچیا مێژوو باسیّ ناکا.

وەهسودانی دووەم: (وەهسودان مەملان)

وەهسودان مەملان لەبەرواری ٤٣٠ی کۆچیا حوکمداری ئازەربایجان بو، بەڵام توشی هێرشی هۆزی غەز بو ئەم هۆزەی ئەوی وا خراپە بو دەرهەق بەخەڵکی ئەو ناوچە کردیان ناچار کوردەکانی دەوروبەری مەراغە پاڵیان دایە (ئەبولهەیجا)ی سەرەکی هۆزی (هازبنیە)وە ئەم رێککەوتە بوە هۆی ترسانی غەزەکانی و گەڕانەوە تالەساڵی ٤٣٢دا وەهسودانی مەملان سەرۆکانو برێ کەسی لەهۆزی غەز بانگ کردە تەورێز بۆ میوانی، بەڵام هەموویانی گرت و کوشتنی.

لەساڵی ٤٣٤ی کۆچیا بومەلەرزەییّ شاری تەورێزی کاول کرد.

وەهسودان تەورێزی دایە ئەبو مەنسور وەهسودان کوڕی موحەمەد مەمەلان وەخۆی رۆیشتە قەڵایێکی نێزیك ئەردەوێل لەویّ بو تاساڵی ٤٥٨ی کۆچی تاکۆچی دوای کردو ئیبرایی کوڕی تاساڵی ٤٩٠ی کۆچی لەویّ حوکمداری کرد.

بەپیّ ئەنسکلوپیدی ئیسلامی ئەمیر ئەحمەدیل کوڕی ئیبراهیم کوڕی یەهسودان حوکمداری مەراغە بوەو تابەرواری ٥١٠ی کۆچی درێژەی بوە.

بەشوێن ئەحمەدیل دا کوڕی ئەو بوبە ئەمیری مەراغە ماوەییّ فەرمانڕەوایی کرد، بەڵام ئەویش وەکو باوکی لەبەرواری ٥٢٧دا لەلایەن باتنیەکانەوە کوژرا" ئەم فەرمانڕەوایە ناوی ئاق سونکور بوە.

پاش ئەو ئاق سونکوری دووەم کوڕی بوبە جێگەدار لـەکاتی فـەرمانڕەوایی ئـەم ئەمیرا سەرەکی هۆزی ئوزبەك هێرشی کردە سەر مەراغەو ئەوێی داگیرکرد.

لەبەرواری ٥٤٩ی کۆچیا ئاشـتی کەوتـە نێـوان ئیلـدوگوزو ئـاق سـونگور وە ئازەربایجان لەنێوانیا دابەش کرا لەساڵی ٥٦٤دا ئاق سونگور کۆچی دوایی کرد.

(ابن الاثیر) باسی (فەلەك الدین) ئەکا لەبەرواری ٥٧٠ی کۆچی حاکمی مەراغە بوەو کوڕەزای ئاق سونگوری دووەمە حکومەتی بنەماڵەی ڕەوادی کەنێزیکەی چوار سەد ساڵ درێژەی بوە لـەکاتی فـەرمانڕەوایی ژنێکـا کـەکوڕەزای عەلائـەدین نـاوێ لەبەرەی ئەحمەدیل بوە دوایی هاتو بڕایەوە.

حکومەتی دوستکیو مەڕوانی

هۆزی حەمیدی کەیەکێ لەهۆزەکانی دانیشتووی کوردستانی ژوورو بوە، هـەموو دەمێ پیاوانی هەڵکەوتوو لێهاتووی تێدا پەیدابوە، دوستك یـەکێ لـەو مرۆڤانـە بـوە کەناوداری ئەم هۆزیە وەکوڕی ئەو "باز" بناغەدانەری حکومەتی دۆستکیە.

نوسەری مێـژووی موسـڵ ئـەڵێ (بـاز الکـردی ئەبوعەبـدوڵڵا حسـین) کـوڕی دۆستەك ئەمیری هۆزی حەمیدیـە بـو کـەنازناوی ئەبوشـوجاعی لەلایـەن خەڵیفـەی بەغداوە پێدراوە سەرەتا باز هۆزەکەی خۆی لەدەوری خۆیا کـۆکردەوەو وردە وردە دەسـتی کردە پێکهێنانی قۆشەن، تالەپڕ هێرشی کردە سـەر ئەرمەنسـتانو ئەرجێشـی داگیرکرد بەپێی نوسراو لە(الکامل)دا ئەم شارە یەکەم جێگـە بـوە کەکەوتۆتـە دەس "باز" بەشوێن ئەم شارەدا ڕوی کردوەتـە دیاربـەکرو میافـارقینو دەوروبـەریو ئـەم ناوچەیەشی داگیرکردوە.

پاش بەینێك وەڵاتـی جـەزیرەو شـارای بـەتلیسو مەسـعود وەبەشـوێن ئەمانـەدا مەلازگردو ماکۆو وردەشارەکانی دەوروبەری گۆمی وانی گرت کەلەوێدا شـارێکی تازەی بەناوی شاباز دروس کرد (کەلەدوایدا عادل شای ئـەیوبی نـاوی ئـەم شـارەی

گۆڕیو کردیه عادل جەواز) پاش چەن ساڵ بازاشا شارەکانی نورفـه- حسن کێف- بوتان- سروج- نەسیبەنیش بەدەس هێنا باز (ئەبوشوجاع) دیار بەکری کردە پایتەختی خۆی وەڵات وەلەویٚ بەناوی خۆیەوە سکەی لێدا (٣٦٤)کۆچی عەزدو الدوله لەموسڵا کەچاوی بە ئەبوشوجاع کەوت دڵی لیٚ پیس کردو ئەیەویست لەناوی ببا، بەڵام باز لەو جێگە دەرباز بو خۆی گەیاندە لەشکرەکەی.

پاش مردنی عەزد الدوله (٣٧٣) کۆچی ئەبوشوجاع نەسیبەین و دەورووبەری داگیرکرد لەلایەن سەمسام الدولەوە لەشکریٚ بەسەرۆکایەتی ئەبو ئەسعەد بارام هاتە سەربازو شەڕێك لەنێوانا قەوما کەلەشکری ئەبو ئەسعەد تێشکا جارێکیتر لەشکریٚ لەلایەن دەلەمیەکانەوە بەفەرماندەیی ئەبولقاسم کوڕی حاجێب هاتە سەر ئەبو شوجاع کە ئەمجارەش لەشکری دەیلەم تێشکاو باز موسڵو دەورووبەری داگیرکرد.

لەدوایا سەمسام الدوله ناچار کەوت لەشکرێکی گرانی ناردو ماوەیٚ شەڕ درێژەی بو کە لەدوایا ئەبو شوجاع تێشکاو گەڕایەوە دیاربەکر.

جارێکیتر لەبەرواری ٣٧٧ی کۆچی ٩٨٧ی زایی شەڕێکیتر لەنێوانی دەیلەمیەکانو شابازا قەوما دیسان باز تێشکاو براکەشی کوژرا.

لەساڵی ٣٧٩دا شەڕێکیتر لەنێوانا هەڵگیرسا کەچەن جێگە لەدەس شاباز دەرچوو.

شاباز لەبەرواری ٣٨٠ی کۆچیدا کۆچی دوای کرد.

بەشوێن مردنی باز برازای ئەو حەسەن (ئەبو عەلی) کوڕی مەروان کوڕی دوستك نیشتە جێگەی، بەر لەهەمور کاریٚ ئامۆژنەکەی خۆی خواست ئەنجا دەستی کردە کۆکردنەوەی سوپاو قۆشەنو کاروباری خۆی بەتین کرد.

كـوڕانى حەمـدانى تـايرو ئەبوعەبـدوڵڵا هـەڵيان كوتايـە سـەر شـارى شـابازو ئەيانەويـست تەواو ناوچەكانى وەڵاتى دوستكى داگير بكەن.

شەڕ لەنيزيكى شارى شابازدا قـەوما كەلەشـكرى حەمـەدانى تێشـكاو گـەلێكى زۆرى لىَ كوژراو ئەبو عەبدوڵڵا بـەديل گـيرا ديـسـان لەبـەروارى ٣٨١ى كۆچـيا شەڕێكى‌تر لەنزيك ديارب‌كرا قەوما كەئەم جارەش هێزى حەمەدانى تێشكا.

ئەمير ئەبو عەلى حەسـەن لەبـەروارى ٣٨٧ى كۆچـيا كچـى سـەعد الدولـەى حەمدانى مارەكرد كـەناوى (سـت النـاس) بـو، پـاش مـاوەيێكى كـەم ئـەبو عـەلى لەميافارقين بەفرِوفێڵ كوژراو ئەبومەنـسور براى نيـشـە جێگەى ئـەو، وەبوبـە پادشـاى وەڵاتى مەروانى، بەڵام ئەويش لەبەروارى ٤٠٢ى كۆچيا لەميوانى (شروە) سەرۆكى قەڵاى هەتاخ كوژرا.

بەشوێن كوژرانى ئەبو مەنسـورا ئەحـمـەد نەسـر بـەناوبانگ دادگـەر (عـادل) بـو بەجێگەدا كەپادشايێكى زۆر دادگەرو ژيرو لێهاتوبو، خەليفە (القادر باللـه) نازنـاوى (ناصـر الـدولـە)ى بۆ نارد، عادل شامير سولـەيمانى كوڕى خۆى بەناوى جێنشين ديارى كردو بەوەڵاتانى ميسرو بەغداو ئەستەمبوڵى راگەياند.

نێوانى خەڵيفەو ناسـر الـدولـە بـەهۆى چوكڵەشـكێنى ئەبوالقاسـم مەغربييـەوە تێكچوو لەبەروارى ٤١٥دا، بەڵام لەپاشان نێوانى خۆش بوەوە.

لەساڵى ٤٢٢دا لەشكرى رۆم شارى رەهاى داگيركرد كەعادل شا ناچار كەوت لەشكر بخاتە رىَ بۆ بەدەستهێنانەوەى ئەوىَ شەڕىَ لەنێوانا قەوما، لەشكرى رۆم لـىَ شكاو شارەكە دووبارە گيرايەوە.

لەساڵى ٤٣٢دا هۆزى غەز كەماوەيێك ئێرانى ناوەندىو ئازەربايجانيـان شـلـەژاو كردبو رويان كردە ناوچەى كوردستانو كوشتارو تاڵانێكى زۆريان كرد، تا لـەدوايا

هەموو کوردەکان یەکگیر بونو لەکەژەکانا بەرهەڵستی غەزەکان وەستان ئەوانیان تێشکاندو گەلێ کەسیان لێ کوشتن.

بەشوێن ئەم هەراو هوریای غەزا چەن ساڵێك هەر لەناوچەدا شەڕو کێشەبو، ناکۆکی کەوتبوە نێوانو نەزانم کاری ئەبوالحربیش زۆرتر هۆی ئەم گێروگرفتانە بو.

ئەحمەد پاشا (ناسرو الدولە) لەبەرواری ٤٥٢ی کۆچیا کۆچی دوایی کرد لەکاتێکا ٥٢ساڵ پادشایی کردبو مێژووی گەلەکانی ئیسلامی (تاریخ الامم الاسلامیەی محمد بگ الخضري) ئەڵێ لەکاتی پادشایی ناسر الدولەدا گەلێ لەزانایانو مەلا پایەبەرزەکان هاتنە ئەم وەلاتە کەیەکێ لەوانە (ئەبو عەبدوڵلای کازرونی) بو وە ئەم زانا پایەبەرزە ئاینی شافعی هێنایە وەلاتی کوردستانەوە.

ئەنسیکلوپیدیای ئیسلامی ئەنوسێ لەکاتی پادشایی ئەم پایە بەرزا لەناوچە کوردنشینەکان گەلێ شوێنەواری باشی ئاوەدانی بەدیهات وەکو گەرماو، کتێبخانە، خەستەخانە، مزگەوتو قەڵاو ڕێگاو شتانیتر.

بەشوێن مردنی ناسر الدولەدا قاسم ئەبو ناسر کوڕی لەبەرواری ٤٥٣دا نیشتە جێگەیو تاساڵی ٤٧٢ی کۆچی پادشایی کرد ئەم پادشا دیاربەکری دایە ئەمیر سەعید کەئەویش تاساڵی ٤٥٧ حوکمداری کرد.

مەنسور- کوڕی ئەمیر سەعید بەناوی مەنسور شا پاش مردنی مامیو باوکی بوبە حوکمدارو هەموو وەلاتی مەروانی هێنا ژێر دەستی خۆی، بەلام نێوانی لەگەڵ خەلیفەی بەغدادا تێکچو.

لەلایکی تریشەوە مەلیکشای سەلجوقی لەساڵی ٤٧٦دا دیاربەکری دایە فەخر الدولە کوڕی جەهیر.

مەنسور شا لەشکری نارده سەر دیاربەکر، ئەبوالفێدا ئەڵێ لەدوایا دواین پادشای مەروانی مەنسور شا لەجەزیره کەوتە گیرو دەردەس کرا وەبەمجۆره حکومەتی بنەماڵەی مەروانی دوایی هات، (٤٨٩ی کۆچی- ١٠٥٩ی زاینی).

حکومەتی بەرزیکانی حەسنەوەیە

بناغەدانەری ئەم بنەماڵە میرحسێن سەرەکی هۆزی بەرزیکانیە کە لەشارەزور دائەنیشت وەلەبەرواری ٣٣٠ی کۆچیا ئەم حکومەتە دامەزرا.

میر حسین دووبرای هەبو بەناوی (وندادو) (غانم) کەسەرۆکایەتی هەمەدان، نهاوەند، دینەوەرو سامغان بون.

لەساڵی ٣٤٩ی کۆچیا وندادو وەلەساڵی ٣٥٠دا غانم کۆچی دوایان کردو هەموو ناوچەکان کەوتە دەس برازای ئەوان حسنەوەی کوڕی میرحسین کە بەشوێن باوکیا حکومداری شارەزور بو.

لەکاتی پادشایی ئەم میرەدا روکن الدولەی دەیلەمی لەشکری نارد بۆ داگیرکردنی وەڵاتەکەی، حەسنەوەیش بەرەنگاری وەستا شەڕ کەوتە رۆژئاوای هەولێرو لەشکری دەیلەم تێ شکا، جارێکیتر روکن الدولە بەهۆی یارمەتی براکەیەوە موعێز الدولە لەشکری تەیار کردو هات، بەڵام لەلای جەهنەوە توشی شڵەژاوی بو ناچار لەگەڵ حەسنەویا ئاشتی کردو نێوانیان خۆش بو لەساڵی ٣٥٦ی کۆچیا بەختیار کوڕی موعێز الدولە نێوانی لەگەڵ حەسنەوی تێکچوو، بەڵام ساڵی دوایی ئاشتەوە بون.

روکن الدولە لەم ئاشتیە لەنێوانی بەختیاری برازاو حەسنەوی دا ئاڵۆز بو لەشکرێکی نارده سەری کەشەرێك قەوما لەدوایا بەسەرکەوتی حەسنەوی دوایی

هات کاتێ شەڕ لەنێوانی روکن الدولەو بەختیاری برازایا قەوما حەسنەوی لایەنی بەختیاری گرت.

بەشوێن ئەم گێرەو کێشەدا، چونکو عەزد الدولە لایەنگیری روکن الدولە بو بەختیار هیچی پێ نەکراو ئیش‌و کاری بەجێ هێشت.

حەسنەوی لەساڵی ٣٦٩ی کۆچی لەسارماج کەکردبویە پایتەختی خۆی کۆچی دوایی کرد.

ئەبو نەجم ناسر الدولە بەدر: پاش مردنی حەسنەوی کوڕی ئەو بوبە حوکمداری بەرزیکانی، بەڵام کوڕەکانی تری بەرهەڵستی ئەبو نەجم راوەستان‌و شڵەژاویان بەدی هێنا.

ئەم کوڕانە بریتیبوون لەئەبوعەلا، عەبدالرزاق، عاسم‌و ئەبو عەدنان، بەختیار، وە عەبدولمەلیك، هەر برایك رووی کردە وەڵاتێك تەنیا بەختیار لای ئەبو نەجم مایەوە، ئەویش لەژێرەوە لەگەڵ عەزد الدولە ساچیا بەپێچەوانەی براکەی.

عەزد الدولە لەشکریناردە سەر ئەبو نەجم، ئەم سوپا توانی بەئاسانی هەمەدان‌و ناوچەکانی تر بگرێ نەهاوەندو سەرماجیش داگیر کرا" عەزد الدولە توانی کوڕانی حەسنەوی بگرێتە ژێر دەس، لەناو ئەم کوڕانەدا بەدری کردە سەرەکی هۆزو باقی کوڕەکان‌و گەلێ لەپیاوە گەورەو ناودارەکانی کوشت ٣٦٩ی کۆچی چەن کەسێ تر کە بەرهەڵستی بەدر وەستان هەموویان گیران‌و کوژران.

بەشوێن عەزد الدولەدا نێوانی ئەمیر بەدرو فەخر الدولە کوڕی عەزد الدولە کەلەبەغدا نیشتبوە جێگەی باوکی تێکچوو، لەشکرێکی بەسەرۆکایەتی (قەرمتەکین) ناردە سەر ئەمیر بەدر کەئەم لەشکرە لەنزیك قەرمیسین کرماشانی ئێستادا تێشکا ٣٧٧ی کۆچی.

بەشوێن ئەم شەڕەدا ناکۆکی کەوتە نێوانی دەیلیمییەکانو ئەمیر بەدر لەم دەرفەتە هەلی وەرگرتو چەن ناوچەی داگیر کردو کاری خۆی بنج بەسە کرد، وەلەلایەن خەلیفەوە نازناوی ناسر الدینو الدولەی بۆ هات ناسر الدین بەدر تاسالی ٤٠٠ی کۆچی بەسەربەستی تەواو پادشایی کرد.

بەلام لەم ساڵەدا هیلالی کوڕی بەرهەڵستی وەستا کەلەو کاتا لەلایەن باوکییەوە حوکمداری سامەغان بو باوکی لەشکری ناردەسەریو بۆ خۆیشی لەشەڕەکەدا بەشداربو لەم شەڕەدا لەشکری ئەمیر بەدر تێشکاو خۆیشی بەدیلگیرا پاش بەدیلبونی ئەمیر بەدر لەکوڕەکەی داوای کرد کەجێگەیەکی پێ بدا دانیشێ ئەویش قوبوڵی کرد، بەلام باوکی چەن کەسی لێ هەڵخزاند.

فەخر الملك بەلەشکرێکەوە هاتە سەر هێلال پاش شەڕێکی قورس هێلال تێشکاو دەردەس کرا.

کاتێ هێلال لەبەندا بو تاهیر کوڕی هاتە مەیدانەوەو شارەزووری داگیر کرد.

ئەمیر ناسر الدین بەدر لەشەڕێکا کەنێوانی ئەو ئەمیر حسین کوڕی مەسعودی کورد دا قەوما کوژراو تەرمەکەی لەدەوروبەری کوفە، واتە نەجەفی ئێستا نێژرا.

پاش کوژرانی ئەمیر بەدر ئەمیر تاهیر کوڕەزای خۆی بەحوکمدار دانا، بەلام شەمس الدولە لەشکری کردە سەریو لەشەڕەکەدا ئەمیر تاهیر گیراو لەهەمەدان حەپس کرا لەلایەکی ترەوە هێلال باوکی ئەمیر تاهیر لەم بەینا لەبەند رزگاربو، لەشکرێکی نایەکەوەو لەگەڵ شەمس الدولەدا شەڕی کرد، بەداخەوە لەشکرەکەی بەدڵ شەڕیان بۆ نەکرد تێشکاو بۆ خۆیشی کوژرا ٤٠٥ی کۆچی.

برێ لەمێژوونووسەکان ئەڵێن تاهیر کوڕی هێلال لەبەرواری ٤٠٦دا لەبەندیخانە رزگاربو رۆیشتە سەر وەڵاتی بەرزیکانی، بەلام پاش بەینێك بەدەستی ئەبو الشوك کوژرا.

ئەم کوژرانەش بەو جۆرە بوە برایەکی ئەبو الشوك بەدەستی تاهیر کوژرا ئەویش لەباتی خوێنی براکەی ئەمیر تاهیری کوشت. (٤٠٨)ی کۆچی.

پاش کوژرانی تاهیر "بەدر" کوری بوبە فەرمانرەوای دینەوەرو قومش، بەلام ئەوەندە ماوەی نەبو لەلایەکی ترەوە ئەبوسەلیم برازای حەسنەوی ماوەیەکی کەم لەناوچەی زەهاوا حوکومداری کرد بۆ ئەم ئەمیرەش هەلو دەرفەت نەبو، چونکا هەتاوی بەختی ئەم بنەمالە کەوتبوە لیژی نیز هیچکامیان هیچیان پێ نەکراو فەرمانرەوایی بنەمالەی حەسنەوی‌و حکومەتی بەرزیکانی دوایی هات.

بەشوێن بنەمالەی حەسنەویدا چەن کەسێکی‌تر لەم ناوچانەدا فەرمانرەوایان کردووە کەبرێ لەمێژوونووسەکان ئەلێن هەر لەبەرزیکانیەکان بون، بەلام زۆرتری نوسەرە بروا پێکراوەکان ئەوان لەم بنەمالە نازانن وەکو ئەبو الفەتح کوری عەناز فەرمانرەوایی هەلوان ئەبوشۆك کوری موحەمەد کوری عەیار کەلەبەرواری ٤٢١ی کۆچیا تا ٤٣٧ فەرمانرەوایی کردووە.

موهەلهەل برای ئەبو شۆك بەنازناوی ئەبوماجید سورخاب کوری موحەمەد تاسالی ٤٢٩ی کۆچی سەعدی کوری ئەبوشۆك تاسالی ٤٤٤ی کۆچی سۆرخاب کوری بەدر کەنازناوی ئەبو الفەوارس بوەو لەبەرواری ٥٠٠ی کۆچیا کۆچی دوایی کردوە، پاش سۆرخاب ئەبو مەنسور کوری ماوەیەکی زۆر کەم فەرمانرەوایی کردو بەشوێن ئەوا ئەم بنەمالەش بنەبڕ بو.

هەزار ئەسپ: بەشوێن مردنی تاهیردا پێنج کوری لێبەجێ مابو کەلەسەر سپاردەی خۆی کوری گەورەی بەناوی هەزار ئەسپ بو بەفەرمانرەوای لۆرستان.

لەکاتی فەرمانرەوایی ئەم ئەمیرەدا لۆرستان زۆر ئاوەدان بو گەلێ هۆزو عەشیرە رویان تێکرد هەزار ئەسپ برێ تر ناوچەی دەورووبەری تانزیکی دزفول داگیر کرد.

هەزار ئەسپ لەبەرواری ٦٥٥ی کۆچیا کۆچی دوای کرد لەکاتێکا وەلاتێکی ئاوەدانو پڕ پارەی بەجێ هێشت.

ئەتابەك توکلە کوڕی هەزار ئەسپ

توکلە کوڕی هەزار ئەسپ کە لەدایکەوە لەبنەماڵەی سولغوری بو پاش مردنی باوکی بوبە فەرمانڕەوای لوڕستان" لەم کاتەدا ئەتابەك سەعد سولغوری بەلەشکرێکەوە رویکردە لوڕستانو شەڕێك دەستی پێکرد، بەلاّم هەم لەم شەڕەداو هەم لەدوو شەڕ ترا شکاو لەلایەن هێزی توکلەوە راونرا، بەلاّم لەساڵی ٦٥٥ی کۆچیا توکلە توشی لەهولاکوخان هات، باوەکو لەپێشا لەلایەن هۆلاکۆوە بەرێز گیرا، بەلاّم لەدوایا دەردەس کراو لەتەورێز کوژرا.

ئەتابەك شەمس الدین ئەلپ ئەرغون

پاش کوژرانی توکلە هولاکو ئەلْپ، ئەرغوانی برای ئەوی کردە فەرمانڕەوای لوڕستان کەماوە پازدە ساڵ فەرمانڕەوایی کرد بەشوێن ئەلْپ ئەرغونا چەن کەس لەم بنەماڵە هەر فەرمانڕەوای لوڕستان بون، وەکو ئەتابەك یوسوشا کوڕی ئەلْپ ئەرغون تا ٦٨٤ی کۆچی ئەتابەك ئەفراسیاو کوڕی یوسوشا کەلەبەرواری ٦٩٦دا بەدەس غازان خان کوژرا.

ئەتابەك نەسرەت الدین ئەحمەد کوڕی یوسوشا کەلەبەرواری ٧٣٣ی کۆچیا مرد.

ئەتابەك روکن الدین یوسوشا کوڕی ئەحمەد تاساڵی ٧٤٠ی کۆچی موزەفەر الدین ئەفراسیاو ئەحمەد کوڕی یوسوشا کەئەم ئەمیرە لەلایەن ئەمیر تەیموری گورکانەوە بوەتە فەرمانڕەوا.

ئەتابەك پەشەنگ کوڕی یوسوشا کەماوە فەرمانڕەوایی کەمیوە ئەتابەك ئەحمەد کوڕی پەشەنگ.

ئەتابەك ئەبوسەعید کوڕی ئەحمەد تاساڵی ٨٢٧ی کۆچی ئەتابەك شاحوسەین کوڕی ئەبوسەعید دوایین فەرمانڕەوای ئەم بنەماڵە بو کە لەبەرواری ٨٢٧دا بەدەستی غەیاس الدین کوژراو بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی لوڕستانی گەورە بڕایەوە.

بەرگی سێیەم

زەنجیرە پادشایانی میسر شام ئەیوبی

بەپێ نوسراوی مێژوونووسەکان لەیەکێ لەگوندەکانی ئازەربایجانی ئێرانا بەناوی "دوین" هۆزێکی کورد لەکوردانی (روادی) لەنزیکی ئەراندا ئەژیان کەسەرەك‌و سەرداری ئەم هۆزە ناوی "شادی" بو، زۆرتەری مێژوونووسەکان شادیان بەکوڕی "مەروان" ناوبردووە، بەلاَم (ستانلی لین پول) لەپێرەسی خۆیا شادی کوڕی "ئەیوب" ئەنوسێ‌و ئەڵێ ناونانی بنەماڵەش هەر بەم بۆنەوە بوە.

لەئەنسکلوپیدی ئیسلامیا نوسراوە کەئەم بنەماڵە لەهۆزی هازبنی بو ئەڕۆنەوە سەر پادشایانی شەدادی کورد لەدوێندا.

شادی دوو کوڕی بوە بەناوی "ئەیوب نەجم الدین" وە "ئەسەدالدین شێرکۆ" کوڕی ئەیوب نەجم الدین ناوی "یوسف سەلاَح الدین"ە کەدەوڵەتی خۆی بەناوی باوکیەوە ئەیوبی ناوناوە.

ئەیوب نەجم الدین باوکی سەلاَح الدین لەئاوابی "لیحدانقان" یا"ئێخوانقاه" لەبەرامبەری دوینەوە هاتوە دونیا، بەلاَم قازی بەهاالدین (ئیبن شەداد) ئەوی بەخەڵکی دوین داناوە، بەپێ نوسراوەیێکیتر لە"شێخەتانا" هاتوەتە دونیاوە شادی لەگەڵ "موجاهیدیدین بهروز" دا دۆست‌و هاوڕێ بون کەبهەروز لەلەی کوڕانی پادشای سەلجوقی بوە، پادشای سەلجوقی "بهروز" ئەکاتا حوکمڕانی بەغداو شارو قەلاَی "تکریت" بەناوی زیادە بەش ئەدا بەئەو.

بێهروز شادی بانگ ئەکا بۆ لای خۆی‌و فەرمانڕەوایی تکریتی پێئەدا، شادی‌و کوڕەکان‌و خێزانیان ئەڕۆنە تەکریت‌و لەوێ دائەمەزرێن، بەلاَم زۆری پێ ناچێ شادی کۆچی دوایی ئەکات‌و لەوێ ئەنێژرێ کەئێستاش قەبرو مەرقەدەکەی هەرماوە.

پاش مردنی شادی ئەیوب نەجم الدین کوڕی نیشتە جێگەی وەبوبە فەرمانڕەوای تەکریت (٥٢٦)ی کۆچی.

بەینیَ بەشوێن ئەمەدا "عمادالدین زەنگی" ئەتابەکی موسڵ لەشەڕێکدا کەلەگەڵ لەشکری خەلیفەو "قەراجا" کردی تێشکاو بەتێشکاوی هاتە تەکریت ئەیوب نەجم الدین ئەوی بەڕێز گرتو یارمەتی داو گەلێ گەمیو پاپۆڕی پێدا تا خۆیو لەشکرەکەی لەچۆمی دەجلە تێپەڕینو گەڕانەوە ئەم کارە بوە هۆی ناڵۆزی بێهروز، چەندێ بەشوێن ئەمەدا یەکێ لەپایەبەرزەکانی دەزگای بێهروز لەلایەن ئەسەد الدین شێرکۆوە کوژراو نێوان بەتەواوی تێکچوو موجاهێد الدین بێهروز ناردیە سەریان کەئەبێ بڕۆن ئەوانیش خۆیان کۆکردەوەو کەوتنەڕێ بۆ لای عێمادالدین وئەتابەك هەر ئەو شەوە کەکۆچو بار ئەکەوتەڕێ سەلاّح الدین لەدایك بو" عێمادالدین زەنگی بەچەشنێکی زۆر باش قوبولی کردنو بەعلەبەکی پێدا کەشۆڕشیان کردبو دایمرکێنن و ببنە فەرمانڕەوا.

بەم جۆرە فەرمانڕەوایی ئەیوب نەجم الدین لەتەکریتەوە گوێزرایەوە بەعلەبەك (٥٢٤) کۆچی وە تاساڵی ٥٤١ تا کاتێ عێماد الدین زیندرو بو لەوێ حکومەتی کرد.

کاتێ عێمادالدین کۆچی دوایی کرد کوڕی گەورەی نورەالدین بوە فەرمانڕەواو ئەتابەك وە هەر ئەو بەڕێزگیری لەنەجم الدینەی بەلاوە بو، تالەساڵی ٥٤٩ی کۆچی ١١٥٤ زاینی کردی بەحاکمی "دیمەشق"و هاودەنگی تایبەتی خۆی وەتاڕۆژێ کەئەیوب نەجم الدین رۆیشتە میسر بۆ لای سەلاّح الدین هەر لەم پلەدا مایەوەو فەرمانڕەوای دیمەشق بو سەلاّح الدینی ئەیوبی: "مەلێك ناسر الدین ئەبو المزەفەر یوسو سەلاّح الدین" کوڕی ئەیوب نەجم الدین کوڕی شادی دامەزرێنەرو یەکەم پادشای فەرمانڕەوایانی دەوڵەتەکانی ئەیوبی میسرو لقەکانی بەهاودەنگی

مێژوونووسەکان لەساڵی ٥٣٢ی کۆچی ١١٣٨ی زاینی لەشاری تەکریتا هاتوە دونیاو ناوی یوسو سەلاّح الدین بو خەلیفەی فاتمی "العازدین اللە" رۆژێ کەکردی بەوەزیر نازناوی "ئەلمەلیك الناسر ئەبو الموزەفەر سەلاّح الدینیو دونیا"ی پێداوە، وەلەساڵی ٥٧٠ی کۆچیدا لەلایەن خەلیفەی عەباسی (المستضی بامر اللـه) نازناوی "سولّتان الاسلامو الموسلمین"ی پێدراوە، لەساڵی ٥٧٤ کۆچیدا دووبارە هەر ئەم خەلیفە نازناوی "الموعێز ئەمیر المومنین" ناوەکانی تری زیادە پێداوە، سەلاّح الدین دەورەی منداڵی وەکو شازادەکانی تر خراوەتە بەر خوێندنو فێربونی سواریو کاروباری شەڕو وەلاّتداری "ئێستانلی" ئەڵێ باشترینو چاکترین مامۆستایان سەلاّح الدینیان بارهێناوە.

خاوەنی کتێبی (حیاة صلاح الدین الایوبي) ئەڵێ، چونکو کورد بوە سوارچاکو لەئازایيو نەترسیدا سەربەرزبوە.

قازی بەهاءالدین شەداد لەکتێبی "النوادر السلطانیة"دا ئەنوسێ سەلاّح الدین لەخزمەتی باوکیا لەخەرمانی مرۆڤایەتی گوڵەوچنی ئەکرد تابەناوبانگ بێ.

مێژوونووسەکانو لێکۆڵەران بڕوایان وایە کە لەناو پێشهاتەکانی ئیسلامو قەوماوەکانی گرنگی مێژوودا، پەیدابونی سەلاّح الدینو خزمەتە بەنرخەکانی ئەو لەرێگەی سەرکەوتوو پەرەسەندنی تەواناییی ئیسلامو بەرزیو سەرکەوتی وەلاّتە ئیسلامیەکانو ئەو شەڕانە کەلەگەڵ ئەهلی سەلیبدا بەپێچەوانەی دەسدرێژیەکانیانو ئەو خەباتە کەبۆ هەڵکردنەوەی ئالاّی ئیسلامو پێشڕەوتی وەلاّتە ئیسلامیەکانا کردویە، یەکێ لەو پێشهاتە گەورەو گرنگانەیە کەئەبێ هەتاهەتایە لەهەموو مێژووەکانا بەدرێژایی باسی بکرێ.

بەناوبانگە کە لەتەواو خۆرخەدەکانا وێنەیێکی تەواو دیاری لەخەلیفەی دووەمی ئیسلامە.

سەفەری یەکەم بۆ میسر ٥٥٩ی کۆچی ١١٦٤ زایینی

بەرلەوەی مەبەستی رۆیشتنی بۆ میسر بنوسین پێویستە کورتەیێ لەکاروباری ئەوکاتەی میسر باس بکەین.

لەساڵی ٣٥٨ی کۆچیدا سەردار جەوهەر ناوێ بەیارمەتی چەن هۆزێکی عەرەب و بەربەر هێرشی کردە سەر میسرو زەنجیرەی "ئەخشیدی" هەڵپێچاو زەنجیرەی خەلیفەکانی فاتمی مێسری دامەزراند" پاش ئەو دە کەسی دیکە لەمیسرا بون بەخەلیفە کەدوا خەلیفە ئەم رەگەزە (العازید لدین اللە) (ئەبو عەبدوڵا موحەمەد کوڕی فایز)ە کە لەساڵی ٥٥٢ تا ٥٦٧ی کۆچی فەرمانڕەوایی و خەلافەتی کرد" ئیتر لەکاتی خەلافەتی ئەلعازێدا خولی ناتەوانی و پیری و لەناوچوونی ئەم زەنجیرە گەیشت.

زۆرجار لەنێوانی گەورەکان و ئەمیرەکانی میسردا، لەسەر پلەی وەزارەت شەڕوهەرا پەیدا ئەبو، وەئەم ناحەزی و شڵەژاویە پێ بێگانەی ئەکێشا ناو کاروباری مێسر.

لەساڵی ٥٥٨ی کۆچیا پیاوێ بەناوی (شاور) بەرهەڵستی ئەلعادێل وەزیری خەلیفە وەستاو ئەوی لەکارخست و خۆی بوبە وەزیرو دەسەڵاتی بەسەر مێسرا بەناوی (زەرغەم) کوڕی عامێر بەپێوانەی شاور هەستاو شاور هەڵات و رۆیشت بۆ شام وەلە(نورەدین مەحمود) کوڕی ئەتابەك زەنگی داوای یارمەتی کرد، لەبەرانبەرەوە بەڵێنی دا کەسێ یەکی داهاتی مێسر پێشکەش کا.

(نورەالدین) "ئەسەدالدین شێرکۆ"و "یوسو سەلاح الدین" لەگەڵ تاقمێ لەپێشمەرگەکانی خۆیا بۆ یارمەتی نارد.

شاور لەناو رێگەدا بڕێ بەڵێنی بەئەسەدالدین دا.

(ابن خلكان) ئەنوسێ ناردنی سوپا لەلایەن نورالدینەوە بۆ میسر لەبەر دوو شت بو یەکێ بریتی بو لەپەنادانی شاور وەئەویتر ئەوەبو کەلەکاروباری مێسر تێبگات، بەم چەشنە لەبەرواری ٥٥٩دا رۆیشتن بۆ مێسر.

ئەمین زەکی بەگ خاوەن مێژووی کوردو کوردستان ئەم بەروارەی سالی ٥٦٢ی نوسیوە.

ئەنسکلوپیدی ئیسلام ٥٦٠ی نوسیویە.

(ئیبن شەداد) ئەنوسێ جومادی الاخری ٥٥٨ی کۆچی، بەلام چونکو زۆرتر مێژوونووسەکان کوژرانی زەرغامیان ٥٥٩نوسیوە ئەم بەرواره راستە" پاش گرتن و کوشتنی زەرغام شاور بەیارمەتی ئەسەدالدین شێرکۆو سەلاح الدین نیشتەوە سەرکەتی وەزارەت، بەلام لەدواییا هیچکام لەوادەو بەلێنەکانی بەجێ نەهێنا، لەسەر ئەمە ئەسەدالدین شێرکۆ سەلاح الدین برازای خۆی ناردە سەر بیلبیس بۆ کۆکردنەوەی خەرج و باج، وە بۆ خۆیشی مەلبەندەکانی رۆژهەلاتی داگیرکرد شاور پەنای بردە (ئاموری) پادشای بەیت المقدس ئەویش هاتە هاوار شاورەوەو شاری بیلبیس و لەشکری سەلاح الدینی گەمارەدا، بەلام بەهۆی قارەمانی سەلاح الدینەوە هیچی پێ نەکرا لەلایەکی ترەوە نورالدین کەئەترسا مێسر بکەوێتە دەس ئەهلی سەلیب لەشکرێکی ناردە یارمەتیان.

شاور لەتاوا پێشنیاری ئاشتی بەئەسەدالدین شێرکۆدا ئەویش قوبولی کردو گەمارە دوایی هات" پاش دامرکاندنی شلەژاویەکی ئەسەدالدین و سەلاح الدین گەرانەوە بۆ شام.

سەفەری دووەمی سەلاح الدین بۆ میسر ٥٦٢ کۆچی

پاش ئەوەی کەشێرکۆو سەلاح الدین ئەم ئاژاوەشیان کوژانـدەوە گەڕانـەوە بـۆ شام، بەلاّم بەچاکی لەکاروباری نالـەبارو شـلّەژاوی میـسر ئاگـاداربوبونو چـاوی تەمایان تیّ بڕیبو.

لەلایەکی ترەوە شـاور تـیّ گەیشـتبو کەئەمانـە سوکو ئاسـان دەسـتی لـەکۆلّ ناکەنـەوە لەبەرئـەم مەترسـیە نامـەی نـارد بـۆ ئـاموریو داوای یارمـەتی لیّکـردو بڕیاریّکیان پیّکەوە بەست" ئەم هەوالّە گەیشتە نورالدینو لەوە ترسا کەمیّسر دیـسان بکەویّتە داویّنی گاور.

لەبەرئەمە ئیزنی لەخەلیفەی عەباسـی وەرگـرتو جـاریّکیتر لەشـکریّکی هـەر بەسـەرۆکایەتی ئەسـەدالـدین شیّرکۆ خستەڕیّ بـۆ میّـسر" ئەسـەدالـدین پیّـی داگـرت کەئەبیّ سەلاح الدین لـەگەلّیا بـڕوا" هـەم سـەلاح الـدین دلّـی پیّـەوە نـەبو، هـەم نورالـدین حـەزی نەئـەکرد سـەلاح الـدین بـڕواو، بـەلاّم پیّـداگرتنی ئەسـەدالـدین هەردوکیانی ناچار کرد رەزا بدەن.

سوپای شیّرکۆ گەیشتە میّـرو لەجیزەدا نوردو بەزی" لەشکری ئـاموریش هاتـە ئەلفەسـتاتو لـەویّ خیّوەتی لیّدا ئـاموری لـەگـەلّ خەلیفـەی فـاتمیدا بڕیاریـان دابـو لـەدوو قۆلّەوە هیّرش بکەنە سەر سوپای ئەسەدالـدین، سوپای ئەمان لەپڕا توشی ئـەم هیّرشە بون کەسەرەتا شلّەژان، بـەلاّم بـەهۆی ژیـریو راسـپیّری سـەلاح الدینـەوە لـەشکریان کردە دوو بەشەوەو لەبەرو پشتەوە دایانـە مـل سـوپای میّـسرو ئاموریـاو بەچەشنیّکی خراپ تیایان شکاند، شیّرکۆ کەوتە شویّن لەشـکری تیّشـکاوی میّـسر تـاکو تـەفرو تونایـان کـرد، ئەسـکەندەریەیان داگیرکـرد شـیّرکۆ سـەلاح الـدینی لەئەسکەندەریە داناو کردیە فەرمانڕەوای ئەویّ، ئەمە یەکەم حکومـەتی سـەربەخۆی سەلاح الدین بو.

لەم بەینا ئاموری بەلەشکریەوە هاتە قاهیرەو هێزی خەلیفەشی تەیار کردو هێزی دەریایی سەلیبی خستەڕێو ڕۆیشتن دەوری ئەسکەندەریەیان گەمارەدا، سەلاح الدین ماوەی حەفتا ڕۆژ شەڕی کردو بەرگری لەشکری ئاموریو مێسری کرد لەم بەینا ئەسەد الدین شێرکۆ هێرشی کردە سەر قاهیرە ئەم کارە مەترسێکی زۆری خستە دڵی ئاموریو خەلیفە ناچاربون گەمارەی ئەسکەندەریەیان شکاندو ئاشتیان ڕاگەیاند.

بڕیاری ئاشتی بەسرا کەلەوەدا پەنجا هەزار دینار زیادە لەوەی کە لەدەستایانا بو بیانەنێو فەرانساوییەکان سوپای خۆیان لەمێسر بنەوەو ئەنانەت تەنیا گوندێ لەدەسیانا نەبێ بۆ بەستنی ئەم پەیمانە لەلایەن ئەسەدالدین شێرکۆوە سەلاح الدین دیاری کراو ڕۆیشتە ناو لەشکری فەرانساوییەکانو چەن ڕۆژ لەوێ مایەوە تا بۆ خۆی بەوردی لەکاروباری عەسکەری ئەوان تێگاو بڕێ نوسراوەی بۆ خۆی نوسی.

پاش دامەزرانی هێمنیو بەستنی بڕیاری ئاشتی بەو چەشنە ڕۆژی ١٨ی زی قەعیدە ساڵی ٥٦٢ی کۆچی گەڕانەوە بۆ شام.

سەفەری سێیەمی سەلاح الدین بۆ مێسر ٥٦٤ی کۆچی ١١٦٩ای زاینی

چونکو شاور بێ ئاگایی خەلیفە "ئەلعازید" لەگەڵ فەرانساوییەکانی ئاموریدا بڕیارێکی نهێنی بەستبو وەدارۆغەیێکی لەوان لەقاهیرە دانابو، وەفەرانساوییەکان لەکاروباری مێسردا دەستیان کردبوە خۆ تێکەیاندن، وە سەلیبییەکان ئاموریان هەڵەخزاند بۆ داگیرکردنی مێسر خەڵکی زۆر ئالۆز بونو خەلیفەش لەم کارەساتە زۆر پەشێو لەژێر گیروگازابو نامەیێکی بۆ لای نوردالدین کوڕی عێمادالدین زەنگی کەلەجێگای باوکیا فەرمانڕەوای شام بو نارد وە لەو نامەدا کەبڕێ قژی سەری یەکێ لەژنەکانی خۆی تێدابو دەرخوازی یارمەتی کردبو" ئەم جارەش

ئەسەدالدین شێرکۆو سەلاّح الدین بۆ کەرەتی سێیەم لەگەلّ لەشکرێکا کەوتنەرێ بۆ مێسر ئەلّبەت ئەمەش ئەبێ بزانین کەدیسان سەلاّح الدین قەت دلّی بەرۆیشتنەوە نەبو، ئەسەدالدین بەزۆرو پێ داگرتن لەگەلّ خۆیا بردی.

(قازی بەهائەدین) ئەلّێ سولّتان سەلاّح الدین بەمنی وت لەو کاتا بۆ ئەم کارە من لەهەمور نەبەدەلّتر بوم‌و حەزم نەئەکرد، یەکەمی رەبیع الثانی ٥٦٤ی کۆچی ٣ ژانویە ١١٦٩ی زاینی گەیشتنە مێسر"

ئەسەدالدین شێرکۆو سەلاّح الدین برازای لەمێسرا مانەوە" چونکو بۆیان دەرکەوت هەمور پیلانەکان لەژێر سەر شاورایەو لەگەلّ خەلیفەو خەلّك‌و ئیسلاما فروفێلّ ئەکا گرتیان‌و کوشتیان (٢٧ رەبیع الاخر ٥٦٤ی کۆچی، ئەنجا سەرەکەیان کردە نوکی رمەوەو هێنایانە لای خەلیفە.

خەلیفە "ئەلعازێد" کاتێ خۆی لەشەرِی شاور رزگاری دی بەکەیف‌و خۆشییەوە شێرکۆی بانگ کردە کۆشکی خۆی‌و پێشوازی لێکردو خەلاّتی وەزارەتی پێ بەخشی‌و نازناوی (ئەلمەلیك المەنسوری ئەمیر الجیوش)ی پێدا.

بەم چەشنە ئەسەدالدین شێرکۆ لەحکومەتی "حوس"ەوە گەیشتە پلەی وەزارەتی مێسر، ئەلّبەت لەهەمور کاروبارەکانا لەبیرورِاو زانایی‌و لێهاتویی سەلاّح الدین کەلّکی وەرئەگرت، بەلاّم دەوری وەزارەتی شێرکۆ ئەوەندەی نەخایاند پاش دوو مانگ‌و پێنج رۆژ کۆچی دوایی کرد، بەتەواوی رێگای سەرکەوتی سەلاّح الدین ئاوەلاّ بو. (دووەمی مانگی جیمادی یەکەمی ٥٦٤ی کۆچی)، "قازی ئەلفازێل" لەکتێبی "وەفەیات الاعیان"دا ئەلّێ پاش چەن سالّ تر تەرمی شێرکۆ لەگەلّ تەرمی ئەیوب نەجم الدینا گوێزرایەوە بۆ "مەدینە".

وەزارەتی سەلاح الدین لە٥٦٤ی کۆچی تا ٥٦٧

پاش لەدونیا دەرچوونی ئەسەدالدین شێرکۆ خەلیفە ئەلعازێد برازاکەی ئەو سەلاح الدین کرد بەوەزیر، باوەکو ئەمیرەکانی سوڵتان نورەالدین، وەکو قوتبەدین خەسرەو کوڕی بەلیل، ئەمیر عەین الدولە یاروقی، سەیف الدین کوڕی ئەحمەدی هەکاری، شەهابەدین مەحمود حارمی خاڵۆی سەلاح الدین لەم کاتا لەمیسرا بونو هەرکامە بەجۆرێ داوا کاری پلەی وەزارەت بون، بەلام خەلیفە هیوای هەموویانی بەتاڵ کردوە، وە لە٢٥ی جیمادی الاخری ٥٦٤ی کۆچی ٢٠ی مارسی ١١٦٩ی زاینی فەرمانی وەزارەتی وەرگرت.

لەسەرەتای کارا سەلاح الدین خۆی بەناوی (ئەلمەلیك العادی نورەدین) دائەنا، تاکو بەتەواوی هێزی گرت.

قوڵەرەشەکان بەهۆی هەڵخزاندنی ئەمیرەکانی میسرەوە شۆڕشیان کرد، سەلاح الدین فەرمانی دا شەمس الدەولە تورانشا برای شۆڕشەکە دامرکێنی کەئەویش بەدڵۆ گیان ئەم کارەی کرد ئەم شۆڕشە لەمێژوودا بەناوی قەوماوەی (ئەلسودان) ناوبراوە لەم کاتا سەلیبیەکان هێرشیان کردە سەر "دمیاط"و داگیریان کرد سەلاح الدین لەشکرێکی بۆیان نارد ئەوانی تێشکاندو شاری لێیان ساندەوەو شاری (عەقەبەشی) داگیرکرد کەلەسەر رێگەی حاجیە میسریەکانەوە بو زۆر گرنگ بو.

لەلایەکی ترەوە نورەدین هێرشی کردەسەر (الکەرك)، بەلام لەم کاتا بومەلەرزەیەکی سەخت لەهاوینی ٥٦٥ی کۆچیا قەوماو گەلێ شاری روخاند.

هەموویان ناچار چەکیان داناو خەریکی ئاوەدان کردنەوەی مەڵبەندە رووخاوەکان بون.

هێرش بۆ فەلەستین ٥٦٦ی کۆچی

سەلاح الدین لەساڵی ٥٦٦ی کۆچیا پاش دامەزرانی کاروباری ناوخۆیی مێسرو سپاردنی کارە گرنگەکان بەخزم و کەس و کارەکانی خۆی و بەتێنکردنەوەی سوپاو لەشکر لەمێسر هاتە دەرەوەو روی کردە فەلەستین وە تانێزیکی (رەمە عەسقەلان) رۆیشتە پێشەوە شاری (غەزە)ی داگیرکرد.

پادشای فەرانساوی بەیتولموقەدەس بەلەشکرێکەوە هات بۆ بەرگری سەلاح الدین، بەلام بەچەشنێکی خراپ تێ شکا ئەنجا سەلاح الدین گەڕایەوە بۆ مێسر پاشان بۆ دامەرزاندنی هێمنی تەواو لەنێوانی رێگای مێسرو فەلەستینا هەم لەلایەن دەریاوە، هەم لەرێگای زەویەوە هێرشی کردەسەر بەندەری "ئیلە"و ئەوێی گرت.

ئەمین زەکی بەگ لەمێژووەکەیا ئەنوسێ گۆڕینی کارەساتی سوپایی و سیاسی مێسر لەهەرگریەوە بەرەو هێرشی بەلای گەلی مێسرەوە پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو و گرنگ بو وەئەمە بوە هۆی زۆرەوەچونی پلەو پایەو خۆشەویستی سەلاح الدین و ئەوی بەرەو ویست و ئاواتی خۆی ئەبردە پێشەوە ئەنسکلوپیدی ئیسلام ئەڵێ ئەو هێزانە بەچەشنێ بون، کارەساتی لەگەڵ ئەوا سازگارکردبو، لەوی مرۆڤێکی بەتەواوی بەرخوردار پیشان ئەدا کەئەتوانێ ئەو هێزانە بەکاربیا.

دوایی هاتنی خەلافەتی فاتمی و پادشایی سەلاح الدینی ئەیوبی

وەکو لەمەوپێش نوسیمو دەرکەوت سەلاح الدین رۆژ بۆ رۆژ بەهێزتر ئەبو وەهەمور کاروباری وەلاتی گرتە ژێر دەس لەناوکەدا فەرمانڕەوای راستەقینە ئەوبو، ئیتر بۆ خەلیفە جگە لەناوێکی بێناو کە شتێ نەمایەوە.

خەلیفە پاش نەخۆشییەکی سەخت لەبەرواری ٥٦٧ی کۆچیا مرد بۆ جێگەنشینی دیسان لێرەدا بیرورای هەمور مێژوونووسەکان وەکو یەك نیە برێکیان وتویانە چەن

رۆژ بەر لەمردنی ئەلعازیند بەپێی فەرمانی سەلاّح الدین خوتبەو وتار بەناوی خەلیفەی عەباسییەوە خوێنرا عەباس اقبال ئەنوسێ کاتێ ئەلعازیند مرد لەنێوانی خەڵکیا لەسەر هەڵبژاردنی خەلیفە چەن بەرەکێ بەدی هات تا لەرۆژی هەینیدا. کاتی خوێندنی نوێژی جومعە مرۆڤێکی ئێرانی لەلایەنگیرانی سەلاّح الدین لەسەرکەتەوە بەناوی موستەزیی خەلیفەی عەباسی وتاری خوێندەوەو سەلاّح الدینی بەناو سوڵتان ناوبرد، وەرێکەوت وابو لەلایەن هیچ کەسەوە رەخنە نەگیراو دەنگی ناحەزی هەڵنەبرا.

جۆرجی زەیدان چیرۆکێکی گێڕاندوەتەوەو ئەڵێ: سەلاّح الدین بەپێ هەڵبژاردنی ئەلعازیند وە دەنگی تەواو سەردارەکانەوە بوەتە سوڵتانی مێسر.

بەهەر جۆر بێ یوسو سەلاّح الدین کوڕی ئەیوب نەجم الدین لەبەرواری ٥٦٧ی کۆچیا بوبە پادشای مێسرو زەنجیرەی خولەفای فاتمی کەماوەی دوو سەدە بەسەر مێسرا فەرمانڕەواییان کردبو دوایی هاتو هەڵپێچرا.

ئەنسکلوپیدی ئیسلام ئەنوسێ سەلاّح الدین لەکاتی مردنی خەلیفە ئەلعازێدا ئەو هەلەی دەس کەوتبو وەئەیتوانی ماڵو داراییکی زۆر بەدەس بێنێو خەزنەو گەنجینەیکی زۆر پێکەوە بنێ.

بەلاّم هەموو خەزنەکانی خەلیفەی وەکو (بەیتولمال) لەنێوانی لەشکرا دابەشکردو بۆ خۆی هیچی دانەنا.

لەکتێبی (حسن الخازره) لاپەڕەی ٢٥دا نوسراوە پاش هەڵپێچرانی خەلافەتی فاتیمیەکانی مێسر سەلاّح الدین لەرۆژی هەینی، سێیەمی مانگی سەفەری ئەوساڵا یانێ مانگی پاش خوێندنی خوتبە بەناوی خەلیفەکانی عەباسیو پادشایی سەلاّح الدین گەلی میسری لەدانی سورساتو ماڵیات تەرخان کرد، وەئەم کارە لەدڵی خەڵکیا زۆر شوێنی گرت.

"نورەدین زەنگی" تەمادار بو کەسەلاح الـدین خـۆی بەژێردەسـتەی ئـەو دانـیٚو وەلاتی مێسر بکاتە بەشێ لەمەڵبەنـدی حکومـەتی ئـەو، بـەلام مـاوەیێ بـوردو لـەم مەبەستە هەواڵی نەبون لەسەر ئەمە نێـوانی نـورەدینو سـەلاح الـدین تێکچـوو، تـا لەدوایيا بەهۆی ناوجیگەری شەمس الدولەو پێداگرتنی نەجم الدینەوە تـۆزێ نێـوان خۆشبو، بەلام لەناوکەدا هەر نێوان قورئاویو لێڵ بو.

سەلاح الدین بۆ بەرگری پەرەسەندنی مەترسی "نورەدین" پێویستی زانـی وەلاتـی خۆی پەرە پێداو لەساڵی ٥٦٨دا شەمس الدولەو تورانشا برا گەورەی خـۆی نـارد بۆ (ئاسوان)وە لەوێوە رۆیشت بۆ (نەوبـە)و قـەلایێکی قـایم بـەناوی (ئـەبزیم)و ئـەو جێگایانەی داگیرکرد.

کۆچی دوایی ئەیوب نەجم الدین ٥٦٨ی کۆچی

لەم بەینا کەتۆزێ نێوانی سەلاح الدین لەگـەڵ نورەدینـا بـاش بوبـوەوەو ئاشـتی بەهۆی نـاجێگری نـەجم الـدینا بـەدی هـاتبو، نـورەدین لەسـەلاح الـدینی ویسـت کەلەگەڵ لەشکرێکا بەرەو فەلەستین بکەوێتە رێو بـۆ خۆیشـی لـەولاوە بێـت بـۆ شەڕێ پادشای بەیتولموقدێس، سەلاح الدین قوبوڵی کردو رۆیشت، بەلام هـەرکاتێ ئەوەڵ کەچاوی بەنورالدین کەوت زانی کەلەدڵەوە لەگەڵیا پاكو یەك رەنـگ نیـە، سەلاح الدین نەخۆشی باوکی کردە بیانوو گەڕاوە بۆ میسر، چونکو لەم کاتـا رێـك کەوت وابو "ئەیوب نەجم الدین" لەئەسـپ گلابـوو وەتوشـی دەردێکـی گـران بـو، هەرچەندە تیمار کراو دەرمانیان کرد قازانجی نەبو، ئەیوب نەجم الدین کۆچی دوایی کرد.

برێ لەمێژوونووسەکان بەرواری مردنی لـەویان رۆژی ١٨ی زیحەجـەی ٥٦٨ی کۆچی نوسیوە.

حەوزو مزگەوتێکی جوان لەقاهیرەو هەروەها خانەقایێ بەناوی نەجیە لەبەعلەبەکا بەدەستی ئەیوب نەجم الدین دروس کراوە، شوێنی ئەوە.

کاتێ سەلاح الدین لە(ئەلکەرك)ەوە ئەگەڕایەوە هەواڵی لەدونیا دەرچوونی بابی پێدرا زۆر پێی ناخۆش بو بەتایبەت بۆ ئەوە دڵگران بو کەلەدواهەناسەدا لەسەریەوە نەبو.

سەلاح الدین جارێکیتر تورانشا براگەورەی خۆی خستەڕێ بۆ یەمەن بەویستی پەرەپێدانی وەڵاتو بەدەسهێنانی ناوچەکانیترو کۆکردنەوەی سوپا بۆ بەتین کردنەوەی کاروباری خۆی.

تورانشا لەساڵی ٥٦٨دا کەوتەڕێو لەیەمەدان مرۆڤێ بەناوی عەلی کوڕی مەهدی خارجی فەرمانڕەوایی کردبو کە لەساڵی ٥٥٤دا ئەوێ داگیرکردبو ئێستا کوڕی ئەو (عەبدو نەبی) حکومەتی ئەکرد لەگەڵ تورانشا شەڕی کرد، بەلام تێشکاو تورانشا یەمەنی داگیرکردو مرۆڤێکی بەناوی (موبارەك) لەلایەن خۆیەوە کردە حاکم، بۆ خۆی رۆیشت بۆ عەدەن لەوێشدا (یاسێر کوڕی بیلال) کەلەلایەن عەبدونەبیەوە حکومەتی ئەکرد خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد، بەلام ئەویش تێشکاو عەدەنیش داگیرکراو (عیزالدولە عوسمانی) کردە فەرمانڕەوا کەئەم عیزالدینو بەرەی ئەو تادوایی هەر لەوێ فەرمانڕەوا بون.

نورالدین لەم کارانی سەلاح الدینو لەگەڕانەوە بەرنگەیا زۆر ئاڵۆزو تورەبو، ویستی بڕواتە سەر مێسرو ئەوێ داگیربکا، بەلام مردن هەلودەرفەتی پێنەداو لەرۆژی چوارشەممەی ٢١ی شەوالی ساڵی ٥٦٩ی کۆچی، کۆچی دوایی کرد پاش مردنی ئەتابەك نورالدین کوڕی ئەو بەناوی سالح ئیسمایل نیشتە جێگەی لەکاتێکا منداڵێکی یانزە ساڵەبون بەلام خزمو کەسوکاری هەر کام لەلایێکەوە سەریان هەڵبڕی جێگاێکیان داگیرکرد، بەلام سوڵتان سەلاح الدین ئەوی بەرەسمی ناسی

وەنامەیێکی نرمی‌و هەرەشەی ناردەسەر ئەوانی‌تر بڕێکیان ملیان نەدا، وەسوڵتان سەلاح الدین ئەمەی کردە بیانو بڕێ جێگەی دورەدەستی داگیرکرد، پاش ئەوە کسەلاح الدین هەموو جێگاکانی گرت ئەیویست بڕوا بۆ دەیمێشق‌و ئەوێش بگرێ، بەلام لەم کاتا ئاموری پادشای بەیتولموقەدەس مردبو کوڕێکی مندالی بەناوی "بودوین"ی چوارەم نیشتبوە جێگەی‌و (ریمون) ناوێ چاودێری کەری ئەوبو.

سەلاح الدین ئەم لای بەجێهێشت‌و بەلەشکریەوە هێرشی کردەسەر (حومس) ٧ی رەجەبی ٥٧٠ی کۆچی شەڕ لەوێ دەستی پێکرد تا لەدواییا پاش شەڕێکی یەك مانگە ئەوێی گرت.

لەم لاوە (سیف الدین غازی) ئامۆزای مەلیك سالح کەفەرمانڕەوای موسڵ بو بەناوی لایەنگیری سالح ئیسمایل قۆشەنێکی رازاندەوە هات بۆ شەڕ لەگەڵ سەلاح الدین" شەڕ هەڵگیرسا، بەلام لەدواییا لەشکری شام تێشکاو گەلێ کەسیان دەسگیربون سەلاح الدین دەردەس کراوانی بەرەلا کرد، شارەکانی "ئەلەغەرە" "کفرتاب" "ماردین"یش کەوتە سەر مێسرو ژێر دەستی سەلاح الدین.

(سەیفوالدین غازی) دانەمرکاو جارێکی‌تر لەشکرێکی نایەکەوەو هات بۆ شەڕ لەگەڵ سەلاح الدین‌و ئەم جارە مەلیك سالحیشی لەگەڵ خۆی هێناو کردیە هاودەس، ئەم جارەش بەسەختی تێشکان‌و هەموو باروبنەو خێوەت‌و شتومەکیان کەوتە دەس سەلاح الدین.

بەشوێن ئەم شەڕەدا خەڵکی شام لەسوڵتان سەلاح الدین داوایان کرد کەبڕواتە ئەوێ‌و گەلێ لەسەرکردەو گەورەکانیش لەم بانگکردنەدا بەشداریان کردبو، ناسر لەم بانگ گەیشتنە پێشوازی کردو بێ ماتڵی رۆیشتە ئەوێ، لەڵبەت ئەمەشی بەخەلیفەی بەغدا هەواڵ دابو کەپێویستە سوریەشی بەدەستەوەبێ تا باشتر بتوانێ بەرهەڵستی سەلیبیەکان بوەستێ‌و لەڕێ گەورەیی ئیسلاما خەبات بکا، بەم جۆرە

مەلیك ناسر سەلاح الدین لەئاخرو ئوخری رەبیع الاولی ٥٧٠ی کۆچیا رۆیشتە ناوشاری شام، لەپێشا رۆیشتە خانوەکەی خۆیان تا لەدوایا قەلاو کۆشکی ئەتابەکیان پێشکەشی کرد، لەویش تەواو ماڵیو داراییو خەزنەی بەسەر لەشکرو خەڵکا دابەش کردو شامیش بوە یەکێ لەوەلاتانی ژێردەستی، ئەنجا (سەیفو الاسلام تەفتەکین) برای خۆی کردە حاکمی ئەوێو بۆ خۆی روی کردە (حومس) ئەوێشی لەدوژمن پاك کردەوەو رۆیشتە (حەما) حاکمی ئەم شارە ئەمیر عیزالدین جوردیك بوو کەلەسەفەری سێیەمی میسرا هاوڕێی شێرکۆو سەلاح الدین بو، حاکم لەسوڵتان پێشوازی کردو لەئەنجاما سەلاح الدین ئەوی هەر لەوێ داناوە.

ئەنجا روی کردە حەڵەب وە لەرۆژی سێیەمی جمادی الاخری ٥٧٠ی کۆچی شاری گەمارەدا.

(کوموشتەکین)و چەن کەس تر لەمەلەپێچیکەران لەوێ بون دەسیان کردە پیلان گێڕانو نامە ناردن بۆ رێمون حاکمی تەرابلوسو شێخ راشدالدین سنان سەرەکی ئیسماییلیەکان رێمون حاکمی فەرەنگ لەشکری کردەسەر خوس ئەم هەواڵە گەیشتە سەلاح الدین گەمارەی حەلەبی واز لێهێناو روی کردە لەشکری قودس، رێمون گەڕایەوەو بێ شەڕ ئەم کارەساتە دوایی هات، بەلام سەلاح الدین دەستی هەڵنەگرتو بەلەشکریەوە هێرشی بردەسەر عەسقەلانو دەورووبەرێو ماڵێکی زۆری لەخاچ پەرستەکان وەرگرت.

وە لەدوایا ساڵی ٥٧٣ی کۆچی بەرانبەری ١١٧٧ی زایینی قەلای حەڵەب کەوتە دەس سەلاح الدین لەویش فەرمانڕەوایی حەڵەبی سپاردە مەلیك زاهێر کوڕی خۆی.

لەساڵی ٥٧٤دا گاورەکان هێرشیان کردە سەر شام کەلەو کاتەدا فەڕوخشا برازای سەلاح الدین لەوێ بو بەلەشکریەوە رووی کردە قۆشەنی سەلیب پاش

شەڕێکی توندو سەخت بەچەشنێکی خراپ ئەوانی تێشکاندو لەم شەڕا سەرەکی قۆشەنی سەلیب کوژرا.

لەساڵی ٥٨٣دا جارێکیتر شەڕێ لەنێوانی ئەهلی سەلیبو سوڵتان سەلاح الدینا قەوما کەپاش ماوەیەکی درێژ سەلیبیەکان تێشکان بەشوێنیا شارەکانی (نابلوس) (حەیفا) (ناسرە) (عەسقەلان)و (قیساریە)و چەن جێگەی تر کەوتە دەس لەشکری سەلاح الدین.

سوڵتان پاش ئەم پیرۆزییە هاتەسەر قەلای یافۆ ئەوێ گرت، ئەم کارە بوە هۆی ترسانی گاورەکانو داوای ئاشتیان کرد، قوبوڵ کراو بۆ ماوەی دوو ساڵ بڕیاردرا.

سەلاح الدین کە لەشەڕی ئەهلی سەلیب تۆزێ رزگاربو ویستی لەم فرسەتە کەڵك وەرگرێو کاری جزیرەش ساغ کاتەوە هەڵی کوتایە سەر ئەرمەنیەی بچوكو ئەویشی ناچار کرد ئاشتی بکا بەشوێن ئەوەدا گەلێ لەوەلاتە بچکۆلەکان ملدانی خۆیانیان راگەیاند، وەکو موسڵ جەزیرە، هەولێر، حسن کێف، ماردین.

لەساڵی ٥٧٦دا مەلیك ناسر سەلاح الدین گەڕایەوە بۆ میسر تا بەتەواوی خۆیو لەشکری تەیار بکا بۆ شەڕی هەرە گەورە لەگەڵ فەرەنگدا.

بەلام لەپێشان برێ جێگای موسوڵمان نشین بەتایبەت ناوچە کوردنشینەکان مابو کەبگیرێ یا بینە هاوقەوڵ بۆ ئەمە لەشکری خستەڕێو هات بەرەو ژور، سەرەتا گەیشتە شام، لەناو رێگەدا قەلای (بیسان) گیرا، ئەنجا لەرۆژی ٢ی رمەزانی ٥٧٨دا سنجاری گرت، لەدوای سنجار روی کردە قەلای (ئامێد) دیاربەکرو ئەمانەشی داگیرکرد لەو بەینەدا هەواڵی پێگەیشت کەعیماد الدین حاکمی حەلەب لەگەڵ ئەهلی سەلیبا رێك کەوتووە سوڵتان گەڕایەوە بۆ ئەوێ لەناو رێگەدا (غیتالی) گرت موحەرەمی ٥٧٩ی کۆچی ئەنجا حەلەبی گەمارەدا عیماد الدین کەزانی چار ناکا داوای لێبوردنی کرد، وتی سنجار بمەن بلە لەبەرانبەرەوە ئەملا

هەمووی بۆ سولتان ئەم ئاڵوگۆڕە کراو حەڵەب بوە هی سولتان کەیەکێ لەهۆنەرانی ئەوکاتە هۆنراوەیێکی بۆ ئەم پیرۆزییە داناوە.

کورتەییێ لەبارەی شەڕەکانی سەلیبیەوە

لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا دوو کۆلاراوی گەورە لەعالەمی ئیسلاما قەوما، یەکێکیان هێرشی تورکەکان بو، ئەوی دیکە هەنگامەی گەورەی شەڕەکانی سەلیبیە.

عەرەبەکان کاتێ تورکستانیان داگیرکردو بەسەر تورکا زاڵبون گەلێکی زۆر لەتورکە دیلکراوەکانیان لەگەڵ خۆیانا بەیەخسیری برد تابونە پارێزەری کۆشكو قەڵای خەلافەتو خزمەتکاری نێزیك ئەنجا وردە وردە هێزیان گرت تاجێگایێ کەدەسە جڵەوی کاروباری حکومەتیان بەدەس هێنا.

خولی خەلافەتی فاتمییەکان کەیازدە خەلیفە ماوەی ٢٩٠ساڵ لەساڵی (٣٥٨ تا ٥٦٧ی کۆچی) خەلافەتیان کردووە ئەم خولە بەسێ دەورە دابەش ئەکرێ" دەورەی یەکەم خولی دەسڕۆیشتنو دەسداری تورکو بەربەر لەدەزگای خەلافەتا، دەورەی دووەم خولی دەسەڵاتی تورکو رەشپێسەکان، دەورەی سێیەم خولی دەسەڵاتی تورکو گاور" تورکەکان زۆر دەستیان پەیدا کرد بەتایبەت لەماوەی خەلافەتی "زاهیر لاعزازی لدین اللە" بەجۆرێ کەئیتر دەسەڵاتی بەربەرەکان لەناوچوو تەنیا تورکەکان بون ئەم کارەساتە لەخولی خەلافەتی "موستنصرو باللە"ش دا درێژەی بو، لەگەڵ ئەوەشدا، چونکو دایکی ئەم خەلیفە ژنێکی رەشپێستی بەپارە کڕراوبو، گەلێکی زۆر لەقوڵە رەش پێستەکانی هاو رەگەزی هێنایە دەزگای خەلافەتەوە وەزۆرتر لەهەزار رەش پێس تەنیا لەناو لەشکرا بو" باوەکو خەلیفە بەدەسەڵات بو، بەڵام هەر هاتنو بونی ئەم رەشپێسانە لەگەڵ تورکەکان دوو هۆیی بەدیهێناو بوە هۆی ملەملێو شەڕی ناوخۆیی تائەو جێگا، خەلیفە ناچاربو لەحوکمڕانی شام

کەگاورێك بو بەناوی "بەدر الجمالی" داوای یارمەتی کرد ئەویش بەلەشکرێکی مەسیحیەوە هاتەمێسر گەلێ لەسەرۆکانی ئەرتەشی کوشت و زۆربەی لەشکری گاوری لەوێ دانا، لێرەدا زۆرتری سوپا تورك و مەسیحی بو.

تورکەکان دەسەڵاتی زۆرتریان بو دەمیان کردە ئازارو چەرمەسەری هەمووان لەدەوروبەرا حکومەتێکیان دانا کەهەمور لێ لائۆزبون و بەتایبەت زیارەتکەرانی مەسیحی ئەوروپا کە لەرێگای زیارەتی بەیتولموقەدەسا توشی جەزرەوە ئەبون، بەهۆی ئەم کاروبارەوە خەڵکی وەلاتانی ئەوروپایی کەوتنە جوڵەجوڵێ لەدوایا بەهۆی هەڵخزاندنی "پیرئرمیت" کەیەکێ لەقەشەکانی گەورەی فەرانسە بو لەساڵی ١٠٩٥ی زاینیدا ئامادەی شەڕ بون" هەر ئەم قەشە فەرمانی شەڕی لە"توروین" پایی ئەوکاتە وەرگرت.

لەم بەروارەدا ئەم قەشە لەگەڵ قۆشەنی گاورەکان هێرشی کردە سەر فەلەستین و ئەوی داگیرکردو "گود فرۆادو بویون"ی کردە حوکمڕانی ئەوێ.

لەسەدەی شەشەمی کۆچیدا بەهۆی پیرۆزیێکەوە کەئەهلی سەلیب لەرۆژهەڵاتا بەدەستی هێنا شێرگیر بون و لەساڵی ١١٤٧ی زاینیدا شەڕی دووەمیان دەس پێکرد، بەڵام ئەمجارە خولی پادشایی کوڕی شێر سەلاح الدینی کورد بو کەئەوانی تێشکاندو فەلەستینی گرتەوەو مەسیحییەکانی لەوێ دەرکردو بەیتولموقەدەسی کردەوە هی ئیسلام.

پاش ئەوە شەڕی سێیەمی سەلیبی کەسەخت ترین و گرنگترین شەڕەکان دەستپێکرا کە ئەویش هەر بەتێکشکانی ئەهلی سەلیب دوایی هات.

جارێکی‌تر ئەمپراتۆری بەناوبانگی فەرانسە "سەن لویی" لەگەڵ لەشکرێکی زۆرا هێرشی کردەسەر فەلەستین و تایێ دیواری شار هات، بەڵام تێشکاو خۆی دەردەس کراو سوپاکەشی تەفرو تونا بو ئەم شەڕانە بەینابەین هەر درێژەی بو، ئەم ئەمپراتۆرە

هەموو جارێ خەڵکی ئەوروپای تەیار کردو ئەیانهێنا بۆ گرتنەوەی فەلەستین تاکو لەشەڕی هەشتەما لەبێ دیواری (تونسا) تاعونی گرت و لەشەڕی هەشتەما ئاواتی بردە قەبرەوە.

ئەڵبەت ئەم مەبەستە کارێکی سوک و ئاسان نەبوە، دەها کەس لەپادشایان و دەسەڵاتدارەکانی ئەوروپا لەگەڵ لەشکرو سوپاو قوشەنی زۆرا ئەم هەشت جارە بەتەواو هێزو دلێری و لەگیان بوردوییەوە، بۆ دەس پەیداکردن بەسەر مەزنترین و گەورەترین و خۆشەویسترین جێگا تێکۆشاون و برێ جار تاپشتی دیواری ئەورشەلیم چونەتە پێشەوەو بەدەستی خاڵی گەڕاونەتەوە، بەچەشنێ کەیەکێ وەکو "ریشارد" شێردڵ لەمپراتۆری ئاوداری انگلیز بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە تەماشای "بەیتولموقەدەسی" کردو وتی ئەی عیسای مەسیح بۆ خۆت ئەزانی تائەو جێگا واپێویست بو تێکۆشام، بەڵام نەمتوانی کارێ بکەم و ئەوا دەس بەتاڵ گەڕامەوە.

گرنگی فەلەستین: فەلەستین بەتایبەتی ناوەندی ئەوێ "بەیتولموقەدەس" زۆر لەمێژەوە گرنگی ئایینی زۆرێکی بووە لەوانەیە کەبڕوا ناڕوات هیچ جێگایێ لەدونیادا ئەوەندە گرنگ بوبێ شوێن کەوتووانی ئایینی "موسا" ئەوێ بەمەڵبەندی وادەدراو "ئەرزە مەوعود" وەشوێنکەوتووانی ئایینی مەسیح لەتەواو دونیادا ئەوێ بەخاکی پاکی "عیسا"و "توربەلی عیسا"و جێای پەیدابوون و نەمانی ئەزانن، وە بۆ موسوڵمانەکان و شوێنکەوتوانی ئاینی "موحەمەد" قیبلەی یەکەم و جێگەی ئاسمان چونی پێغەمبەری خۆیان ئەزانن و شوێنکەوتوانی هەرسێ ئایین بۆ گرتن و راگرتن و پاراستنی ئەوێ لەهیچ چەشنە خەبات و لێبوردوویێ کۆتاییان نەکردووەو ناکەن، بەڵام گەرموگوڕی ئەم ویستە لەسەدەکانی نێوەڕاستا زۆرتر لەهەموو کاتێ بوە.

ئەزانین موسوڵمانەکان لەساڵی ١٥ی کۆچی ٦٣٧ی زاینی لەخولی خەلافەتی خەڵیفەی ئیسلاما داگیریان کرد" وەئەم خەڵیفە بۆ خۆی هاتە ئەوێ و بەڵێنی

پاراستنی گیان‌و ماڵو ئازادی دینی بەمەسیحییەکانداو لەپاشا چاودێری ئەکراو ئەم بڕیارە زۆرو کەم بەڕێوە ئەبرا.

بەڵام خەلیفەکانی فاتمی لەم ڕەوشتە کۆتاییان کرد بەتایبەت خەلیفەی سێەمی ئەم زەنجیرە "ئەلحاکم بامر اللـە" لەبەرواری (٣٨٠-٤١١)ی کۆچیا فەرمانی یاساغ کردنی زیارەتی مەسیحیەکانی دەکرد.

جارێکی تر لەبەرواری ٤٧١ی کۆچیا (مەلیك شای سەلجوقی) کەبەسەر ئەوێدا دەسەلاتی پەیداکردو (ئەکێش) بەرای خۆی لەوێ کردە حاکم سەبارەت بەمەسیحیەکانی فەلەستین زۆر سەختیان بۆ پێشهێنانو سەبارەت بەئازاری زیارەت کەران قەت دەسیان نەئەگێڕاوە، تاکو هەروەها کەوتمان لەساڵی ١٠٩٥ی زاینیدا (ئورروین)ی دووەم پاپ فەرمانی شەڕی دەرکرد بەجۆرێ کەتەنانت هەموو قەشەکان‌و سەرۆکانی ئاینی تەواو دانیشتوانی کلێساو نوێژخانەکان بۆ شەڕ ئەبێ بڕوا تەواو قەرزدارەکان لەدانەوەی وام‌و بەندیخانەو کوژراوان ئازادکران بەو مەرجەی لەشەڕا بەشداری بکەن، بەم چەشنە تەواو ئەورووپا کەوتەڕێ تاکو لە(ژوەنی ١٠٩٩ی زاینی)دا شوێنکەوتوانی عیسا مەسیح چاویان بەدیاری فەلەستین کەوت‌و لە٢٣ی شەعبانی ٤٩٢ی کۆچی شاری ئەورشەلیمیان لەدەس تورکەکان دەرهێناو بەشوێنیا گورد فروادو بویون بوە حاکمی ئەوێ، لەپاشا بەرەی ئەو تاساڵی ١١٧٣ی زاینی ٥٧٠ی کۆچی ئاموری مردو کوڕی ئەو "بوردوینی چوارەم" جێگەنشینی ئەو بڕیاری دەس لەشەڕکێشانی چوار ساڵەی لەگەڵ سەلاح الدینا بەست ئەم حکومەتە هەر درێژەی بو تاکو لەساڵی ٥٨٢دا بڕیارەکە بەتاڵ بووەوە ئەوەش بەهۆی دەسدرێژی حاکمێکی فەرانساوی ئەلکەرك دابو کەهەڵمەتی دایە سەر کاروانێکی موسوڵمان‌و تالانی کردو ژنانی هاوڕێ کاروانەکەی بەدیلی برد کە(زمروت خاتون) خوشکی سەلاح الدین لەناو ئەوانا بوو.

ئەوەبو کەسەلاح الدین لەشکری کێشا بۆ ئەلکەرك و ئەوێ داگیرکردو دیلەکانی ئازادکردو ئەنجا "سەفوریە" "تەبەریە"و قەلاکانی دەوروبەری داگیرکرد.
لەیەکێ لەو قەلایانە سەلیبی خاوێن کەبیان ئەوت (سەلیب الصەلبوت) کەوتە دەس ئیسلام.
لەم شەڕا سەرەکی دەستەی هەیکەل کەیەکێ لەپێشەواکانی گەورەی ئاینی عیسا بو لەبورجی (عوبون) لەگەڵ چەن قەشەو برێ لەگەورەکانی وەڵات وەکو (یوحانا عەمەدان) خاوەنی تەبەریە براکەی (جیل)و چەن کەسێکیتر لەگەورەکانی (قودس-عەکا) دەردەس کرابون، سەرەك مردو لاشەکەی لەبەرانبەر پارەیێکی زۆرەوە درایە گاورەکان هەر لەم شەڕا، عەکا، عەسقەلان، ئەرەمەلن ئەدارم غەزە، ئەخەلیل، بەیتولەحم، بەیت جیبرەییل-سۆو چەن قەلای تر کەوتە دەس لەشکری سوڵتان سەلاح الدین و تەواو ئەم سەرکەوتانە لەماوەی سێ مانگ و نیوا بەدەس هات ئیتر تەنیا فەلەستین یا شاری پیرۆزی "قودس" مابوەوە.

گرتنی فەلەستین پاکەورەترین پیرۆزی

پاش پیرۆزییەکان و گرتنی شارەکانی دەوروبەری شاری "قودس" دواپلەی پیرۆزی و دوائامانج کەئەبوا بەدەس بێ گرتنی (بەیت المقەدەس) بو کەوادەی گرتنی گەیشتبو، دیارە ئەم شەڕەو بەرگری سەلیبییەکان لەم شارە خاوێنە چەن گرنگ و چەندە ئەبێ توندوتیژ بێ وەرگرتنی ئەوێ لەدواپلەی سەختی دا بوە.
سوپای سوڵتان بەدوا پلەی لێبوردویی و تێکۆشان خۆیانیان گەیاندە پای دیواری شارو ئەویان بەتەواوی گەمارەداو زۆریان بۆ خەڵکی شار هێنا، لەم کاتا گەورەکانی شارو ئاینی مەسیح پێشنیاری ئاشتیان داو ئامادەبون شار بدەنە دەستەوە پێشنیار قوبوڵ کراو بڕیار بەسرا کەیەکێ لەبەشەکانی بڕیارنامە ئەوەبو تاچل ڕۆژ پاش مۆرکردنی

بڕیارنامە هەر پیاوێ ١٠دینارو هەر ژنێ پێنج دینارو هەر منداڵێ دوو دینار بدا ئەتوانێ لەشار دەرچێ بێ ئەوەی لەگەڵ مەترسیدا رووبەڕو بێ ئەگینا دیلەو ئەبێ بەبەردە.

هێشتا مانگێ نەبوردبو کەشار چۆڵ بو هەربۆیێ کەم دەسی تێدا مایەوە، کەحەوت هەزار کەس لەسەر تکای (مەلیك عادل) برای سوڵتان بەخشرانو بەم جۆرە پارەیێکی زۆر بو (بەیتولمال) کۆبوەوەو شارەکە لەگاور خاوێن کرایەوە(٥٨٥-١١٨٨).

سەلاح الدین پاش دامەزراندنی کاروباری شاری پیرۆزی (قودس) بەلەشکرییەوە لەوێ کەوتەڕێو دەستی کردە گرتنی شارو قەلاکانی تری دەوروبەر کە لەماوەی سێ مانگا (حەبەلە- ئانتروس- لازقیە- سەهیون- بکاس- ئەشەقەر- بەرزیە- دەربساك- ئەنتاکیە- سەفەد- ئەشوبەك)و چەند جێگەی تر گیراو بە وەلاتانی ئیسلام زیاد کرا.

شەڕەکانی سێیەمی سەلیبی بەشوێن گرتنی قودسا کرا کەلەوەش بەسەرکەوتو پیرۆزی سوڵتان سەلاح الدین ئەیوبی دوایی هاتو بەپێی پێشنیاری ریشاردی شێردڵ ئاشتی کراو بڕیارنامەیێ بەسرا (رۆژی چوارشەممەی ٢٢ی شەعبانی ٥٨٨ی کۆچی یەکەمی نوامبری ١١٩٢ی زاینی)و شەڕی سێیەمی سەلیبییەکان دوایی هات.

ساڵی دوایی لەبەرواری ٢٧ی سەفەری ساڵی ٥٨٩ی کۆچی پادشای دادگەرو قارەمانی تێکۆشەری کوردو بەخێوکەری گەلو موسوڵمانان لەتەمەنی ٥٧ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لەدیمەشق لەلای قەبری ئەتابەك نێژراو شمشێرەکەشی لەلا دانرا.

کوڕەکانی سوڵتان سەلاّح الدین ئەیوّبی

سوڵتان سەلاّح الدین لەکاتی ژیانا حکومەتی فلەستینو سوریەی دابوە مەلێك ئەفەزەڵ عەلی (ئەبولحەسەن نورەدین) وەمیسری سپاردبوە دەستی مەلێك عەزیز عوسمان (ئەبولفەتح عیمادالدین) مەلێك عادیل برای بەشێکی جزیرەی لەدەستابو، کوڕانی شێرکۆ مامی لە(حومس)دا جێگیر بوبون، یەمەن هەر بەلای کوڕانی سەیفو الاسلام (تەغتەکین) برایەوە بو"

لەکاتی مردنا کەسی بۆ جێگاداری خۆی دیاری نەکردبو، بەلاّم پاش ماوەیێ وەکو زۆر بنەماڵەکانیتر ناحەزی کەوتە نێوان کوڕەکانو جارجار بەرهەڵستی یەکتر وەستان پاش دوایی هاتنی یاسای تەعزیەی سوڵتان سەلاّح الدین ئەبولفەتح کوڕی کەفەرمانڕەوای مێسر بو لەگەڵ مەلێك عادل ماميا هێرشیان کردە سەر مەلێك ئەفزەڵ کوڕی تری سوڵتان کەفەرمانڕەوای شام بو، پاش سێ جار شەڕ لەبەرواری ٥٩٢ی کۆچی ١١٩٦ زایینی لەوێ دەریان پەڕاندو دیمەشق خرایە سەر بەشی حکومەتی مەلێك عادل

ساڵی ٥٩٣ی کۆچی سەیفوالاسلام تەغتەکین کوڕی ئەیوب نەجم الدین کەپادشای یەمەن بو کۆچی دوایی کردو کوڕی ئەو بەناوی فەتح الدین ئیسمایل بەناوی مەلێك موعیز لیشتە جێگای.

لەساڵی ٥٩٥ی کۆچیا مەلێك عەزیز کوڕی سەلاّح الدین کەپادشای مێسر بو پاش شەش ساڵ پادشایی کۆچی دوایی کردو بەشوێن ئەوا دوو هۆزی کەوتە نێوان جێگادارەکان بونە دوو دەستەوە برێ لایەنگیری ئەبو مەنسور کوڕی عەزیز بونو برێك لایەنگیری مەلێك ئەفزەڵ کوڕی سوڵتان سەلاّح الدین کە لەپێشا لەدیمەشق دەرکرا لەئاکاما ئەم دەستە بردیانەوەو مەلیك لەفزەل بوە پادشای مێسر" بەلاّم بۆ ماوەیێکی کەم چونکا دیسان بەهۆی هێرشی مەلێك عادلەوە لەوێ دەرکراو قەلاّی

شەیشاتی پێدرا کەهەر لەوێ بو تامرد (٦٢٢ی کۆچی)، "ئیبن نەسیر" نەسرولڵا کوڕی ئەبولکەرەم شەیبانی جزیری زانای بەناوبانگ لەگەڵ دووبرای ناوداریا وەزیری مەلیك ئەفزەل بون ئەم (ئیبن ئەسیر)ە لەپێشدا نوسەری سوڵتان سەلاح الدین بوە، بەڵام چونکو مەلیك ئەفزەل زانابارو نوسەرێکی زۆر باش بوەو زانایانی بەرێز گرتووە سەلاح الدین ئەم زانابیەی بەئەودا.

فەرمانڕەوایی مەلیك عادل کوڕی ئەیوب نەجم الدین

مەلیك عادل کە لەکاتی پادشایی سەلاح الدینا جزیرەو چەن ناوچەیەکی‌تر بەدەسیەوە بو لەکاتی پادشایی مەلیك عەزیزا شامی خستەسەر وەلاتی خۆیو پاش مردنی مەلیك عەزیز بەرهەڵستی مەلیك ئەفزەل وەستاو مێسری لەدەستی ساندو کوڕی خۆی مەلیك کامیل موحەمەدی کردە حاکمی لەوێ.

کوڕی تری خۆی مەلیك موعەزەمی کردە حاکمی دیمەشقو مەلیك ئەشرەف کوڕی دیکەی خۆی ناردە سەر جەزیرە وەچوارەمین کوڕی مەلیك ئەوحەد بوە فەرمانڕەوای ئەخلاتو بۆ خۆی، ئەنجا لەمیسرا پاڵی ئاسایشو رەحەتی لێداوە.

بەڵام زۆری پێ نەچوو مەلیك ئەوحەد ئەیوب مردو بەشەکەی درایە مەلیك ئەشرەف (٦٠٩ کۆچی لەساڵی ٦١٣)شدا مەلیك عادل کوڕەزایەکی خۆی بەناوی مەسعود ناردە یەمەنو کردیە حکومەتی ئەوێ بەجێگای مەلیك ناسری کوڕی موعێز کەزۆر منداڵ بو کرابوە جێگەداری باوکی.

لەبەرواری ٦١٥ی کۆچی ١٢١٨ی زایینی مەلیك عادل کۆچی دوایی کردو لەم دونیا دەرچوو.

پادشایی مەلیك ئەشرەف موسا کوڕی مەلیك عادل

مەلیك ئەشـرەف لـەکاتی بـونی باوکیـا حوکمـداری روهـا- ئورفـەو حـەڕانو ئەخلات بو.

مەلیك موعەزەم کوڕی مەلیك عـادڵ کەپادشـای دیمەشـق بـو لـەسـاڵی ٦٢٥دا کۆچی دوایی کردو کوڕی ئەو بەناوی مەلیك ناسر بوبو بەجێگەداری، مەلیك کامڵ کوڕی مەلیك عـادڵ کەپادشـای میـسـر بـو لـەشـکری هێنـا سـەر دیمەشـق مـەلیك ئەشرەفیش لـەولاوە بو یارمەتی برای هاتو لـەئاکاما برازایـان لـەدیمەشـق دەرپەڕانـد" لـەبەرانبەرە قەڵای (شوبەك- نابلوس- کەرەك)یان پێدا تاکو پێی بژی.

لـەم لاوە، دوو برا وەڵاتی ئەویان دابەشکردو دیمەشق کەوتە سەر بەشـی مـەلیك ئەشرەف" ئەڵبەت ئەم مرۆڤە زۆر زاناو لێهاتوو لـەلای سەردارەکانو سـوپایەوە زۆر خۆشەویست بو.

مەلیك ئەشرەف لـەساڵی ٦٣٥ی کۆچی ١٢٣٧ی زاینی کۆچی دوایی کرد.

پادشایی مەلیك کامل موحەمەد کوڕی مەلیك عادل

مەلیك کامێل کوڕی مەلیك عادڵ کەبەنازناوی ئەبولمەعالی ناسرالدین موحەمـەد ناوداربو، یـەکێ لـەپادشـایانی پایەبـەرزی زەنجـیرە پادشـایانی بنەماڵـەی ئەیوبیـە کـە لـەهەموو کاتێکا لێهاتوویی‌و ژیری‌و زانایی خۆی پیشان ئەدا، ئەم پادشـا کەلـەسـاڵی ٦١٥دا جێگەی گرتەوە، بەرەبەرە وەڵاتی خۆی پەرەپێداو تەنانـەت تـوانی حیجـازو یەمەنو شامیش بخاتە ژێردەستی خۆی.

لـەدوایا مەلیك کامڵ رۆژی چوارشەممەی ٢١ی رەجەبی سـاڵی ٦٣٥ی کۆچـی ٨یمارسی ١٢٣٨ی زاینی لـەکاتێکا جەوان بو وەتەنیا چل سـاڵ تەمـەنی بـو کۆچـی دوایی کرد.

یافعی لەمێژووەکەیا نوسیویە مەلیك مەسعود کوڕی مەلیك کامل کەکردبویە پادشای یەمەن لەکاتی گەنجیو جەحێلیدا لەمەکە کۆچی دوایی کرد، کەمردنی ئەم کوڕە زۆر لەدلی مەلیکدا شوێنی کردو هەر ئەم پەژارە بوە هۆی مردنی ناوەختی.

وەکو ئەوەی دەردی گرانی بڕانەوەی بنەماڵە کەوتبێتە ناو زەنجیرە پادشایانی رەگەزی ئەیوبی، وەرە وەرەو بەینابەین تەنیا لەماوەی چەن ساڵا زۆریان مردنو کەمبونەوە.

لەساڵی ٦٣٢دا سەرداری ناوداری ئەم بنەماڵە بەناوی سەواب خادم کەمرۆڤێکی ئازادو هەڵکەوتوو بو مرد لەساڵی ٦٣٢ی کۆچی ١٢٣٤ی زاینی مەلیك زاهیر کوڕی سوڵتان سەلاح الدین کۆچی دوایی کرد. لەساڵی ٦٣٣ی کۆچیا مەلیك موحسین کوڕی سوڵتان سەلاح الدین لەدونیا دەرچوو.

لەساڵی ٦٣٤ی کۆچی ١٢٣٦ی زاینی مەلیك غەیاس موحەممەد کوڕی مەلیك زاهیر کۆچی دوایی کرد.

لەساڵی ٦٣٥دا بەرانبەری ١٢٣٧ی زاینی مەلیك ئەشرەف پادشای شام لەدونیا دەرچوو.

بەشوێن ئەم مەرگو میرا لەمیسرا مەلیك عادلی دووەم کرایە پادشاو لەلایەن ئەوەوە مەلیك جەواد بوە فەرمانڕەوای دیمەشق" بەلام پاش ماوەیکی کەم مەلیك ساڵح ئەیوب کرایە پادشای میسرو مەلیك عادڵ خرایە بەندیخانەوە.

مەلیك ساڵح هێرشی کردە سەر دیمەشق و ئەویشی داگیرکرد مەلیك ساڵح بەشوێن گرتنی دیمەشقا هەرەشەی ناردە سەر مامی خۆی مەلیك ئیسماعیل مامی لەم هەرەشە توڕەبو بەرهەڵستی وەستاو کارێکی کرد کەسەردارانی دیمەشق لەگەڕانەوەدا مەلیك ساڵح ئەیوبیان گرتو دایانە دەست مەلیك ساڵح ئیسماعیلەوە، بەلام ئەم مەلیك ساڵحە لەبەرواری ٦٣٨دا قەلای شەقیقی دا بەدەستی گاورەکانەوە.

سالّی ٦٤١ی کۆچی مەلیك جەواد لەدونیا دەرچوو سالّی ٦٤٥ی کۆچی بەرانبەری ١٢٤٧ی زاینی مەلیك عادلّ دووەم کوڕی مەلیك کامیل کۆچی دوایی کرد.

لەسالّی ٦٤٧ی کۆچی دا مەلیك سالّحی ئەیوبی پادشای میسر لەدونیا دەرچوو" کوڕی ئەو مەلیك موعەزەم بوبە جێگەداری، لەکاتی پادشای ئەم مەلیك موعەزەمەدا شەڕێك لەنێوانی ئەو گاورەکانا قەوما کەبەسەرکەوتنی ئەم پادشا دوایی هاتو پادشای گاورەکان بەدیل گیرا.

بەشوێن ئەم شەڕەدا ڕەویشتی مەلیك مەعەزەم گۆڕا بەجۆرێ کەخەلّکی لێ هەلّگەڕایەوەو گرتیانو کوشتیانو یەکێ لەخۆیان بەناوی "عیزالدین تورکەمان"یان کردە سەردارو گەورەی خۆیانو پادشای گاورە دیلەکەیان فرۆشت بەخاچ پەرستەکان.

لەم بەینا مەلیك ناسر فەرمانڕەوای کەرەك لەشکری کردە سەر شامو دیمەشقی گرتو لەویەوە ڕوی کردە قاهیرە ئەویشی داگیرکرد، عیزالدین تورکەمانو سێ سەد کەس لەهاولّەکانی هەلاّتنو بەرەو دیمەشق کەوتنەڕێ لەناو ڕێگادا توشیان لەکاروانی بارومەتای مەلیك ناسر هات هەموویان تالاّن کردو پیاوەکانیان کوشت ئەنجا هێرشیان بردەسەر غەزەو لەویان داگیرکرد بەشوێنیا لەشکرێکیان پێکهێناو یەکەیەکە چەن کەس لەفەرمانڕەوایانی بنەمالّەی ئەبوبییان کوشت.

بەشوێن ئەمەدا مەلیك ناسر میسری بەجێ هێشتو ڕۆی، سالّی ٦٥١ی کۆچی ١٢٥٣ی زاینی مەلیك سەلاّح الدین کوڕی مەلیك زاهیر لەدونیاوە دەرچوو.

سالّی ٦٥٢ی کۆچی بەرانبەری ١٢٥٤ی زاینی پایەبەرزەکانی میسر جاریکی تر (عیزالدین تورکەمان) یان کردە پادشای خۆیانو دەستی بنەمالّەی ئەیوبی بەتەواوی کۆتابو.

ساڵی ٦٥٦ی کۆچی مەلیك ناسر داود کوڕی مەعـەزەم لـەدەربـەدەریا کۆچـی دوایی کرد.

لـەبنەماڵـەی ئەیوبی مەلیك موغیس کوڕی عادڵ مابوەوە کە لـەکەرەك فـەرمانڕەوا بو ئەویش لـەبەرواری ٦٦٢ی کۆچی ١٢٦٥ی زاینی بـەدەس تورکـەمان لـەناوچـوو بەمجۆرە زەنجیرەی پادشایانی ئەیوبیە لـەسـەرانسـەری ناوچەکانا دوایی هاتو بنەبڕ بـو، وەپادشایی رەگەزێکی تر لـەپادشا ناودارەکانی کورد هەڵپێچرا.

بەڵام ناوو شورەتو ناوبـانگی یەکەیەکـەیان بەتایـەت پادشـای نـاودارو هـەرە گەورەی ئـەم بنەماڵـە یوسـف سـەلاح الـدین، هـەروەها شـوێنەوارە دیاریـەکانیان لەهەموو ناوچەکانا ماوەتەوە، جگە لـەمانە ناوی سـەلاح الدین ئەیوبی لـەباری ئازایی، زانایی، هەڵکەوتوویی، لێبوردویی، دروسکردنی شـوێنەوارە بەرچـاوی‌و گرنگـەکان هەتا هەتایەو هەتا مێژوو هەیەو خوێندەوار هەیە سـەرنجی بدا نەمێنێتەوەو ون نابێ.

فەرمانڕەوایانی لوڕی بچوك

بنەڕەت دانەری ئەم زەنجیرە "شـوجاع الـدین" ناوێکـە کـوڕی خورشـید، یـەکێ لـەگەورەکانو ناودارانی ناوچەی کوردنشـینی لاخواروو، ئەم مرۆڤە لـەپێشا سـەرەکی هۆزێ بو کەلـەبەری حەسـەنوییەی کورد کەزۆرتر فەرمانڕەواییان بوو باسمان کرد.

پاش ئەوەی کەشوجاع الدین کاروباری خۆی بنجبەس کـرد دوو کـوڕی خـۆی بەناوی "بەدرو حەیدەر"کردە سەرەکی سوپا، گـەلێ لـەشـکری رازانـدەوەو سـوپای خستەڕێ بۆ سەر هۆزی جەنگرو، لەشەڕێکدا کەقەوما حەیدەر کوژرا، کوژرانی ئەم کوڕە لـەدڵی شوجاع الدینا زۆر شـوێنی کـرد بـەجۆرێ کەسـوێندی خـوارد تـەواو هۆزی جەنگرویی لـەناو بیا، ئەو هۆزە لـەتاوا ماڵو ژیانیان بەجێهێشتو کۆچیان کرد بەجۆرێ کە لـەدوایا وەلاتێکی چۆڵو هۆڵ کەوتە دەس شوجاع الدین.

پاش بەینێ لەلایەن خەلیفەوە شوجاع الدینو نورالدین برای بانگ کرانە بەغداو لەوێ بەندکران، نورالدین لەبەندیخانە مرد، بەڵام لەدوایا شوجاع الدین بەرەڵا کرا.

شوجاع الدین، لەئاخرو ئۆخری ژیانا بەدر کوڕی خۆی وەسەیفوالدینی برازای کردە جێگەداری خۆی کەهەردوکیان وەڵات بەرێوەببەن" سەیفوالدین بەدری لەناو بردو بەشوێنیا شوجاع الدین لەپەژارەی کوژرانی کوڕەکەیدا دیقی کردو مرد ٦٢١ی کۆچی بەرانبەری ١٢٢٤ی زاینی.

سەیف الدین رۆستەم کوڕی نورالدین موحەمەد

پاش مردنی شوجاع الدین" سەیف الدین رۆستەم بوبە فەرمانڕەوای لوڕستانو دەستی کردە ئاوەدان کردنەوەی ناوچە، بەجۆرێ کەمێژوونوسەکان باسی ئەکەن مرۆڤێکی زۆر ئازاو دادگەر بوە، لەگەڵ هەموو کەسا بەچاکە رەفتاری کردووە.

پاش ماوەیێ عەلی کوڕی بەدرو شەرەف الدین ئەبوبەکر دەستیان کردە یەکار سەیف الدین یان کوشت لەکاتێکا شەرەف الدین برای سەیف الدین بو.

بەڵام تەمای سەرۆکایەتیو بڕیارێ کەلەگەڵ بەدرا دابوی هەموو خزو خدەی مرۆڤایەتی نایە ژێر پاو برا دەستی لەبرا نەگەڕاندەوە.

شەرەف الدین ئەبوبەکر کوڕی نورالدین موحەمەد

شەرەف الدین ئەبوبەکر پاش لەناوبردنی براکەی بوبە فەرمانڕەوای لوڕ، بەڵام زۆری پێنەچوو ژنەکەی بەدر کەدایکی حوسام الدین خەلیل بو دەرمان خواردی کرد، باوەکو شەرەف الدین بەو دەرمانە نەمرد، بەڵام لەکار کەوتو لاکەوتە لەماڵدا کەوت برایەکی شەرەف الدین بەناوی عیز الدین گەرشاسپ لەرقی ئەم

کارا عەلی کوڕی بەدری کوشت و دڵی دایکی سوتاند حوسام الدین خەلیل کوڕی بەدر گەڕایەوە لوڕستان و لەگەڵ شەرەف الدینا ئاشتی کرد، بەڵام شەرەف الدین لەدڵەوە لەگەڵ ئەوا پاك نەبو نەیەویست لەناوی با، فەرمانی کوشتنی دا، بەڵام دەست و پێ گوێیان نەدا، پاش بەینێك شەرەف الدین کۆچی دوایی کرد.

عیز الدین گەرشاسپ کوڕی نورە الدین موحەمەد

پاش مردنی شەرەف الدین براکەی عیز الدین گەرشاسپ بوبە فەرمانڕەوا دیسان حوسام الدین خەلیل کەوتە خەیاڵی ئەوە بگەڕێتەوە بۆ لوڕستان و بەهەر چەشنێ بێ مافی خۆی بەدەس بێنێ و لوڕستان بخاتەوە دەست خۆی، ئەمجارە لەخوزستانەوە هات و لەشکرێکی زۆر بەهێزی کۆکردەوەو بەرەو لوڕستان کەوتەڕێ.

عیز الدین ئەمەی بیست بەلەشکریەوە کەوتەڕێ بۆ بەرەنگاری حوسام الدین خەلیل، بەڵام تێشکاو هەڵات، حوسام الدین خەلیل کەوتە شوێنی و بەدیلگرتی و قەڵای کەربەتی داگیرکردو بەشوێنیا لوڕستان کەوتە دەستی و بوبە فەرمانڕەوا.

حوسام الدین خەلیل کوڕی بەدر کوڕی شوجاع الدین خورشید

لەدوای ئەوە کەحوسام الدین خەلیل لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی لوڕستان جێگیربو" بەر لەهەمور کارێ عیز الدین گەرشاسپی بەناوی جێگەداری خۆی دیاری کرد" بەڵام لەدواییا ئەوی بەنامەردی کوشت.

ژنی عیزالدین کەخوشکی سولەیمان پاشا بو سێ کوڕی خۆی بەناوی شوجاع الدین خورشید، سەیف الدین رۆستەم و نورالدین موحەمەد نارده ماڵ خاڵیان، ئەم کارەساتە ناکۆکیەکی توندی خستە نێوانی لوڕستان و کوردستان بەجۆرێ کەچەند شەڕ لەنێوانا قەوما، لەدواییا سولەیمان پاشا داوای یارمەتی لەخەلیفەی بەغدا کردو

ئەویش لەشکرێکی نارده یارمەتی سولەیمان پاشاوە، کەئەم سوپا هێرشی کرده سەر لوڕستانو لەو شەڕا حوسام الدین خەلیل کوژرا (٦٤٠ کۆچی ١٢٤٢ی زاینی).

بەدرالدین مەسعود کوڕی بەدر کوڕی شوجاع الدین خورشید

پاش کوژرانی حوسام الدین خەلیل بەدر الدین مەسعود برای بەهۆی یارمەتی هۆلاکۆ بوبە فەرمانڕەوای لوڕستان تەنانەت لەکاتی هێرشی مەغول بۆ سەر بەغدا کەسولەیمان پاشا کوژرا بەدر الدین هاوڕێی هۆلاکۆ بوو ژنو خێزانوماڵو منداڵی سولەیمان پاشا درایە بەدر الدین ئەو هەموو ئەوانی هێنا لوڕستان، بەڵام سەبارەت بەوان هیچ خراپەی نەکردو تۆڵەی نەکردەوەو بەچاکە لەگەڵیان رەفتاری کرد، چونکو بۆ خۆی مرۆڤێکی دادگەرو لاوچاك بو بەدرالدین مەسعود ماوەی ١٦ساڵ فەرمانڕەوای لوڕستان بو لەساڵی ٦٥٨ی کۆچی ١٢٥٢ی زاینی کۆچی دوایی کرد.

تاج الدین کوڕی حوسام الدین خەلیلو باقی فەرمانڕەوایان

پاش مردنی بەدرالدین مەسعود لەنێوانی جەمال الدین بەدرو ناسرالدین عومەر دوو کوڕی بەدر الدین تاج الدین شاکوڕی حوسام الدین خەلیل لەسەر فەرمانڕەوایی شەڕو کێشە پەیدابو، بەجۆرێ کەکارەساتیان برده لای ئاباقاخان سەرداری مەغول ئەویش فەرمانی دا هەردوو کوڕی بەدرالدین مەسعودیان کوشتو حکومەتی لوڕستانی سپارده تاج الدین شاکوڕی حوسام الدین.

تاج الدین شا ماوەی حەفت ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، بەڵام لەدوایا هەر بەفەرمانی خانی مەغول کوژراو لوڕستان بەدوو بەش دابەش کراو درایە دوو کوڕی

بەدرالدین مەسعود، فەلەك الدین کرا بەحاکمی (ولای) وەعیزالدین کرایە حاکمی ئێنجو، بریاریش درا پاش فەلەك الدین عیزالدین حاکمی هەردوولا بێ.

ئەم دوو برا ماوەی یازدەساڵ فەرمانڕەوایان کرد، هەردووکیان پێکەوە لەساڵێکا کۆچی دواییان کرد، ٦٩٢ی کۆچی ١٢٩٣ی زاینی.

ئەم دوو برا هەر کام کوڕێکیان لێبەجێ ما، بەدر الدین کوڕی فەلەك الدین و نوره الدین کوڕی عیزالدین، بەڵام بەشوێن ئەو دووبرا جەماڵ الدین کوڕی تاج الدین شا لەسەر فەرمانی کەیخاتوخان کرایە فەرمانڕەوای لوڕستان، زۆری پێ نەچوو ئەم حاکمە بەدەستی عومەر بەگ کوڕی شەمس الدین کوژراو نەتەوەی حوسام الدین خەلیل بنەبڕ بو ٦٩٣ی کۆچی.

عومەر بەگ ماوەیێك فەرمانڕەوا بو تا لەلایەن سەمسام الدین مەحمود کوڕی نورالدینەوە لابراو بۆ خۆی بوە فەرمانڕەوا، بەڵام ئەویش لەساڵی ٦٩٥ی کۆچیا لەلایەن غازان خانی مەغولەوە کوژراو عیزالدین موحەمەد بوبە فەرمانڕەوای لوڕستان بەینێ بەشوێن لەمەدا لەکاتی پادشایی سوڵتان موحەمەدی خودا بەندەدا بەدرالدین مەسعود بەنازناوی ئەتابەکەوە بوبە فەرمانڕەوای لوڕستان و تاساڵی ٧١٦ی کۆچی کەلەدونیا دەرچوو حاکمی لوڕستان بو.

پاش مردنی عیزالدین ژنی ئەو بەناوی دەولەت خاتون کاروباری لوڕستانی بەدەستەوە گرت تالەدوای بەینێك عیزالدین حوسین برای خۆی کردە فەرمانڕەوا. عیزالدین ماوەی چواردە ساڵ فەرمانڕەوایی کردو لەدوایا مرد.

پاش مەرگی عیزالدین حوسەین، شوجاع الدین مەحمود کوڕی بوبە فەرمانڕەوا کەلەساڵی ٧٥٠ی کۆچی کوژرا بەشوێن کوژرانی شوجاع الدین مەحمودا کوڕی ئەو بەناوی مەلیك عیزالدین بوبە فەرمانڕەوای لوڕستان.

بەڵام لەدواییا ئەمیر تەیموری گورگان ئەوی کوشت و پێسی کەند، بەشوێن ئەما ئەمیر تەیمور مردو سەیدی ئەحمەد تاساڵی ٨١٤ی کۆچی فەرمانڕەوا بو.

پاش مردنی سەیدی ئەحمەد شاحوسەین کوڕی مەلێك عیز الدین کرا بەفەرمانڕەوای لوڕستان. لەشەڕێکا کە لەنێوانی ئەم و سەرەکی هۆزی بەهارلوا قەوما کوژرا ٨٧٣ی کۆچی ١٤٦٨ی زایینی پاش کوژرانی شاحوسەین کوڕی ئەو بەناوی شارۆستەم بوبە فەرمانڕەوا، ئەم خولە دەورەی پادشایی زەنجیرەی سەفەوی دەستی پێکرد بو. شارۆستەم کوڕی شاحوسەین ماوەیەك فەرمانڕەوا بو لەدواییا کۆچی دوایی کرد.

ئەغوەر کوڕی شارۆستەم بەشوێن باوکیا بوبە فەرمانڕەوا، بەڵام کاتێ لەساڵی ٩٤٠ی کۆچیا رۆیشت بو یارمەتی شاتوماسپ بەپێچەوانەی عوبەیدالڵەخانی ئوزبەك جەهانگیری برای لە جێگای خۆیا دانا، جەهانگیر لوڕستانی داگیرکرد.

لەگەڕانەوەدا شەڕکراو ئەغوەر کوژراو جەهانگیر سەربەست بوبە فەرمانڕەوا، بەڵام شاتوماسپ تۆڵەی کردەوەو لەبەرواری ٩٤٩دا ئەغوەری کوشت.

بەشوێن جەهانگیرا شارۆستەم کوڕی بەینێك فەرمانڕەوا بو ئەم شارۆستەمە بەینێك لەلای میری بەختیارەوە کەحاکمی ئەوێ بو وەبەناوچەی لوڕستانی گەورە نەژمێررا کاروباری هەڵسوڕاند. ئەم شاروستەمە لەلایەن پادشای سەفەویەوە گیراو لەقەلای ئەلەموتا خرایە بەندەوە بەخۆیو کوڕو سەد کەس لەخزم و کاربەدەستانیەوە.

ماوەیێ موحەممەد کوڕی جەهانگیر لەم خولا بوبە فەرمانڕەوا، بەڵام لەترسی شای سەفەویا هەر بەجەردەییو رێگا بڕی ئەیداسەر، بەجۆرێ کە لەهەموو لایەکەوە تەنگیان بەچواردەور هەڵچنیبو، پاش بەینێ تر موحەممەد کۆچی دوایی کرد.

پاش مردنو تێداچوونی محەممەد کوڕی ئەو بەناوی شاوێردی بەهۆی گەورەکانی لوڕستانەوە بوبە فەرمانڕەوا ئەم شاوێردیە لەگەڵ شاعەباسی گەورە پاشای سەفەوی نێوانیان خۆشبو، خوشکە گەورەی خۆی کەبێوەژنی هەمزە میرزای برای بو دایە شاعەباسو لەبەرانبەرەوە ئامۆزای شاعەباسی خواست، ئەم کەینو بەینە باش بو تاکو شاعەباس ئەغورلو بەگی بەیاتی کردە حاکمی هەمەدان نێوانی ئەم حاکمەو شاوێردی تێکچوو.

شاعەباس لەشکری کردە سەر لوڕستان ئەوی لەدەستی شاوێردی دەرهێناو مەهدی قوڵی سوڵتانی شاملۆی کردە فەرمانڕەوای لوڕستان.

شاوێردی لەشکرێکی نایەکەوەو هێرشی کردەسەر لوڕستان، بەڵام تێشکا. بەشوێن ئەودا ئیتر فەرمانڕەوایی لەدەس ئەم بنەماڵە دەرچوو، حکومەتی ئەم زەنجیرەش دوایی هاتو بەشوێنیا هەر سەر بەینێك کەسێ حاکمی خورمابادو لوڕستان بوە.

هێرشی موغولو چۆنیەتی کوردو کوردستان

گەلی زەردپێستی رۆژهەڵاتی دور کەبەناوی موغول یا تەتەر بەناوبانگن پاش خولێکی دوورودرێژی کزیو لاوازیو بێ ناونیشانی لەمێژوودا، بەهۆی سەردارێکی ناوداریانەوە بەناوی چەنگیزخان ناوبانگێکی گەورەیان لەمێژوو هەمرو ناوچەکانا بەدەس هێنا.

چەنگیز کەناوی موغولی ئەو تەموچینە کوڕی یەسوکای بەهادور سەرەکی هۆزی قیاتە لەتەتەرەکان.

چەنگیز ١٣ساڵە بو باوکی مردو بۆ خۆی بوە سەرەکی هۆزو کەم کەم هۆزەکانی تری گرتە ژێر دەسو خۆی بەتین کردەوە، پاش ئەوەی کەهەمرو

دەورووبەری خۆی پاك كاتەوەو تەواو هۆزەكانو ناوچەكان داگیربكا، هێرشی كـردە سەر ئێرانو بەرەبەرە ناوچە جۆربەجۆرەكانی ئێرانی داگیركرد.

پێویستە ئەوە بڵێین بەر لـەم قەوماوەی مێژووییە لـەخولی شـڵەژاویو دابەشـبونی خەلافەتو پەیدابونی چەن فەرمانڕەوایی لـەجێگا جۆربەجۆرەكانی ئێرانـا چـەن جـار لەلایەن كوردەكانەوە راپەڕین بەدی هاتووە.

وەكو راپەڕینی "بابەك" خورەم دین لـەبـەرواری ٢٠٢ی كۆچـی كەفـەرمانڕەوای ئازەربایجانو ئەرمەنستانو بەشێ لەناوچەی كوردستان بو، وەماوەی ٢٠ساڵ بـەناوی خۆیەوە بەچەشنی سەربەخۆ فەرمانڕەوایی كرد.

یائیبراهیم پەنال لـەبەرواری ٤٣٤ی كۆچیا لـەكوردستانو دەوروبـەری هەمـەدانا راپـەڕیو مـاوەیی شۆڕشـەكەی بـەڕێوەبرد" بـاوەكو گەرشاسـفو چـەن هـۆزیتر بەرهەڵـستی وەستان هەروەها ئەتابەك ئیلدەگز "شەمس الدین ئەبوبـەكر" لـە١٤٥ی كۆچی تا ٥٥٦ی كۆچی فەرمانڕەوایی كرد سەری بـۆ هیچـكام لـەپادشـایانی ئێـران نەنەواند، بەڵام بۆ خۆی گیرۆدەی دەستی بنەماڵەی "روادی" كورد بو كـە لـەناوچـە كوردنشینەكانی ئەرانو مەراغەو ورمێدا فەرمانڕەوایان بو، فەرمانڕەوای ئەم بنەماڵـە لـەم كاتا "ئەحمەدیل" بو كەبەشوێن ئـەوا "ئـاق سـونقور" كـوڕی فـەرمانڕەوایی كـرد فەرمانڕەوایی ئەم بنەماڵە لـەدوایا كەتەنیا مەراغـەیان بـۆ مایـەوە مـاوەی سـەد سـاڵ درێژەی بو، بەڵام بەشوێن ئەوەدا لـەبەرواری ٦٠٥ی كۆچیا تەنیا "رویین دژ" (شـایین قەڵا) لـەدەسیانا بو.

لـەكاتی هێرشی تەتەرەكانا تەنیا ناوچـەی لوڕسـتان لـەتالانو كوشـتاری موغـول رزگاربو، باقی ناوچەكان بەهۆی پـێ داگـرتن لـەئاینی ئیـسلامو لایـەنگیری لـەدوا خەلیفەی عەباسییەوە توشی لافاوی تەتەربون.

جگە لەم گێرو گرفتانە لەکاتی سەرشەکانی سێ سالەو پێنج سالەی ئەمیر تەیموری گورکانی بۆ بەغداد بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی هەموو دەبێ کوردو کوردستان ژێر پێ‌و لەقەشێل بوو، ئەم ژێر پێ بوون‌و دەس ناودەس بونە، ئەوەندە زیانی گیانی‌و مالی لەکوردو کوردستان بەدی ئەهێنا کەهیچکاتێ دەرفەتی یەکگرتنی نەئەدا.

پاش دوایی هاتنی زەنجیرەی گورکانی شەڕی قەرەقوینلوو ئاق قوینلو داوێن گیری ناوچە بو کەجگە لەشەڕو کێشەی رامیاری (سیاسی) ئاسۆی ئاینی هاتەدی، چونکو قەرەقوینلو ئاینی شیعەیان گرتبو رق‌وقینی ئاینی زۆرتر لەشەڕی رامیاری، بەلاّی گیانی ناوچەکان بو.

ئەبێ ئەمەش بوترێ کەئاق قوینلو ئاینی سونیان بوەو پادشایانی قەرەقوینلو شیعەن، بەدیهاتنی ئەم دوو بەرەکی‌و دوو هۆیە بنەماڵەی سەفەوییەی لەشوێن بو کەئیتر ئەمە گەورەترین نالەباری بۆ هەموو ناوچەکانی سونی نشینی ئێرانی بارهێنا، هەر لەوکاتەوە، کزی، لاوازی، دواکەوتوویی، نەخوێندەواری، ئاوەدانی نەکردن، رقەبەری‌و هەزارەها گیروگرفتی بۆ ناوچەکانی کوردنشین بەدی هاورد شەڕی شائیسماییل بۆ یەکەمجار لەگەڵ سوڵتان سەلیمی یەکەما ۹۱۸ی کۆچی.

شەڕی شاتوماسپ لەگەڵ سولەیمان خان پادشاێکی تری عوسمانی هێرشی لەشکری عوسمانی بۆ سەر کوردستان‌و ئازەربایجان لەساڵی ۹۳۹ی کۆچیا.

دیسان شەڕی شاتوماسپ لەگەڵ عوسمانیا ساڵی ۹۵۸ی کۆچی‌و گرتنەوەی کوردستان‌و ئەرمەنستان.

شەڕی نێوانی دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێران لەکاتی پادشای سوڵتان موحەمەدی خودا بەندەو سوڵتان موڕادی سێیەم ۹۸۲ی کۆچی شەڕەکانی‌تری دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێران لەخولی پادشایی شاعەباسی گەورەو سوڵتان ئەحمەدخان، عوسمان خانی

دووەم‌و سوڵتان مرادخانی چوارەمدا، کە لەتەواو ئەم شەڕانا چەن جار کوردستان دەستاودەس بو هەموو جاریٚ گەورەترین کوشتار لەم ناوچەدا ڕێك دەکەوت.

جگە لەم ژێر پێ بونەو لەناوچوونە هەم لەباری ماڵو دارایی‌و ئەوی وا هەبویان‌و هەم لەباری گیانیەوە، گەلێ لەسەرۆکان‌و بنەماڵەکانی کوردیان کۆچاند بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ئێران، وەکو قوچان‌و بجنوردو دەورروبەری خوراسان لەبەرواری ١٠٤٥ و ١٠٤٨ و ١٠٥٢ی کۆچیا دیسان شەڕ شاسەفی‌و سوڵتان مرادا چەن جار قەوما. ئەم چەن شەڕە ئەوەندەی تر ناوچەی کوردستانی لەناوبرد.

لەکاتی سەرەو لێژبونەوەی زەنجیرەی سەفەویا لەلایەکەوە روسەکان دەسیان کردە دەسدرێژی بۆ ئێران لەم لاشەوە دەوڵەتی عوسمانی بەتوندی هێرشی کردە سەر ناوچەکان‌و چەن توشرو سەخڵەتر داگیرکردنی ناوچەکانی کوردنشین توشیاری تەنگ‌و چەڵەمەبون.

فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان

بنەماڵەی ئەردەڵان کەماوەیێکی دووردرێژ بەسەر بەشێ لەخاکی کوردستانا فەرمانڕەواییان کردووە، سەرەتا لەبابا ئەردەڵان ناوێکەوە دەس پێەکا، کەسەرەتا حاکمی شارەزوور ئەبێ، لەدوایی خولی دەسەلاتی زەنجیرەی موغولا.

سەبارەت بەباوباپیرانی ئەم بنەماڵە مێژونووسەکان چەن بیرورایان دەربڕیوە کەهەر کامە بۆ خۆی جێگەی سەرنجدانەو ناکریٚ بەسەر هەموویانا دەدان بنین.

یەکیٚ نوسیویە لەبەرەی فەرمانڕەوایانی دوستکیٚ بون یەکێکی‌تر نوسیویە لەمەروانییەکانن. یاوەکو ئایەتولا مەردۆخی کوردستانی باپیرەیان بەناوی خەسرەو دائەنیٚ.

زۆرتری مێژوونوسەکان ئەڵێن فەرمانڕەوایی ئەم بنەماڵە لەکلۆڵ بەگ کوڕی بابە ئەردەڵانەوە دەستی پێکردووە بەپێ نوسراوەی (حەمدوڵا موستەوفی) شارەزوور یانێ شاری زۆرو هێز، واتا لێهاتوویی، وەفەرمانڕەواکانی هەموو دەمێ کورد بوون و هەرکەس خاوەن زۆربوبێ، بێ زۆری گرتووە باباەردەڵان یەکێ لەو خاوەن زۆرانە بوە کەبەسەر شارەزوورا فەرمانڕەوایی کردوە.

پاش مردنی بابا ئەردەڵان کلۆڵ بەگ کوڕی ئەو بوەتە فەرمانڕەوا، بەڵام ئەم کلۆڵ بەگە زۆر نەژیاوەو فەرمانڕەوایی درێژەی نەبوە، کۆچی دوایی کردووە.

بەشوێن کلۆڵ بەگا، چەن کەس تر لەم بنەماڵە یەك لەشوێن یەك وەکوڕ لەجێ باوك بوەتە فەرمانڕەوا، کەزۆرتری مێژووەکان هەر بەم چەشنە بەرز ناویان ئەبا.

١-خدر کوڕی کلۆڵ

٢-ئەلیاس کوڕی خدر

٣-خدر کوڕی ئەلیاس

٤-حەسەن کوڕی خدر

٥-بابلۆ کوڕی حەسەن

٦-مونزیر کوڕی بابلۆ

هەر بەو جۆرە واشەرەفنامە ئەڵێ لەنوسراوەکانا لەبارەی ئەم چەن کەسەوە بەدرێژایی باس نەکراوە.

مەئمون بەگ

پاش مردنی مونزیر کوڕی ئەو مەئمون بەگ بوەتە فەرمانڕەواو حکومەتێکی سەربەخۆی دامەزراند.

ئەمین زەکی بەگ لەمێژووی سولەیمانیو دەروبەریا ئەڵێ مەئمون بەگ لەساڵی ٨٦٢ی کۆچیا بوبە فەرمانڕەوا، وە تاساڵی ٩٠٠ی کۆچی بەرانبەری ١٤٩٤ی زاینی حکومەتی کردووە، ئەم فەرمانڕەوا توانی چەن ناوچەی تر داگیربکاو ناوچەی فەرمانڕەوایی خۆی پەرەپێبدا.

مەئمون بەگ سێ کوڕی بوە بەناوی بێگەبەگ، سورخاب بەگ، موحەمەد بەگ" مەئمون بەگ لەکاتی ژیانا وەڵاتەکەی لەنێوانی سێ کوڕەکەیا دابەش کرد:

-بێگەبەگ (زەڵم، نەوسو، هاوار، دەدان)و گوڵعەمبر.

-سورخاب بەگ دەشتی مەریوان، تەنورە، کلوکلاشو دەنشکاش.

-موحەمەد بەگ سروچك، قەرەداغو شارباژێر، میهری لێکەوت.

بەشوێن بێکەبەگا مەئمون بەگی دووەم کوڕی بوبە جێگەنشین لەم کاتا دەوڵەتی عوسمانی لەشکری کردە سەری، بەڵام هیچی پێ نەکرا، لەدوایا بەناوی ئاشتیەوە بانگیان کردە پایتەختی عوسمانیو لەوێ خستیانە بەندیخانەوە.

سورخاب بەگ هەر کەئەمەی زانی هاتو ناوچەکانی بەشی برازای داگیرکرد.

سورخاب بەگ: پاش بەندبونی مەئمون بەگی دووەم سورخاب بەگ مامی هاتو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئەوی خستەپاڵ قەڵەمڕەوی خۆی لەزەڵما دانیشتو بوبە فەرمانڕەوا ساڵی ٩٥٦ی کۆچی.

پاش بەینێك سورخاب بەگ لەگەڵ شاتوماسپی سەفەویا نێوانیان خۆشبو پاڵی دایە شای سەفەویەوە.

موحەمەد بەگ لەرقی ئەم کاراو لەپەژارەی ئەوەدا کەمامی بەشی براکەی داگیرکردوە، پاڵی دایە دەوڵەتی عوسمانییەوەو بەپشتیوانی لەشکری عوسمانی لەساڵی ٩٦٩ی کۆچیا زەڵمی داگیرکرد. نیز لەم بەرواره بەدوا زەڵم کەوتە سەر عوسمانی پاش مردنیسورخاب بەگ ماوەی سێ ساڵ سوڵتان عەلی کوڕی بوبە فەرمانڕەوا، پاش

سێ ساڵ کۆچی دوایی کردو بساط بەگ برای بوبە فەرمانڕەوای خاکی ئەردەلان، بەلام کورەکانی سولتان عەلی پەنایان بردە بەر شائیسماعیلی دووەم پادشای سەفەوی.

لەو بەینا بساط بەگ کۆچی دوایی کردو تەیمورخان کوڕی سولتان عەلی بوبە فەرمانڕەوا، بەلام لەشای ئێران هەڵگەڕایەوەو پەنای بردە سوڵتانی عوسمانی ۹۸٦ی کۆچی سوڵتانی عوسمانی نازناوی میرمیرانی پێدا.

بەلام بەشوێنیا تەیمورخان کوڕی بوبە فەرمانڕەوا تەیمورخان لەعوسمانیو لەئێران هەڵگەڕایەوە.

ماوەیێ بەملهوڕی ژیاو چەن ناوچەیێکی داگیرکرد، بەلام لەدوایا لەشەرێکا شای ئێران لەشکری لوڕستانی بۆ نارد کوژرا، ۹۹۸ی کۆچی.

هەڵۆخان کوڕی سولتان عەلی خان

پاش کوژرانی تەیمورخان هەڵۆخانی برای بوبە فەرمانڕەوا، هەڵۆخان لەپێشا خۆی لکاندە شای ئێرانەوە، لەولایشەوە دڵی سوڵتانی عوسمانی نەئەڕەنجاند.

هەڵۆخان توانی وەلاتو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی زۆر ئاوەدان بکاتەوەو گەلێ شوێنەواری دروس کرد، قەلای حەسەن ئاوا لەلوتکەی کەژی حەسەن ئاوای کوردستان دروسکراوی هەڵۆخانی ئەردەلانە.

هەڵۆخان کەم کەم لەسوڵتانی عوسمانیو پادشای ئێران ڕۆگەردان بو دەنگی سەربەخۆیی هەڵبڕی.

شاعەباس لەم کاتە پادشای ئێران بۆ چەن جار لەشکری ناردە سەر هەڵۆخان، بەلام هەموو جارێ لەشکری ئێران تێشکا لەدوایا پادشای سەفەوی ناچار بۆخۆی بەتەواوی سوپای قزڵ باشەوە هات بۆ کوردستان تا گەیشتە ناوچەی ئەسفەندئاوا

لەوێدا (ئالی بالی) سەرەکی هۆزی زەنگنە کەلەلای شاە عەباس زۆر نێزیك بو شاعەباسی پەشیمان کردەوە ترسانی وتی ئەمجارە ئەگەر لەشکر تێشکێ شای ئێران شکاوە، بۆ ئەم شەرە مەڕۆو دڵخۆشی بکە" شاعەباس ئەمەی بەباش زانی‌و گەڕایەوە" بەلام خەلات‌و ماڵ‌و مەتای زۆرێکی بۆ دڵ خۆشی نارد بۆ هەڵۆ خان.

هەڵۆخان لەبەرانبەرەوە کوڕی خۆی خان ئەحمەد خانی ناردە لای پادشای ئێران.

شاعەباش خوشکی خۆی زەرین کلاو خانمی دایە خان ئەحمەد خان‌و* ماوەیی لەئەسفەهان رایگرت لەدوایا بەڵێنی لێ ساند کە گەڕایەوە کوردستان هەڵۆخان بگرێ‌و بۆ ئەسفەهان بەرێ کا" خان ئەحمەد خان کە بەهۆی ژنەکەیەوە عەجەماوی بوبو بەڵێنی داو لەگەڕانەوەدا پاش بەینێك ئەم کارەی کرد باڵی هەڵۆخانی بەست‌و ناردی بۆ ئەسفەهان.

کاتێ کە هەڵۆخانی ئەردەڵان گەیشتە ئەسفەهان شای ئێران زۆر رێزی لێگرت‌و لەلای خۆی دای ناو ماوەیێ لەوێ مایەوە پاشان بەشای ئێران دا لەگەڕانەوەدا بەرهەڵستی خان ئەحمەد خان نەوەستێ‌و داوای ئەمارەت نەکا، ئەویش بەریداو هەڵۆخان گەڕایەوە کوردستان‌و هاتە ماڵی خۆی ئیتر بێ دەنگ دانیشت تا کۆچی دوایی کرد.

ئەمارەتی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان

خان ئەحمەد خان پاش ئەوەی هەڵۆگی باڵبەست کردو ناردی بۆ پایتەختی ئێران بۆ خۆی بو بەحاکمی کوردستان ١٠٢٤ی کۆی ١٦٠٥ زاینی خان ئەحمەد خان بەشوێن بنج بەسکردنی کاری خۆی هێرشی کردە سەر ناوچەکانی تری کوردنشین

* بەداخەوە قاتی بونی خوێنی ئەم ژنە لەگەڵ خوێنی رەگەزی ئەردەلانا ئەم بنەماڵە عەجەماوی بون‌و ئەو خاوێنیە تێدا نەما.

لەلا زۆرەوە مەراغەو ورمێ‌و ناوچەی موکریان‌و سابلاغی داگیرکرد" بەشوێن ئەمەدا بەری کردە لای رۆژئاواو لاژورەوە رەواندزو حەریرو کۆیەو ئامێدی خستە ژێر دەسەلاتەوە.

خان ئەحمەد خان قەلای حەسەن ئاوای بەجێ هێشت‌و هاتە خوارەوە سنەی کردە پایتەختی فرمانڕەوایی خۆی ئەنجا ناوچە داگیرکاوەکانی سپاردە دەس خزم‌و کەس‌و کارەکانی خۆی.

پاش راس‌و رێس کردنی کاری ئەم چەن ناوچە موسڵی لەدەس تورکەکانی عوسمانی دەرهێناو بەفەرمانی شای ئێران بەرەو بەغدا کەوتەڕێ‌و ئەویشی پاش ساڵ‌و نیوێ گەمارەو شەڕ داگیرکرد. (١٠٣٤ ی کۆچی).

لەساڵی ١٠٣٩ی کۆچی بەرانبەری ١٦٢٩ی زاینی پاش مردنی شاعەباسی سەفەوی لەشکری عوسمانی بەغدای گرتەوەو سەرۆکانی چەن ناوچەی تر پاڵیان دایە تورکەکانەوە خان ئەحمەد خان بە لەشکریەوە هێرشی کردە سەر سوپای تورك‌و شارەزووری گرتەوە.

لەم کاتە نێوان خان ئەحمەد خان‌و شای ئێران (شاسەفی) تێکچوو، هێرشی کردە سەر هەمەدان‌و کرماشان‌و نەهاوندو بروجردو ئەو ناوچەیانەی داگیرکرد.

شای ئێران لەشکرێکی زۆری ناردە سەر خان ئەحمەد خان، خان ئەحمەد خان تێ شکاو روی کردە لای سوڵتانی عوسمانیەوە ئەمان یارمەتیان داو لەشکریان ناردە یارمەتی خان ئەحمەد خان لەدەشتی مەریوانا شەڕ قەوما لەم شەڕەشدا لەشکری ئێران تێ شکا" ئەم جار شای ئێران لەشکرێکی زۆری ناردە سەر کوردستان‌و خان ئەحمەد خان‌و لەشکری رۆم شکا، خان ئەحمەد خان خۆی گەیاندە موسڵ.

خان ئەحمەد خان لەموسڵ‌دا مایەوە تا ساڵی ١٠٤٦ی کۆچی، کۆچی دوایی کردو هەر لەوێ لەقەبرستانی یونس پێغەمبەر بەخاك سپێرا.

سولەیمان خانی ئەردەڵان:

پاش کۆچی دوایی خان ئەحمەد خان سولەیمان خان کوری میر عەلەم الدین کە ماوەیی لەلای خان ئەحمەد خانەوە کاروباری دیوانی بەدەستیەوە بو، خۆی خستە لای شای ئێرانو کرا بەوالی کوردستان.

سولەیمان خان بەپێی فەرمانی شای ئێران قەلاکانی حەسەن ئاواو پالنگانو زەلمی روخاند کە ئێستا شوێنەواری ماوە، ئەنجا سنەی گەورەکردەوەو پەرەی پێداو ئەرکی حکومەتی دروس کرد لەکاتی حکومەتی ئەم فەرمانرەوا، لەشکری عوسمانی چەن ناوچەی لەخاکی کوردستان داگیرکرد، تەنیا حکومەتی سنەو دەورروبەری بۆ سولەیمان خان مایەوە، کەماوەی ۲۲ ساڵ بەسەریەوە فەرمانرەوایی کرد.

کەلبالی خان کوری سولەیمان خان

پاش مردنی سولەیمان خان کەلبالی خان بوە حاکمی کوردستان ئەم والیە پیاوێکی ژیرو زانا بوە، بەلام زۆر دەس وشكو رژد ئەبێ لەسەرەتای حکومەتیا مەریوانی دایە خەسرەو خانی برای وەلاتی سەقزیشی دایە زۆراوخانی کوری، وەهەورامانی سپاردە سانەکانو مری وەیس سولتانی کردە حاکمی پالنگان، کەلبالی خان ماوە ۲۲ ساڵ حکومەتی کرد تا لەدوایا ساڵی ۱۰۸۹ ی کۆچی لەدونیا دەرچو.

خان ئەحمەد خانی دووەم کوری کەلبالی خان

پاش مردنی کەلبالی خان کوری ئەو خان ئەحمەد خانی دومم بو بەفەرمانرەوا، بەلام ئەم حاکمە زۆر دەسبا بور وەهەمرو دەمێ لەرابواردنو خۆشیا ئەبیوارد وە ئەوی وا باوکی بەرزدی کۆی کردبوەوە لەماوەی ساڵێکا لەناوی بردو بۆ خۆیشی پاش ساڵو نیوێ فەرمانرەوایی لەکارلابرا.

لەساڵی ١٠٩١ی کۆچی خەسرەو خان کوڕی سولەیمان خان لەلایەن شای ئێرانەوە کرایە والی کوردستان، بەڵام خەڵکی لێ رازی نەبون، پاش ٢ ساڵ لەبەرواری ١٠٩٣ کۆچی لابراو تەیمور خانی ئاجورلۆ کرایە حاکم ئەم تەیمور خانە ماوەی ٦ ساڵ حاکمی خاکی ئەردەڵان بو، لەدواییا دوبارە خان ئەحمەد خان کرایەوە فەرمانڕەوای کوردستان دیسان ئەم خانە کەوتە شوێن رابواردنو راوو خۆشی کە ئیتر ئەم جارە لەبەرواری ١١٠٥ی کۆچی لەلایەن شای ئێرانەوە لەکار خراو خولی دوەمی حکومەتی دوایی هات.

موحەممەد خان کوڕی خەسرەو خان

پاش لەکارکەوتنی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان موحەممەد خان کوڕی خەسرەو خان کرایە والی کوردستان لەکاتی فرمانڕەوایی ئەم والیا سولەیمان پاشای بابان هێرشی کردە سەر خاکی ئەردەڵان مەریوانو هەوارامانو سیاکێوی داگیرکرد، سەقزی لەزۆراو بەگ گرتو لەشکری ئێران هاتە سەر سولەیمان پاشاو لەشەڕێکی قورسا پاشای بابان تێ شکاو پەنای بردە لای سوڵتانی عوسمانی بەشوێن ئەم شەڕەدا شای ئێران موحەممەد خانی ئەردەڵانی لابردو موحەممەد خانی گورجی کردە والی کوردستان ئەم خانی گورجیە ماوەی سێ ساڵ حکومەتی خاکی ئەردەڵانی بو.

پاش لابردنی ئەو لەلایەن شا سوڵتان حسین پادشای سەفەویەوە حەسەنعەلی خان ئەبێتە حاکمو ماوەی ٢ ساڵ والی ئەبێ بەشوێن ئەوا حسین عەلی خانی برای ئەبێ بەحاکم ئەمیش پاش هەژدە مانگ بەهۆی سکاڵای خەڵکیەوە لەکار ئەخرێو کەیخەسرەو بەگ بەناوی کار بەڕێوەبەر کرایە سەرۆك لەکوردستان.

بەشوێن ئەم چەن کەسەدا عەباس قولی خانی ئەردەڵان ئەبێتە حکومەتی کوردستان (١١٢٢ی کۆچی) ئەم فەرمانڕەوایە ماوەی حەوت ساڵ حکومەتی کرد.

پاش عەباس قولی خان، عەلی قولی خانی ئەردەلان بوە والی کوردستان ئەم والیە باوەکو ماوەیێکی زۆر لەمەژاری‌و نەداریا بوە کاتێ بوە والی کوردستان، لەگەڵ خەلکیا باش نەبوە، خەڵکی کوردستان بەرهەڵستی ئەوەستن‌و دەری ئەپەڕینن، ئەویش ئەڕواتە پاڵنگان خۆی ئەخاتە لای خانە پاشای بابان، خانە پاشا یارمەتی ئەکاو ئەگەڕێتەوە، بەلام خەڵکی قوبوڵی ناکەن‌و ملی پیاناکەن دوبارە عەباس قولی خان ئەکەنەوە بەوالی (١١٣٢ی کۆچی) بەهۆی ئەمەوە هەروەها کوژرانی شاسوڵتان حسێن‌و چۆنیەتی نالەباری ئێرانەوە، جارێکی تر خانە پاشای بابان هێرشی کردە سەر خاکی ئەردەلان‌و بەتەواوی داگیرکرد (١١٣٦) ئەحمەد پاشا لەلایەکی ترەوە هێرشی کردە سەر هەمەدان.

خانە پاشا لەپاڵی ئەرکی حکومەتی سنەدا بورج‌و مەیدانی فیردەوسی دروس کرد، کەلەکاتی حکومەتی ئەمان اللە خانی دووەما روخا.

پاشایانی بابان هەر لەسنەو کوردستانا فەرمانڕەوابون تازەمانی پادشایی نادر شای هەوشار.

لەکاتێکدا نادرشا دێتە سنە لەموحەمەد قولی بەگی وەکیل پرسیار ئەکا کەسێ لەبنەماڵەی ئەردەلان ماوە تا بێتە حکومەتی کوردستان، ئەویش سوبحان وێردی خان کوڕی موحەمەد خان بەنادر شا ئەناسێنێ.

نادرشا سوبحان وێردی خان ئەکاتە والی کوردستان بەشوێن ئەم کارەساتەداو پاش ئەوە نادر ئەڕوا (خالید پاشا) برای خانە پاشای بابان هێرش ئەکاتە سەر سنەو ئەم شارەو دەوروبەری ئەگرێ‌و خۆی ئەبێتە والی سنە (١١٤٤)ی کۆچی.

سوبحان وێردی خان هەڵدێ‌و ئەڕوا بۆ لای نادرشا، نادر یارمەتی پێ ئەداو ئەویش ئەگەڕێتەوەو خانەپاشا وەدەرئەنێن، بەلام خەڵکی سکالای سوبحان وێردی خان ئەبەنە لای نادر شاو ئەویش سوبحان وێردی خان لائەباو موستەفا خان ئەکاتە حاکم، بەلام

پیاوێکی زۆر لێ نەهاتوو بێکارە ئەبێ، نادر ئەم حاکمە ئەکوژێو دیسان سوبحان وێردی خان ئەکاتەوە بەوالی، سوبحان وێردی خان ماوەی ٦ سالی تر حکومەتی ئەردەلان ئەبێ.

بەشوێن ئەمەدا ئەحمەد خانی کوڕی ماوەیێك حکومەتی کوردستانی ئەبێ.

بەلام دیسان بۆ جاری چوارەم سوبحان وێردی خان لەلایەن نادرشاهەوە ئەبێتە حاکم، هەتا سالی ١١٦٣ی کۆچی.

ئەمین زەکی بەگ ئەنوسێ سەلیم پاشای بابان قزلجەو چەن ناوچەی تری خاکی ئەردەلانی داگیرکرد.

حەسەن عەلی خان ئەردەلان

پاش کۆچی دوایی سوبحان وێردی خان کە هەشت جار والی کودستان بو برازای ئەو حەسەنعەلی خان بوبە حاکمی خاکی ئەردەلانو دەستی کردە کۆکردنەوەی سوپا، لەم کاتەدا میرعەلی خان لە لوڕستانەوە داوای یارمەتی لێ کرد بۆ بەرگری هۆزی زەند، ئەمیش یارمەتی ئەوی کردو شەڕیان لەگەڵ خێلی کەریم خان کردو دارو دەستەی کەریم خان تێشکا لەم لاوە ئیمام قولی خانی زەنگنە هێرشی کردە سەر کوردستانو برێ لەناوچەی بێلەواری داگیرکرد، حەسەنعەلی خان لەشکری نارده بێلەوارو سوپای زەنگنەی تەفروتونا کرد.

لەلایەکی ترەوە سولەیمان پاشای بابان لەلایەن دەولەتی عوسمانی لەکار خرابو سەلیم پاشای بابان فەرمانڕەوایی خاکی بابان بو، سولەیمان پاشا داوای یارمەتی لەحەسەن عەلی خان کردبو، ئەمیش زمانی دابو لەبەر ئەمە سەلیم پاشا لەشکری کێشا بۆ کوردستانی ئەردەلانو ئەم ناوچەیەی داگیرکرد، حەسەن عەلی خان هەلاتو رۆیە ناوچەی ئەسفەن ئاوا.

ئیبرایم بەگی وەکیل لەسنە دەرچوو رۆیشتە رەوانسەرو دێیەکانی دەوروبەری، لەئەلێکا قەلایەکی دروستکردو پالنگانو بێلەواری داگیرکرد.

کەریم خانی زەندیش بەلەشکرێکەوە هاتە سنە، حەسەن عەلی خان هەلاتو لەپێشا خۆی خستە قەرەتەورە، لەدوایا رۆی بۆ خاکی بابانو خۆی خستە پالی سەلیم پاشای بابان، هەر لەوێ بو تا کۆچی دوایی کرد ١١٦٤ ی کۆچی.

لەبنەمالەی ئەردەلان کەریم خان ناوێ ماوەیێکی کورت فەرمانڕەوایی کرد، بەلام خەلکی زۆر نارەزابونو نەیانەویست کەریم خانی زەند، یارویەس خانی بەقۆشەنێکەوە ناردەسەری کەریم خانی لەردەلان بۆی دەرچوو لەپێشا رۆیشتە شامیان لەهەورامانو پاشان خۆی خستەلای سەلیم پاشای بابان.

سەلیم پاشا ئەوی لەوێ راگرتو بۆخۆی هات بۆ سنەو لێرە بوە فەرمانڕەوا ١١٦٦ی کۆچی، سەلیم پاشای بابان ماوەی چوار سال لەسنەدا بەسەر خاکی ئەردەلانا فەرمانڕەوایی کرد بەجۆرێ کەمێژوو باس ئەکا گەلێ ئاوەدانی لەکوردستانا کردو خەلکی ئەم وەلاتە زۆر لەو رازی بون.

خەسرەو خانی دووەم

پاش فەرمانڕەوایی سەلیم پاشای بابان خەسرەوخانی دووەم کوڕی خان ئەحمەد خان لەبەرواری ١١٧٠ی کۆچیا بەیارمەتی موحەمەد حەسەن خانی قاجار بوبە والی کوردستان ماوەێی شەڕو کێشە لەنێوانا بو تاکو کەریم خانی زەند بە تەواوی بەسەر ئێرانا زالبو.

کەریم خان فەرمانی حکومەتی ئەردەلانی بەناوی سولەیمان پاشای بابان دەرکردو خەسرەو خان لابرا(سالی ١١٧٧ی کۆچی) بەشوێنیا سولەیمان پاشا، شارەزوریشی گرتو خستیە سەر خاکی ئەردەلان.

بەڵام والی بەغدا لەشکری کردەسەر شارەزووروو نوێنەری سولەیمان پاشای راونـاو ئەحمەد پاشای بابان برای سولەیمان پاشای کـردە حـاکمی شـارەزور، بـەڵام دوبـارە سولەیمان پاشا شارەزوری گرتەوە شەوێ لەشارەزورا کابرای بـەناوی فـەقێ ئیـبرایم خۆی خستە ژوری نوستنی پاشاو سولەیمان پاشای بابـانی کوشـت بەشـوێن کـوژانی سولەیمان پاشادا موحەمەد پاشای کوڕی ئەو بو بەوالی شارەزورو عەلی خـان کـوڕی کرایە والی کوردستان، عەلی خانی بابان تەنیا ماوەی یەك سـاڵ حکومـەتی سـنە بـو بەشوێنیا، گەلێ لەخەڵکی سـنە رۆیشتنە لای کەریم خانو تکایان بۆ خەسـرەو خـان کرد" کەریم خان فەرمانی حکومەتی کوردستانی بۆ خەسرەو خان نوسـیو خەسـرەو خان دوبارە بوە والی ١١٨٠ی کۆچی، خەسرەو خان لەدەوری دوەمی فـەرمانڕەوایيا ماوەی ١١ ساڵ حکومەتی کرد، لەم خولی دووەما حەمە پاشـای بابـان جـارێکی تـر هێرشی کردە سەر خاکی ئـەردەڵان، بانـەو مـەریوانی گـرت لـەم لاوە والـی سـنە بەیارمەتی هێزی کەریم خان روی کردە ئەوێ بۆ شەڕ، بەڵام لەم شەڕا کە لەدەشتی مەریوانا قەوما لەشکری سـنە تێشکا پاش ئەوە دوبارە هێزێکی مەزن لەئێرانـەوە هاتـە یارمەتی والی سنەو لەبەرواری ١١٩١ی کۆچـی شـەڕێکی قـورس قـەوما کەگـەلێ کەس لەهەردوولا کوژراو سوپای بابان تێشکا*

لەکاتێکا پادشایی بنەماڵەی زەند خەریکی دوایی هاتن بو عـەلی مورادخـان فـەرمانی حکومەتی کوردستانی بۆ رەزا قولی خان بـرای خەسـرەو خـان نوسـی، بـەڵام تـەنیا حەفدە رۆژ بڕی کردو خەسرەو خان لەشکری کردە سەریانو دەریانی پەراند ئـەنجا هەمـەدانو کرماشـانو سـونقورو دەوروبـەری داگیرکـرد پـاش لـەم شـەڕە زۆری

* بەداخەوە لەباتی ئەوە هەردولا بۆ سەربەرزیو سەربەستی کوردو کوردستان تێ کۆشن، هەمو دەمێ بونەتە هۆی کزیو لاوازیو براکوژیو یەکتر لەناوبردن

پێنەچوو، ئاغا موحەممەد خانی قەجەر بوبە پاشای ئێران، وەلەم وەختا خەسرەو خان توشی نەخۆشی ژانەسەرو ڤێ بو لەدوایدا ساڵی ۱۲۰٤ ی کۆچی، کۆچی دوایی کرد سەربەینێك خان ئەحمەد خان کوڕی کاروباری وەڵاتی بەرێوەبرد، بەڵام لەشەڕێکا کەلەنێوانی ئەمو هۆزی بەڵباسا قەوما کوژرا.

حکومەتی لوتف عەلی خان کوڕی سوبحانی وێردی خان

بەپێی فەرمانی ئاغا موحەممەد خانی قەجەر لوتف عەلی خانی ئەردەڵان لەبەرواری ۱۲۰۵ی کۆچی بو بەوالی کوردستان، ساڵێ بەشوێن والی گەرپا جارێکی تر عەبدولڕەحمان پاشای بابان هێرشی کردە سەر خاکی ئەردەڵانو بانەو مەریوانو بری ناوچەی داگیرکرد والی سنە لەشکری ناردو پاش فەومانی شەڕێکی تر جێگاکانی داگیرکراوی وەرگرتەوە.

لەساڵی ۱۲۰۹ ی کۆچیا لوتف عەلی خان لەناکاو نەخۆش کەوتو لەپڕ کۆچی دوایی کرد.

حکومەتی حەسەن عەلی خان: پاش مردنی لوتف عەلی خان لەلایەن ئاغا موحەممەد خانی قەجەر شای ئێرانەوە حەسەنعەلی خان کرایە والی کوردستان، لەشەڕێکا کە ئەم حاکمە بۆ یارمەتی شای قەجەر لەشوش ئەحوازا کردی پێکراو برینداربو، ئەمان الله خان کوڕی خەسرەو خانو سوبحان وێردی خان کوڕی سوسن خان کەوتنە تەمای فەرمانڕەوایی، بەڵام حەمە ڕەشید بەگی وەکیل کە لایەنگیری والی بو ڕێی پێیان نەدا ئەوان رویشتن بۆ مەریوانو داوای یارمەتیان لەعەبدولڕەحمان پاشای بابان کرد، پاشا سوپایێکی ناردە کۆمەکیانو رویان کردە سنە، بەڵام لەلایەن والی بەغداوە سپاردە کرایە سەر پاشای بابان کە یارمەتی نەکا، عەبدوڕەحمان پاشا، سەلیم بەگی کوڕی خۆی ناردو قۆشەنی گەڕاندەوە، ئەمان الله خانیش رۆیشتە سولەیمانییەو

پرسیاری کرد، پاشا چونیەتی پێ ڕاگەیاند ئەمان اللە خان لـەوێ دەرکـەوت و خـۆی گەیاندە تاران.

لەم لاشەوە موحەمەد زەمان بەگی وەکیل کوڕی حەمە ڕەشید بەگ لەگـەڵ چـەن کەسا کەوتنە ڕێ بۆ تاران و سکاڵای حەسەن عەلی خانیان کرد لەلای فـەتالی شـاوە کەتازە لەجێگای مامی بوبوە شـای ئێـران ١٢١٤ کۆچـی حەسـەنعەلی خـان بـانگ کرایە تاران و خرا بەندیخانەو فەرمانی حکومەت بۆ ئەمان اللە خان دەرچو.

حکومەتی ئەمان اللە خان

لەسەرەتای مانگی ڕەجـەبی سـاڵی ١٢١٤ی کۆچـی ئـەمان اللە خـان بـو بـە والی کوردستان، ئەم والیە دەستی کردە ئـاوەدانی لەشـاری سـنەو دامـەزرانی کاروبـار، ئەمان اللە خان بەهۆی یارمەتی بنەماڵەی وەکیلەوە کرابـوە والی فـەرمانی وەکاڵـەتی کوردستانی دایە حەمە ڕەشید بەگی وەکیل و نایە جێگای باوکی.

بـەڵام لـەدوایدا خـەڵکی لـەئامان اللە خـان هەڵگەڕانـەوەو کەوتنـە ڕێ بـۆ تـاران هەرچەندە سکاڵایان کرد شا بەگوێیانی نەکرد والیش ڕۆیشتبوە تاران لەوێ ئاشـتیان کرد.

لەگەڕانەوەدا والی شەوی بنەماڵەی وەکیلـی بـانگ کـردە لای خـۆی بـۆ میـوانی و لەوێ هەمویانی گرت لەدوایدا فەتالی بەگ و ئەحمەد بەگ و نەسـروڵا بـەگی خنکانـد حەمە زەمان بەگ لەبەندا مایەوە تا دو ساڵ لەدوایدا سولەیمان خـانی ئـەردەڵان بـرا بچوکی ئەمان اللە خان ئەویشی کوشت.

لەساڵی ١٢١٩دا عەبدوڕەحمان پاشا لەلایەن دەوڵـەتی عوسمانیـەوە لەفـەرمانڕەوایی لابرابو، وەبرای ئەو خالید پاشا کرابوە فەرمانڕەوا، عەبدوڕەحمان پاشا بـەهۆی ئـەمان اللە خانەوە ڕۆیشتە تاران و پەنای بردە شای ئێران، ئەویش یارمەتی کردو سـوپایێکیان

پێدا، گەڕایەوە لەمەریوانا شەڕیان کرد، قوشەنی عوسمانی تێشکاو خالید پاشا بریندار بو کە لەدواییا کۆچی دوایی کردو عەبدوڕەحمان پاشای بابان دیسان بوە فەرمانڕەوای خاکی بابان.

پاش ماوەیێك کوڕی ئەمان الله خان لەباوکی یاخی بو گەلێ کەسی لەدەور خۆی کۆکردەوەو بەرهەڵستی والی راوەستاو لەشکریان لەیەکتری کرد، شەڕی نێوانی باوك و کوڕ بوە هۆی کوژرانی گەلێ کەس و لەناوچونی ئابڕوی بنەماڵەیی لەم شەڕا دو کوڕی تری والی بریندار بون، موحەمەد حەسەن خان یەکێ لەم کوڕانە لەتەمەنی ۲۲ ساڵەیی‌دا بەو دەردە مردو بوە هۆی پەرێشانی والی بەجۆری کەتوشی شێتی بو هەر بەو دەردە لەدونیا دەرچور ۱۲٤۰ی کۆچی.

حکومەتی خەسرەو خانی سێیەم کوڕی ئەمان الله خان (ناکام)

پاش کۆچی دوایی ئەمان الله خانی گەورە کوڕی ئەو خەسرەو خان کەزاوای فەتالی شا، پادشای ئێران بو، لەجێگای باوکی بوە فەرمانڕەوا لەکاتی حکومەتی ئەم والیا، موحەمەد سوڵتان و حەیدەر سوڵتان سانی هەورامان یاخی بون و لەگەڵ لەشکری ئێران شەڕیان کرد، کەلەدوایا کوژران و قوشەنی جافرسان لەهەورامانی ژوورەوە بوە هۆی تێشکانیان.

خەسرەوخان، دو ژنی بو یەکێکیان والیە قاجار کچی فەتالی شاو مەستورە کوردستانی، هەردووکیان هۆنەربون و هونراوەیان ئەوت کەمەستورە دیوانێکی هەیە، والی بۆ خۆیشی هونراوەی دائەنا، لەنوسینا زۆر جوان ئەینوسی و بۆخۆی زۆر پێ کەوتوو جوان خاس بو، بەڵام لەساڵی ۱۲۵۰ی کۆچی باوەکو پیر نەبو بەجەوانی لەدونیا دەرچوو بەناوی خەسرەو خانی ناکام ناوبرا.

حکومەتی رەزا قولی خان غولام شاخانی ئەردەڵان

بەشوێن کۆچی دوایی خەسرەو خانی ناکاما کوڕی ئەو غولام شاخان کە لەکچی فەتالی شا بو کرایە جێگەدارو ماوەی ١٦ ساڵ حکومەتی کرد، بەلاّم خەلکی لەدوایا لەم والیە رووگەردان بون رۆیشتنە تاران بۆ سکالاّ، بەتایبەت بنەماڵەی وەکیل هەلخرێنەری خەلکی ئەبن، چونکو غولام شاخان ئامان الله بەگی وەکیلی کوشتبو، لەم کاتا شای ئێران موحەمەد شا ئەبێ، غولام شاخان لائەباو رەزا قولی خان ئەکاتە والی کوردستان، بەلاّم حکومەتی ئەمیش زۆرتر لەدوو ساڵی نەخایاند، حاجی میرزا ئاغاسی خەسرەوخانی گورجی ئەکاتە والی سنە.

خەلکی لەم کارە نارەزایی دەرئەبرِنو جارێکی تر رەزا قولی خان ئەبێتەوە حکومەتی کوردستان ١٢٦٤ ی کۆچی.

پاش مردنی موحەمەد شای قەجەر، لەلایەن کوڕی ئەوەوە ناسرەالدین شا دوبارە غولام شاخان لەبێتەوە بەوالی سنە لەکاتی حکومەتی ئەم والیا دەولەتی عوسمانی هێرش ئەکاتە سەر خاکی بابانو لەدەولەتی ئێرانیش داوا ئەکا لەم لاوە ئەمانیش هێرش بکەن، کە دەولەتی ئێران بەهۆی والی سنەوە بەلەشکری زۆرەوە هێرش ئەکەنو بنەماڵەی بابانو پادشای بنەماڵەو زەنجیرەیێکی کورد لەناوئەبەن.

لەکوردستانیشدا شەڕی شیعەو سونی هەر لەکاتی حکومەتی لەم والیا قەوما کەبەشەڕی کاروانسەرا بەناوبانگە.

غولاّم شاخان لەساڵی ١٢٨٤ی کۆچی کۆچی دوایی کرد بەشوێن غولاّم شاخان ئەمان الله خانی دوەم ماوەیێکی کەم حکومەتی کوردستان بوەو ئیتر بەشوێن ئەمەدا کە بەرواری ١٢٨٥ی کۆچی بەرانبەری ١٨٦٧ی زاینیە فەرمانڕەوایی بنەماڵەی ئەردەلاّن لەکوردستان دوایی هاتو بڕایەوە.

فەرمانڕەوایانی هەکاری: سەبارەت بەبنەوای ئەم رەگەزە مێژوناسەکانو ئەوانەی وا لەو سەردەمەدا بون بەروناکی شتێ نالێن، تەنیا ئەمیر شەرەف الدینی بەتلیسی، لەشەرەفنامەدا باسی کردون، ئەڵبەت بۆ کەسێ کەبیەوێ ئێستا یا لەداهاتوودا مێژوو بنوسن هەر بکەونە شوێنی شەرەفنامە*.

لەمێژووی (زەفەرنامە)دا بەهۆی باسی ئەمیر تەیمورەوە ناوی فەرمانڕەوایکی هەکاری هاتوە کە باسی (عیزالدین شێر)ئەکا کەلەگەڵ ئەمیر تەیمورا شەڕی کردوە.

ئەسەدالدین لەپ زێڕ کوڕی گوڵاوی کوڕی عیمادالدین

یەکێ لەفەرمانڕەوایانی بنەماڵەی هەکاری ئەسەدالدینە کەلەشەڕێکا دەستێکی لەپەڕێو پادشای چەرکەس دەستێکی زێڕی بۆ دروس ئەکاو لەوە بەدوا بەناوی ئەسەدالدین لەپ زێڕ ناو ئەبرێ، ئەم ئەسەدالدینە کە دەرکەوتەی نیشتمانی ئەبێ بەهۆی مەسیحیەکانی ناوچەی دزەوە ئەگەڕێتەوە وەڵاتی هەکاریو لەڕۆژی شەمودا بوبە جێگەدارو لەوەو بەدوا رۆژی شەمو بو وان باش ئەبێ تا ئەو جێگا بەرەگەزو هۆزی شەنبو ناو دالەخەن.

ئەسەدالدین زۆر ئازاو لێهاتو بوەو توانیوە سەرۆکایەتی بۆ خوێو بەرەی دامەزرێنێ. بەشوێن ئەسەدالدینا کوڕی ئەو بەناوی مەلیك عیزالدین شێر بووە فەرمانڕەوا کە ئەویش پاش بەینێك فەرمانڕەوایی ئەداتە کوڕی خۆی زاهید بەگ، ئەم زاهید بەگە ماوەی شەست ساڵ حکومەتی هەکاری کردوەو هاودەمی شائیسمایلی سەفەوی بوە.

زاهید بەگ دو کوڕی لێ بەجێماوە، مەلیك بەگو سەید موحەمەد بەگ.

* منیش لێرەو بەدوا هەر ئەکەومە شوێن ئەمیر شەرەف خانو شەرەفنامە، چونکو ئێستا ڕێکەو پێکترین مێژووی کوردە ئەڵبەت مێژووی ئەمین زەکی بەگیش جێگای بڕواو شوێن کەوتە.

مەلیك بەگ بەشوێن باوکیا بو بەفەرمانڕەوای هەکاری، بەڵام یەکێ لەکوڕەکانی بەرهەڵستی وەستاو دەریپەڕاند ئەویش روی کردە وەڵاتی میر شەرەف بەگ.

لەولاشەوە سەید موحەمەد بەگ کوڕی زاهید بەگ هەمو دەمێ گیرۆدەی دەستی ئەم برازابوە، بەڵام لەدوایا زاڵ بوەو توانیوە هەمو وەڵاتی هەکاری بخاتە ژێر دەستی خۆی پاش ئەوە کەسەید موحەمەد بەهۆی دەرباری عوسمانییەوە لەکارخرا زێنەڵ بەگ کوڕی مەلیك بەگ کە لەمردنێکی ئەولۆ رزگار بوبو بەدر بەگی جزیر بەهۆی تکای ژنەکەیەوە نەجاتی دابو خۆی گەیاندە هەکاری، بەڵام ویستی خۆی بخاتە پەنای شاتوهماسپ شای ئێران شاتوهماسپی سەفەوی نەیدواند، لەویش روی کردە دەرباری عوسمانی، سوڵتانی عوسمانی یارمەتی پێکردو بوە فەرمانڕەوای هەکاری.

بەڵام لەشەڕێکی نێوانی عوسمانیو ئێران کەلەمیش بەلایەنگیری وەڵاتی عوسمانی بەشداری کردبو، کوژراو لەدوایا تەرمەکەی لەجۆلەمێرگ نێژرا.

بەشوێن کوژرانی زێنەڵ بەگا زەکەریابەگ کوڕی بوبە جێگەنشین، بەڵام پاش دووساڵ ئەو لەکارخراو براگەورەی لەو زاهێدبەگ کرایە فەرمانڕەوا" خەڵکی وەڵاتەکە بەرهەڵستی وەستانو راپەڕینو کوشتیانو جارێکیلر زەکەریا بەگ لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە کرایەوە فەرمانڕەوا ١٠٠٢ی کۆچی ١٥٩٣ی زایینی.

بەشوێن ئەم فەرمانڕەوا چەن کەس تر بەسەر وەڵاتی هەکاریا فەرمانڕەواییان کردووە.

فەرمانڕەوایی هەکاری تاساڵی ١٢٦٤ی کۆچی بەرانبەری ١٨٤٥ی زایینی درێژەی بوە.

بەشی چوارەم

فەرمانڕەوایانی جزیرە

بناغەدانەری ئەم زنجیرە سولەیمانی کوری خالیدە کەبریٚ لەمێژوونوسـان ئـەڵێن بۆ خۆیان وتویانە خالید کـوری وەلیـد، بـەڵام نێـوان زۆری ئـەم دوانـە ئـەم باسـە بەچیرۆك پیشان ئەدا.

سولەیمان لەمەڵبەندی جزیرەدا فـەرمانڕەوایێکی بـۆ خـۆیو بـەرەی دامەزرانـدو ماوەییٚ بەسەر ئەو ناوچەدا حوکمی کردووە ئەم میر سولەیمانە سیٚ کوری بو"

١-حاجی بەدر

٢-میر عەبدولعەزیز

٣-میر ئەبدال

پاش کۆچی دوایی میر سولەیمان مـیر عەبدولعـەزیزی کـوری بوبـە فـەرمانڕەوا، ئەویش ناوچەی گۆرگیلی سپاردە حاجی بەدر برا گەورەیو ناوچەی فنیکی دایە میر ئەبدال برا بچوکی، ئەم سیٚ برا هەموو دەمیٚ نێوانیان بـاش بـو رۆژگاریـان بەخۆشـی لەبوارد.

بەشـوێن ئـەمانا، ناوچـەکە هـەموو کەدابـەش کرابـو هەرکامـە بـەجیاواز فەرمانڕەوایێکی تەرخان بونو کاریان بەسەریەکەوە نەبو، یەکەم لـق بەشـی کـوڕانی میر عەبدولعەزیز بەناوی عەزیزان ناوبانگیان دەرکرد، کە لـەجەزیرەدا دامەزراو هەتا خولی هاوچەرخ درێژەی بـو، بـەڵام ئـەو دوو لقـە کـە سـەر بـەیێك کەوتـە دەس تورکەکانی ئاق قویلونلو بەشوێن میر عەبدولعەزیزا دوو کوری یـەك لەشـوێن یـەك بون بەفەرمانڕەوا.

١-میر سەیف الدین

٢-ئەمیر مەجدالدین

ئەم دوو برا هەردووکیان لەپیاوەتیو چاکیان بەناوبانگن پاش کۆچی دوایی ئەمیر مەجد کوڕی ئەمیر عیسا بوبە جێگەدار میر عیساش وەکو بابو مامی زۆر ناودارەو بەناوبانگە بەشوێن میر عیسادا کوڕی ئەو میر بەدرالدینی دووەم بوبە فەرمانڕەوا، میر بەدرالدینیش ماوەیێ فەرمانڕەوایی کردو لەدونیا دەرچوو، کوڕی ئەو میر ئەبدالْ نیشتە جێگای بەشوێن میر ئەبدالْدا میر عیزالدین بوبە فەرمانڕەوا لەکاتی فەرمانڕەوایی میر عیزالدینا وەلاگیری ئەمیر تەیموری گورکانی بەدیهات،و دەسەلاتێکی زۆری بەدەس هێناو گەلێ لەوەلاتانی ئێرانو عوسمانی داگیرکرد.

لەکاتی هاتنی لەشکری بێ ئامانی تەیموردا میر عیزالدین رۆیشتە لای تەیموروو خۆیو وەلاتی لەشەڕو وێرانی رزگارکرد لەلایەن تەیمورەوە فەرمانڕەوایی میر عیزالدین لەجێ خۆی مایەوە، بەلام پاش بەینێك ئەم نێوانە تێکچوو تەیمور لەشکری کردە سەر جزیرەو گەلێ کوشتاری کردو وێرانی بارهێناو تالانی کرد میر عیزالدین دەربەدەر بو لەنائومێدیا کۆچی دوایی کرد بەشوێن میر عیزالدینا بەرەی ئەو یەك لەشوێن یەك سەر لەجزیرە فەرمانڕەوا بون.

١-میر ئەبدالْ کوڕی میر عیزالدین

٢-میر ئیبراهیم کوڕی میر ئەبدالْ

٣-میر شەرەف

٤-میر بەدر

٥-میر موحەمەد کوڕی میر ئیبراهیم

لەکاتی فەرمانڕەوایی میر موحەمەدا حەسەن بەگی ئاق قویونلو هێرشی هێنایە سەر وەلاتی جزیرەو کاولی کرد.

لەبنەماڵەی میرانی جزیرە گەلێ کەس دەردەس کرانو بەدیلگیران وەکو میر موحەمەد فەرمانڕەوا شاعەلیو میر شەرەف، بەلام پاش بەینێك میر شەرەف لەدیلی

رزگاربو وە بەشوێن کزبونی زەنجیرەی ئاق قویونلودا میر شەرەف لەجزیرە بوەوە فەرمانڕەوا.

بەڵام میر شەرەفیش تووشی لەلافاوی لەشکری شائیسمایلی سەفەوی هات و سێ جار لەشکری قزڵباش هێرشی کردە سەری، میر شەرەف هەرسێ جارەکە لەشکری سەفەوی تێشکاندو لەشەڕان رزگاربو. (٩٠٨ی کۆچی هەتا ٩١٧ی کۆچی).

بەشوێن کۆچی دوایی میر شەرەفا هۆزەکانی بۆتانی شاعەلی بەگی کوڕی میر بەدریان کردە فەرمانڕەوا.

شاعەلی بەگ ناوچەی فنیکی سپاردە دەس میر موحەممەدی برای و ماوەیێ رایان بوارد، بەڵام بەفێڵ و تەڵەکە کەوتنە گیر شائیسمایل و هەموویان خرانە بەندیخانەوە.

شائیسمایل وەڵاتی جزیرەی سپاردە دەس یەکێ لەفەرمانڕەواکانی دیاریکراوی خۆی (ئولان بەگ) والی دیاربەکر، کاتێ شائیسمایل لەشەڕی چاڵدورانا تێشکا شاعەلی بەگ پاش سێ ساڵ لەبەندابون رزگاربو خۆی گەیاندە جزیرەو بەپشتیوانی هۆزەکەی هێرشی کردە سەر ناوچەو وەڵاتی خۆی لەدەس ئولان بەگ دەرهێنا.

شاعەلی بەگ لەگەڵ میر شەرەف خانی بەدلیسا بوبە هاوپەیمان و هەردووکیان پاڵیان دایە دەوڵەتی عوسمانییەوە شاعەلی بەگ پاش بەینێك کۆچی دوایی کردو بەشوێن ئەوا بەدر بەگ کوڕی بو بەفەرمانڕەوا.

بەدر بەگ سەر بەینێك دەستی کردە ئاوەدانکردنەوەی وەڵات، بەڵام بەهۆی چەن کارێکی نالەبارەوە دوو هۆزی خستە جزیرە بەجۆرێ کەناوچەکانی (تور) و (هەیتم) لەوێ جوێ بوەوە، درایە ناسر بەگ برای، تاپاش مردنی ناسر بەگ دووبارە کەوتە سەر جزیرە، پاش کۆچی دوایی بەدر بەگ کە٩٥ساڵ ژیا میر موحەممەد کوڕی ئەوبو بەجێگەدار ئەم میر موحەممەدە مرۆڤێکی پیسکەو رژد بوەو زۆر شتی نالەباری

بڕیوەتە سەر خەڵکی ناوچەدا، وەکو مریشکی نەمر مەڕو بزنی نەمر" بەمجۆرە ماڵو مەتاو دارایەکی زۆری نایە یەکەوە، لەساڵی ٩٨٦ی کۆچی ١٧٥٨ی زایینی کاتێ شەڕ لەنێوانی ئێران و عوسمانیا قەوما ئەم میر موحەممەدە بەلایەنگیری عوسمانی لەگەڵ شای ئێرانا شەڕی کرد، بەڵام هەم ئەوو هەم سارۆخان بەگ گەورەی حەزو هەروەها دومان بەگی زەرقیو میر موحەممەد سەرەکی فنیك کوژران.

لەکاتی کوژرانی ئەم میر موحەممەدا سوڵتان موحەممەد کوڕی زۆر منداڵ بو کرایە جێنشین، بەڵام دایکی لەم کوڕە کەکچی مەلێك موحەممەدی فەرمانڕەوای حەسنەکێف بوە کاروباری هەڵسوڕاندوە.

ماوەی پێنج ساڵ بەم جۆرە بورد، شاژنی دایکی سوڵتان موحەممەد لەدونیا دەرچوو، سوڵتان موحەممەدیش بەشوێن دایکیا مرد (٩٩١ی کۆچی ١٥٨٢ی زایینی).

بەشوێن مردنی سوڵتان موحەممەدا ناسر بەگ کوڕی شاعەلی بەگ بوبە فەرمانڕەواو سەردەمێك فەرمانڕەوایی کرد.

بەشوێن ناسر بەگا (خان ئەبداڵ) کوڕی نیشتە جێگای، بەڵام لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە بەدەستی مەحەممەد پاشای وەزیری سوڵتانەوە خان ئەبداڵو سەد کەس لەپیاوە ناودارەکانی جزیرو بۆتان بانگ کرانە میوانیەوەو لەوێ کوژران.

بەشوێن ئەم کارە نارەوا میرناسر کوڕی خان ئەبداڵ بەهۆی پێشنیاری پیاوە گەورەکانی بۆتانی کرایە فەرمانڕەوا، بەڵام میر عەزیز کوڕی کاك موحەممەد بەرهەڵستی وەستاو دەستی کردە پیلان گێڕان تا لەدوایا کارێکی کرد میر ناسر لەلایەن سەرداری عوسمانییەوە کوژراو میر عەزیز کرایە گەورەو فەرمانڕەوا (٩٩١ی کۆچی ١٥٨٣ی زایینی).

تەنیا ماوەی ١٦مانگ فەرمانڕەوایی کردو خەڵکی لێ نارەزابونو میر موحەمەد کوڕی خان ئەبدال بوە فەرمانڕەوا، میر عەزیز دانەمرکاو هەر پیلانی ئەگێڕاو ئەیویست تەواو کورەکانو بنەماڵەی خان ئەبدال لەناوبەرێ لەدوایا کارێکی کرد ئەوانی دەرپەڕاند، بەڵام خەڵکی هەر سەر بەکوڕانی خان ئەبدال بونو لەمیر عەزیز ئاڵۆزو تورەبون میر شەرەف کوڕی خان ئەبدال بەخۆیو براکانیەوە راپەڕینو میر عەزیزیان دەرپەڕاند.

بەڵام سوڵتانی عوسمانی لەشکرێکی بەسەرکردایەتی حوسەین پاشا والی موسڵ نارده سەریان (٩٩٩ی کۆچی).

میر ئەشرەف ناچار وەڵاتی بەجێهێشتو حوسەین پاشا میر عەزیزی لەوێ دامەزراندەوە، میر عەزیز کەوتە شوێن میر شەرەفو براکانی، بەڵام لەشەڕێکا کە لەنێوانیانا قەوما میر عەزیز کوژراو هەرای ئەو کوژایەوە.

لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە میر موحەمەد کوڕێکیتری خان ئەبدال کرایە فەرمانڕەوا، بەڵام میر شەرەف هەر دانەکاسا تالەدوایا ریش سپیەکانی وەڵات کەوتنە نێوو نێوانی ئەوانیان خۆش کرد.

بەڵام پاش بەینێك میر شەرەف کرایە فەرمانڕەوا ئەم فەرمانڕەواییە هەر درێژەی بو تاکاتێ بەدرخان پاشا کە لەبەرگی چوارەما باسی ئەکەین.

فەرمانڕەوایانی گورد کێل:

بناغەدانەری ئەم زەنجیرە میر شەمس الدینە کوڕی حاجی بەدرە لەناوچەی کەژو کێوەکانی باشوری تورکیادا فەرمانڕەوایی کرد.

بەشوێن میر شەمسەدینا سێ کوڕی بەجێمان میر سەید ئەحمەد میر بەدرو میر موحەمەد کەپێشان سەید ئەحمەد لەسەر فەرمانی سوڵتان سەلیم کرایە جێنشینی

باو کیی و ماوەیێ فەرمانڕەوایی کرد، پاش لەدونیا دەرچوونی میر سەید ئەحمەد میر شەمسەدینی دووەم کوڕی میر بەدر فەرمانڕەواو کەماوەی سێ ساڵ حکومەتی کردو لەدونیا دەرچوو.

بەشوێن مردنی میر شەمسەدینا میر ئیبراهیم کوڕی دووەمی میر بەدر کرایە فەرمانڕەوای گوردگێل

لەم کاتا خولی پادشایی شاتوماسپی سەفەوی بو کەلەشکرێکی زۆری هێناو هاتە سەر ئەو ناوچەو قەڵای گەمارەدا ئەم شەڕوکێشە ماوەی چوار مانگ درێژەی بو تا لەشکری قزڵباش بەفێڵو تەڵەکە توانی قەڵاکە بگرێ لەشەڕی نێو قەڵادا میر ئیبراهیم بریندار بو کەوتە گیر بەخۆیو چەن کەس لەخزمەکانیەوە کەهەموویان کوژران.

پاش کوژرانی میر ئیبراهیمی، لەلایەن سوڵتان سەلیمەوە میر ئەحمەد کوڕی کرایە فەرمانڕەوا، بەڵام پاش سێ ساڵ کوڕی خۆی بەناوی میر موحەمەد بەرهەڵستی وەستاو ئەوی دەرپەڕاندو خۆی جێگای گرتەوە. بەڵام ئەوەندەی نەخایاند تێداچوو وەڵاتەکەی بوە بەشی میر شەرەف کوڕی خان ئەبداڵ

فەرمانڕەوایانی ئامێدی: سەرەتای دامەزراندنی فەرمانڕەوایی ئەم زەنجیرە بەڕووناکی دیارنییە تەنانەت میر شەرەف خانی بەدلیسی لەشەرەفنامەدا دەری نەخستوە، سەرەتای لەکاتی فەرمانڕەوایی ئەمیر زەین الدینا نوسیوە کەهاوچەرخی تەیموری شەل بوەو بەشوێن ئەمیر تەیمورا لەکاتی پادشایی شاروخ کوڕی تەیمورا هەر فەرمانڕەوا بوە تاتەوەی کۆچی دوایی کردووە پاش مردنی میر زەین الدین، ئەمیر سەیف الدین کوڕی جێ ئەوی گرتوەتەوە ئەم فەرمانڕەواش ماوەیێك حکومەتی کردو لەدونیا دەرچوو. پاش مردنی ئەو میر حەسەن کوڕی بوبە فەرمانڕەوا لەکاتی

حکومەتی ئەم میرحەسەنەدا ئاق قویونلوکان هاتنە سەر دەورو لەشکریان کێشا سەر ناوچەی ئامێد، چەن بەشێکیان لێگرت، بەڵام قەڵای ئامێدیان دەس نەکەوت و چاریان نەکرد، بەشوێن برانەوەی شەڕی ئاق قوینلودا دووبارە ناوچە براوەکان کەوتەوە سەر ئامێدی کە لەم کاتا نۆرەی فەرمانڕەوایی سوڵتان حوسەین کوڕی میر حەسەن بو، ئەم فەرمانڕەوا ماوەی سی ساڵان حکومەتی کرد لەدوایلەی ئازایی و جوامێریا تادوایی لەساڵی ٩٧٤ی کۆچیا کۆچی دوایی کردو کوڕی ئەو قوباد بەگ لەلایەن سوڵتان سلیمەوە کرایە فەرمانڕەوا، بەڵام پاش بەینێك بەیرام بەگ برای لێ هەڵپەڕی و وەڵاتی لێساندو خۆی بوە فەرمانڕەوا بەیرام بەگ ماوەی ٦ساڵ فەرمانڕەوایی کردو لەم خولا گەلێ شەڕوکێشە بوە ریشەیەوە تادوایی لەساڵی ٩٩٤ی کۆچیا کوژرا.

بەر لەکوژرانی بەیرام بەگ سەیدی خان کوڕی قوباد بەگ کرایە فەرمانڕەوا ئەویش ماوەیێ فەرمانڕەوایی کردو بەشوێنیا کوڕی ئەو یوسوبەگ نیشتە جێگای، بەبێ نومراوەی ئەمین زەکی بەگ لەمێژووی دەوڵەت و فەرمانڕەوایەکانی کورد دا.

ساڵی ١١١٢ی کۆچی قوباد پاشا فەرمانڕەوای ئامێدی بوە فەرمانڕەوایی ئەم بنەماڵە لەئامێدی تاساڵی ١٢١٩ی کۆچی درێژەی بوەو لەوەبەدوا دەساودەس کەوتوە.

فەرمانڕەوایانی حەسەن کێف: بنەڕەت دانەری ئەم زەنجیرە مەلێك سولەیمان ناوێکە کوڕی حەسەن کەبرێ لەمێژوونوسەکان وتویانە لەبەرەی بنەماڵەی ئەیوبیەکان بوەو لەوناوچەدا ناوبانگی داخستوە، خولی فەرمانڕەوایی مەلێك سولەیمان هاوچەرخی دەوڵەتی چەنگیزیەکان بوە بەشوێن مەلێك سولەیمانا کوڕی ئەو مەلێك موحەممەد بوە بەفەرمانڕەوا ئەم پاشا زۆر دەس و دڵ وازو پیاو چاك بوە،

ماوەیێ فەرمانڕەوایی کردوەو لەدوایا کۆچی دوایی کردوەو کوڕی خۆی مەلێك عادلی کردوەتە جێگەدارو ئەویش ماوەیێ فەرمانڕەوایی کردووە (٧٨١ی کۆچی).

مەلێك ئەشرەف کوڕی مەلێك عادل پاش لەدونیا دەرچوونی بابی بوبە فەرمانڕەوای حەسەن کێفو لەم سەردەما خولی پادشایی ئەمیر تەیمور بوەو مەلێك ئەشرەف خۆی خستوەتە پاڵی ئەو تادوایی ژیانی.

پاش مردنی مەلێك ئەشرەف مەلێك خەلیل کوڕی بەنازناوی مەلێك کامیل بوبە فەرمانڕەواو لەم کاتا شاروخ میرزای کوڕی ئەمیر تەیمور بەسەر دەورەوە بو، ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم پادشا نزیکەی ٤٠سالّ بو تالەبەرواری ٨٦٢ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردو بەشوێن ئەوا مەلێك خەلەفی چاوسور برازای نیشتەجێگەی، ئەم پادشا توشی لەتوش پادشاکانی ئاق قویونلو هاتو بەهۆی گزیکاریەوە.

بەدەس برازاێکی خۆی کوژراو ماوەیێ وەڵات کەوتە دەسیان تابەشوێن برانەوەی ئاق قویونلوا مەلێك خەلیل کوڕی مەلێك سولەیمان کەماوەیێ خۆی شاردبوەوەو ماوەیێ کەوتە بەندی شائیسماییلی سەفەویەوە بەهۆی یارمەتی میر شەرەف کوڕی میر بەدرەوە دەستی گەیشتەوە فەرمانڕەوایی حەسەنەکێفو ماوەیێ پادشایی کرد.

پاش مردنی مەلێك خەلیل کوڕی ئەو مەلێك حوسەین بوبە فەرمانڕەوا، بەڵام مەلێك سولەیمان برای خۆی ختە پاڵی خەسرەو پاشا میری دیاربەکر، ئەویش مەلیك حوسەینو براکانیتری بانگ کردە لای خۆی بەناو میوانی، بەڵام کوشتیو مەلیك سولەیمان بوبە فەرمانڕەوا، بەڵام خەڵکی هەمور لەو نارەزابونو دڵیان لێ چەپەڵ کردبو، ژیان لەم پادشا تاڵ بوبو بەجۆرێ پاش ماوەیێکی کورت دیقی کردو مرد.

پاش مردنی مەلیك سولەیمان مەلیك موحەمەد بەرای بوبە میری ناوچە، بەلام ئەوەندە نەژیاو کۆچی دوایی کردو بەشوێن ئەوا مەلیك حوسەین بوبە فەرمانڕەوا، پاش بەینێك ئەم فەرمانڕەوایە بەهۆی دوژمنایەتی نێوانی خۆیانەوە بڕایەوە.

فەرمانڕەوایانی بتلیس: بەمڕەت دانەری زەنجیرە فەرمانڕەوایانی بتلیس بەپێ مێژووەکان مەلیك ئەشرەف بوە کەسەرەتا لەناو لەشکری مەلیك عادلی ئەیوبیا سەردار ئەبێ.

بەلام ئەمین زەکی بەگ نوسیویە ئەمیر عزالدین عمری هەکاری بناغەدانەری ئەم بنەمالەیە کەسەرداری لەشکری مەلیك ئەشرەف کوری مەلیك عادلی ئەیوبی ئەبێو لەبەرواری ٦٢٧ی کۆچیا لەشەڕی ئەرزەنجانا جەلال الدین خوارزم شای تێشکاند.

لەکاتی هێرشی تەیموری گورکانیا فەرمانڕەوای بتلیس ئەمیر حاجی شەرەف بەگ بو کەخزمەتی تەیموری کردو ئەویش مەلازگردو پاسینی خستە سەر بەشەکەی.

بەلام پاش بەینێك لەلایەن نوێنەری تەیمورەوە خرایە بەندو کوژرا، بەپێ نوسراوی شەرەفنامە کەئەمیر شەرەف خانی بەتلیسی نوسەری ئەم مێژووە خۆی لەم بنەمالەیەیە پاش لەناوچوونی حاجی شەرەف بەگ، ئەمیر شەمس الدینی کوڕی بوبە فەرمانڕەوا، لەکاتی حکومەتی ئەم فەرمانڕەوا قەرایوسوی قەرەقویونلە هاتە بەتلیسو ئەمیر شەمس الدینی بەرێزگرتو کچی خۆی پێداو بەهۆی یارمەتی ئەم فەرمانڕەوا بو کەتوانی حکومەتی قەرەقویونلو سەرلەنوێ دامەزرێنێ لەبەرواری ١٠٦٦ی کۆچیا ئەحمەد پاشا فەرمانڕەوای (وان) شەڕی بەئەمیر عەبدالّ خان فەرمانڕەوای ئەوکاتەی بەتلیس فرۆشتو لەشکری کردە سەریو وەلاتەکەی تالان کرد.

ئەمارەتی ساسون لقێکی تری فەرمانڕەوایانی بەتلیس بو لەکاتی فەرمانڕەوایی میر زیاتودینا برای ئەو میر عزالدین ئەمارەتی رەگەزی ساسونی دامەزراندو لەشان ناوچەی بەتلیسدا ئەم ئەمارەتە بەدی هات، بناغەدانەری ئەم حکومەتە میر ئەبوبەکر بو کەتاماوەیێ درێژەی بو.

لەم بنەماڵە چەن ئەمارەتی تر جویێ بوەوەو هەر کوڕو براو ئامۆزایی چەن عەشیرەتی دابڕکردو بەناوی عەشیرەتێکەوە فەرمانڕەوایی دامەزراند وەکو:

فەرمانڕەوایی سویدی، فەرمانڕەوایی پازوکی فەرمانڕەوایی مەرداسی، فەرمانڕەوایی چەشمەکزەك ئەمانە هەرکامە چەن قەلاّێکیان لەناوچەکانا دروس کردو جارجار پاڵیان ئەدایە دەوڵەتی عوسمانییەوە هەر ئەم تەوە تەوە بونە هەمور دەمیێ بوەتە هۆی کزیو لاوازیو لەناوچوونی ئەمانو زۆریێ لەفەرمانڕەوایەکانی تر.

فەرمانڕەوایانی دینبولی: زەنجیرەێکیتر لەفەرمانڕەوایانی کورد لەباکوری رۆژئاوایی ئێرانا ژیاونو حکومەتیان کردووە بەناوی فەرمانڕەوایانی دینبولی بەناوبانگ بریێ لەمێژوونوسەکان بەکورتی باسی ئەم بنەماڵە ئەکەن، بەلاّم ئەمین زەکی بەگ لەمێژووەکەیا بەرز ناوی هەموویانی نوسیوەو بەرواری لەدونیا دەرچوونیان وەئەمیر شەرف الدینی بەتلیسی بەدرێژایی باسی کردون.

سەرلقی ئەم بنەماڵە جەعفەری بەرمەکی وەزیری تێگەیشتوی هارون الرەشیدە کەبەرەکانی ئەو ئاوپەڕ کەوتونو لەخۆی فەرمانڕەواییان دامەزراندووە.

ئەمین زەکی بەگ ئەنوسیێ یەکەم فەرمانڕەوای ئەم زەنجیرە مەلیك تاهیر کوڕی ئەمیر عیسی بوە کەئەگاتەوە بۆ بەرمەکیەکان، ئەم بنەماڵە چەن پەلی لیێ جویێ بوەتەوەو هەرکامە ئەڕژنە سەر یەکیێ لەبنەماڵەی بەرمەکیەکان چوارەمین فەرمانڕەوای ئەم بنەماڵەیە لەساڵی ٣٨٧ی کۆچی لەدونیا دەرچوو وەمیر سولەیمان

کوڕی بوبه جێگەدار برێ لەگەورە پیاوانی لەم بنەماڵە پلەو پایەی شێخێتیان بوە کەمیر سولەیمان یەکێ لەوانە بوە.

بەشوێن ئەوا میر جافری دووەم بوە جێگەدارو تاساڵی ٩٤١ی کۆچی فەرمانڕەوایی کرد.

پاش لەدونیا دەرچوونی ئەو شێخ ئەحمەد لەلقی عیسابەگ کرایە فەرمانڕەواو ماوەیێك حکومەتی کردوە.

پاش مردنی ئەم میرە شێخ بەهلول کوڕی نیشتە جێگای بەشوێن کۆچی دوایی شێخ بەهلولدا کوڕی ئەو حاجی بەگ جێی گرتەوەو لەباری شێخگەریەوە بوە شوێن کەوتوی شێخ سەفی الدینی ئەردەوێڵی تاساڵی ٩٢٨ی کۆچی هەر دەژیاو لەم بەروارەدا ژیانی دوایی هات.

حاجی سوڵتان بەگ تەنیا کوڕێکی منداڵی لەشوێن بەجێ ما کەپاش چەن کەسی تر بوە فەرمانڕەواو نیز بەشوێن حاجی بەگا براکەی ئەحمەد بەگ کرایە فەرمانڕەوا.

ئەحمەد بەگ کەبوە فەرمانڕەوا سەرەتا شاتوماسبی سەفەوی لایەنگیری لێکردو ناوچەی سەگمەنابادیشی خستەسەر بەشەکەی، بەڵام زۆری پێ نەچور لەشکری قزڵباشی ناردە سەریانو لەیەك رۆژا چوارسەد کەس میرخاسی دینبولیان کوشت تەنیا کەسێ کەدەرچوو مەنسوربەگ کوڕی موحەمەدبەگ بو هەڵاتو خۆی خستە پاڵی سوڵتانی عوسمانی تا لەلایەن ئەوەوە کرایە فەرمانڕەواو ناوچەکەش بوە لایەنگیری عوسمانی، بەشوێن مەنسور بەگا وەلی بەگ کوڕی بوە فەرمانڕەوا، پاش بەینێك حاجی بەگ کوڕی ئەو حاجی بەگیتر کەمنداڵ بو باوکی کوژرا بوە فەرمانڕەوا یەکێکیتر لەبنەماڵەی دینبولیەکان کەلەقڕان رزگاربو سوڵتان عەلی بەگی کوڕی جەمشید بەگ بو لەئەفسەهانەوە رۆژی کوژرانی دینبولیەکانی پایتەخت

هەڵهات و خۆی گەیاندە "خۆی" بەشوێن ئەم حاجی بەگا بوە فەرمانڕەوا پاش مردنی ئەو کوڕی گەورەی ئەزەربەگ لەلایەن سوڵتانی عوسمانیەوە حکومەتی دینبولی پێدراو ناوچەکانی چاڵ دوران و سولەیمان سەراو سەگمە ئابادیشی پێدراو ئەویش بەشێکی دایە برای خۆی قلیج بەگ.

بەڵام بەداخەوە شەڕێ کەوتە نێوانی ئەمان و مەنسوربەگ مەحمودی لەو شەڕەدا هەشت پیاوی گەورەی ئەم بنەماڵە دیسان کوژرا پاش کوژرانی ئەم کەسانە قلیج بەگ نیشتە جێگەی براکەی و ماوەیێ فەرمانڕەوایی کرد. ئەنجا بەرز ئەم چەن کەسەیان فەرمانڕەوابون یا بەناوی بەگلەر بەگی سەرزکایەتیان بوە.

١-میر بەهلول کوڕی میر فەرەیدون تاساڵی ٨٨٠ی کۆچی.

٢-میر رۆستەم کوڕی میر بەهلول تاساڵی ٨٩٨ی کۆچی.

٣-میر بەهرۆز کوڕی میر رۆستەم تاساڵی ٩٨٥ی کۆچی.

٤-ئەیوب خان کوڕی سولەیمان بەگ تاساڵی ٩٤٦ی کۆچی، فەرمانڕەوا ئەبو بەگلەر بەگی بوە.

٥-شابەندەرخان کوڕی ئەیوب خان.

٦-بەهرۆزخان کوڕی شابەندەرخان.

٧-عەلی خان کوڕی بەهرۆزخان.

٨-مورتەزا قولی خان کوڕی عەلی خان.

٩-غەیاس بەگ کوڕی عەلی خان.

١٠-شاباز خان کوڕی مورتەزا قولی خان لەساڵی ١١٢٢ی کۆچیەوە تاساڵی ١١٤٤ی کۆچیی فەرمانڕەوایی کردوە.

١١-میر ئەحمەدخان کوڕی مورتەزا قولی خان لەساڵی ١٢٠٢دا کوژرا.

١٢-حوسەین قولی خان کوڕی میر ئەحمەد تاساڵی ١٢١٣ی کۆچی، هەتا خولی نێوەڕاستی زەنجیرە پادشایانی قەجەر لەم بنەماڵە هەر میرو گەورەی ناوچەکان بون، لەبرێ جێگای تری ئێرانا کار بەڕێوەبەریان کردوە.

فەرمانڕەوایانی شەدادی: زەنجیرە فەرمانڕەوایانی شەدادی لەنێوانی ساڵەکانی ٣٤٠ هەتا ٤٦٨ی کۆچی لەناوچەکانی ئەڕانو ئانیدا حکومەتیان کردوەو چەن مەڵبەندیتر وەکو نەخچەوان، گەنجە، تفلیسو قەرەباغیشیان بەدەستەوەبوە، بەڵام لەکاتی پادشایی مەلیکشای سەلجوقیا زۆری لەناوچەکانیان لەدەس سەنراوە.

موحەمەد کوڕی شەداد یەکەم فەرمانڕەوای ئەم بنەماڵە بو کەدەستی کێشا سەر ئازەربایجاناو لەوێو دەورو بەریا حکومەتی کرد.

فەزلونی برای ئەم میر موحەمەدە لەگەنجەدا فەرمانڕەوابون، بەڵام تەنیا ماوەی هەشت ساڵ بری کرد برای ئەو مەرزەبان لێ هەڵپەڕیو حکومەتەکەی لێ ساندو بۆ خۆی بوبە فەرمانڕەوا ئەم ئەمیرەش ماوەی حەوت ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، ڕۆژێ لەکاتی ڕاوا برایەکی خۆی بەناوی فەزل کوشتیو خۆی نیشتە جێگەی فەزل ماوەی ٤٧ساڵ بەسەربەستی فەرمانڕەوایی کرد پاش مردنی فەزل کوڕەکەی ئەبولفەتح موسی بوبە فەرمانڕەوا ئەمیش هەر سێ ساڵ حکومەتی کردو برایەکی بەناوی ئەبولحەسەن بەرهەڵستی وەستا خۆی نیشتە جێگایو هەتا ساڵی ٤٤٠ی کۆچی فەمانڕەوا بو پاش لەدونیا دەرچوونی ئەم کوڕەکەی بەناوی ئەوشیرەوان بوبە میر، بەڵام تەنیا سێ مانگ بری کردو کۆچی دوایی کرد بەشوێن ئەوشیرەوانا ئەبول ئەسوار کوڕی فەزل فەرمانڕەوایی گرتە دەسو هەتا ساڵی ٤٥٦ی کۆچی بەسەر دەورەوە بو.

فەزلی دوەم (مەنوچەر) کوڕی ئەبول ئەسوار لەم بەروارەدا نیشتە جێگای باوکی بەشوێن ئەما چەن کەس تر لەم بنەماڵە فەرمانڕەواییان کرد، تالەدوایدا لەلایەن مەلیك شاوە فەرمانڕەوایی ئەم بنەماڵە هەڵپێچرا.

فەرمانڕەوایانی برادۆس و سۆمای: ئەم زەنجیرە هەر لەبەرەی فەرمانڕەوایانی حەسنەوی کەبەشوێن کوژرانی میر هیلالا هاتنە ناوچەی برادوس، سێ برا بون یەکێکیان میر تاهیر بو کرابە فەرمانڕەوای شارەزووررو ئەهات بەرەو ئەملا، ئەو دوو برا کەهاتن یەکێکیان سەرۆکایەتی عەشیرەتەکانی برادۆسی گرت و ئەوی تر لەسەلماسا بوە فەرمانڕەوا بەناوبانگترین فەرمانڕەوای ئەم بنەماڵە غازی قەرانە کەتەواو ناوچەکانی سۆماو برادوس دوڵو دەروبەری بەدەستەوەبو، لەپێشا هاودەنگی ئێران شائیسماییل بو، بەڵام لەدوایدا پاڵی دایە سوڵتان سەلیم پاشای عوسمانیەوە پاش مردنی غازی قەران فەرمانڕەوایەکەی بەدوو بەش دابەشکرا بەناوی سۆماو تەرگەوەر.

فەرمانڕەوایی تەرگەوەر لەلایەن ناسربەگەوە بەڕێوەچوو فەرمانڕەوایی سۆمای لەلایەن شامەحود بەگەوە بەناوبانگترین کەسانی فەرمانڕەوایی تەرگەوەر ئەمیرخانی لەپ زێڕین، یامیری یەك دەستە کەقەڵای "دمدمی" دروس کردو چیرۆك و بەیت باوی زۆری پیا وتراوە ئەم دوو فەرمانڕەوایەش بەدەس پادشایانی گلاوی سەفەویەوە هەڵپێچران. کەدوایی باسی ئەکەین.

فەرمانڕەوایانی موکری: بناغەدانەری زەنجیرە ئەمیرانی موکری میر سەیفەدینە کەلەسەدەی نۆهەمی کۆچیا سەرەتا ناوچەی دەرباسی داگیرکردو بوبە فەرمانڕەواو بەشوێنیا بەرەبەرە ناوچەکانی دوڵ باریك، ئەختاجی و سوڵدوزی خستەسەری و فەرمانڕەوایەکەی پەرە پێداو بەهێزی کرد پاش لەدونیا دەرچوونی ئەمیر سەیفەدین

موکری سارم بەگ کوری نیشتە جێگای، سارم بەگ توشی هات لەپادشایی شا ئیسماییلو چەن جار لەشکری قزلباشی ناردەسەری، بەلام هەردوو سێ جارە کەتێشکان، بەشوێن ئەم شەرانەدا باوەکو هەموو جارێ سارم بەگ سەرکەوتوو ، بەلام بۆ کارقایی پاڵی دایە سوڵتانی عوسمانییەوە. بەشوێن کۆچی دوایی سارم بەگا فەرمانڕەوایی موکری کەوتە دەست ئامۆزاکانی بەلام ئەمان پاڵیان دایە شای سەفەویەوە ٩٤٨ی کۆچی" لەسەر ئەمە سوڵتان سولەیمانی عوسمانی لەچەن قوڵەوە لەشکری نارده سەریانو هەرسێ ئەمیری موکری لەناوچونو شای ئێرانیش پشتی ئەوانی چۆڵ کرد.

پاش کوژرانی ئەوان لەلایەن سوڵتان سولەیمانەوە فەرمانڕەوایی درایەوە ئەمیرە بەگ کوڕەزای سارم بەگ کە نزیکەی سی ساڵ حکومەتی کرد" یەك دوجاری تر ئەم حکومەتە دەساودەس بو تالەدوایا شاعەباسی سەفەوی ئەم بنەماڵەیەی لەناوبردو ئەمارەتەکە هەڵ پێچرا.

ئەمارەتی ئەستۆنی" بنەماڵەی دامەزرێنەی ئەم حکومەتە شێخەکانی ئەمریە کە بەشەمزینیش بەناوبانگن بناغەدانەری فەرمانڕەوایەکە شێخ ئەبوبەکری کوڕی شێخ عەبدولعەزیزە کە لەپلەی شێخایەتی کەڵکی وەرگرتو حکومەتێکی دامەزراندو ماوەیێ ناوچەکانی ئەستۆنو ئەمریێ بەدەستیانەوە بو.

شێخ عوبەیدولڵا کە لەبەرواری ١٨٨٠ی زایینیدا راپەڕیو هەستانەوەیەکی کردو ئاڵای کوردایەتی هەڵکرد لەبەرەی شێخ ئەبوبەکر کە لەبەرگی چوارەما باسی ئەکرێ.

فەرمانڕەوایانی بابا: بناغەدانەری ئەم فەرمانڕەوایە پیربوداغ ناو بوە کە سەرەکی یەکێ لەعەشیرەتە ئازاکانی کوردەو سەرەتا لەمەڵبەندی لاجانا کەکەوتوەتە باکوری

رۆژئاوایی مەهابادەوە فەرمانرەوایی دامەزراندو بەشوێنیا سێوی لەسوران دابڕکردو سنەوزی لەدەس لەشکری قزڵباش دەرهێناو قەڵای مارانی سازکردو فەرمانرەوایی دامەزراند، پاش چەن ساڵ برایەکی خۆی بەناوی رۆستەم بەگ کردە هاودەس و بەسەر برێك لەو ناوچەدا دەسەلاتیان بو بەلام هێچکامیان کوریان نەبو، پیربوداغ لەراوا کوژراو رۆستەم بەگ برایشی زۆری پێ نەچوو کۆچی دوایی کردو لێرەدا فەرمانرەواییەکە بچرا.

پاش بەینێك یەکێ لەمرۆڤە پایەبەرزەکانی دەزگای پیربوداغ بەناوی پیرنەزەر گەلێ کەس لەعەشیرەتەکانی کۆکردەوەو خۆی بوە سەرەك و فەرمانرەوایی بابانی دامەزراندەوە کەم کەم توانی هەمو ناوچەکانی پێشوو یەك گیر بکاو ناوچەی کفری بخاتە سەری و پەرەی پێ بدا پاش چەن ساڵ پیرنەزەر کۆچی دوایی کردو بەشوێنیا وەڵاتی بابان بوە دوو بەشەوە، هەربەشێ کەوت لەیەکێ، ئەم دو کەسە میر سولەیمان و میر ئیبراهیم بون کەلە پێشا فەرماندەرو سەرۆکی لەشکری پیر بوداغی بابان بون ئەم دو کەسە ماوەی ۹ ساڵ بەخۆشی پێکەوە ژیان و فەرمانرەوایی خاکی بابانیان کرد، بەلام لەم بەینا نێوانیان تێکچو میر سولەیمان میر ئیبراییمی کوشت و خۆی بوە فەرمانرەوای تەواو خاکی بابان.

میر ئیبرایم سێ کوری بو لەتاو میر سولەیمان رویان کردە وەڵاتان و یەکێ لەکورەکانی بەناوی حاجی شێخ هاتە ئێران و خۆی خستەلای شاتوماسبی سەفەوی.

شاتوماس لوتی پیانەهێناو گەرایەوە تا ساڵی ۹٤۱ی کۆچی کاتێ ئەیویست بروا بۆی سوڵتانی عوسمانی لەناوچەی مەرگەدا کوژرا" حاجی شێخ دوو کوری لێ بەجێ مابون بەناوی بوداغ و سارم بەگ.

کوڕی گەورەی حاجی شێخ بەناوی میر بوداغ لەلایەن سوڵتان سولەیمانی عوسمانیەوە کرایە فەرمانڕەوای خاکی بابان، بەڵام حوسەین بەگی کوڕی سولەیمان بەگ بەرهەڵستی وەستاو شەڕێکیان کرد، لەدوایا لەسەر فەرمانی سوڵتان سولەیمان بڕیاردرا وەڵاتی بابان بکرێتە دوبەشەوەو بەسەریەوە فەرمانڕەوایی بکەن، بەڵام هیچکام دانەساکا تا لەدوایا میر بوداغ لە لایەن سوڵتان بایەزیدەوە بەبێی داخوازی سوڵتان سولەیمان کوژراو وڵات مایەوە بۆ میر حوسەین کوڕی میر سولەیمان.

حاجی شێخ کوڕی میر ئیبراهیم خۆی خستە لای شاتوماسبی سەفەوی‌و داوای یارمەتی لێ کردو بەڵێنیدا ئەگەر خاکی بابانی بۆ بگێڕێتەوە هەمو دەمێ لەپاڵی ئێران بێ، شاتوماسب سێ جار لەشکری خستە ئەکی، بەڵام هەرسێ جار سوپای قزڵباش لێ شکا.

لەدوایا کوڕانی میر ئیبراهیم هەرسێ خۆیان خستە لای سوڵتانی عوسمانی ئەویش بۆ هەر کامە ناوچەیەکی بە موچەدا تا لەدوایا لەسەر تکای میری ئامێد هاتنە وەڵاتی بابان تا میر حوسەین بەدەس یەکێ لەکوڕەکانی حاجی شێخ کوژرا، شەڕ لەنێوانی خدر بەگی کوڕی میر حوسەین‌و میرە بەگدا درێژەی بو، تاکو هەردوکیان لەناوچون‌و جارێکی تر خاکی بابان بێ فەرمانڕەوا مایەوە.

خولی سێیەمی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی بابان لەفەقێ ئەحمەد کوڕی بابا میر کوڕی بوداغ بەگەوە دیسان دامەزرا کە بۆ ئەم کوڕە چیرۆك دروست کراوە، کە لەبنەماڵەی بابان بوەو لەکوشتار رزگاری هاتوەو پاش بەینێك توانیوە بەهۆی ئازایی‌و لێ هاتوویەوە فەرمانڕەوایی تازە کردوەتەوە، پاش لەدونیا دەرچوونی فەقێ ئەحمەد میر سولەیمان بابان کوڕی ئەو بوەتە فەرمانڕەواو چەن ناوچەی تری خستوەتە سەر خاکی بابان‌و تا ساڵی ۱۱۱۱ی کۆچی ۱٦۹۹ی زایینی فەرمانڕەوایی کردوەو

توانیوه لەم ماوەدا کەرکوکیش بخاته سەر وەلاتی خۆی، پاش مردنی میر سولەیمان تەیمور بەگی برای ماوەی چوار ساڵ فەرمانڕەوایی کردوەو لەساڵی ١١١٥ی کۆچیا کۆچی دوایی کردوە.

ئەم تەیمور بەگە سێ کوڕی بوە:

١- خانە بەگ

٢- فەرهاد بەگ

٣- خالید بەگ

بەڵام بەشوێن تەیمور بەگا بەکر بەگ برای کە بە بەکرسور بەناوبانگ بوە نیشتوەتە جێ.

بەکر بەگ چەن ناوچەی تری خستوەتەسەر خاکی بابان، لەلایەکە سیروانو لەلاژوورەوە تا زێی گرتوە، ئاوایی بەکر ئاوار بەکرەجۆی سولەیمانیە بەناوی ئەوەوەیە پاش مردنی بەکرە سور ماوەیێ ئەو ناوچە بەدەس نوێنەری عوسمانیەوە بوە تا خانە پاشای بابان لەساڵی ١١٣٤ی کۆچیا دیسان تەواو ناوچەکانی خستەوە سەر خاکی بابان.

بەشوێن خانە پاشادا خالید بەگی برای بو بەمیرو بەشوێن ئەوا سەلیم پاشا کوڕی بەکر بەگ لەساڵی ١١٥٦دا هاتە سەردەور، بەشوێن ئەوا سولەیمان پاشاو لەنجا ئەحمەد پاشا جێگەی گرتەوە لەم ماوەدا موحەمەد پاشای برای ئەحمەد پاشا لەبراکەی هەڵپەڕی فەرمانڕەوایی دابڕکرد، لەم ماوەشدا چەن جار شەڕو کێشە لەنێوانی فەرمانڕەوانی بابانو ئەردەڵانا قەوماوە کە بەداخەوە هەر جارە گەلێ کەس لەهەردوولا کوژراوەو چەن جار وەلاتانی یەکتریان تالان کردوەو هەر کامە بۆ چوار رۆژ سەرۆکایەتی هەموو بیروڕاکانو هاوبەکیەتیەکانیان ژێر پێکردوەو هەر کامە

بەینێك پاڵیان داوەتە ولاتێکەوە، لەفەرمانڕەوایی ئەردەلانا باسم کردوە بەشوێن موحەممەد پاشادا مەحمود پاشای برای بو بەفەرمانڕەوا پاش ئەو ئیبراهیم پاشای کوڕی ئەحمەد پاشا بوبە فەرمانڕەواو لەساڵی ۱۱۹۹ی کۆچی پایتەختی لەقەلاچوالان گواستەوە شاری سولەیمانیەی بەناوی سولەیمانی کوڕیەوە دروست کرد ساڵی ۱۲۰۲ی کۆچی عوسمان پاشا کوڕی مەحمود پاشا هاتە سەردەورو لەساڵی ۱۲۰٤ دا ئەورەحمان پاشای لیَ هەلَپەڕی‌و ئەم بوە فەرمانڕەواو تا دوایی هەر لەگەڵ ئەو دو میرەدا شەڕو کێشەیان بو لەساڵی ۱۲۲۸ی کۆچیا مەحمود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا هاتە سەرکارو لە پاش چوار ساڵ جێی خۆی دایە عەبدوڵلا پاشا بەشوێن ئەوا سولەیمان پاشا کوڕی ئەورەحمان پاشاو پاش ئەو لە ساڵی ۱۲٥٤دا ئەحمەد پاشا بوبە فەرمانڕەوا دیسان لەکاتی حکومەتی ئەم فەرمانڕەوایە لەنێوانی بابان‌و ئەردەلانا شەڕیَ قەوماو ماوەیێ سەر دەوروبەری کرماشان بەدەس فەرمانڕەوای بابانەوە بو(فەرماندەی ئەم شەڕە لەم کاتا ئەحمەد بەگی ساحێب قەران سەر لەقی بنەماڵەی ئێمە بوە*).

لەساڵی ۱۲٦۳ ی کۆچی عەبدوڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا بوەتە فەرمانڕەواو تا ساڵی ۱۲٦۷ی کۆچی ۱۸٥۱ی زاینی درێژەی بوەو لەم بەروارەدا فەرمانڕەوایی بنەماڵەی بابان دوایی هات‌و بڕایەوە.

---

* ئەحمەد بەگ نازناوی ساحێبقەرانی بوە، یانی خاوەن نگین یەکیَ لەدرلزنە سوارەی مەریوان مرۆڤێکی زۆر نازاو لێهاتوو زانا بووە، ئەرا بنەماڵەی خۆم ئادەگاتە ئەحمەد بەگ ساحێبقڕان ئەنوسم.

بنەماڵەی نووسەر

((ئەحمەد بەگی ساحێب قیران بابان)) (گەورەم)

ڕۆستەم بەگ (ساحێب قیران)(قزلقلو) قیرانیم
محمود بەگ ساحێب قیران و مروی جەنگ
محەمەد بەگ بابان (ساحێب

سلێمان بەگ بابان (مرحەبی)
ئەمین بەگ لای ئورکیە
مستەفا بەگ (کوردی) (شاعیر)
حەمید بەگ
ئیبراهیم بەگ
داود بەگ باوکی سلێمان زەکی بەگ

ڕۆستەم خان (...) بابان
قادر بەگ
فەتاح بەگ
عەبدولڕەحمان بەگ "سالم" (شاعیر)

حاجی داود خان بابان
عادیلە خانم خانمی عوسمان پاشا
ئەحمەد بەگ ساحێب قیران "حەمدی" (شاعیر)

شوکرولڵا بابان (نووسەر)
تاهیر بەگ جاف (شاعیر)
ئەحمەد موختار (شاعیر)

فەرانڕەوایانی سۆران: بناغە دانەری ئەم زەنجیرە میرعیسا کوڕی(کلۆس کەشوانی عێلەکە بو) بەهۆی لێهاتوییەوە بوە فەرمانڕەوای ناوچەی سۆرانو سەرکەوتو پێشڕەوتی بۆ بەرەکانی تەخت کرد، بەشوێن ئەوا کوڕی ئەو شا عەلی بەگ نیشتە جێگای، ئەم شاعەلی بەگە چوار کوڕی بو لەکاتی ژیانا وەلاتەکەی لەنێوانیان دابەشکرد، کوڕی گەورەی پیربوداغ بوە جێگەداری ئەمیش دو کوڕی بو یەکێ لەشوێن یەك جێ باوکیان بونەتە فەرمانڕەوا یەکێ میر سەیف الدین یەکێ تر میر حوسەین، ئەم میر حوسەینە سۆمای خستەسەر وەلاتی بەشوێن میر حوسەینا میر سەیدی کوڕی شاعەلی بەگ بو بەفەرمانڕەواو تۆڵەی کوژرانی میر عیسای برای لەپیر بوداغی بابان سەندەوە، شەڕی لەگەڵ کردو پیر بوداغی کوشت پاش ئەو میر عزالدین شێر لەساڵی ٩٤١ی کۆچیا بو بە فەرمانڕەوا، بەلاّم سوڵتان سولەیمان عوسمانی بەنامەردی کوشتیو بەشوێنیا میر سیف الدین کوڕی میر حوسەین بو بەفەرمانڕەوا، بەلاّم ئەم میرە توشی هات لەیەزیدیەکانو چەن جار پێکەوە شەڕیان کرد تا لەدوایا داسنیەکان بەتەواوی تێ شکان داخەکەم ئەم میرەش بەفەرمانی سوڵتانی عوسمانی کوژرا، پاش کوژرانی میر سەیف الدین قولی بەگ کوڕی سولەیمان بەگ کرایە فەرمانڕەوا پاش لابردنی قولی بەگ بوداغ بەگ کوڕی بوە فەرمانڕەوا، بەلاّم برایەکی بەناوی سولەیمان لێ هەڵپەڕیو راوی ناو خۆی نیشتە جێگای ٩٨٥ی کۆچی ١٥٧٧ی زاینی میر سولەیمان بەرەبەرە هەمو ناحەزو داواکارانو تەنانەت براو خزمەکانی خۆی کوشتو لەناوبرد تا بۆخۆی سەربەست فەرمانڕەوایی بکا، بەلاّم بۆخۆیشی دواجار کۆچی دوایی کردو مردو کوڕی عەلی بەگ نیشتەجێگایو پایتەختی گواستەوە بۆ حەریر ساڵی ١٠١٠ی کۆچی بەشوێن لەدونیا دەرچونی عەلی بەگا میر ئۆغوز لەساڵی ١٠٢١ی کۆچیا ڕەواندزی کردە پایتەخت بەشوێن ئەوا میرە بەگ بو بەفەرمانڕەوای سۆران ١٠٢٩ی کۆچی پاش

میره بەگ میر ئەحمەد کوڕی ئۆغۆز بەگ کرایە فەرمانڕەوا تا لەساڵی ١١٧٠ی کۆچیا لەکاتی راوا کەوتە دڵەتەپی‌و کۆچی دوایی کرد.

بەشوێن لەدونیا دەرچوونی میر ئەحمەدا میر ئۆغۆز بەگی بچوك بو بەفەرمانڕەوا لەساڵی ١١٨٣دا کۆچی دوایی کردو ٦ کوڕی لێ بەجێ ما کە کوڕە گەورەکەی موستەفا بەگ بو بەمیری ڕەواندز، لەکاتی فەرمانڕەوایی ئەم موستەفا بەگا بابانەکان لەسەر داخوازی براکانی لەشکریان کردە سەری‌و رانیەو کۆیەو حەریریان دابڕکردو خستیانە سەر وەڵاتی خۆیان، چەن جار ئەم کێشەو هەراو هەرقەومار ئەودنده تەیمورخان‌و یەحیا بەگ زۆریان بۆ هێنا تالەدوایا دەستی لەفەرمانڕەوایی هەڵگرت‌و کوڕی خۆی میر موحەمەد پاشای نایە جێگای خۆی.

میر موحەمەد کە بەمیرە کۆرە بەناوبانگە یەکێ لەهەڵەکەوتوان بوە، سەرەتا یەحیا بەگ‌و تەیمور بەگی مامی کە هەمور دەمێ گێژاویان بەدی ئەهێنا لەناوبردو ئەنجا کەوتەسەر ئەوەی کە ناوچەکانی لێ بڕاو بسێنێتەوە بەر لەهەموو هێرشی کردە سەر ناوچەی بابان، هەولێرو زێی‌و رانیەو کۆیەی گرتەوە ١٢٤٩ی کۆچی ئەنجا لەشکری کردە سەر ئاکرێ‌و ئامێدی‌و سەعید پاشای دیل کردو ئەوی داگرت، بەشوێنیا ماردین‌و نەسیبەینیشی خستە سەر وەڵاتی خۆی میرە کوڕە لەرەواندز کارخانەی تۆپ دارژاندنی داناو چەك‌و تەقەمەنی دروس کردو ناوبانگی گەیشتە هەمور لایەك، بەڵام داخەکەم سوڵتانی عوسمانی بەهۆی مەلاکانەوە سوێندی خواردو بەفێڵ بردیانە وەڵاتی عوسمانی لەتەرابوزان کوشتیان.

پاش کۆچی دوایی میر موحەمەدی گەورە میر ئەحمەد کوڕی موستەفا بەگ بوبە فەرمانڕەواو بەشوێن ئەوا سولەیمان بەگ برای ماوەیی فرمانڕەوایی کرد، بەڵام تەنیا شەش مانگ بەسەر دەورەوە بو بەشوێن ئەوا رەسوڵ پاشا کوڕی موستەفا بەگ بو بەحکومەتی رەواندزو چوار ساڵ فەرمانڕەوایی کردو ئیتر چەشنی فەرمانڕەوایی

گۆڕراو چۆنیەتی حکومەت ڕەنگی یاسایی پەیداکردو فەرمانڕەوایی بنەماڵەی سۆران دوای هات.

فەرمانڕەوایانی مەرگەوەر: بناغەدانەری ئەم فەرمانڕەواییە سوڵتان ئەحمەدی ناوە کە باپیرەی سەرۆکانی مەرگەوەر بو ئەویّ لەبرادۆس دابڕکرد تا لەدوایا دەساودەس ئەم ناوچە گەیشتە ناسر بەگ کوڕی شێر بەگ، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت کوڕی خۆی لیّ هەڵپەڕی کەچی نەخۆشی ماوەی پیّ نەداو دوبارە ناسر بەگ دەستی گەیشتە فەرمانڕەوایی و گەلیّ ساڵ بەسەریا ڕاگەیشت تا لەدوایا کۆچی دوایی کرد.

هەڵکەوتوترین فەرمانڕەوایانی ئەم ئەمارەتە ئەمیر خانی لەپ زێڕینە کە دەستێکی لەشەڕا پەڕی بو وە لەپێشا بەمیری یەکدەست ناودار بو ناوی قەرەخان و نازناوی یەك دەستە لەخولی پادشایی شاعەباسی سەفەویا لەئەسفەهان دەستێکی زێڕینیان بۆ دروست کرد کە لەوە بەدوا بەناوی میری لەپ زێڕین یا میری چنگ زێڕ بەناو بانگ بو.

ئەم میرە قەڵای دمدمی دروس کردو لەو قەڵا گەلیّ سوپاو لەشکرو بورج و قەڵای دروس کردبو، بەجۆریّ کاتیّ نێوانی لەگەڵ شای سەفەویا تێك چوو، سوپای ئێران هێرشی کردە سەری ماوەی هەشت مانگ لەو قەڵادا گەمارە دران توانیان لەبەرانبەری سپای ئێرانەوە خۆیان بگرن تا لەدوایا بەهۆی سوێندنامەو بەڵێنی فەرماندەیی قزڵباش لەقەڵادەرهات و بەمیوانی لەناو لەشکری ئێرانا کوژراو هەمو بڕیارو سوێندو نامە وازاوکردنیّ ژێرپێکرا.

بەشوێن کوژرانی میری لەپ زێڕینا ژنی ئەمو هەر لەقەڵاکەدا مایەوە کەناوی پەریزاد خاتون بو جلوبەرگی کارەکەری لەبەرکردو ماوەی حەوت ساڵ بەنەمیر قوباد خانی بیگدلی فەرماندەی قزڵباش کەقەڵاکەی داگیرکردبو خزمەتی کرد بۆ تۆڵەکردنەوەی کوژرانی مێردەکەی، تاهەلکەوتە دەستی و لولوغ بەگ خزمی میری

لەپ زێڕینی بانگ کردو ئەمیر قوبادیان کوشت و هەموو قزلباشیان لەناوبرد" لەدواییا لاوربەر بوە ناو قەلاو هەماری تەقەمەنیو چەك" قەلا روخاو هەموویان سوتان.

فەرمانڕەوایانی مەحمودی: بنەڕەت دانەری ئەم زەنجیرە شێخ مەحمودە کەبەمیری خۆشابیش ناوبانگی هەیە ئەم مرۆڤە توانی مەزنایەتییەکی ئەوتۆ دامەزرێنیو ماوەیێ خۆی بەرەکانی فەرمانڕەوایی بکەن.

بەشوێن شێخ مەحمودا کوڕی ئەو میر حوسەین بەگ نیشتە جێگای، بەلام لەشەڕێکا کەلەنێوانی ئەوو عیزالدین شێرا قەوما کوژرا بەشوێن میر حوسەینا کوڕی ئەو میر حامد بوبە جێگەداری ئەمیش زۆری پێنەچوو کۆچی دوایی کردو کوڕەکەی بەناوی عیوەزبەگ بوبە فەرمانڕەوا، ئەویش ماوەیێ حکومەتی کردو بەشوێنیا حوسەین قولی بەگی کوڕی نیشتە جێگای پاش مردنی حوسەین قولی بەگ دوو هۆیی کەوتە نێوان بنەماڵەو ناوچەو دابەش کراو جارجار بڕێکیان پاڵیان ئەدا سوڵتان سەلیمی عوسمانیەوە بڕێ تر خۆیانیان دەخستە لای شاتوماسی سەفەویەوە، چونکە ئەم ئەمارەتە لەسەد عەشیرەتی جۆربەجۆرو چەن ناوچە بەدی هاتبو، ئێمەش بەناچار هەر بەریز ناوەکانیان ئەنوسین:

بایەندور بەگ کوڕی حوسەین قولی بەگ
شاعەلی بەگ کوڕی عیوەزبەگ
هەمزەبەگ کوڕی عیوەزبەگ
خان موحەمەد کوڕی میر شەمس الدین کوڕی میر حامید
میرەبەگ کوڕی میر حامێد
مەنسور بەگو زێنەڵ بەگ
هەمزە بەگ کوڕی زێنەڵ بەگ (١٠٠٢ی کۆچی)

حەسەن بەگ کوڕی عیوەزبەگ ماوەی پەنجا ساڵ بەسەربەرزی فەرمانڕەوایی کرد.

عیوەزبەگ کوڕی حەسەن بەگ

موستەفا بەگ کوڕی عیوەز بەگ

عەلی بەگ کوڕی عیوەز بەگ

شێربەگ کوڕی حەسەن بەگ

ئەم دوایین فەرمانڕەوایە سەر سۆفیلە بو، هەر خەریك دورگیری لەفەرمانڕەوایی‌و نیزیکی مەلاو شێخ بو، هەرئەوە بوە هۆی فەوتان‌و کزبونی فەرمانڕەوایەکە باوەکو ئەمین زەکی بەگ نوسیویە هەتا ۱۰٦۹ی کۆچی فەرمانڕەوایەکە درێژەی بو، بەڵام زۆر بەکزی‌و لاوازی.

پادشایانی ئەفشار: بنەماڵەی ئەم زەنجیرە پادشایانە لەکوردەکانی هەوشاری دەروبەری بیجاری کوردستانە کەسەرەتا لەلایەن شائیسمایلی سەفەوییەوە کۆچرانە نەبیوەردو دەوروبەری خوراسان، گەلێ بنەماڵە لەکوردەکان کۆچرانە ئەو ناوچەو چەن شارو دێیان لێ دروس بو وەکو: قۆچان* و بجنوردو چەن جێگای‌تر.

لەم بنەماڵەی کوردی هەوشارە پیاوێ بو بەناوی ئیمام قولی کەخۆی‌و خێزانی لەئەبیوەردا ئەژیان‌و زستان ئەچونە دەس کرد* یا دستکرد، لەزستانی ساڵی ۱۱۰۰ی کۆچیا مانگی موحەڕەم کوڕێ لەم بنەماڵەدا هاتە دونیاوە کەناونرا نادرقولی کە لەدوایا بوە نادرو بەناوی نادرشا بەناوبانگ بو، گەیشتە وەها پلەو پایەیێ کە لەمێژوودا یەکێ لەناودارانی گەورەیە.

---

* قۆچان: هەر کۆچان بوەو بەبۆنەی کۆچی کوردەکانەوە ناونراوەتە کۆچان کە لەدوایا بەپێ زبانی عەرەبی بوەتە قۆچان‌و (ك) گۆڕاوە بە(ق).

* دس کرد- دستکرد- گۆڕاوەو بوەتە دەستجرد وەئەمەش هەر بەبۆنەی زبانی عەرەبییەوەیە.

نادر لەکاتی منداڵیا باوکی مردو خۆیو دایکی ژیانێکی ناڵەبارو توشی یان هەبو تاگەیشتە تەمەنی هەژدە ساڵەیی رۆیشتە خزمەتی سەرەکی هۆزی هەوشار، بەهۆی لێهاتوویی بلیمەتیەوە ناوی داخستو کچی سەرەکی هۆزی خواست، لەم ژنە رەزا قولی میرزا پەیدابو کەکوڕی گەورەی نادر بو پاش بەینێك سەرەکی هۆز (خەزوری) نادر کۆچی دوایی کردو نادر بوە فەرمانڕەوای ئەبیوەردو سەرەکی هۆز، بەڵام لەم بەینا ژنەکەی مردو نادر کچیتری سەرەکی بەرنگی کردە ژنی خۆی کەلەم ژنەش نەسروڵا میرزاو ئیمام قولی میرزا کوڕانی تری نادر پەیدابون سەرەتای کاری نادرو گرنگی ناوی لەم بەروارەوە دەسپێکرا کەمەلیك مەحمودی سیستانی بەسەر خوەراسانا دەسەڵاتی پەیداکردو لەنادر داوای کرد بەرگری لەئوزبەکەکان بکا پاش ئەوەی کەنادر ئەم کارەی جێبەجێ کرد بای هەوابو ئیتر ملی بەمەلیك مەحمود نەداو دەستی کردە یاخیگەری.

لەم ماوەدا لەلایەن شاتوماسی سەفەویەوە لەشکرێ کرایە سەر مەحمودی سیستانیو لەلایەکیترەوە نادریش لەم شەڕەدا بەشداری کرد، بەڵام هەردوولا تێشکان.

جارێکیتر نادر لەشکرێکی تەیار کردو بەتەنیایی هێرشی کردە سەر مەلێك مەحمودو لەشکری ئەوی تێشکاندو دیلێکی زۆری لێگرتن.

بەهۆی ئەم سەرکەوتنەوە نادر لەلایەن شای ئێرانەوە جێگای رێزگیری قەراری گرتو نێزیکەوە بو یێکەوە پەیمانیان بەستو تەواو کوردەکانی خەبوشانو ناوچەکانی تر پاڵیان دایە نادرەوە لەم کاتا شای ئێران نازناوی توماس قولی دایە نادرو پلەی سەرۆکایەتی سوپای پێدا.

پاش بەینێك لەسەر کچی سەردارێکی کورد کەشاتوماس ئەیەویست بیخوازێو نادریش داواکاری بو نێوانیان تێکچوو، بەڵام بەپیرۆزی نادر دوایی هات.

نادر لەبەرواری ١١٤١دا کاروباری ئەلآیارخانی ئەبدالی تێکداو شەڕی ئەبدالەکانی لەسەر ئێران لابرد.

ئەنجا کەوتە شوێن ئەشرەفی ئەفغان و پلە بەپلەو ناوچە بەناوچە ئەوی تێشکاند تالەدواییا ئەشرەف کوژراو کارەساتی دوایی هات.

نادر بەهۆی ئەم هەموو لێهاتوویی و سەرکەوتنانەوە، دەسەلاتێکی زۆری پەیداکردبو وە لەسالی ١١٤٥دا پەیمانێکی لەگەل روسەکانا بەست کەئەوان ناوچەکانی باکوری ئێران و لاخواروی زری خەزەر بدەنەوە بەئێران، هەروەها لەسالی ١١٤٧دا دەربەندو باکۆشی لەروس ساندەوە سەرەتای سالی ١١٤٣ نادر کەوتە رێ بەرەو ئازەربایجان و سابلاخ و مەراغەو ئەم چەن ناوچەیە لەدەستی عوسمانیەکان دەرهێنا، بەلام لەم کاتا هەرای ئەفاغنەی ئەبدالی لەرۆژهەلاتی ئێرانا کەوتە کارو نادر تەورێزی بەجێهێشت و بەرەو خوراسان کەوتەڕێ.

پاش لەناوبردنی ئەم کۆسپە شاتوماس سەفەوی نوێنەری خۆی لەخوراسانا دایە کوڕی نادرو بڕیار درا پارە بەناوی ئەوەوە بیّ و کچی خۆی لەو مارە کرد.

کاتێ کەنادر لەبروجردا بو بیستی دەولەتی عوسمانی وەلامی رەزا قولی خانی شاملوی نەداوەتەوەو ملی بەپەیغامی شای ئێران نەداوە، بێ ماتلی هێرشی کردە سەر ناوچەکانی رۆژئاوایی ئەماوەندو هەمەدانی داگیرکردو لورستان و کوردستانیشی گرتەوە کاتێ نادر کەوتە رێ بۆ خوراسان شاتوماس بۆ خۆی هاتە تەورێزو لەگەل لەشکری عوسمانیا شەڕی کردو ئەوانی تێشکاند، بەلام بەشوێن ئەوەدا لەناوچەی هەمەدانا بەدەس لەشکری عوسمانیەوە تێشکاو بەرەو ئەسفەهان هەلات.

نادر پاش گەیشتنە مەشهەد سەرەتا ئەلآیارخانی خستە رێ بۆ گرتنی هەرات و خۆی لەمەشهەدا شایی و زەماوەنی رەزا قولی میرزای کوڕخۆی و فاتمە سولتان

بیگومی خوشکی شاتوماسی خستەڕێ، ئەنجا رووی کردە تەجن‌و تورکمەنەکانی داکاساند.

نادر ماوەی یەك ساڵ لەبەرواری ۱۱٤۳ تا ۱۱٤٤ خەریکی شەڕ لەئەفغانستانا بو، تاکو ئەونی بەتەواوی تەخت کرد لەم کاتا لەبڕیاری نێوانی شای ئێران‌و دەوڵەتی عوسمانی ئاگاداربو زۆر ئالۆزو تورەبو، هەڕەشەی ناردە سەر وەڵاتی عوسمانی، یائەبێ تەواو وەڵاتانی رۆژئاوایی ئێران بدەنەوە یائامادەبن بۆ شەڕ.

وەلەناکاما بەرەو بەغدا کەوتەڕێ، هەواڵی بەتاڵ بونەوەی بڕیاری شاتوماس‌و دەوڵەتی عوسمانی بەتەواو خەڵکی وەڵاتانی ئێران راگەیاند، بۆ خۆی لەئەسفەهانا شاتوماسی لەپادشایی لابرد. (۱۱٤٥ی کۆچی) نادر شاتوماسی ناردە مەشهەد بۆ رمزاقوڵی میرزا رای گرێ‌و شاعەباسی سێیەمی ناردە قەزوێن‌و خۆی بەناوی نوێنەری پاشایەتی کاروباری گرتەدەس.

پاش ئەم کارە بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ‌و ماوەی یەك ساڵ بەغدای گەمارەدا، بەڵام هیچی پێ نەکراو لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە توپاڵ عوسمان پاشا هاتە یارمەتی ئەحمەد پاشا حاکمی بەغداوەو سوپای نادر تێشکا، بەڵام پاش سێ مانگ نادر دیسان لەشکرێکی تەیاری سازکردو روی کردەوە بەغداو عوسمان پاشا کوژراو ئەحمەد پاشا ناچار پەیمانی ئاشتی بەست‌و بەپێی ئەم بڕیارە تەواو دیلەکان ئازاد بکرێن‌و سنور بڕواتەوە سەر چۆنیەتی پادشایی شاسوڵتان حسین.

بەشوێن ئەمەدا نادر موحەممەد خانی بەلوچی گرت‌و کوێری کردو شوشتەرو شیرازی گرتەوە.

پاشان گەڕایەوە بۆ تەورێز، لەم کاتا دەوڵەتی عوسمانی لەبڕیارەکەی ئەحمەد پاشا یەقەی هەڵتەکاندو عەبدوڵلا پاشای کوپریلی زادەی بەرەو ئێران نارد، نادر هێرشی کردە سەر شیروان‌و ئەوێ داگیرکردو سەرداری ناوداری خۆی توماس قوڵی خانی

هەوشاری خستە شوێن لەشکری عوسمانی، سورخای پاش یەك دوو شەڕو تێشکان هەڵاتو داغستانیش داگیرکرا، چەن ناوچەیتر کەوتە سەر ئێران بەشوێن ئەم پیرۆزیانەدا نادر هاتە دەشتی مۆغانو لەوێ مایەوە (دەشتی موقانیش وتراوە).

نادر فەرمانی دا لەتەواو ناوچەکانی ئێرانەوە پیاوە ناودارو گەورەکانو هەموو کوێخاو ریش سپیەکان لەوێ کۆببنەوەو جێژنو شادی بخەنەڕێ.

کاربەدەستان هەموو ئەم کارەیان جێبەجێ کردو لەو رۆژەدا نادر سەرەتا بڕێ لەبارەی پادشایەوە باسی کردو وتی ئەوێ وا بۆ ئێران پێویست بو من بەجێم هێناوەو ئێستا ئیو کۆسپێ لەرێگەدا نەماوە، ئێوەش بۆ خۆتان پادشایێ هەڵبژێرنو منیش ئەرۆمە جێگایێ بۆ خۆم پاڵی لێ ئەدەمەوە، تەواو ئەو خەڵکە یەك دەنگ بانگیان هەڵبڕی کەجگە لەنادر کەس شاوی پادشایی نیەو ئێمە تۆمان بەپادشا قەبوڵە" نادر سەرەتا ملی پیانەکرد تاچەن جار خەڵکی رایان گەیاند" لەدوایا نادر وتی: من پێنج مەرجم هەیە ئەبێ قوبوڵی بکەن تابیمە پادشا مەرجەکانی نادر ئەم پێنجە بو:

١-ئێرانیەکان لەبیروڕای نالەباری خۆیان سەبارەت بەموسوڵمان دەس هەڵگرنو ئەوانیش ئاینی جافری وەکو یەکێ لەلقەکانی چوار بەشی سونەت بزانن و لقی پێنجەم بێ.

٢-لەخانوی کابەدا کەچوار لایەو هەر لایەکی هی یەکێ لەلقەکانی سونەتە ئێرانیەکان بەشداربن و نوێژ بۆ خۆیان بکەن.

٣-هەموو ساڵێ لەلایەن ئێرانەوە سەرەك حاجی دیاری بکرێ وە وەکو سەرۆکانی حاجی میسرو شام بن و دەوڵەتی عوسمانی وەکو ئەوانی تر بیان ناسێ.

٤-دیلەکانی هەردولا ئازاد بکرێن و کرین و فرۆشتیان لەناوبچێ.

٥-لەلایەن هەردوو وەڵاتەوە نوێنەرێ لەپایتەختا بێ بۆ بەرێوەبردنی کاروباری وەڵات لەدەراوسێ دا.

پاش ئەوە کە هەر پێنج مەرجەکە لەلایەن تەواو بەشداری کەرەکانەوە وەریگـراو قوبوڵ کرا لە٢٤ی شەوالی ١١٤٨دا نـادر تـاجی شـایی نایەسـەرو بوبـە نادرشـاو زەنجیرەی سەفەوی بڕایەوە.

نادرشا پاش لەسـەر تەخت نیشتن، رەزا قوڵی میرزاو توماس خانی جەلایری نـاردە خوراسانو ئیبراهیم خان برای خۆی کردە فەرمانڕەوای ئازەربایجانو ئـەولباقی خـانی زەنگنەی کردە نوێنەر لەوەڵاتی عوسمانیدا.

ئەنجا حەمەتەقی خانی بەلەشکرەوە خستەڕێ بۆ گرتنی بەحرەین، بـۆ خـۆی هاتـە ئەسفەهانو عەلی مراخانی چوار لنگی گرتو کوێری کرد.

پاش دامرکاندنی بەختیاریەکان بـەرەو قەنـدەهار کەوتـەڕێو شـاری گـەمارەداو لەبەرانبەری شـارەوە شـارێکی‌تری تـازەی بـەناوی نادرئـاوا خسـتەوە. تـا لـەدوایا لەبەرواری ١١٥٠دا قەندەهاری داگیرکرد.

هاوکات لەگەڵ ئەم پیرۆزیەدا رەزا قوڵی میرزاش بـەڵخو غەنـدوزو بەدەخشـانی گرتو هاتە خزمەتی نادرشا، ئـەنجا نـادر ئـەوی کـردە نوێنـەری خـۆی لەپادشـایی ئێرانداو خۆی بەرەو هێند کەوتەڕێ لـەم کاتـا موحەمـەد شـای گورکـانی پادشـای هێندبو کەچەند جار وەڵامی نـادری نـەدابوەوە نـادر ئـاڵۆزبو نـادر لەسـەر رێگـادا عەزنـەینو کـابولی گـرتو کـوڕی ئـەو نەسـروڵا مـیرزاش بـاکوری ئەفغانسـتانی داگیرکرد.

پاش لێپەڕین لەچۆمی سێندور گرتنی، لاهـور نامەیـەکی نـارد بـۆ موحەمەدشـاو نوسـی هـاتنی مـن بـۆ دەمکـوت دانـەوەی ئەوانەیـە واشـایان هـەڵناوە لەسـەرئەوە کەوەڵامی من نەداتەوە، بەڵام موحەمەدشا بەلەشکرێکی ئەیاری ٣٠٠هەزار کەسیو ٢هەزار فیلو ٢هەزار تۆپەوە لەدێهلی دەرچوو هاتە دەشتی کەرنال

بەڵام لەشکری نادر بەچاکی ئەم سوپایانە تێکداو گەلێ کەسیان لێ کوشت‌و سوپای موحەمەد تێشکا.

ژمارەی کوژراوانی سوپای هێند ۲۰هەزارو ژمارەی کوژراوانی لەشکری نادرشا لەم شەڕا ٤۲کەس‌و ۲۰۰برینـدار نوسـراوە، زۆری کـوژراوانی ئـەولا بـەهۆی تفەنچیەکانی نادرەوە دانراوە.

پاش ئەم پیرۆزیە نیزام الملك حاکمی دەکەن بەناوی لێبوردن‌و بۆ عـوزر خـوایی هاتە ناو سوپای نادرەوەو تکـای کـرد کەنادرشـا سـەبارەت بـەگیان‌و ژن‌و خێزانـی دەستدرێژی نەکاو موحەممەدشا سوپا بگەڕێنێتەوەو خۆی‌و هەزار کـەس بێنـە سـوپای نادرشاو پاش سێ رۆژ نادر بڕواتە دێهلی‌و ٤۰رۆژ میوانی موحەمەد شابێ‌و دووبـارە پادشایی بداتەوە بەموحەممەد شا.

نادر بەڵێنی داو کاتێ موحەممەدشا هاتە ناو ئوردوی نادرو بەر خێوەتی شایی، نـادر کوڕی خۆی نەسروڵلا میرزای ناردە پێشـوازو بـۆ خۆیشـی تانێوەڕاسـتی خێوەتەکـە هات‌و موحەمەد شای لای دەستی خۆیەوە داناو بەرێزی گرت پاش سێ رۆژ نادرشـا لەگەڵ موحەمەد شادا کەوتەڕێ بۆ دێهلی‌و پێشـوازێکی بـێ وێنـەی لێکـرا، رۆژی یەکەم لەکاتی میوانیا موحەمەد شا ئەوی وا زێڕو جەواهێرو شت‌ومەکی ئەنتیکەی بۆ پێشکەشی نادری کردو نادرشا دووبارە پادشایی هێندی داوە بەموحەمەد شا.

تاسـێ رۆژ کاروبـار بەخۆشـی بـورد، بـەڵام رۆژی چـوارەم تـاو داکـەوت کەموحەممەدشا نادری دەرمـان خـوارد کـردوەو خـەڵکی دێهلـی شۆڕشـیان کـردو نیزیکەی حەوسەد کەس لەسوپای نادریان لەناوشـارا کوشـت، ئـەم کـارەبوە هـۆی تووڕەبونی نادرشاو فەرمانی دا هەمور خەڵکی شار بکـوژرێن، لەسـەعاتی سـێی سـەر لەبەیانی تاچواری پاش نیوەڕۆ سوپای نادر خەڵکیان کوشت‌و شاریان ئاگر تێ بەردا، بەو جۆرە کە لەمێژووەکانا نوسراوە زۆرتر لـە۲۰هـەزار کـەس لـەو رۆژەدا کـوژرا

لەدوایدا بەهۆی تکای موحەمەدشاو شفاو لالەی نیزام الملكو قەمەر دین خـان نـادر فەرمانیدا سوپا دەس لەکوشتار بکێشیۆ باقی خەلکی شـار لـەکوژران رزگـاربون، پاش چەن رۆژ نادر کوڕەزای ئەورەنگ زیب پادشای پێشوی هێندی مـارەکرد بـۆ نەسرولآ میرزای کوڕی خۆیو موحەمەدشا فـەرمانیدا لەتـەواو وەلآتـی ئـەوا سـکە بەناوی نادر لێبدرێو خوتبە بەناوی بخوێنرێو گەورەکانی وەلآت لـەجواهێرو زێـڕو تەختینە ئەوی وابشیێ پێشەکی بۆ نادر بێنن، کـە لـەم رێگـاوە زۆرتـر لـە١٥کـرور پێشکەشی بۆ نادر هات.

بایی شتومەكو جەواهێرو پێشکەشیەکانی تر ٣٠ملیـون لـیرە بـەراورد کـراوەو تەختی تاوسو ئەلـماسی کێوی نورو دەریای نوریش بەنادر درا.

نـادر بەدەسـتی خـۆی تـاجی نایەسـەر موحەمەدشـاو موحەمەدشـا ناوچـەکانی رۆژئاوایی چۆمی سێندی دایە نادر کەبریتی بو لەغەزنین، کـابولو بەشـیێ لەپـەنجاب، نادرشا پاش ٥٧رۆژ لەبەرواری حەوتی سەفەری ١١٥٢ی کۆچیا گەڕایەوە.

لەو کاتا کەتاو داکەوت نادر دەرمان خوارد کـراوە، رەزا قـولی مـیرزا فـەرمانی بەحەمە حسین خـان قاجـاردا کەشاتوماسـی دوەمو کوڕەکـانی شاعەباسـی سـێیەمو سولەیمان میرزا بکوژێ، تاکو لەبنەماڵەی سەفەوی کـەس نـەمێنیۆ لـەدوایدا داوای پادشایی بکەن.

کاتیێ نادر گەیشتە هـەرات رەزا قـولی مـیرزاو عـەلی قـولی خـانی کـوڕی زەهـیر الدەولە بەسوپایانەوە گەیشتنە خزمەتی نادر، نادرشا حکومەتی هەرات دایە شـارۆخ میرزا کوڕی رەزا قولی میرزاو خۆی کەوتەڕێ بۆ بەلخ لەویێ دوو کچ لەکچـەکانی ئەبولفەیزخانی خواست یەکیێ بۆ خۆیو یەکیێ بۆ شارۆخ میرزای کوڕەزایو بڕیاریدا چۆمی جەیجون سنوری ئێران بۆ خارایێ.

ئەنجا لەویەوە بە ١١٠٠ گەمیەوە کەوتەڕێ بۆ خیوە تاکو ئیلبارس خان کەمل هوری کردبو دامرکێنێ.

کاتێ کەگەیشتە خیوە ئیلبارس خان گیراو کوژراو نادر یەکێ لەبەرەکانی چەنگیزخانی موغولی کردە فەرمانڕەوای ئەوێ ١١٥٣ی کۆچی.

نادر رۆژی دووەمی موحەڕەمی ١١٥٤ لەمەشهەدەوە بەرەو داغێستان کەوتەڕێ، بەڵام کاتێ کەلەناو دارستانی سەواد کۆوەوە ئەڕۆی لەپشت دارێکەوە یەکێ تیرێکی هاویشت بۆ نادر کەتۆزێ ژێربالی گرتو دای لەملی ئەسپەکەیو کەوت ئەم کارە بوە هۆی توڕەیی نادرو کەم کەم وای لێهات لەهەمو کەس دوودلی بو تەنانەت لەرەزا قولی میرزای کوڕی خۆی" چونکا کاتێ کابرایان گرتو هێنایانە خزمەتی نادر وایان راسپاردبو کەڕەزا قولی میرزا تاوانبار بکا.

گەلێ لەعەجەمەکانی دەورروبەری نادر لەمێژەوە پیلانیان ئەگێڕا کەنادر لەناوبەرن، چونکە ئەویان بەسونی ئەزانیو رقەبەریان ئەکرد.

لەداغێستانیشدا عەشیرەتی ئەوێ پەنایانە بردە کەژو هەمو دەمێ لەشکری نادریان توشی نالەباری ئەکرد، تەنانەت هێرشیان کردە سەر خێوەتی نادرشا، هەمو ئەمانەو هەوالی برێ شۆڕشو راپەڕین لەولاتەکانی تری عەجەمی ئێرانا بوە هۆی ئەوە کەنادر حالی تێکچوو هەمو رۆژێ بیانویەکی تازەی بەسەرۆکان ئەگرتو ئەوانی ئەکوشت.

لەمانگی رەمەزانی سالی ١١٥٤دا فەرمانی دا رەزا قولی میرزای کوڕی لەتارانەوە بێتە داغێستانو لەوێ هەردوو چاوی دەرهێنا، ئەم کارەش ئەوەندەیتر حالی نادری تێکدا بەجۆرێ کەرۆژێ دوای ئەمە فەرمانی دا چوار سەد کەس لەگەورەکانی سوپایان کوشت بەبیانوی ئەوە کەتکایان ئەکردووە.

لەلایەکەوە دەوڵەتی عوسمانی بڕیارنامەی پێنج ئایینی ئاشتی قوبوڵ نەکردبو، باب عالی ئەیوت ئاینی جافری نابێتە مەزەبی پێنجەمی ئیسلام‌و ئەمە شیاوی ئیسلامیەت نیە لەکاتێکا ئێرانیەکان بەسێ جێنشینی پێغەمبەر خراپ ئەڵێن، نادر فەرمانی دا لەوڵاتی ئەوا کەس ماف نیە بەسێ جێنشینی پێغەمبەر خراپ بڵێ ئەمەش بوە هۆێکی تر بۆ رقەبەری ئێرانیەکان‌و پیلان گێڕان زۆر بوەوە.

لەم کاتا سام میرزا ناوێ بەیارمەتی موحەممەد خانی کوڕی سورخای خانی لزگی رابەڕی‌و خۆی بەکوڕی شاسوڵتان حسین دایە قەڵەم‌و ئاژاوەێکی نایەوە کەنادر دای مرکاندو سام میرزا دەس گیرکرا ١١٥٦ی کۆچی.

لەلایەکی ترەوە حەمەحەسەن خانی قاجار رابەڕی کەنادر ئەویشی لەناوبرد.

نادر لەدوایی ساڵی ١١٥٦ی کۆچیا کەوتەڕێ بەرەو وڵاتی عوسمانی‌و کەرکوک‌و شارە ئاینییەکانی عیراقی گرت‌و ئەیەویست بەزۆر بڕیارەکە بنێتە مل دەوڵەتی عوسمانی لەم کاتا "یەکەن پاشا" بەسوپایێکی زۆرەوە کەوتە ڕێ بەرەو ئێران‌و نادریش بەرەو مراتەپە سوپای خستەڕێ لەم شەڕەدا بەهۆی مردنی یەکەن پاشاوە سوپای عوسمانی تێشکاو ١٢هەزار کەسیان کوژراو تۆپخانەو ٥هەزار کەس دیل کەوتە دەس نادرشاو ئەنجا نادر کەلەم شەڕا پیرۆزبوبو، میرزا مەهدی خان‌و موستەفا خانی شاملوی ناردە ئەستەمولو لەموحەڕەمی ساڵی ١١٦٠دا بڕیارنامەیێك لەنێوانی دوو وڵاتا بەسرا.

١-سنوری دوو وڵات بڕواتەوە سەر ئەو بڕیارە وا لەکاتی سوڵتان مرادو شاسەفیا بەسرابو.

٢-هەردولا لەشەڕو دوژمنایەتی یەکتر دەس بکێشن.

٣-وڵاتی عوسمانی حاجیەکانی ئێران بەنە حەج.

٤-هەردوولا باڵوێزیان بۆ ماوەی سێ ساڵ لەپایتەختی یەکترا بن.

٥-حاکمەکانی سنور کمارێکی پێچەوانەی دژسایەتی دوو وەلات نەکەنو خەلکی ئێران بەجێ نشینەکانی پێغەمبەر خراپە نەلێنو کاربەدەستانی دوو وەلات باجو ناحیساب لەتاجرەکانی یەکتر نەستێنن.

بەتەواو ئەم خزمەتانەوە کەنادر سەبارەت بەئێرانو ئێرانی کردو ناوو شورەتو ناوبانگو گەورەییو سەربەخۆیی بۆ بەدیهێنا، بەداخەوە رقەبەری ئاینی تەواو ئەمانەی ژێرپێ کردو ئێرانییەکان هەر لەسەرەتاوە سەبارەت بەنادر دلّیان پاك نەبو بەپێچەوانەی ئەو پیلانیان ئەگێرا، چونکە ئەویان بەلەناوبردنی زەنجیرەی سەفەویە کەدامەزرێنەرو پەروەدەری ئاینی شیعە بون تاوانبار ئەکردو ئەویان بەدوژمن دائەنا، ئەم کارانە وای لەنادر کرد بەتەواوی سەلامەتو ئاوەزی تێکچوو، تا لەدوایدا برێ لەم پیلانگێرانەشەوە ناوێك رژانە خێوەتی نادرشاو ئەویان کوشت، شەوی یەکشەممەی ١١ی جومادی ئاخری ١١٤٠ی کۆچی. لەکاتێکا تەنیا ١٢ساڵ پادشایی کردو ئەم هەموو ناوبانگەی لەماوەیەکی کەما بەدەس هێنا.

جێنشینەکانی نادرشای ئەفشار

عەلیشا. ئیبراهیم شاو شارۆخ شا پاش کوژرانی نادرشا ئەحمەد خانی ئەبدال بەیارمەتی ئەفغانەکانو ئوزبەکەکان برێ لەشتومەکی سوپایان تالآن کردو بەرەو هەرات هەلآتن.

عەلی قولی خان برازای نادر کەئەمەی بیست بەپەلە خۆی گەیاندە مەشهەد پایتەختی نادرو پیاوی ناردە کەلآتی نادری بۆ داگیرکردنی خزنەو دارایی نادرو تەواو شازادەکانی بنەماڵەی نادری کوشت تەنیا شارۆخ میرزای لەبەندیخانەدا گیردا.

بۆ خۆی بوە شاو بەناوی عەلیشایا عادل شانیشتە سەرکەتی شایی ئێرانەوە.

بەڵام یەك ساڵ بەشوێن ئەمەدا ئیبراییم خانی برای لەئەسفەهانا خۆیکردە شاو بەناوی ئیبراییم شا خۆی ناوناو بەردو ئەم لا کەوتەرێ، عەلی شایش لەشکری خستەرێو لەزەنگانا شەڕ دەستی پێکرد کەعەلی شاوە دەستگیرکراو لەشکری ئیشکاو کوێرکرا، لەم کاتا خەڵکی مەشهەد شارۆخ میرزایان لەبەند دەرهێناو کردیانە شا لەساڵی ١٠٦١ی کۆچیا.

ئیبراییم شا لەقوما لەلایەن لایەنگیرانی شارۆخ شاو دەردەس کراو کوێریان کرد.

لەم لاوە میر سەید موحەمەد کە لەمەشهەدا سەرەکی قەبری ئیمام رەزابو لەبەری پادشایانی سەفەوی بو راپەڕیو شارۆخی گرتو کوێری کردو بۆ خۆی بەناوی شاسولەیمانی دووەم بوبە پادشا، بەڵام خەڵکی مەشهەد پاش ٤٠رۆژ ئەم شاسولەیمانەیان گرتو کوێریان کردو دوبارە شارۆخ شای کوێریان کردە شا. تا لەساڵی ١٢١٠دا کۆچی دوایی کرد.

پاش مردنی شارۆخ میرزا کوڕی ئەو نادر میرزا نیشتە جێگایو تاساڵی ١٢١٨ پادشایی کرد، تاکو بەدەستی فەتالی میرزا لەکار لابراو زنجیرەی ئەفشار دوایی هاتو بڕایەوە.

پادشایانی زەند: کاتێ نادر کوژرا ئەوەبو وتمان کە ئەحمەدخانی ئەبدالی بەهاودەستی ئەفغانەکانو ئوزبەکەکان ئوردوی نادریان تاڵان کردو رۆیشتنە هەراتو ئەو ناوچەو دەوروبەریان داگیرکرد.

لەلایەکیترەوە ئازاخانی ئەفغان دەوروبەری کوردستانو ورمێی داگیرکرد.

حەمەحەسەن خانی قەجەریش ناوچەکانی باکوری ئێرانی بۆ خۆی برد" لەم کاتا عەشیرەی زەند کە لەکوردەکانی لوڕستان بونو لوڕە کۆچەرییەکانی کاتی نادر لەدەرگەزابون کەوتنە خەیاڵی گەڕانەوە بۆ زێو مەڵبەندی خۆیان سەرۆکایەتی ئەم

هۆزە بەکەریم توشماڵ ناوبو برای حەمەسادق خانی زەند ئەم دووبرا هۆزی خۆیان گەڕانەوە مەلایر.

عەلی مەردان خانی بەختیاری لەکەریم توشماڵ داوای یارمەتی کرد بۆ دەرپەڕاندنی ئەبولفەتح خان لەئەسفەهان، ئەمانیش یارمەتیان کردو هێرشیان بردەسەر ئەسفەهانو ئەویان داگیرکرد ۱۱٦۳ی کۆچی.

لەبارەی پادشایی ئێرانەوە بیروڕایان هاتە سەرئەوە کەکچەزای شاسوڵتان حسین بەناوی ئیسماعیل میرزا بکەنە شاو هەرسێکیان پشتیوانی لێوەبەکەنو هەرکام پەیمان بشکێنن ئەو دووکەسە بەیارمەتی یەکتر لەناوی ببەن یەکەم کەس عەلی مرادخان ملەپێچێکی کردو ئەبولفەتح خانی کوشت، کەریم توشماڵ کەبەناوی کەریم خان ناوبانگی داخستبو، عەلی مرادخانی لەناوبرد، بەڵام حەمە حەسەن خانی قەجەر هەر لەبەرانبەریەوە بو کەلازوورری ئێرانی داگیرکردبو.

کەریم خان شیخەلی خانی زەندی ناردە بەرەوە بۆ شەڕ لەگەڵ حەمە حەسەن خاناو خۆی رۆیشتە فارس (شیراز)و لەوێ دەستی کردە تەیارەکی سوپا بۆ بەرگری لەحەمەحەسەن خانی قەجەر.

لەساڵی ۱۱۷۰دا حەمەحەسەن خان لەشکری کردە سەر فارسو کەریم خان، بەڵام تێشکاو گەڕایەوە بۆ ئەسفەهان لەدوایا حەمەحەسەن خان لەلایەن یەکێ لەقەجەرەکانی هۆزی دەولوەوە کوژرا.

باقی بنەماڵەکەیان خۆیان خستە پەنای کەریم خان ئەویش پەنایانی داو بەڕێزی گرتن کەیەکێ لەوانە کوڕی گەورەی حەمەحەسەن خان بەناوی ئاغەمو حەمەدخان بو.

بەشوێن ئەمەدا کەریم خان بەسەر تەواو ئێرانا زاڵبو بوبە پادشای ئێران وە تادوایی ژیانی بێ شەڕو گێروگرفت پادشایی کرد تا لەدوایی بەهۆی پیریو نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد ١٣ی سەفەری ١١٩٣ی کۆچی.

کەریم خان لەتەواوی ماوەی پادشاییا ناوی شای لەسەر خۆی دانەناو هەر بەناوی وەکیل ناوبانگی دەرکرد، گەلێ ئاوەدانی لەوەڵاتا بەدیهێنا بەتایبەت لەشیراز، وەیەکێ لەو پادشایانی خۆش ناوییە کەمێژوو هەمو دەمێ بەچاکی ناوی ئەبا.

جێنشینەکانی کەریم خان: هێشتا تەرمی کەریم خان ئەسپەردە نەکرابو لەنێوانی نێزیکانو براو برازاو کوڕەکانیا لەسەر جێنشینی بوە هەراو مەزات.

زەکی خان برای دایکی کەریم خان کەوتە ناو کەس‌وکارو زۆرتریانی گرت‌و کوشتنی ئەڵبەت چەن رۆژ ئەم کارە درێژەی بو لەکاتێکا تەرمی کەریم خان هەر داکەوتبو تا لەدوایا زەکی خان تەرمی برای ئەسپەردە کردو ناوی پادشایی نایە سەر ئەبولفەتح خان کوڕی گەورەی کەریم خانو پاش چەن رۆژ حەمەعەلی خانی زاوای خۆی کردە شەریکی، بەڵام لەناوکەدا دەسەڵات هەر بەدەس خۆیەوە بو.

لەوانەی وا نەکەوتنە دەس زەکی خان یەکێ سادق خان برای کەریم خانو یەکێ جافرخان کوڕی ئەوبو، وەیەکێکیتر عەلی مرادخانی سەردار بو.

پاش بەینێك زەکی خان بەدەس برێ لەسوپای خۆی کوژرا بەشوێن کوژرانی زەکی خانا سادق خانو کوڕەکەی هاتنەوە شیرازو بەپادشایی ئەبولفەتح خان ملیاندا، چەن کەس لەناحەزەکانیان کوشت.

یەکێ لەوانەی وا لەم کەینو بەینا هەلی دەسکەوت ئاغا موحەمەد خانی قەجەر بو کە لەشیراز دەرچوو لەناوچەی باکوری ئێرانا ناوی شای نایە سەر خۆیەوە.

عەلی مرادخان پاش بەینێك نیشتە جێای ئەبولفەتح خان، بەلاّم لەشەرێکا لەعەلی نەقی خانی کوڕی سادق خان تێشکاو هەلاّت بۆ کرماشان، لەوێ سوپای کۆکردەوەو لەساڵی ١١٩٦ی کۆچیا شیرازی گەمارەداو عەلی نەقی خانی کوشتو کوڕەکانی کەریم خانی کوێر کرد.

شێخ وەیس خان کوڕی عەلی مرادخان ساری داگیرکردو ئاغە موحەمەد خان هەلاّت بۆ گورگان.

عەلی مرداخان لەساڵی ١١٩٩دا کۆچی دوایی کرد.

بەشوێن ئەوا یەك دوو کەس تر لەبەرەی کەریم خان هەر کام ماوەیێ فەرمانڕەوابون تا لەدوایا لوتف عەلی خان بوبە پادشا ١٢٠٣ی کۆچی لەم پادشا ماوەی ٦ساڵ پادشایی کرد، بەلاّم زۆرتری ئەم ماوە خەریکی شەڕوکێشە لەگەڵ خانی قەجەرا بو تا لەدوایا ساڵی ١٢٠٩ کەوتە گیرو بەدەس خانی قەجەر کوژراو زەنجیرەی زەند بڕایەوە.

فەرمانڕەوایانی کەلّوڕ: بنەڕەتی هۆزی کەلّوڕ ئەڕواتە سەر گۆدەرزی کوڕی گیو (ئەلّبەت بەپێ وتەی خۆیان)و ئەمانەش لەناوچەی رۆژئاوایی کرماشانا فەرمانڕەوایان کردووەو ناوبانگیان داخستوە، بەلاّم لەمێژوەکانا زۆر باسیان لێوە نەکراوە.

لەم هۆزە سێ نەتەوە جویێ بوەتەوە کەبریتین لە:

١-بەگزادەکانی پاڵنگان.

٢-بەگزادەکانی دەرتەنگ.

٣-بەگزادەکانی ماهی دەشت.

پیاوی دیاریو ناسراوی پاڵنگان غەیب اللە خان بوە ماوەیێ بەسەر ناوچەدا فەرمانڕەوایی کردوە.

بەشوێن ئەوا حەمەبەگ کوڕی بوە کەلەکاتی ژیانا وەڵاتەکەی لەنێوانی چوار کوڕیا دابەش کردوە.

لەدەرەتەنگیشا عومەر بەگو قوبادبەگ ماوەیی سەرۆکایەتیان کردوە.

بەڵام فەرمانڕەوایانی ماهی دەشت ئیبرایم سوڵتان خانو زولفەقار خانیان ناوداربون کەبەسەر بەشی لەلوڕستاندا دەسەڵاتیان پەیداکردوە.

فەرمانڕەوایانی بانە: لەبانەدا فەرمانڕەوایی هەر بەر لەپەیدابونی ئیسلاما بوەو لەبنەماڵەیێکا درێژەی بوە کەپاش هاتنی ئیسلام ئەم بنەماڵە بەویستی خۆیان دینی ئیسلامیان قوبوڵ کردوەو بەناو ئیختار الدین بەناوبانگ بون، بەڵام ناودارترینی ئەم بنەماڵە میرزابەگی کوڕی میر موحەمەد بەگە، کە لەدوایا کچی بەگی ئەردەڵانی خواستوەو فەرمانڕەوایەکەی هێزی زۆرتری گرتوە.

بەشوێن میرزابەگا بوداق بەگی کوڕی جێگرتوەتەوە، بەڵام زۆر نەژیاو لەقەمزوێن کۆچی دوایی کرد.

بەشوێن بوداق بەگا شاتوماس سولەیمان بەگی برای ئەوی کردە فەرمانڕەوای بانەو ماوەی ۲۰ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، ئەمارەتی بانە لەکاتی فەرمانڕەوایی میر بەدرا کەوتەسەر خاکی ئەردەڵان" دوایین فەرمانڕەوای ئەم بنەماڵە کەریم خان ناوێکە کەلەلایەن یونس خانی خزمەتکاریەوە کوژرا لەدوایا فەتاح بەگی برازای ئەوی کوشتو بانە کەوتە دەس ئەحمەدخان، ئەمیش لەشەڕی ۱۳۳۳ی کۆچیا کوژراو فەرمانڕەوایی بانە بڕایەوە.

فەرمانڕەوایانی سیامەنسووری: بناغەدانەری ئەم فەرمانڕەوایە خەلیل بەگە، کەلەسەر فەرمانی شاتوماسی سەفەوی، جڵەوی کاروباری گرتەدەس و ناونرا خەلیل خان و کرایە سەرەکی هەموو هۆزە کوردەکانی ئەو ناوچەیە، بەشوێن ئەوا دەوڵەتیار خان کوری نیشتە جێگای و ماوەیێکی زۆر فەرمانڕەوایی کردوە.

فەرمانڕەوایانی پازۆکی: یەکەم کەس لەم زەنجیرە حوسەین عەلی بەگ ناوێك بوە کەلەناوچە ناوەندیەکانی ئێرانا حکومەتی کردو بەشوێن ئەوا شاسوار بەگ کوری بوە جێگەداری، پاش ماوەیێ فەرمانڕەوایی کۆچی دوایی کردو وەیس بەگ کوری خالید بەگ نیشتە جێگای، بەشوێن وەیس بەگا قلیج بەگ کوری بوبە فەرمانڕەوا زولفەقار بەگ برای قلیج بەگ ماوەیێ فەرمانڕەوایی کرد لەم بنەماڵە چەن کەسی تر وەکو یادگار بەگ، نیازبەگ و ئیتر لەمێژوەکانا زۆر لەم بارەوە باس نەکراوە.

فەرمانڕەوایانی هەڵوان: یەکەم دامەزرێنەری ئەم هۆزە ئەبولفەتح موحەمەد کوری عەنانە کەماوەی ٢٠ساڵ فەرمانڕەوایی کردو بنەرەتی حکومەتێکی لەم ناوچەدا لەبەرواری ٣٨١ی کۆچیا دامەزراند، بەشوێن ئەوا کورەکەی فارس بەنازناوی ئەبوشەوق، حسام الدین نیشتە جێگای.

لەبەرواری ٤١٤دا عەلائودین کاکەویە هاتە دینەوەر، بەڵام کارێکی پێ نەکراو گەڕایەوە هەمەدان.

ئەبولفەتح کوری ئەبو شەوق کرماشانیشی خستەسەر دینەوەرو پەرەی بەوەڵات دا تاساڵی ٤٣٧ ئەبو شەوق لەقەڵای سیروانا کۆچی دوایی کرد، بەشوێنیا چەن پێشهاتێ قەوماو فەرمانڕەوایی هەڵوان هەڵپێچرا.

فەرمانڕەوایی ئەگیل: بناغەدانەری ئەم زەنجیرە لەفەرمانڕەوایانی ئەگیل بلّدوق بەگ ناویە کەزەنجیرەکەش بەبلّدوقانی بەناوبانگن، ئەم مرۆڤە ماوەیێکی درێژ فەرمانڕەوایی کردو پاش ئەو میر ئیبراهیم کوڕی نیشتە جێگای، بەلاّم زۆری پێ نەچوو کەلەدونیا دەرچوو.

پاش مردنی میر ئیبرایم میر موحەممەد کوڕی ئەم بوبە فەرمانڕەوا ئەمیش وەکو باوکی کەم ژیاو زوو مرد.

بەشوێن ئەوا میر عیسا کوڕی بوە فەرمانڕەواو پاش بەینێك دەولەت شا بەگ کرایە فەرمانڕەوا، هەروەها یەك لەشوێن‌و یەك‌و لەپەسا کوڕ ئەنیشتە جێگای باوك‌و ئەبو بەفەرمانڕەواو زۆری پێ نەئەچوو کۆچی دوایی کرد کەدواینی ئەوان جافر بەگ بوە.

بەرگی پێنجەم

ڕاپەڕینەکان

هەستانەوەکان و تێکۆشانەکانی کورد

لەخولی دوایی و ئەم چەرخا

لەخولەکانی رابوردوا چۆنیەتی کاروباری کورد ئەوەبو کەوتراو نوسیمانو فەرمانڕەوایەکانمان باس کرد" بەڵام لەم خولی دواییاو لەخولی هاوچەرخا کاروبار جۆرێکیتر خۆی نواند، چونکو چۆنیەتی گەورەو داگیرکەر، وەکوئینگلیزو روسو فەرەنسا لەدواییا ئەمریکا هاتنە کایەوەو دەستیان کردە پیلان گێڕانو بۆ خۆیان دائەنیشتن چارەنوسی وەڵاتانو نەتەوەکانیان دیاری ئەکرد، کەیەکەم دیارەدەی ئەم خۆ تێگەیاندنە پەیمانی "سیڤر" بو کەمانگی ئوتی ١٩٢٠ بەسەر تورکیەدا کرا، کەبەشێك لەپەیمانی ورسای بو، باوەکو لەم بڕیارنامەدا مافی سەربەخۆیی بۆ کورد دانابو ئەم پەیمانە زۆری نەخایاند، چونکو موستەفا کەماڵ راپەڕیو پەیمانی لۆزان بەسرا کەتورکیە بەم چەشنە وائێستا هەیە دامەزرا.

پاش پەیمانی لۆزان کورد هەر دانەکاساو خەباتی خۆی درێژە پێدا، باوەکو ماوەیێکی دورو درێژ بو کەکوردستان وەکو تۆپی تۆپ قاڕ لەنێوانی عوسمانیو ئێرانا شەق شەقانی پێ ئەکرا. جگەلەوەی هەمور دەمێ ژێر پێکراوی نێوانی لەم دور وەڵاتە بو لەشەڕا، ناوەندی پیلان گێڕانی دور وەڵات بو بۆ هەلو دەرفەت بەدەس هێنانیان بەپێچەوانەی یەکتر" لەلایەکی ترەوە رقەبەری شیعەگەریو سونیگەری هەر لەسەرەتای بەدیهاتنی زنجیرەی گلاوی سەفەوی لەئێراناو رەسمی بونی ئاینی شیعە لەم وەڵاتا لەلایەکیتریشەوە گریری مەلا خۆفرۆشەکان بۆ وەڵاتی عوسمانی بەناوی ئەوەوە کەئەمانە خەلیفەنو جێنشینی پێغەمبەرن زۆرتر قوڕی ئەکردە سەر نەتەوەو نەتەوایەتیا لەکاتێکا نەخەلیفە بەمانای راستەقینەی وشە هەبو نەپادشایەتیش لەئیسلام بو.

ئەم کارەساتە هەر بەردەوامبو، کورد تاوێ پارسەنگی عوسمانی پتەوکاتو بۆ بەیێ پارسەنگی ئێران" تاگەورەترین رۆژ رەشی بۆ کورد لەساڵی ١٥١٤ی زاینی

بەدی هاتو کوردستان لەنێوان عوسمانیو ئێرانا دابەش کراو بەشی زۆرتری کەوتە بەر عوسمانیەوە" وەکو هەر لەو ساڵەدا مەلا نیدریس گەلێ لەکوردەکانی رێکخستو سوپایێکی پێکهێناو کەچی پاڵی دایە سوڵتانی عوسمانییەوە.

بەشوێن ئەوەدا کورد هەربارو بار ئەکراو ژێرپێ ئەبو فەرمانڕەواکانیش هەر سەردەمێك پاڵیان ئەدایە وەلاتێکەوە.

ئیتر تەواوی سەدەی شانزەو حەڤدە کوردستان هەر مەیدانی سەفەویەو تورکەکان بو پاش بڕیارەکەی نێوانی شاعەباسی سەفەوی‌و سوڵتان موورادی چوارەم هەتا سەدەی نۆزدە واتە ۱۸۱۳ی زاینی ئەو سنورە دیاری کراوە هەر مایەوە.

راپەڕینی بەدرخان پاشا: گیروگرفت بۆ دەوڵەتی عوسمانی زۆربو، خەڵکی هەموو لەدەوڵەت بێزاربونو خراپەو زۆربێژی کاربەدەستانی دەوڵەت ئەوەندەی تر ئاوری رقەبەری تێژتر ئەکردەوە، قەومەکانی ژێر ئالای عوسمانی کەوتبونە بزوتنەوە بۆ رزگاری لەشەڕی ئەم حکومەتە زۆربێژە ئەمە بوە هۆی ئەوە کەگەلی کورد گەورەترین قەومی تورکیە بیر لەگیرزدەیی خۆی بکاو ئەو بیرورا کەوردە وردە کەوتبوە هەموو مێشكو سەرێکەوە هەڵگیرسێ‌و دەس بدەنە دەس یەکترەوە بۆ رزگاری خۆیان.

تاکو بەدرخان پاشا کوڕی عەبداڵ خان بەگ لەوەلاتی جزیرە لەساڵی ۱۸۰۳ی زاینیا راپەڕی‌و وەلاتی خۆی رزگارکرد، ئەڵبەت هەر لەساڵهای پێشەوە ئەم کارەی دەس پێکرد تابەرەبەرە ناوبانگی داخستو وەلاتانی دەورروبەری خستە سەر جزیرە (وان- باش قەلا- سێوەرۆك- موسڵ- رەواندوز- سابلاخ- شاروێران)و چەن جێگای تری داگیرکردو خستیە سەر کوردستانی نورو ئەنجا لەساڵی ۱۸٤۲دا ناوی خۆی نایە "ئەمیری بۆتان"و تەواوی مەڵبەندو ناوچەکان ئەویان بەرەسمی ناسی بەدرخان پاشا پایتەختی خۆی لەجەزیرە داناو پارەیێکی بەناوی خۆیەوە دەرکرد

کەلەدیوێکەوە نوسرابو "ئەمیری بۆتان بەدرخان"و لـەو دیویکـەوە نوسـرابو "سـاڵی ۱۲۵۸ی کۆچی"" ئەم ئەمیرە کارخانەی چـەکو باروتیشـی دروس کـرد" بـەدرخان پاشـا تـوانی تـەواو کوردەکـان دەس داتـە دەس یەکـەوەو هـەمور سـەرەك هـۆزو عەشیرەتەکان سوێندخواربون کەتێکڕا خزمەتی حکومەتی ئەو بکەن.

بەدرخان پاشا دوو شتی بەهۆی دواکەوتنی کورد ئەزانیو بۆ لابردنـی ئـەو دوو نالـەباریـە تێکۆشـاو زۆر سـەرکەوت" یـەکێ ئـەوەی کـەکوردەکان بکەونـە سـەر بیروڕای نیشتمانیو نەتەوایەتی بۆ رزگارکردنی کوردسـتانی گـەورە، وەیـەکێکی تـر جێبەجێ کردنی کارخانەو کارگە لەچەكو تەقەمەنیو شتانی تر.

بەهێزبونی حکومەتی کورد بۆ دەوڵەتی عوسمانیو دامەزرانـدنی وەهـا دەوڵـەتی جگەلەوەی کەتەگەرەی گـەورەیێ بـو، بـەکوفر دائـەنرا، مەترسـی ئـەوەش لەبـەینا کەتیرەکانی تری ژێر ئالای عوسمانی بکەونە بیرو وەها بیروڕایێ.

سەرەتا دەوڵەتی عوسمانی ویستی بەپیلانو فێڵ دەس بداتە پێشەوەو گەلێ کەسـی بەسەرۆکایەتی موشیر حافیز پاشای ناردە لای ئەمیرو بانگیان کردە ئەستەمول کەئەمیر وەلامی نەدایەوە، بـەجۆرێکی تـر پیلانیـان گێـڕا، فەلـەکانو گاورەکانیـان هـەڵ نـا کەباجو ماڵیان بەکورد نەدەن بەدرخان پاشا ناچار لەشکری کردە سـەر گاورەکـان دەوڵەتی عوسمانی ئەمەی کردە بیانوو یارمەتی ئینگلیزو فەرانسـەشـی پـێ گەیشـتو لەشکرێکی زۆر گەورەی ناردە سەر وەلاتی کوردستانو شەڕ دەسـتی پێکـردو هـەتا ئەچوو بـەقازانجو سـەرکەوتی کـورد بـو، بـەلام بەداخـەوە عیزالـدین شـێر یـەکێ لەخزمەکانی بەدرخان پاشا کەناکۆکی لەنێوانیانا بو پاڵی دایە تورکەکانەوەو بـەهۆی رقەبەری خۆی فرۆشتە تورکو بوە هۆی ئـەوە لەشـکری تـورك جـەزیرە داگیربکـا، ئەمکارە نالەبارە بوە هۆی ئەوە کەئەمیر دەستی لەهەموو شتێ هەڵگرتو گەڕایـەوە جزیرەو پاش شەڕێکی قورس جزیرەی گرتەوە، بەلام لەشکرەکەی شڵەژاو ئەم ئیشـە

زۆر شوێنی لێکرد، لەدواییا ناچاربو جزیرە بەجێ بێڵێ و بڕوا بۆ "ئەرزروم" لەوێ ماوەی هەشت مانگ بەشەڕو کێشە مایەوە تا لەدواییا دەردەس کراو بەدیل گیراو لەگەڵ کورەکانیا بردیانە ئەستەمولّ پاش مانگێك لەگەڵ بابی عالیا ئاشتی کردو لەشەڕێکا بەلابەنگیری عوسمانی بەشداری کرد. لەو شەڕەدا پاڵەوانی زۆری پیشان داو ئازناوی میری میرانی پێدرا، پاش بەینێك نارایە شام، ماوەی دەساڵ لەوێ مایەوەو لەدواییا ئەم میرە ناودارە کوردە کۆچی دوایی کرد (١٢٨٤ی کۆچی ١٨٦٧ی زاینی).

لەدوای راپەڕینی بەدرخان پاشادا دیسان شۆرشێکی تر لەکوردستانی تورکیادا بەدیهات لەبەرواری ١٨١٥دا کوردەکانی بایەزیدو وان راپەڕین و ئاژاوەیان هەڵگیرساند، بەڵام ئێران و عوسمانی دەسیان کردە یەکاو پاش سێ ساڵ شەڕو کێشە شۆڕشەکەیان دامرکاند.

هەرچەند ئەم شۆڕشە کوژایەوە، بەڵام تاساڵی ١٨٢٥هەر درێژەی بو گەلی کورد هۆی گێژاوە لەتورکیاو ئێرانا بون.

راپەڕینی یەزدان پەنا: لەساڵی ١٨٥٣دا شەڕێك لەنێوان روس و تورکا قەوما کەئەمە بوە هۆی شۆڕشێك لەوەلاتانی بۆتان و هەکاری بەسەرۆکایەتی یەزدان پەنا کەهەمو کوردەکانی ئەو ناوچەیانە بەدڵێ گیان لەدەوری کۆبونەوە، وردە وردە شۆڕش پەرەی سەندو بەتلیس و موسڵیان داگیرکردو چەن ناوچەی تر پاڵی دایە شۆڕشەوە، گاورەکان و فەلەکانیش هاتنە ناو شۆڕشەوە، دوبارە ئینگلیز کەوتە خۆی و چونکو دەوڵەتێکی کوردی بەزیانی مافی خۆی ئەزانی دەستی کردە پیلان گێڕان و "ئەمرود رەسام" ئاسوری بانگ کردو پەیمانی لەگەڵ بەست تاکو ئەو بەدۆسایەتی کۆسپ بخاتەبەر یەزدان پەناوە.

ئەمرود رەسام لەبیچمی دوستا خۆی خزانده پاڵ یەزدان پەناو هەڵی نا بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیا، پاش بەینێك یەزدان پەنا بانگ کرایە ئەستەمولو لەوێ لەناو براو ئەم شۆڕشەش کوژایەوەو کورد بوە قوربانی بەڵێنی زمانی.

لەساڵی ١٨٢٠ی زاینیا جارێکیتر کوردەکانی هۆزی زەرزا بۆ وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی خۆیان شۆڕشێکیان بەدیهێناو ئەو شۆڕشە تاسیوامیش گەیشت، بەڵام ئەم شۆڕشەش لەهیچ نەبو کوژایەوە، باوەکو گەلێ کەس کوژراو خەباتێکی زۆر لەم ڕێگەدا کرا.

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدلای شەمزین

لەساڵی ١٨٨١ی زاینیدا شێخ عوبەیدلای شەمزین کوڕی سەید تاها بۆ ئازادکردنی وەڵاتو سەربەخۆیی کوردستان ئاڵای هەڵکرتو شۆڕشی هەڵگیرساند، سەرەتا تەواو شوێن کەوتوان واتە موریدەکانی لەدەوری کۆبونەوەو سوپایەکیان پێکهێناو چەن ناوچەو کلێسایان لەخاکی عوسمانی تالان و داگیرکرد" بەشوێنیا شێخ عبدولقادری کوڕی خۆی لەگەڵ سەدوپەنجا تفەنگچیدا خستەڕێ بۆ ئێرانو بۆ خۆیشی دەستی کردە نامەنوسین بۆ سەرۆکانی هۆزەکان، هەمزەئاغای مەنگوڕ کە لەئێران تورابو پاڵی دایە شێخەوە.

قادر ئاغای موکریش هەر لایەنگیری بو، کاك الله بەگ برای هەمزە ئاغاو سوار ئاغا سەرەکی هۆزی زودی هاتنە ناو سوپای شێخەوەو هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوایی ئێرانو تەرگەوەرو مەرگەوەر، دەشتەبێلو شار وێرانو سابلاخی داگیرکردو روی کردە شاری ورمیێو بۆ ماوەیێ ئەو شارەش بەدەستیەوە بو، بەڵام لەدواییا ئێرانو تورك قەیان کردەیەكو لەشکرێکی زۆر هاتە سەر داروودەستەی شێخو بەداخەوە تێشکاو لەولاشەوە سوپای عوسمانی بەری لێبڕیوە. شێخ عوبەیدولا

بەهۆی ئەم تێشکانەوە لەداخا نەخۆش کەوت‌و کەوتە دەس تورکەکان‌و ناررا بۆ مەدینەو دورخرایەوەو هەر لەوێ ما تاکۆچی دوایی کرد.

راپەڕینی ئەمین عالی

لەساڵی ١٨٨٩ی کۆچیا ئەمین عالی* و مەدحەت بەگ دوو کوڕ لەکوڕەکانی بەدرخان پاشا کەلەئەستەمولا خرابونە ژێر چاودێرییەوە هەڵاتن‌و خۆیان گەیاندە ئەرابزون بەو بیروڕاوە کەبتوانن راپەڕینێ بۆ رزگاری وەڵات بەدیبێنن‌و راپەڕینەکەی باوکی ناوداریان درێژە پێبدەن گەلێ کەس لەدەوریان کۆبوەوە، بەڵام بەزوترین کات لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لەشکریان لێکراو دەسگیر کران‌و برانەوە ئەستەمول‌و ئەم تێکۆشانەش بەئەنجام نەگەیشت.

شۆڕشی مەلا سەلیم: لەساڵی ١٩١٣ی زاینی لەشاری بەتلیس دیسان شۆڕشێ بەسەرۆکایەتی مەلا سەلیم بۆ ئازادکردنی کوردستان دەستی پێکرد، بەڵام هەر لەوکاتە سوپای تورك لەشاری بتلیسدا رژانە ناو کوڕەوەو گەلێ کەس لەئازادیخوازانی کوردیان کوشت‌و مەلا سەلیم خۆی خستە سەفارەتی روسەوە، هەر لەوێ بو تاشەڕێك لەنێوانی تورك‌و روسا قەوما سوپای تورك رژانە کونسوڵ خانەی روس‌و تاڵانیان کردو مەلا سەلیمیان گرت‌و هێنایانە دەرەوەو هەر لەناوشاری بەتلیسدا، کوشتیان‌و دایانەدار. ئەم شۆڕشەش بەهیچ دەرچوو.

شۆڕشی شێخ سەعیدی کلدار: پاش شەڕی یەکەمی جیهانی‌و برانەوەی ئەمپراتۆریەتی عوسمانی‌و گۆڕانی بەکۆماری‌و هاتنە سەر دەوری موستەفا کەماڵ دوو بڕیار لەنێوانی

---

* ئەمین عالی باوکی دکتۆر کامەران بەدرخانە کەئێستا لەپاریس مامۆستای زانستگەی سۆربۆنە لەزمان‌و مێژوو ویژەی کوردیا.

تورکیەو ئینگلیزو تورکیەو فەرانسەدا بەسەراو قەت باسی کورد نەکراو پەیمانی لۆزانو سنوورو هەموو لەبیربرایەوەو تەنانەت لورد کرزۆن وەزیری دەرەوەی ئینگلیز قەت باسی لەبەڵێنو زمانەکەی پێشوی خۆی نەکردو کوردیان بێ پشتیوان هێشتەوەو موستەفا کەماڵ بەربوە گیانیان، لەپێشا زمانی کوردی لەتەواو قوتابخانەکان یاساخ کراو بڕیاردرا کەس بەکوردی قسەنەکا، ئەنجا دەستی کردە گرتنی پیاوە گەورەکانی کوردو دورخستنەوەیان بۆ ناوچەکانی تر*" ئەمە بوە هۆی ئەوە کەکوردەکان هەڵنێ بۆ ڕاپەڕین.

شێخ سەعید کوڕی شێخ مەحمودی کلدار هەستاوەو ڕاپەڕین دەستی پێکرد" خالید بەگی جبرانلی کەیەکێ لەسەر لەشکرەکانی سوپای تورك بو، بەهۆی هەستی نەتەوایەتییەوە پاڵی دایە شێخەوەو بوە سەرەکی سوپاو گەلێ چەكو تەقەمەنی لەناو سوپای شێخا دابەشکردو خەریکی تەیار کردنیان بو بڕیار وابو کەلەڕۆژی ٢١ی مارسی ١٩٢٥دا هێرش بکەنە سەر دەورووبەر، بەڵام چەن ڕۆژ بەر لەوادەی سوپای تورك لەهەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەریان، باوەکو ئەم هێرشە پێش وادە شڵەژاوی کردن، بەڵام شۆڕش هەر پەرەی ئەسەند، تێکۆشانی کوردەکان ئەوەبو شارە گەورە کوردنشینەکان بگرنو بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، کەچی سوپای تورك لەهەموو لایەکەوە هەڵەقولاو ئەهاتە سەریانو شەڕێکی زۆر قورس لەنێوانیانا قەوما، بەداخەوە بەتێشکانی کورد تەواو بو، شێخ سەعیدو یوسوزیا پاشاو ٥١ کەسی تر لەناودارەکانی کورد گیرانو لەدار دران (١٥ی مارسی ١٩٢٥ی زایینی) لێرەو

* هەر لەو کاتەدا بۆ ڕەزاخانیش لەئێرانا هاتە سەر تەخوو ئەم بەرنامەیە لەئێرانا بەڕێوەبرد، ئەخشیە بۆ ئینگلیز بۆ هەردوو وەڵاتی دیاری کردبو.

بەدوا تاساڵی ۱۹۳۰ ی زایینی سوتانو تاڵانکردنی ناوچە کوردنشینەکانو گرتنو بەندکردنیان هەر درێژەی بو.

ڕاپەڕینی ئیحسان نوری پاشا: کوردە نیشتمان پەروەرەکان پاش کارەساتی ۱۹۲۵ هەر دانەکاسانو ساڵی دوایی دەسیان کردە بیروڕاو قسەکردن بۆ پێکهێنانی ناوەندێکی ڕێكوپێك لەسەر خەبات بۆ ڕزگاری وەڵات.

لەسەر ئەم بیروڕا کۆمەڵەیەکیان پێکهێناو بەناوی "خۆیی بون" مەرجەکانی ئەمانە بون:

۱-لابردنی هەموو کۆمەڵەکانو یەك گیرکردن لەیەك کۆمەڵەدا.

۲-شەڕکردن لەگەڵ تورکا تا خاوێن کردنەوەی وەڵات.

۳-دانانی سەرەکی گشتی بۆ هەموو هێزەکان.

٤-دۆسایەتیو ئاشنایی لەگەڵ حکومەتی ئێران.

٥-دۆسایەتی لەگەڵ دوو وەڵاتی عیراقو سوریا.

بەهۆی ئەم بڕیارنامەوە فەرماندەی گشتی درایە ئیحسان نوری پاشا کە لەپێشا جەنەڕاڵێکی لەرتەشی عوسمانی بو کێوی ئاگری داغ کرایە ناوەندی گشتی شۆڕش.

دەوڵەتی تورکیە نەیزانی لەئاگری داغا شتێ هەیە، بەڵام باش نەیئەزانی تائەو ڕادە بەهێزە، جارجار پەلامارێکیان ئەداو لێ ئەگەڕان، لەساڵی ۱۹۲۸دا قاویان داخست کەدەوڵەت لەهەموو یاخیەکان خۆشبوە بەتایبەت ئەوانەی والەکێوی ئاگری داغن ئەگەر کۆبێنو چەك بدەنەوە" بەڵام کوردەکان گوێیان نەداو هەر خۆیان بەهێز ئەکرد تاکو لە۱۹۳۰ی کۆچیا لەهەموو لایێکەوە سوپای تورك هێرشی کردەسەر کوردەکان " وەکو ماوەیێکی درێژە شەڕ درێژەی بو گەلێ کەس لەسوپای تورك کوژرا، بەڵام کوردەکان تێشکانو ئەم شۆڕشەش کوژایەوە.

شۆڕشی سەردار رەشیدی ئەردەڵان: عەباس خانی سەردار رەشید کوڕەزازای ئەمان الله خانی والی پاش ئەوەی شەڕی جەهانی یەکەم شڵەژاوی بەدیهێناو ئێران بێ خاوەن کەوتبو، وەڵاتانی روس‌و ئەڵمان‌و ئینگلیزو تورك ئاژاوەیان خستبوە رێ‌و بەتایبەت بۆ ناوچەی کوردستان سەردار رەشی لەساڵی ١٣٣٦ی کۆچی ١٩١٧ی زاینی بەو بیروڕا کە لەبنەماڵەی ئەردەڵانەوەو مافی میراتی هەیە لەرەوانسەرەوە شۆڕشێکی خستەڕێ بۆ رزگارکردنی کوردستان‌و خاکی ئەردەڵان، لەپێشا دەستی کردە هاوپەیمانی لەگەڵ سەرۆکانی هۆزەکانا، وەکیلی جوانرۆ، حسین خانی رەزاو جافر لۆن، مەحموخانی کانی سانان، مەحمودخانی دزلی، حەمەخانی بانە، سنجەرخانی میاگرۆران، حسین قولی خانی کولیالی بۆ یاری دانی بەڵێنیان داو بونە هاوپەیمانی، لەویەوە روی کردە سنە پایتەختی باوباپیرانی‌و داگیری کردو ماوەیێ دەوری گیرا هاوکات سالار الدەولەش لەم دەورروبەرا بۆ گرتنەوەی ئێران دەوری ئەگێڕا، لەعیراقیشدا شێخ مەحمودی شێخ سەعید خەریکی نیشی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بو.

سەردار رەشی لەگەڵ سالار الدەولەش پەیمانی بەستبو نوێنەرانی روسیش زمانیان پێدابو.

لەم بەینا حەمەخانی کرماشانی ئەو شارەی داگیرکردبو سەردار رەشی لەشکری کوردستانی بردە سەری‌و کرماشانی داگیرکرد، ئەمە بوە هۆی ئەوە کەناوبانگی دەرئەچێ بەشوێن ئەمەدا گەڕایەوە رەوانەسەرو فەرمانڕەوایی خۆی خستە ئەوێ، کاتێ سەردار رەشید رۆیشتە رەوانسەر حکومەتی تاران عەلی موحەمەد خانی شەریف الدەولەی باردە سنەو ئەم کابرا لەرێ فێڵبازیەوە سەرداری بانگ کردە سنەو پاش بەینێك دەردەسی کردو ناردیە تاران‌و لەوێ بەچەشنی بەندی مایەوە تاکو لەساڵی ١٣٣٩ سەید زیاد بەرەڵای کردو سەردار گەڕایەوە بۆ رەوانسەرو دوبارە دەسی

کردە کۆکرنەوەی سوارەو تفەنگچیو کاری خۆی رێنخستن بەلام رەزاخان لەشکری کرماشانی کردەسەری بەفەرماندەری ئەحمەد ئاغاخانی ئەمیر ئەحمەدیو چەن کەس لەو سەرەك هۆزانە والەپێشا بۆ سوردار سوێندیان خواردبو لەگەڵ ئەرتەشا هاوکاریان کردو لەرێگەی لەناوبردنی ئەم مرۆڤەدا کۆتاییان نەکرد.

سەردار بەناچار دەربازبو خۆی گەیاندە هەمەدان، بەلام لەوێ گیراو برایە تاران جارێکیتر بەهۆی شڵەژاوێکەوە لەتاران دەرچور هاتەوە وەلات، کەچی دیسان دەرەبەگە خۆفرۆشەکان هێرشیان کردەسەریو دەریان پەڕاند سەردار رۆیشتە سولەیمانی بۆ لای شێخ مەحمود لەوێش کارێکی پێنەکرا، لەویەوە هاتەوە ئێرانو رۆیشتە لای شێخ خەزعەل لەلایی ئەویش بێ هیوا گەڕایەوەو لەدوایا لەسنەوە نارر تارانو بەندی کرا تادوایی پادشایی رەزا خان، بەلام سەردار رەشید ئیتر نەگەڕایەوە کوردستانو هەر لەتاران لەسەر ویستی خۆی مایەوە تاکو لەوێ کۆچی دوایی کرد. سەیر ئەوەیە سەرەك هۆزە خۆفرۆشەکانیش دەردەس کرانو لەدەربەدەریا مردن.

راپەڕینو پادشایی شێخ مەحمود

پاش شەڕی یەکەمی جیهانیو شڵەژاوێك کەلەناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست بەدیهاتبو بەتایبەت ئینگلیز چنگی خستبوە ناو وەلاتەکانەوە شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ کەلەبنەماڵەیێکی ئاینی زۆر بەناوبانگا گەورە بوبو، وەلەلایی خەلکیەوە بەتایبەت مورێدەکانی باوباپیری نرخێکی زۆری بو، بۆ بەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ راپەڕیو گەلێ سوارو تفەنگچی ئایەکەوەو خەڵکی بەشەرەفی سولەیمانیەش پشتیان گرت لەلایکەوە عەلی ئیحسان پاشا سەر لەشکری بەناوبانگی تورك تەلەگرافیکی بۆ ناردو بەناوی حکومەتی عوسمانیەوە

حکومداری وەڵاتی سولەیمانی پێدا، باوەکو شێخ نیازی وەها نامەیێك نەبو، بۆ خۆی سولەیمانی لەدەس عوسمانی دەرهێنابو.

لەم کاتەدا (ویڵسن) نوێنەری دەوڵەتی ئینگلیز لەبەغداوە یارمەتی شێخ مەحمودی ئەداو بەهۆی میجەر نوئیل حاکمی سیاسی لەدوایی ساڵی ١٩١٨ی زاینی کۆبونەوەیێکی لەشاری سولەیمانی بەدیهێناو لەم کۆبونەوەدا شێخ مەحمود کرایە حوکمداری کوردستانو ئەوی وایێویست بو بەجێهێنراو سولەیمانی کرایە پایتەختی مەلێك مەحمودو ناوەندی کوردستان" زۆری پێ نەچو، وەڵاتانی پشدەرو خۆشناو، جافەکانو برێ تر لەهۆزەکان پاڵیان دایە حکومەتی کوردەوە.

پاش بەینێك شێخ مەحمود کەوتەسەر ئەو بیرورا کەدەستی ئینگلیز لەیەقەی خۆیو کوردستان بکاتەوە، لەبەرئەمە ئینگلیزو نوێنەرەکانی بەتایبەت مێجەرسۆن کەوتنە سەرئەوەی کەحکومەتەکە تێك بدەن، ئەم کارەساتە کە ڕونەوەبو، شێخ مەحمود کەوتە خۆیو دەستی کردە قسەکردن لەگەڵ سەرەك هۆزو عەشیرەتەکاناو پیاوی ناردە لای مەحمودخانی دزڵیو ئەویش بەتفەنگچییەکانیەوە رۆیشت، لەکەرکوکەوە ئینگلیسەکان لەشکرێکیان خستەرێ بۆ سولەیمانیو سوپای شێخ کەوتەرێ بۆیانو داروەستەی ئینگلیس تێشکا.

بەناچار ئینگلیس سوپای نارد بۆ خانەقیو کفریو جێگاکانی تری کەبەر ئەوان بگرن نەك بێن بۆ سولەیمانیو یارمەتی شێخ لەلایەکیترەوە لەشکرێکی زۆریان ناردەسەر شێخو شەڕێکی زۆر توشو سەخت رویدا کەداخەکەم سوپای شێخ مەحمود تێشکاو مەلێك بریندار بو کەوتە بن بەردێ کەئێستا بەو بەردە ئەڵێن "بەردە قارەمان"و لەدوایا کەوتەدەس ئینگلیسەکان ئەوەش بەڕێمونی جاشێ بەناوی موشر هەمەوەندو بردیانە بەغداو لەوێ لەگەڵ شێخ حەمە غەریبا حوکمیان بەسەرا دراو ناردرانە هیندوستان.

لەساڵی ۱۸۰۹دا مرۆڤە ناودارەکانی کورد، وەکو ئەمین عالی بەدرخان، شەریف پاشا، شێخ عەبدولقادر، کۆمەڵەیێکیان پێکهێناو کەوتنە قسەکردن لەگەڵ عوسمانیدا کەلەم کاتا زۆر کزو لاواز بوبو، ئەم بڕیارەیان دا.

۱-کوردستان سەربەخۆ بێ لەپاڵ عوسمانیدا.

۲-تەواو پێداویستیەکانی کوردستان جێبەجێ بکرێ.

شەریف پاشا لەسەری بو کەئەم بڕیارنامە بداتە فەرانسەو ئینگلیزو ئیتالیاو دەس نوسیان لێ وەربگرێ، لەم بارەوە زۆر تێکۆشان کران، بەڵام لەدواییا بەجێ نەگەیشت.

شڵەژاوی لەتەواو ناوچەکانی کوردنشینا دەستی پێکرد لەئاگریو ئامێدی، هەورامانو مەریوانو بانە هەستانەوە سمایل ئاغای سمکوش لەدەورووبەری ورمێ رابەری ئەم هەراو هوریا ئینگلیزی ناچارکرد کەشێخ مەحمود بگێڕێتەوە بۆ سولەیمانی، بیکاتەوە فەرمانڕەوا، باوەکو لەم کاتەدا فەیسەڵ لەبەغدا کرابوە پادشا، لەبەرەوای ۱۹۲۲دا پاش سێ ساڵ دوری شێخ مەحمود هاتەوە سولەیمانیو بوبە مەلیك مەحمودو وەزیرەکانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار بەم جۆرە دیاری کرد.

شێخ قادر برای مەلیك	سەرەك وەزیر
عەبدولکەریم عەلەکە	وەزیری دارایی
موستەفا پاشا	وەزیری زانیاری
شێخ حەمەغەریب	وەزیری ناوخۆ
سالەح زەکی بەگ	وەزیری هێزی نەتەوایەتی
ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ	وەزیری گومرك
حەمەئاغای ئەوڕەحمان ئاغا	وەزیری نافێعە
سەید ئەحمەد بەرزنجی	سەرەکی ئاگایی

حاجی مەلا سەعید وەزیری دادگەری

بەشوێنیا کاروباری وەلآت دامەزراو یانەکان دەسیان کردە ئیش‌و کاری خۆیان.

بەشوێن ئەمەدا مەلیك داوای باقی تر شارە کوردنشینەکانی کرد بەداخەوە دور بەرەکی پەیدابو بڕێ مەلای رقەبەر نەیانەویست حکومەت پاڵ بداتە وەلآتی عوسمانییەوە، چونکو ئیسلامەو جێ دانیشتنی خەلیفەکانە.

لەدوایا مەلیك مەحمود کەوتە سەر ئەوە کەهێرش بکاتە سەر کەرکوك‌و لەم بەینەش دا بڕێ لەنوێنەرانی ئینگلیز لەلایەن شێخ مەحمودەوە لەسولەیمانی دەرکرابون هێزی ئاسمانی بەریتانیا هێرشی کردەسەر سولەیمانی‌و شێخ‌و خەلکی لەسولەیمانی دەرچون‌و هاوکات بۆمباران سوپای ئینگلیز هاتە ناوشارو سولەیمانیان داگیرکرد، بەلآم شێخ‌و لەشکری گەڕانەوەو شاریان لەدەس سوپای ئینگلیز دەرهێنا. ئەم شەڕوکێشە هەتا یەك ساڵ درێژەی کێشا.

تابڕیاری نێوانی عیراق‌و تورکیە بەسراو سولەیمانی کەوتە بەر عیراقەوەو گەلێ زیادەبەش بۆ کوردەکان دیاری کرا بەریتانیاو دەوڵەتی عیراق دەستیان کردە یەکا بۆ لەناوبردنی حکومەتی مەلیك مەحمود، لەم بەینا ناکۆکی کەوتە بەین کەرکوك‌و مەسیحییەکان‌و مەلیك لەکەرکوك لایەنگیری کرد کەئەوەندەی‌تر ئینگلیزی تورەکردو لەدوایا لەشکریان کردەسەری‌و کارێکیان کرد شێخ لەسولەیمانی دەرچوو روی کردە ناوچە کوردنشینەکان، هەر بەینێك لەجێگایێك تاکو بڕیاردرا شێخ دەسبکاتە باس کردن لەگەڵ دەوڵەتی عیراق‌و ئەم هاتوچوە، هاتە سەرئەوەی لەخورمالآ نوێنەرانی دەوڵەتی عیراق لەگەڵ شێخ مەحمودا دانیشن‌و قسەبکەن کاتێ قسەکرا، بڕیارنامەیێك نوسراو دیاری کرا لەچەن بەشاو شێخ گەڕایەوە بۆ پیران، بەلآم لەدوایا شێخ ملی پیانەکردو رۆیشتە پێنجوێن‌و لەوێ تفەنگچی‌و سوپای کۆکردەوە، لەم لاشەوە لەشکری عیراق‌و فڕۆکەکانی ئینگلیز هاتنە سەری‌و شەڕ

دەستی پێکرد، لەدواییا شێخ ناچار شاری بەجێ هێشت دواجار ناچاریان کرد بڕیارەکە دەدان پیابنێ‌و بۆ خۆی لەپیراندا، دانیشت وەنەبو ئەم دانیشتنە شێخ مەحمود لەبیرورای سەربەستی کوردستان بخا، بەڵکو هەموو دەمێ هەر بیری بەلایەوە بو، جارێکیتر لەسەر هەڵبژاردن شەڕو کێشەیێکی توندو ئاڵۆزاو لەسولەیمانی قەوماو جارێکیتر کاتێ شێخ‌و سویاکەی ئەڕۆیشتن بۆ کەرکوك لەئاوباریك دەوری گیراو گەلێ لەجاشەکان بەهاوکاری دەوڵەتی عیراق شێخ‌و تفەنگچییەکانیان دایە بەر گولە ئەم کارە زۆر لەدڵی شێخا شوێنی کردو گەڕایەوەو ئیتر لەداری کەلیا دانیشت تا لەدواییا نەخۆش کەوت بردیانە بەغداو لەخەستەخانەی حەیدەریەدا بۆ دەرمان کردن نوست، بەڵام هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەیان هێناوە سولەیمانی‌و بەڕێزگیری بێ وێنەیێکەوە ئەسپەردە کرا (١٩٥٦ی زایینی).

شۆڕشی سمایل ئاغای سمکۆ: لەناوچەی شەکاك لە"چەهریق"و لەبناری زۆزان بەر لەشەڕی یەکەم دەوڵەتان سمایل ئاغای سمکۆ ناوبانگی دەرکردبو.

سمایل ئاغا کوڕی حەمەئاغای شەکاك بو بە ٦هەزار بنەماڵەو ٣هەزار تفەنگچی کوڕ ئازای شەکاکەوە لەعەشرەتی عەبدویی لەتیرەکانی میلانی وەلاتی دیاربەکر.

لەساڵی ١٨٩٥دا نوێنەری تاران لەتەورێزا جەوهەر ئاغای براگەورەی سمایل ئاغای بانگ کردو لەشەوە ناوێکا خۆی‌و دوانزە کەس لەپیاوەکانیان کوشت ئەم کارە نالەبارە وەها کارێکی کردە دڵێ سمایل ئاغا کەوەکو ئاگر هەڵیگیرساندو جگەلەوەش هەستی نەتەوایەتی ئەوی زۆرتر بزواند.

لێ بڕا بە١٢کەسەوە تۆڵەی کوشتنی جەوهەر ئاغای برای بکاتەوە، لێ سوار بو کەوتە ناوچەی ورمێ‌و دەوروبەری‌و کارەساتێکی وەهای گێڕا تاچەن ساڵ لەو ناوەدا کەس شەو خەوی رەحەتی نەبو شەڕی یەکەمی دەوڵەتانیش شڵەژاوی خستە ئێران لەلایەکی ترەوە سەید تاها ئەفەندی‌و پشتیوانی ئەو لەسمایل ئاغا ئەوەندەیتر هەستی

ئەتەوایەتی خستە سەریەوە، لەپێشا لەگەڵ روسەکانا سازیان، بەڵام لەدوایدا نێوانیان تێکچوو، روسەکان دەسیان کردە پیلان گێڕان و مارشەمعونی گاور کەسەرەکی ٢٥ هەزار پیاوی ئازای فەلە بو راستەوە کرد کەلەگەڵ سمایل ئاغادا حکومەتێکی کوردی ئەرمەنی دروس کەن، بەڵام لەدوایدا سمایل ئاغا لەناو بەن و حکومەت بکەنە ئەرمەنی و ئاسوری.

سمایل ئاغا لەناوکەی کار تێگەیشتبو، کەوتە خۆی، چونکو بۆی دەرکەوتبو ئەگەر مارشەمعون لەناو نەبا، مارشەمعون وەکو مار پێوەئەدا، هەم تفەنگچی زۆرترە هەم چەك و تفەنگی تەیارتر، هەم دەوڵەتی روس لەپشتیە.

پاش هاتوچۆی چەن پەیام و وەڵام بڕیاریان دا لەکۆنەشار، لەنێوانی چەهریت و ئەغدە لەماڵی تەیمور ئاغای کۆنەشاری یەك بگرن و سەبارەت بەحکومەتی کوردی ئەرمەنی قسەوباس بکەن، مەرجی ئەم کارەش ئەوەیە کەهیچکام هێزێکی وایان لەگەڵ نەبێ لەڕۆژی دیاریکراوا مارشەمعون بەخۆی و سەد کەسەوە سمایل ئاغاو سەدو پەنجا سوارەوە گەیشتن و هەردولا دابەزین، سمایل ئاغا بەسوارەکانی رای گەیاندبو کەئامادەو دەس بەچەك بن هەر ئەم تەقەی کرد ئەوانیش بەیەك جار بیکەن بەدەسرێژ.

لەپاشان مارشەمعون و سمایل ئاغا دانیشتن بەقسەکردن، بەڵام رێکنەکەوتن لەکاتی رۆیشتنا کاتێ مارشەمعون سواربو لەگەڵ سوارەکانیا کەوتنەرێ سمایل ئاغا بەدەمانچە تەقەی کرد، یەك جار تفەنگچییەکانی سمایل ئاغا دەسرێژیان کردو تەواو داروددەستەی مارشەمعونیان کوشت تەنیا یەك کەسیان لێ دەرچوو کەبرای مارشەمعون بو، لەدوایدا کرایە سەرەکی ئەرمەنییەکان"

سمایل ئاغا بەپەلە گەڕایەوە بۆ چەهریق، بەڵام بەشوێنیانا سوپای فەلە هاتن و دەوری چەهریقیان گەمارەدا سمایل ئاغا لەسوچێکی گەمارەدا هێرشی بردو خۆی و

سوارەکانی دەربازکردو هێرشی کردە سەر شاری خۆی لەلایکیترەوە دەوڵەتی تورکیە دەستی کردە راونانی فەلەکان، سمایل ئاغاش دەربەندی قوتوری لێگرتن و کاتێ لەشکری فەلە گەیشت کوشتارێکی قورسی لێکردن بەجۆرێ کەنەتوانن پشت راسەوە بکەن.

زۆری پێ نەچوو سمایل ئاغا ناوچەکانی تەرگەوەرو شاروێرانی داگیرکردو ورمێ و میان دوو ئاوی پاککردەوەو هەموو هۆزو تیرەکان پالیان پێوەدا، سەقزو بانەش کەوتە دەس سمایل ئاغا، لەلایەن ئێران لەشکری هات بۆ شەڕ لەنیزیکی سابلاخا تێشکا، جارێکیتر لەشکری لەلایەن رەزاخانەوە بەسەرکردەیی سەرهەنگ نەسروڵا خان هات ئەویش خراپ تێشکا.

لەسەرەتای سالی ١٩٢٣دا ئەمیر ئەرشەدی قەرچەداغی لەتەوریزەوە بۆ لەناوبردنی سمایل ئاغا بەلەشکرێکەوە هات لەباکوری رۆژئاوایی زرێ ورمێدا شەڕیان کرد ئەویش تێشکاو گەلێ کەس لەسوپاکەی کوژرا.

ناوبانگی سمایل ئاغا وای لێهات هەر ناوەکەی لەشکرەکانی تێ ئەشکاند.

جارێ لەلایەن موستەفا کەمالەوە لەشکرێکی زۆرو لەناکاو دایانە مل سمایل ئاغا کەتێشکاو ژنێکی کوژراو کورێکی بەدیل گیرا، بەلام بۆ خۆی دەربازبو رۆیشتە رەواندوز لەوێ دووبارە خۆی سازکرد.

سمایل ئاغا لەسالی ١٩٢٣دا رۆیشتە سولەیمانیو لەشێخ مەحمود دیتنی کرد، هەر لەو کاتەدا بو کەئینگلیز سولەیمانی بۆمباران کرد.

سمایل ئاغا لەم دیتنەدا برێ رەخنەی لەکاروباری ئەوێ گرت و ئیشی شێخ مەحمودی بەدڵنەبو گەڕایەوە.

سمایل ئاغا لەساڵی ۱۹۲۱دا رۆژنامەیێکی کوردی بەناوی "کورد"ەوە لەشاری ورمێ دەرکرد کەکارەساتی خۆیو وەڵاتی تیا ئەنوسرا لەم ریگەوە ناوبانگی زۆرتر دەرچوو.

لەساڵی ۱۹۲۲دا لەلایەن رەزاخانەوە لەشکرێ بەسەرۆکایەتی خاڵو قوربان هاتە سەر وەڵاتی سمایل ئاغا ئەویش تێشکاو بەچەشنێکی خراپ پاش ماوەکەیان گەرایەوە.

پاش ئەوەی کەرەزاخان لەساڵی ۱۹۲۵دا بوبە شای ئێران تێگەیی کەبەشەر ناتوانێ چاری سمایل ئاغا بکا کەوتە فروفێڵ چەن جار ویستی لەگەڵیا قسەبکا سمایل ئاغا گوێ نەدا، تاکو لەدوایا ملی داو لەسەر کانییەك لەشار ورێران یەکیان گرتو پێکەوە قسەیان کرد.

حکومەتی ئێران کەزانی ناتوانێ بەشەر چاری سمایل ئاغا بکا دیسان کەوتە فێڵو تەڵەکەو لەدوایا بانگیان کردە شاری شنۆ بەناوی ئەوەوە کەرەزا شادێتو پێکەوە قسەبکەن، بەڵام رەزا شا نەهاتبو سەرهەنگ سادق خان فەرماندەی فەوج پێشوازی لێکردو وتی رەزاشا نەیتوانیوە بێتو من هاتوم دور رۆژ میوانداری کراو برێ قسەی بێ ئەنجام کرا لەدوایا کاتێ کەسمایل ئاغا ئەیویست بڕواتەوە لەناو پادگانا فەوجێ عسکەر دەسرێژیان لێکردو کوشتیان، میوانداری ئێران لەسەرەکێکی کورد وەکو هەمور جارێ بەم چەشنە دوایی هات.

راپەرینی قازی موحەمەد: شەری دووەمی دەوڵەتان بوە هۆی ئەوە، کەوەڵاتانی ئینگلیزو ئەمریکاو روس بەئاشکرا برژێنە ئێرانو هەرکامە ناوچەیێ بکەنە بنکە بۆ خۆیانو دەس بکەنە پیلان گێران، هەستی نەتەوایەتی لەدڵی برێ لەنەتەوەو تیرەکانا هاتبوە کوڵ بەتایبەت گەلی کوردو ئەمەش لەسابلاغ گەیشتبوە دواپلە، لەلایەکی ترەوە دڵ سافیو ناچاری کورد کەمەردوو هۆکە کەسەدەهاجار نالەباری بۆ کورد

دروس کردبو جاریکیتر هەڵی نا بۆئەوەی ختیّ ختیّ روس بەڕاست بزانیّ دەنگی ئازادی بەرزبوەوە، لەولاشەوە تەوریز لەرێزی ئێران دەرچو بو.

باوەکو دەوڵەتانی ئینگلیس‌و روس بریاریان دابو پاش شەڕ هێزەکانیان لەئێران بەنە دەرەوە، بەڵام روس هەر لەئێرانا مابوەوە، ئیران نەخۆش‌و کز، تەواو لاواز بوبو سابلاخ کەئیستا بوەتە مەهاباد پاڵی داوە بەئازەربایجانەوەو نیزیکی روسەوە بەری قازی‌و بنەماڵەی یەکیّ لەو خێزانە بەناوبانگانەن لەوێدا کەوابو ئەبیّ شۆڕش بەدی بیّ‌و قازی بیّ بەرابەری ئامانجەکە.

لەو دەما کۆمەڵەییّ بەناوی ژ- ك لەسابلاخا بەدی هاتبو گۆڤاریکیش هەر بەو ناوە لەویّ دەرئەچو، ئامانجی کۆمەڵەی ژ-ك ئەوەبو کەژیان بۆ کوردستانی گەورە بیّ، لقی کۆمەڵەی هیوای عیراقیش دامەزرا.

بەڵام کۆمەڵەی ژ- ك پەرەی سەندو ئەندامی زۆربو دەس کرایە راگەیاندنی ئامانج بۆ سەرۆکایەتی کۆمەڵە قازی موحەمەد هەڵبژێررا، ئەمە بوە هۆی پەرەسەندنی زۆرتری کۆمەڵەکە، مەلاکان لەوەلاتی موکریان خزمەتیکی گەورەیان کردو خەڵکیان هەڵنا بۆ ئەندام بون لەکۆمەڵەدا ناوی قازی دەنگی دایەوەو هاتوچۆ لەنێوانی تەوریزو سابلاخا پەیدابو.

روسەکانیش کۆمەڵیکیان لەکۆمەڵەی ژ.ك بانگ کردە باکۆ قازی‌و عەلی ریحانی‌و قاسم ئاغای بایزی ئاغا رۆیشتن‌و لەویّ لەگەڵ "جافر باگرۆف"دا باسیان کردو کارەکانیان گرێدا" بریاردرا لەگەڵ کۆمەڵەی دیموکراتی تەوریزو پێشەوەریا هاوکاری بکەن بۆ سەندنی ماڧی خۆیان.

سەرۆکانی عەشایرو بەگزادەکان هەموویان بەشداریان کرد مەلا موستەفای بارزانی‌و بەرزانیەکان هاتنە سابلاخ‌و ئەوەندیتر هیوای خەڵکی بەتین بو، ئەمە ترسیکی تری خستەبەر دەوڵەتی ئێران.

دیـان حکومەتی تاران دەستی کردە پیلانو پیاو ناردنـە لای مـەلا مـستەفا، بـەڵکو هەڵی گێڕێتەوە، بەڵام مەلا بەگوێی نەکردن ساڵی ١٩٤٥لـەپڕ جـافری پێشـەوەری لەتەورێز کۆماری ئازەربایجانی راگەیاندو لەئێران جویێ بـوەوە، تـەواو ئازەربایجانیـان لەکاربەدەستانی تاران خاوێن کردەوە.

لەم لاوە قازی موحەمەد کۆمارێکی بەسەرۆکایەتی موحەمـەد حـسین سـەیفی قـازی ناردە تەورێز ئاهەردوولا پێکەوە بن دەستی حکومەتی تاران کۆتاکەن.

پاش ئەم کۆبونەوە هەر لەو ساڵی ١٩٤٥دا کوڕێکی هەرە مەزن لەساباڵاخ پێکهات بەبەشداری تەواو سـەرۆکانی کوردو قازی موحەمەد رایگەیاند لەم بەروارەوە وەڵاتی ساباڵاخو کوردەواری لەحکومەتی تـاران جیـابوەوەو سـەربەخۆیە، تـەواو ئاڵاکـانی ئێران لەسەر دەرگای بانەکان کێشرایە خوارەوەو لەناو شادیو چـەپڵەرێزانا ئـاڵای کوردستان هەڵکرا.

دروشمی ئاڵای کوردستان بەم چەشنە بو:

سـەرەتا پارچەیەکی سور، پاش ئەوە سپی چـوارئەوەندەی سـورەکە، لاخـوارو سـەوز بەقەد سورەکە، لەناوەڕاستی سپیەکەدا نیو کوڕە رۆژێك، بەسەر رۆژەکەوە پێنوسێك (قەڵەمێ) لەم لاو لەولای رۆژەکەوە دوو گوڵـە گـەنم بـەڕەنگی زەرد، وەلەسـەرو ئاوردی هەموانەوە نوسرابو "دەوڵەتی کۆماری کوردستان".

بەم جـۆرە لـەناو خۆشـیو شـادمانی خـەڵکی کـوردو تـەواو ناوچـەکانا کۆمـاری کوردستان راگەیندرا.

بەشوێنیا پێشەوا قازی موحەمەد وەزیرەکانی کوردستانی دانا:

١.	سەرەك وەزیر	حاجی بابەشێخی جەمیان
٢.	وەزیری جەنگ	موحەمەدحسینی سەیفی قازی
٣.	وەزیری پۆستەو بروسکە	کەریم ئەحمەدی

٤.	وەزیری زانیاری	مەناف کەریمی
٥.	وەزیری ناوخۆ	موحەممەد ئەمین موعینی
٦.	وەزیری راوێژ	حاجی رەحمان ئاغا ئیلخانی زادە (موهتەدی)
٧.	وەزیری رێگاوبان	ئیسماعیلی ئیلخانی زادە
٨.	وەزیری ئابوری	ئەحمەد ئیلاهی
٩.	وەزیری بازرگانی	حاجی موستەفای داودی
١٠.	وەزیری کشتوکاڵ	مەحمودی وەلی زادە
١١.	وەزیری کارونیش	خەلیل خوسرەوی
١٢.	وەزیری راگەیاندن	سەدیق حەیدەری

پاش چەن رۆژ سەرکۆمار بەقورئانی پیرۆزو ئاڵای کوردستان سوێندی خواردو ئەو یاساش بەجێ هات.

ورده ورده دەس کرایە پاك کردنەوەی ناوچەکان لەکاربەدەستانو سەربازانی ئێران، وەکو میان دو ئاو، بوکان، ناوچەی هەوشار.

لەنجا نورەی سەردەشتو بانەو سەقزیش گەیشت.

حکومەتی تاران کەوتە خۆی، چونکو لای وابو تابەیێك تر نۆرەی سنەو کرماشانە.

کەوای زانی بەپەلە دەستی کردە لەشکرکێشی بۆ ناوچەو بەتایبەت ئەو هێزانەی وا لەگەمارەدابون، بەلاّم لەولاوە هێزی کوردستان بەهاوکاری بەرزانو شەکاكو هۆزو عەشیرەکانی تر هەموو رێگاکانیان بەستبو، پێنجسەد سەربازی ئێران پەلاماری گردی "سەیدە گردە"یان دا، بەلاّم تێشکانو ئەو تێشکانە بوە هۆی تێشکانی باقی لەشکرەکە.

دەستەیێك لەبارزانییەکانو حەمەڕەشیدخانیش ڕێگای دیواندەرەیان بەستو لەولاوە ڕویان کردە ڕێگای مەریوان لەبەسرا سوپاو ئەرتەشی ئێران لەهەموو قوژبنێکەوە بەرەو ناوچەی کوردنشین بەڕێ ئەکراو چەن جار شەڕی قورس قەوما بەناچار ڕەزم ئارا کەوتە خۆی هاتو پەیفامی نارد، چونکو قەوام ئەیەوێ کاری کوردستانو ئازەربایجان بەوتووێژ دروس بکا شەڕ نەکرێ پاش وتوێژی زۆر بڕیارنامەیێ لەنێوانی ڕەزم ئاراو نوێنەرانی سابلاّخا واژۆکرا بۆ ماوەیێ شەڕ راوەستا، بەلاّم ئەمەش فێلێکی تر بو ئێران کردی تاکو سوپای سنەو کرماشان گەیشتە نێزیکی سەقز.

کوردەکان بۆیان دەرکەوت کەسوپا هاتوە دیسان شەڕیان دەس پێکردەوەو سوپای ئێرانیان شپرزە کرد.

ڕەزم ئارا تێگەیشت کارشڕە دیسان ویستی بۆ خۆی لەگەلّ قازی موحەمەدا وتووێژبکا.

ئەم پێشنیارە جێبەجێ بو قازی موحەمەدو ڕەزم ئارا لەسەرا یەکۆیان چاو پێکەوت قسەو باسیان کردو بڕیارێکیان دا یەکێ لەمەرجەکانی بڕیارنامەکە ئەوەبو هەرکاتێ سوپای ئێران ئازوخەو خواردەمەنی بنێرێ بو سوپاو ئەرتەش لەسەردەشتو جێگاکانی تر، چاودێرەکانی کورد بی پشکنن و چەكو تەقەمەنی تێدا نەبێ، چەن مەرجی تر، ئەممش ڕاگەیەنراو میرحاج سەرەکی بنکەی بارزان لەقشلاّخی سالّەح بەگا ئاگایی لێ پەیداکرد لەم ڕۆژانەدا حەمەخانی کوڕی موحەمودخانی کانی سانان بەخۆی تفەنگچییەکانیەوە هاتن بەرەو سابلاّخ بۆ پەیوەندی لەگەلّ کۆماری کوردستانا، عەلی بەگیو لەژێری بەرگری کردنو شەڕێکیان کردو عەلی بەگ تێشکاو تەنانەت لەقامیشلەش دەرچوو.

ماوەیێك بەمجۆرە تێپەڕی تاجارێك كاروانی نەرتەش پشـكێنرا سـەرنجیان دا گـەڵێ تفەنگ‌و تۆپ بەهۆی ئەم كاروانەوە بـەرێ كـراوە بـۆ سـەردەشـت، كاربەدەسـتانی كورد هەمویان گرت سەرتیپ ئایروم پـەلاماری كوردەكـانی داو شـەڕی پێشـهات‌و سوپای ئێران تێشكاو هەمو چەك‌و شتومەكیان تالان كراو نێوانیان تێكچوو.

لەم بەینا قەوام بوە سەرەك وەزیران‌و دەستی كردە فرۆفێـڵ‌و بـەهۆی وتووێـژەوە كار پەك خـەن، چەن جار نوێنەر لەم لاولـەولاوە هاتوچۆیان كـردو باسـی بڕیارنامـە هاتە ناو، بەڵام هەر واژۆ نەكرا.

دوو وەلاتی كۆماری ئازەربایجان‌و كوردستان ویستیان زۆرتر پێكـەوەبن بڕیـاردرا كۆمایێك لەكوردستانەوە بڕوا بۆ تەورێزو لـەوێ كۆبونەوەیێك پێـك بێنن‌و قـەرارێ دابنێن لـەبار شەڕو ئابوریەوە" لەكۆماری كوردستانەوە ئەمانە ڕۆیشتن:

١. پێشەواو سەرەكی حكومەت	قازی موحەمەد
٢. ئەندامی كۆمەڵەی دیموكرات	سەید عەبدوڵا گەیلانی زادە
٣. ئەندامی كۆمەڵەی دیموكرات	عومەرخانی شەریفی (شەكاك)
٤. ئەندامی كۆمەڵەی دیموكرات	ڕەشید بەگی جەهانگیری (هەركی)
٥. ئەندامی كۆمەڵەی دیموكرات	زێرۆبەگی بەهادوری
٦. نوێنەری وەلاتی شنۆ	قازی موحەمەدی خدری
٧. وەزیری جەنگی كوردستان	موحەمەد حسین سەیفی قازی

ئەندامانی نەتەوایەتی نیشتگەی ئازەربایجان ئەمانە بون:

١. حاجی میرزا عەلی شەبوستەری	سەرەكی نیشتگە
٢. جافری پیشـەوەری	سەرەكی وەزارەتی نەتەوایەتی
٣. سادق پادەگان	پارمەتی دەری دەستەی ناوەندی

٤. سەلامولا جاوید وەزیری ناوخۆیی حکومەتی ئازەربایجان

٥. پیریا وەزیری زانیاری

دانیشتن‌و بریارنامەیێکیان واژو کرد لەحەوت بەندا کە لەهەموو بارێکەوە یارمەتی یەکو بدەن لەکاروباری ئابوری‌و رامیاری‌و سوپایا، ئەم پەیمانە لەئێستگەی رادیۆی تەوریزەوە راگەیەندراو دوو حکومەت وەکو زنجیرە بەیەکەوە بەسران‌و پەیوەند دران.

چەن هاتوچۆ لەنێوانی تاران‌و تەوریزو کوردستانا کراو قسەو باسی زۆر بەمزوران دراو بریارنامە نوسرا، بەلام حکومەتی تاران هەر کورت ئەهات واژۆی نەئەکردو ئەیویست لەگەل روسەکانا رێك کەوی‌و پوشی کایە لەولاوە بیژێنێ.

موزەفەر فیروز هاتە تەوریز بریارنامەیەکی لەگەل پێشەوەریا واژۆکرد، ئەرتەش واژۆی نەکرد، قەوام لەلایکی ترەوە قازی بانگ کردە تاران ئەیویست بەتەنیا لەگەلیا بریاربدا ئیتر هەر هاتووچۆو قسەو باس بو تاکو قەوام کەوتە رێ بۆ مۆسکۆو لەگەل رۆسەکان قەرارو بریاری خۆی داو ئەوانیش بەهۆی قازانجی خۆیانەوە سوپای خۆیان لە ئێران بردە دەرەوەو پشتی کوردو تورکیان چۆل کردو جا ئەرتەشی ئێران لەهەمو لایکەوە هێرشی کردە سەر ئازەربیجان‌و کوردستان (١٩٤٦ی زاینی).

لەم کاتا پێشەوەری‌و قازی کەوتنە بیر ئەوە کە خۆیان سازکەن، کۆبونەوەیەکیان لەتەوریز بو بریارێکی تازەیان بۆ پێکهێنانی سوپای ئازەری-کوردیدا لەهەشت بەندا.

بەلام شەر دەستی پێکردبو، لەناکاو شەوێ لەشەوان رادیۆی تەوریز لەلایەن کوری ناوەندی حکومەتی ئازەربایجانەوە بەیانێکی راگەیاند کەنابێ لەگەل حکومەتی ئێران شەربکرێ‌و زەنگان گیراو سوپای ئێران بەرەو تەوریز کەوتەرێ.

لەم لاشەوە حکومەتی کورد ناچار بەگوێی بەیان نامەکەی کردو شەڕی راوەستانو پاش چەن رۆژ سوپای ئێران رۆیشتە ناو شاری سابلاخەوە:
باوەکو سەرتیپ هۆمایونی بەقازی موحەممەد بەڵێنی دابوو بەقورئان سوێندی خواردبو، بەڵام هەر کە دامەزران دەسیان کردە گرتنی خەڵکی، قازی موحەممەدو گەلێ کەس گیرانو لەئەنجاما لەنیوەشەوی ۳۱ مارس ۱۹٤٦دا قەنارەکانیان هەڵواسی‌و پێشەوا قازی موحەممەدو سەدری قازی‌و سەیفی قازیان لەدار داو پاش چەن رۆژ تر حەمید، زوجی، رەسوڵ نەغەدیی، عەبدوڵا رەوشن فیکرو موحەممەد نازمی، لەداردران.
ئەنجا لەسقزیش برایانی فاروقی‌و چەن کەسێ لەسەرۆکانی فەیزوڵا بەگی کوژران، بەتێکڕا نیزیکەی ٥٠ کەس لەداردرانو ئەم حکومەتەش بەم جۆرە بڕایەوە.

راپەڕینی مەلا موستەفا بارزانی

مەلا موستەفا بارزانی کوڕی شێخ موحەممەدو کوڕە زازای شێخ تاج الدینە کە بناغەدانەری شێخەکانی بارزانەو لەلایەن مەولانا خالیدەوە تەریقەتی وەرگرتوە" بەهۆی ناوی ئەم بنەماڵەوە هەموو موریدەکانو لایەنگرەکانو تەنانەت رایەتەکانیان بەناوی بەرزانی یا بارزانی ناودار بون، کەم کەم دێ بارزان بوە ناوچەیێکی گەورەو بریتی بو لە ۳۰۰ ئاوایی‌و ۳٥ هەزار کەس لەو مەڵبەندە شاخاویەی باکوری عیراق" هەر بەشوێن شەڕی یەکەمی دەوڵەتانەوە بارزانیەکان پەلو پۆیان بڵاوکردەوەو هەستی نەتەوایەتی کەوتە سەریانو وردە وردە دەسیان کێشاسەر عەشیرەتەکانی تری ناوچەکەداو خۆیانیان بەهێزکرد.
پاش چەن ساڵێ کەتازە دەوڵەتی عیراق دامەزرابو لەبەر باجی بزنانە ناکۆکی کەوتە بەین دەوڵەتو شێخ ئەحمەد برا گەورەی مەلا موستەفا، لەم کاتا ئینگلیسەکان

ئەیانویست فەلەکان لەدەورووبەری خاکی بارانا دامەزرێنن شێخ ئەحمەد بەرهەڵست وەستا، حکومەتی عیراق بەیانامەیەکی دەرکردو لەپێوارەوە لەشکرێکی بەناوی مەشق بەرەو ژور خستەرێ تاکو لە ١٩٣١دا شەرێك قەوما گەلێ کەس لەئەرتەشی عیراق کوژرا ئەڵبەت لەم بەینا هەرای شێخ مەحمود کوژابوەوەو حکومەتی عیراق یەك لا بوەوەو هێزی گرتبو، دوبارە لەساڵی ١٩٣٢ دا حکومەت هێزێکی زۆری ناردەسەر وەڵاتی بارزان شەڕ دەستی پێکردو فرۆکەکان دێیەکانیان بۆمباران کرد برێ پیرەژن‌و منداڵ‌و مەڕو ماڵات کوژرا.

فرۆکەیێك داکەوت فڕۆکەوانەکەو هاودەسەکەی بەدیل گیران، شێخ ئەحمەد پەیمانی نارد بۆ حاکمی سیاسی انگلیس کە دوکتور بنێرێ بۆ تیماری فڕۆکەوانەکە، کاپتان هۆڵت‌و دوکتۆرێ رۆیشتن‌و ئەم کاپیتانە لەگەڵ شێخ ئەحمەدا قسەو باسی کردو لەگەڕانەوەدا لەگەڵ دەوڵەتی عیراق قسەی کرد، بەڵام دەوڵەتی عیراق هەر لەسەر قسەی خۆی بو، دوبارە سوپاو لەشکر کرایەسەر بارزان‌و فرۆکەکان دەسیان کردە بۆمبا هاویشتن بۆ سەر خاکی بارزان، ناچار شێخ ئەحمەدو براکەی‌و گەلێ لەپیاوە ئازاکان رۆیشتنە خاکی تورکیەو ئەو دەوڵەتەش ناردنیە ئەدەرنە لەوێ دانیشتن.

پاش ماوەیێ بارزانیەکانی تر کە مابونەوەو بەیادی شێخ ئەحمەدەوە چەکیان هەڵگرت‌و کەوتنە بەربەرەکانێ لەگەڵ حکومەت‌و شڵەژاوی قورسێکیان بەدیهێنا ئەمجا شێخ ئەحمەدو مەلا موستەفاو هاورێەکانیان لە ئەدرنەوە هاتنە کۆبان نیزیکی وەڵاتی بارزان، بەڵام بەپێی رێنمونی ئینگلیس عیراق‌و تورکیە پەیمانیان بەست ئەم بارزانیانە کە ٨٦ کەس بون درانە دەس حکومەتی عیراقەوەو حکومەت بردنیە موسڵ‌و لەوێ دایانتان لەماوەی چوار ساڵا ٦ جێگایان پیان گواستەوە.

تا لەدوایا هێنایانیان بۆ سولەیمانیە، کەشەڕی دوومی دەوڵەتان دەستی پێکرد مەلا موستەفا لەسولەیمانی دەربازبورو خۆی گەیاندە خاکی بارزان.

لەناوی ئەمەدا حکومەت بەیەنـە شیخ ئەحمەدو ٨١ کـەس لـە بەرزانیـەکان کـە لەسولەیمانی بون بردنی بـۆ حللـە، لـەملاوە کردیـە سـەر مـەلا موسـتەفا ئـەویش دەستیدایە چەکەوەو دەستی کردە گرتنی پایگاکانی پۆلیس‌و لەماوەیـەکی کـەما ٣١ جێگای لێگرتن، لەدوایا شیروان‌و مێرگەسوری داگیرکرد، چەك‌و تەقەمـەنی زۆری دەسکەوت.

ناوبانگی لەهەمرولا دەنگی دایەوە. تـەواو ناوچـەکانی عـیراق روی دڵیـان لـەمـەلا موستەفا بو.

کۆمەڵـەی هیـوا کـە گـەورەترین کۆمەڵـەی کـوردی بـو لایـەنگیری لێـوەکرد، نوسراوەکانی کۆمەڵە خەڵکی ئاگادارکرد کەراپەڕینی قارەمان بـارزانی بـۆ رزگـاری وەلاتەو ئینگلیسیشی تێگەیاند کە ئەمە بۆسـەر بەخۆیەکی لامەرکەزیە.

شلەژاوی دەوڵەتانی گەورەش بەدەس ئاڵمان‌و شەڕی دوەمی دەوڵەتانەوە هۆیکی تر بو بۆترساندنی ئینگلیس بەناچار نوری سەعید ماجید موستەفای کردە وەزیرو نـاردی بۆلای مەلا موستەفاو داوایان لێکرد شەڕ بوەستێنی تا بڕیارێ ئەدرێ.

پاشان ماجیـد موسـتەفا رۆیشـت‌و لـەگـەڵ مـەلا موسـتەفا قسـەی کـردو بڕیارنامـە واژۆکراو شێخ ئەحمەدو بارزانیەکانی تـر گەڕانـەوە خـاکی بـارزان‌و مـەلا موسـتەفا رۆیشتە بەغدا ماوەی یەك هەفتە ئەم کاروبارە بوە هۆی ئەوە مەلا موسـتەفا لـەلایـەن هەمو کوردێکەوە بەڕێز بو لایان وەکو هێلانەی بڕوا بو.

لەساڵی ١٩٤٤دا نوری سەعید سەرەك وەزیرو چەن کـەس لـەوەزیرەکان رۆیشـتنە کەرکوك‌و گەلێ دڵنەوایی سەرۆکانی کوردی کرد.

پاش ماوەیێك کە کاروبار لەبارزان دامەزرا کۆمەڵـەی هیـوا دوو هـۆیی تێکـەوت‌و تێکچـوو چـەن کـەس لەئەنـدامانی رۆیشـتنە بـارزان‌و کۆمەڵـەیکیان پێکهێنـا بەسەرۆکایەتی مەلا موستەفا بەناوی (کۆمەڵی ئازادی).

لەوێ بەیان نامەیێکیان نارد بۆ نوێنەری ئینگلیس‌و حکومەتی عیراق‌و پاشماوەی کۆمەڵەی هیوا.
لەپڕ هەواڵێ گەیشتە بارزان کە حکومەتی عیراق ئەیەوێ هێرش بکاتە سەر بارزان، بەبیستنی ئەم هەواڵە بەرزانیەکان کەوتنە خۆیان‌و چەن دیریان بۆشەڕ دیاری کردو خۆیانیان ئامادەکرد، بەلاّم ئامادەبونەکە راگەێندراو نوێنەری ئینگلیس ڕۆیشتە بەرزان‌و بەمەلا موستەفای وت کە حکومەتی عیراق تەنیا ئەیەوێ مەشق بکاو لەبیری شەڕا نیە، ئێوەش سەرۆك دەستەکانتان کۆکەنەوەو شەڕمەکەن.
مەلا موستەفا وەلاّمی داوە ئێمە دوو ڕێگامان لەبەمرە یا کوژران، یا ئازادی کوردستان.
لەم ماوەدا گەلێ هاتوچۆکراو گەلێ کەس ڕۆیشتنە بارزان‌و چەن جار ووتوویژکرا بەلاّم هیچکامێ بەئەنجام نەگەیشت.
لەدوایا مەلا موستەفا هاوڕێ چەن کەسێك لەسەرۆکان کەوتە گەشت بۆ چاوپێکەوتن‌و قسەکردن لەگەڵ سەرۆکانی تری ناوچەکان، بەلاّم هێشتا گەشتەکەی دوایی نەهاتبو هەواڵی پێگەیشت کەهێزی عیراق هێرشی کردوەتە سەر ناوچەکە، مەلا موستەفا بەپەلە گەڕایەوە بۆ بەرزان‌و لەوێ سوپای خۆی دابەشکردو دەستی کرد بەشەڕ" لەلایەکی ترەوەش نامەی ناردبو بۆ بالۆیزانی دەوڵەتان لەبەغداو کوشتنی ئالۆبەگ خالیشی لەکەرکوك تێیدا نوسیبو، لەگەڵ ئەمانەشدا هەر شەڕ درێژەی بو لەچەن جێگادا سوپای عیراق تێشکاو لەچەن جێگادا کەوتە گەمارەوە، بەلاّم دەوڵەت هەر هێزی بەرێ نەکرد تا لەدوایا مەلا ناچار خۆی‌و هەمو تفەنگچیەکان‌و ماڵ‌و خێزانیان هاتنە ئێران‌و لەنەغەدەو سۆفیان‌و جلدیان دامەزران.
لەم بەینا کە ئەمان هاتن هاوکات بو لەگەڵ ڕاپەڕینی قازی موحەمەد لەسابلاخاو مەلا موستەفا ٨٠٠ تفەنگچی ناردە ناو هێزی قازی‌و یارمەتی باش کردن.

پاش ئەوە کە ئێران حکومەتی قازی موحەممەدی روخاند تفەنگچیەکانی مەلاش گەڕانەوە سندوس‌و نەغەدێ بەشوێن ئەوەدا مەلا موستەفا بانگ کرایە تاران‌و دەس کرا بەوتووێژ کە پێیان راگەیاندرا یا چەك دانێن‌و لەدەوروبەری تاران دانیشن یا ئەبێ بڕۆن.*

مەلا موستەفا کە لەتاران گەڕایەوە ناو بارزانیەکان بڕیاری شەڕیانداو جێگای خۆیانیان گواستەوە شاری شنۆو هێزی خۆیان ناونا (قیادەی موەقەت).

لەساڵی ١٩٤٧دا تاران فەرمانی دەرکرد کە پەلاماری بەرزان‌و شکاك‌و هەرکی بدرێ‌و چەکیان لێ بستێننەوە.

شەڕ لەتەواو ناوچەکانا درێژەی پەیداکرد، ئەم شەڕە زۆر درێژەی بو کوشتارێکی زۆر کرا، لای عیراقیش لە دارو دەستەی مەلا گیرابو" لەدوایا هێندە لەئێرانەوە سوپاو لەشکر رژایە مەیدان حیسابی نەبو، رۆژ بۆ رۆژ مەیدانی شەڕ تەنگ تر ئەبوەوە تاکو لە ١٩٤٧دا بارزانی شنۆی بەجێهێشت‌و گەڕایەوە عیراق پاش بەینێك شێخ ئەحمەدو ژن‌و منداڵانی بارزان رۆیشتنە بەغداو خۆیاندا بەدەستەوە، بەڵام مەلا موستەفاو ٨٠٠ کەس تفەنگچی هەرمانەوەو خۆیان نەدا بەدەستەوەو خەریکی قسەو باس بون لەگەڵ حکومەتا بۆ لێ خۆشبون.

دەوڵەتی عیراقیش هەر ئەیویست ئەم خۆی بدا بەدەستەوەو تەنانەت گەلێ جاشە کوردی لێ هان دابو.

مەلا ناچار جارێکی تر لەسەرەوە بەشاخەکانا روی کردە وەڵاتی تورکیەو لەوێوە هاتەوە ئێران‌و رێگای روسیەی گرتەبەر، ئەم جارەش ئەرتەشی ئێران هەر کەوتنە

---

* ئەگەر بوترێ ئاخۆ لەو کاتەدا چلۆن حکومەتی ئێران مەلای ئەگرت پێویستە بڵێم ئەیەمویزا:
١-لەبەر بارزانییەکان. ٢-لەبەر رەشید بەگو نوری بەگی هەرکی. ٣-لەبەر عەشیرەتەکانی زەرزاو مامشی.
٤-لەتاو شکاکەکان. ٥-لەتاو عومەر ئاغای جەلالی، هەرکامە بەدوو هەزار تفەنگچییەوە.

شوێنیانو فرۆکەش لەسەرەوە بۆمبابارانی ئەکردن تا گەیشتنە لێو چۆمی ئاراز ٥٠٠ کەسیان مابوەوە هەمو ئەنێنە مل چۆمو ئەگەنە ئەو بەرەوە.

گەیشتنە رۆسیە لەوێ بەچەشنی پەنابەری سیاسی مانەوە ماوەی ١١ ساڵ تا شۆڕشەکەی عیراق پێکهاتو خولی پادشایی عیراق بڕایەوەو عەبدولکەریم قاسم هاتە سەرکار، شێخ ئەحمەدو بارزانیەکان لەدەربەدری رزگار بونو گەڕانەوە وەلاتی بەرزانو مەلا موستەفاو هاوڕێیەکانیشی لەروسیاوە گەڕانەوە عیراق.

سەربەینێك نێوانیان لەگەڵ سەرکۆمار خۆش بو بەلام لەدواییاتێکچو، باوەکو چەن سەر کۆمار لە عیراقا گۆڕراو کاروبار کەوتە دەس حزبی بەعس، بەلام هەر شەڕو هەرا لەوەلاتی بارزانا درێژەی بو کۆمەڵەێك بەناوی پارتی لەکوردستانا دروست بو کەئیبراهیم ئەحمەدو مام جەلال تاڵەبانی سەرۆکایەتیان بو. لەوانیش نێوانیان خۆش نەبو لەلایەکی ترەوە نەیانویست مەلا موستەفا چاوەنواری دەمی ئەوان بێ ئەم زیادەویستیە شڵەژاوی بەدی هێنابو، حکومەتی بەعسیش هەر شەڕی بەبارزانی ئەفرۆشت باوەکو لەپێشا دەدانی بەمافی کورداناو گەلێ زیادەبەشی بۆ کوردستان دیاری کرد.

لەدواییا مام جەلال بوە زاوای ئیبراهیم ئەحمەدو ئاشتەوە بونو دەسیان کردە یەکا بەپێچەوانەی مەلاو ئەمەبوە هۆی تێشکانێکی گەورە بۆ کۆمەڵەی دیموکرات.

بەم بۆنەوە حکومەتی بەعس زۆری هێنا بۆ بارزانی، بەلام لەملاوە شای ئێران لەبەر قازانجی رامیاری پشتی بارزانی گرتو یارمەتی پێ ئەگەیاند، بەلام لەدواییا شای ئێران لەئەلجەزائیر لەگەڵ سەدام حسێنو حکومەتی بەعسا رێککەوتو پالی مەلا موستەفای چۆڵ کردو حکومەتی بەعس پێ راگەیاند ئەگەر وەلات بەجێ نەهێڵێ یاخو چەك دانەنێ لەواو ناوچەی کوردستانی لاژۆرۆ ئەسوتێنم لەو لاشەوە تورکیە لای لێ بڕیبوەوە ئێرانیش بەتەواوی یارمەتی خۆی لێ بڕیبو، ئیتر چی پێ ئەکرا.

کۆماری یەکگرتووی شورەویش لەگەل عیراق پەیمانی بەستبو ئیتر شۆرشی مەلا موستەفاو تەنانەت تەواو کوردەکانی عیراق دەرەتانیان بۆ نەمایەوە، هەروەها کەماموستا هەژارو تویە(راوبەتال) کرا.

برێ کەس لەبارزانی رەخنە ئەگرێ کەبۆچی لەم دواییا شەری نەکردو هاتە ئێرانو بەمجۆرە کز دانیشتو رۆیشت بۆ کەرەجو لەدواییا ئەمریکا خۆ ئەو تەمەنی گەیشتبوە رادەی تەواوبون، باهەر لەعیراقاو لەخاکی بارزانا شەری بکردایە تائەکوژرا، نەئەمەی بۆ ئەم چەند ساڵە لەهەموو ئەو ناوبانگو شورەتە واهەبوی لەکیسی بدا.

من لام وایە یەکێ وەك مەلا موستەفا کەماوەی شەست ساڵ تەمەنو ژیانی لەشەرو کێشەو سیاسەتا بواردوە کەسێ کەسەدەهاجار لەگەڵ مردنا روبەروبوە کەسێ کەقەت لەمردن ناترسیو لەبنا مردن ناوی نیە بەلایەوە ئەو نەبەزیو نەترسی، خۆی بەدونیا پیشاندابو ئیتر چ دەربەندی گیانەو کەی مەترسی مردن ئەکا.

جگەلەوەش ئەو خۆی ئامادەکردبو لەرێگای گەلەکەیا قوربانی بێ، لەو ئەیویست نەهێلێ کورد قوربانی بێ، لەوە ترسابو کورد لەناوبچێ، چونکو ئەیزانی تەواو دەوڵەتانو ئەو ناوەندانە واخۆیان بەلایەنگیری خەڵك دائەنێن درۆ ئەکەنو ناوی بێ ناوکەیە، دانیشت تاجارێکیتر هەل بکەوێتە دەستی، بەلام مردن هەلی پێ نەداو لەئەمریکا کۆچی دوایی کرد.

ڕاپەڕینی گەورەی ئێران

لەساڵی ١٣٥٧ی کۆچیا بەپێچەوانەی یاسای شاهەنشایی ڕاپەڕینێکی مەزن‌و هەرە گەورە لەئێرانا کراو لەو یاسای سێ هەزار ساڵە هەڵپێچراو یاسای حکومەتی کۆماری بەناو ئیسلامی هاتە سەرکارو کاروبار کەوتە دەس سەرۆکانی ئاینی" ئەم ئاڵوگۆڕە وەها کارەساتێکی بەدیهێنا کەتائێستا وا زۆرتر لەچوار ساڵی بەسەرا چوە هێشتا دامەزراوی بەدی نەهاتووەو گەلێ شت لەوەڵاتا لەناوچوە.

لەلایەکەوە شەڕی ئێران‌و عیراق کەنێزیکەی سێ ساڵە درێژەی هەیەو لەلایەکەوە شەڕی کوردستان‌و بەرهەڵست وەستانی کورد وەها کولاراوێکی بەدی هێناوە قەت باسی ناکرێ.

چونکو ئاسۆی کاروباری ڕامیاری‌و سوپایی‌و داهاتوو ئەوەندە لێڵ‌و تەنانەت تاریکە هیچ زانایێ ناتوانێ بیرورا دەربڕێ، چونکو لەواو ڕادەکانی هەڵسەنگاندن‌و بەرناوەردگیری‌و بیرورا دەربڕین بەتەواوی تێکچوەو کەس بۆی ناکرێ داهاتوێکی نێزیك بگرێتە پێش چاو، من ناموێ لەم بارەوە شتێ بڵێم‌و بنوسم‌و جگەلەوەش مێژوو پێویستە لەدوایا باس بکرێ‌و بنوسرێ بۆئەوەی ئەبێ کاروبار لەزێ دەرکەوێ‌و ڕۆشن بێتەوە، بەری کار کەوتوەتە چ لایێکەوە.

ئەڵبەت لەسەرەتای ڕاپەڕینا لەنێوان حکومەت‌و گەلی کورددا هاتوچۆ زۆر کراو وتووێژ زۆر کرا، بەڵام هەروەك درێژایی مێژوو بێ لەنجام ماو بەم جێگا گەیشتوە واهەموان هەواڵیان هەیەو لەدوایا مێژوونوسەکانی تر لەبارەیەوە ئەنوسن، بەڵام بەو مەرجەی دۆم بێتو کەلاش بۆ خۆی بکا" یانێ کورد بێتو بۆ خۆی مێژووی خۆی بنوسێ، نەك ئەوانی‌تر، چونکو تائێستا هەرچەندە مێژوومان بۆ نوسراوە خەڵکی ترو غەیرە کورد نوسیویەو قەت باسی مرۆڤانی هەڵکەوتوی لەم ڕەگەزە گەورەی پڕ لەپیاو ئازای پڕ لەدڵاوەرو خەبات کارەیان بەو چەشنە وا بشێ نەنوسیوەو باسیان

نەکردوە بەداخەوە ئەوەندەش لەدرێژایی مێژوو واشەڕو کێشە بوەتە ریشی ئەم گەلەوە زۆر شتی لەدەس دەرچوە، تەنانەت زانستو زانیاریو نوسینو شوێنەواری باش لەخۆیەوە بەجێ هێشتن، ئەوەیە هەموو شتێ بوەتە ژێر کۆگا کۆگا خاکو خۆڵی مێژوەوە، هەرکەس بیەوێ فوژبنێ لەمێژو رون بکاتەوە ئەبێ ئەوەندە بگەڕێتە ژێر ئەو خاکو خۆڵا لەشانو قوڵ بکەوێ، لەکاتێکا بۆ نوسینی بەسەرهاتی گەلەکانی تر ئەوەندە شوێنەوارو مێژوو هەیە، ئەوەندە نوسراوەو ئەوەندە خڵویان بۆ خستونەتەڕێ مێژوونوس ئەبێ لەپێشا ئەو درۆ زلو نالەبارانە بتەکێنێ ئەنجا تۆزێ بنوسێ: هەر جۆر یێ ئەمە سپاردەیە لەسەر نوسەرانی داهاتوو. ئیتر من لێرەدا باسێ ناکەمو دوایی بەم کێیەش دێنم هیوادارم بەرەی داهاتوو سەرکەوتوبن لەرێ خزمەت بەگەلو وەڵاتەکەمان.

پنەتا:

پاش تێکۆشانێکی زۆرو بەدەسهێنانی سەرچاوەو کتێبی مێژوویی‌و یارمەتی گرتن لەکتێبخانەکانو دۆستان ئەو ئاواتەی کەهەبومو ئەمەویست مێژوێکی رێك‌وپێك لەبارەی بەسەرهاتی رەگەزو گەلەکەمو نەتەوەکەمەوە بنوسم سەرکەوتو توانیم سپاردەیێك بەجێ بێنمو خزمەتێکی بچوك بەگەلونەتەوەی کورد بکەمو بیخەمە بەردەستی هەموان، هیوادارم جێگای رەزامەندی بیو لەبەرچاوی گەلەکەمەوە رێزی لێ بگیرێو لەلایکی ترەوە ببێتە هۆی ئەوەی کەئەوانەی وائەتوانن لەرێگای نوسینەوە هەنگاو هەڵگرنو بتوانن گەلو نەتەوەکەمان بەهەمور خەڵکی جیهان بناسێنو زۆرتر لەمە لەفوژبنی تاریکی لەبیرچوندا نەمێنێتەوە.

لەسەرخۆم بەپێویست ئەزانم کە لەمامۆستا سەید عەبدولحەمید حیرەتی سەجادیو لەکاك سەلەواتی سوپاس بکەم کەهەر کامە بەجوێ گەلێ کتێب و سەرچاوەیان پێدامو کەلکی زۆرم لێوەرگرتن، ئەوانیش لەڕێگای خزمەت بەگەلا سەرکەوتوبن.

لەوەنـــەم نوســـی کتوچـــی دوایـــی کـــرد
لەفلانـــە ســـالا فلانـــە کـــەس مـــرد
نێزیکـــە خۆیشـــم لـــەو کتوچـــە بکـــەم
لـــاخۆ کـــێ بلـــێ "بابـــان" کتوچـــی کـــرد

سنە (١٣٦٢) / شکر اللە بابان

سەرچاوەکان

١. مێژوی ماد- دیاکونوف

٢. ئێران لەرۆژگاری کۆنا- دوکتور جەواد مەشکور

٣. مێژووی ئێران- حەسەن پیرنیا (موشیر الدوله)

٤. شەرەفنامە- ئەمیر شەرەفخانی بەدلیسی

٥. کوردو کوردستان- موحەممەد ئەمین زەکی بەگ

٦. دودمانی ئاریایی- سەرلەشکر موزەفەر زەنگنە

٧. ژیانو کۆچی رەگەزی ئاریایی- فەرەیدون جونەیدی

٨. مێژووی سوفیایەتی لەکوردستانو زەوی گەرایی‌و مێژووی بانە- محەمەد رەئوف تەوەکلی

٩. مێژووی میرانی سۆران- حوسەین حوزنی موکریانی

١٠. بزوتنەوەی رامیاری‌و رۆشنبیری کورد- رەمزی قەزاز

١١. خەبات لەرێی کوردستاندا- ن. ا. خەلفین

١٢. راپەڕینی شێخ عوبەیدالله شەمزینی لەکوردستانا- عەبدولا مەردۆخ

١٣. کوردستانو کورد- دوکتور عەبدو رەحمان قاسم لو

١٤. کورد لەمێژووی دەراوسێکانیا- سەعید ناکام

١٥. کوردستانی موکریان- حوسەین حوزنی موکریانی

١٦. مێژووی خۆی- مەهدی قاسمی

١٧. لێکۆڵینەوە لەمێژووی ئاینی کورد- تەوفیق وەهبی

١٨. سەلاح الدین قارەمانی ئەمری کورد- شوکرولاە بابان (نوسەر)

١٩. کوردو کوردستان- شوکرولاە بابان (نوسەر)

پێرەسی ناوەڕۆک

٢١. پادشایی ئەرتەخشێر- ئەردەشێری یەکەم

٢٢. شاپوری یەکەم- شاه پوهر

٢٣. هورمەزی یەکەم- ئەئوهر مەزد

٢٤. بارامی یەکەم- وەرەران

٢٥. بارامی دووەم- وەرەران

٢٥.بارامی سێیەم- وەرەران

٢٦. نرسی- نیرسە

٢٧. هورمەزی دووەم- ئەئوهرمەزد

٢٨. ئازەرنێرسی- ئەزەرنێرسە

٢٩. شاپوری دوەم- شاه پۆهر- شاپوری مەزن

٣٠. ئەردەشێری دووەم- ئەرتەخشێر

٣١. شاپورسێیەم

٣٢. بارامی چوارەم- وەرەران

٣٣. یەزدگردی یەکەم- یەزدێ کەرت

٣٤. بارامی پێنجەم- بارامی گۆڕ

٣٥. یەزدگردی دوەم- یەزدێ کەرت

٣٦. هورمەزی سێیەم

٣٧. فیرۆزی یەکەم- پیرۆز

٣٨. بەلاش- وەلگاش

٣٩. قوبادی یەکەم- کۆوات

٤٠. خەسرەو ئەنوشێرەوان- خوسروا ئەنوشەك رەبان

٤١. هورمەز- ئەهور مەزد

٨٦. سولەیمان خانی ئەردەڵان

٨٧. کەڵباڵی خان کوڕی سولەیمان خان

٨٨. خان ئەحمەد خانی دووەم کوڕی کەڵباڵی خان

٨٩. موحەممەد خان کوڕی خەسرەو خان

٩٠. حەسەنعەلی خان- عەباس قولی خان

٩١. سوبحان وێردی خان

٩٢. حەسەنعەلی خان ئەردەڵان (پاشایانی بابان)

٩٣. خەسرەو خانی دووەم

٩٤. حکومەتی لوتف عەلی خان کوڕی سوبحان وێردی خان

٩٥. حکومەتی حەسەنعەلی خان

٩٦. حکومەتی ئەمان اللە خان کوڕی خەسرەوخان

٩٧. حکومەتی ئەمان خەسرەو خانی سێیەم کوڕی ئەمان اللەخان (ناکام)

٩٨. حکومەتی رەزا قولی خان= غولامشاخانی ئەردەڵان

٩٩. فەرمانڕەوایانی هەکاری

١٠٠. ئەسەد الدینی لەپ زێڕ کوڕی گولاوی کوڕی عیمادالدین و باقی فەرمانڕەوایانی هەکاری، دوایی بەرگی سێیەم

١٠١. بەرگی چوارەم: فەرمانڕەوایانی جزیرە

١٠٢. فەرمانڕەوایانی گورگێل

١٠٣. فەرمانڕەوایانی ئامێدی

١٠٤. فەرمانڕەوایانی حەسەن کێف

١٠٥. فەرمانڕەوایانی بتلیس- ساسەن- سوێدی

١٠٦. فەرمانڕەوایانی دینبولی